# پاراستنی تەنهاخواپەرستی

## حراسة التوحید

نوسینی
عبدالعزیز بن عبدالله بن باز

وەرگێڕنی
ئەحمەد میرزاڕۆستەمی ی ژێرو

١٤٣٠هـ - ٢٠٠٩م

==============================

سایتی بەهەشت
www.ba8.org
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

الحمد لله المتوحِّد بصفات الكمال، المتنزِّه عن الأنداد والأمثال، أحمده سبحانه وأشكره على جزيل الإنعام، وأشهد أن لا إله إلاَّ الله وحده لاشريك له الكبير المتعال، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله أفضل من نطق وقال، صلى الله عليه وسلم وعلى جميع الأصحاب والآل.

أما بعد:

ئەم نامانەو گشت ئەو کێشەو تەنگژانەی کەشێخو پێشەوامان بەڕێز شێخی گەورە عبـــدالعزيز کوڕی بـــاز ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێتو خۆشترین خانەو لانەی پێ ببەخشێت نوسیونی، کەپەیوەندن بەیەکتاپەرستی خوای گەورەو واجب بونی لەسەر بەندەکان ، وەئاگادار کردنەوە لەهاوبەشی پەیدا کردنی گەورەو بچوکو هۆو هۆکارەکانو بڕو بیانوەکانی کەلەزۆرێك لەوڵاتانی ئیسلامدا باونو باڵی ڕەشیان بەسەر موسڵماناندا کێشاوە، وەك دوعاو پاڕانەوە لەمردوانو سوڕانەوە(طواف) بەدەوری گۆڕو مەزارەکانداو مانەوە بەدەوریانەوە، سەر بڕین بۆ غەیری خوا لەسەر دیمەنو سەر گۆڕو مەزارەکانو شوێنە بەناو پیرۆزەکانو هاوشانەکانیان، نەزر کردن بۆ مردوەکانو پەیوەست بون پێ یانەوە، بیروباوەڕ بون بەوەی کەئەوانە سود بەمرۆڤ دەگەیەننو زیانیان لێ لادەدەنو هەر کەسێك پەنایان پێ بگرێت سود مەند دەبێتو بەهانایەوە دێن.

هەروەها جۆرەها هاوبەش پەیداکردنی تری بچوك وەك سوێند خواردن بەغەیری خوا ، وەبیرو باوەڕت وابێ کەئەم سوێندە شەرعیانەیە، وەهەروەها بڵێ ی ئەمە لەخواو لەفڵانەوەیە. ئەمەو گەلێکی تری لەم جۆرانە کەلەزۆرێك لەوڵاتە ئیسلامیەکاندا بڵاوو تەشەنەی کردوەو لەسەر ئیسلامیشی حیساب دەکەنو بەناوی ئیسلامەوەی ناو دەبەن. وەلەوانە ناشتنی مردوەکان لەناو مزگەوتەکانداو زۆرێك لەبیدعەو تازە داهێنراوەکان ...تد. ئالەم نامانەدا هێنانەوەو بەرپا کردنی بەڵگە شەرعیەکان لەقورئانو لەسوننەتی تێدایەو بەرچاو دەکەونو هەڵەکان ڕاست کراونەوەو ڕون کردنەوەی ڕاستو هەقی تێدایە کەدەی سەلمێنێو دەبێ هەمو پەرستشیەکان بۆ زاتی(الله) بکرێت، وەدەبێ ئیخلاسیەتو نیاز پاکی ئایین تەنیا بۆ ئەو بێتو بەس،وە واز لەهەمو جۆرە هاوبەشی پەیدا کردنێك و هۆکارەکانی بهێنرێت هەر چەندە بەپاڕانەوەو هانا بردنو پیرۆزیو نزیك بونەوەش ناو بنرێت. بۆ ئەوەی کە ئەگەر ئەم نامانە بەویژدانەوە بخوێنرێنەوەو توژێك هۆش گۆشو عەقڵ هەبێت دەزانرێ کەیەکتا پەرستی واتە تەنیا خواپەرستی ڕاستەقینە چی یەو کامەیەو خۆی پێ لەخوای باڵا دەست نزیك دەکاتەوەو هەوڵ دەدات کەیەکتاپەرستێکی پوختو بێ خڵتو خاش بێتو ئەمجار خوشکو برایانو دەورو بەری خۆی بۆ بانگەشە بکاتو هۆشیاریان بکاتەوە بەتایبەتی ئەوانەی کەهەڵ خەڵەتێنراون لەلایەن هەوا بازانو فێڵو تەڵەکەبازانو گومڕاو سەرلێشێواوەکانەوە. دەی خوای گەورە ڕەحم بەشێخی پایەبەرزمان بکاتو ڕوحی پیرۆز بکاتو گۆڕەکەی پڕ لەنور بکات. وەداوا لەخوای گەورە دەکەین کەسود مەند بین لەزانستو زانیاریەکانیو بەڕەحمەتی خۆی ئەوو هەمو زانایانی موسڵمانانو سەرتاپای پیاو چاکانی بڕوادار داپۆشێت.. خواش لەهەموان زاناترە(والله أعلم)

وصلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم.

عبدالله بن عبدالرحمن الجبرين ٤/١١/١٤٢٣هـ

# عەقیدەو بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەکانی

الحمدلله وحده، والصلاة والسلام على من لانبيَّ بعده، وعلى آله وصحبه.

أمابعد:

لەبەر ئەوەی بیرو باوەڕی ڕاستەقینە بنـەڕەتو بنـەمای ئـایینی ئیـسلامە، و بنـچینەو بناغـەی ڕێبـازی ئایینـە یـا ڕێبازی زانایانە، بۆیە وام بەباش زانی کەبابەتو مانشێتی واتە سەردێڕی محازەرەکەم بێـت، کەبەبەڵگـە شـەرعیەکان لـەقورئانو سـوننەت ڕون کراوەتـەوە، دیـارە هـەمو کـارو کردەوەکـانو قـسەو گفتارەکـان ئەگـەر لەعەقیـدەو بـیرو باوەڕێکی ڕاستەقینەوە دەر بچن بەڕاست وەر دەگیرێنو خێراو بێ سێو دو لێ کـردن بـڕوای پـێ دەکـرێن[1].

بـەڵام ئەگـەر بەپێـچەوانەوە لەکەسـێکی خـاوەن بـیرو بـاوەڕی چـەوتو ناڕاسـتو نـاقۆڵاوە دەر بـچن، ئـەوا قـسەو کردارەکانی لەگوێ ی خۆی تێ ناپەڕنو پەرشو بڵاو دەبنو کەس بڕوای پێ ناکاتو هەر لاشی لێ ناکەنەوە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَمَن يَكْفُرْ بِالإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[2]. هەروەها دەفـەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[3].

ئایەتو بەڵگـە لـەم بـوارەدا گـەلێك زۆرن چ لـەقورئانی پـیرۆزداو چ لـە سـوننەتی پێغەمبـەرداﷺ کـەبیرو بـاوەڕو عەقیدەی پوختەو کاکڵەو بێ غەلو غەشو ڕاستەقینە لەبڕوا بـون بـەخوا(الله) و فریـشتەکانو کتێبـە ئاسمانیـەکانو ڕۆژی دواییو قەدەری خوا بەخێرو بەشەڕیەوەدا گرد دەبنەوە. واتـە: ئیمـانو عەقیـدەی پوخـت بریتیـە لـەو شـەش پایەی کەلەسەرەوە ناومان هێنان، ئائەو شەش شتانە بریتین لەبنەماو بنـەڕەتی بـیرو بـاوەڕو عەقیـدەی ڕاسـتەقینە کەقورئانی پیرۆزیان پێ هاتۆتە خوار ،و خوای گەورە محمدﷺ پەیامبەری خۆی پێ ناردوە.

لەم بنەڕەتەوە چەندان لقو چـڵو پـۆپی تـری لێ جیـا بونەتـەوە لـەکارو بارەکـانی غـەیبی(پـەنهان) کەپێویـستە بەتەواوی بڕوامان پێ یان هەبێت. وەبەهەموئەو شتانەی کەخوای گەورە هەواڵی بونیانی پێـداوینو پێغەمبەرەکەشـی ﷺپێ ی ڕاگەیاندوین. بەڵگەکانی هەر ئەم شەش بنەڕەتانەش لەقورئانو سوننەتدا گەلێك زۆرن، بەڵێ لەو بەڵگانـە،

---

[1] واتە: هەمو قسەو کارو کردەوەیەك(العمل) لەهەر کەسێکەوە دەر بچن، کەخاوەنەکەی خاوەن بیرو باوەڕێکی پوختو پاکو ڕاسـتەقینە بێـت و بەکردەوە لەمەیدانی چاکە و ڕاستی دا لـەخۆی دا ڕەنـگ بداتـەوە، ئـەوا خـەڵکی بـێ سـێو دو لێ کردن بـڕوای پـێ دەکـەنو لێ ی وەردەگـرن و کاریگەری تەواویشی لەدڵو دەرونی خەڵکی دا دەبێتو تیایاندا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە ئەو کات خاوەنی متمانەی خۆیەتی لـەناو خـەڵکیو لـەناو کۆمەڵگادا (وەرگێڕ).

[2] أ ـــ سورة المائدة: (٥)

ب ـ واتـە: هـەر کەسـێك بـاوەڕی بەبەرنامـەو پـەیڕەوو پرۆگرامو شـەریعەتو یاسـاو ڕێسای خـوا نـەبێت، ئـەوە هـەمو کردەوەکـانی هـەڵ دەوەشێنەوەو پوچەڵ دەردەچن و لەڕۆژی قیامەتیشدا لەزیان مەندانو خەسارەت مەندان دەبێت.(وەرگێڕ).

[3] أ ـــ سورة الزمر: (٦٥).

ب ـ واتە: ئەی پێغەمبەرﷺتۆ لەلایەن خوا سروش(وحی) ت بۆ هاتۆتـە خـوار و هـەروەها بـۆ هـەمو ئـەو پێغەمبەرانەشـی کەلـەپێش تـۆدا هاتون ئەم سروشە هاتۆتە خوارو بەهەموتان گوتراوە کەئەگەر لەخوای پەروەردگار بەولاوە هیچ کەسو شتێکی تر بپەرستن وهـاوەڵو وێنـە واتـە شەریکی بۆ دابنێن ئەوە هەمو کردەوەکانتان هەڵ دەوەشێتەوەو پوچەڵ دەبنەوەو دەپوکێنەوەو دەسـوتێنو سـودیان لێ نـابینن دەچـنە ڕیـزی زیانمەندانەوە لەدنیاو لەقیامەتدا. تەفسیری گوڵشەن ب٣ل ١٢١٨. وەرگێڕ.

**فەرمودەی خوای گەورە کەدەفەرموێ:**﴿ لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ ﴾(4).

**وەهەروەها فەرمودەی خوای پاکو بێگەرد:**﴿ آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ ﴾(5). **هەروەها فەرمودەی خوای گەورە:**﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ آمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِيَ أَنزَلَ مِن قَبْلُ وَمَن يَكْفُرْ بِاللّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيدًا﴾ (6). **هەروەها فەرمودەی خوای پاکو بێگەرد:**﴿ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاء وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾(7).

---

(4) أ ــ ( سورة البقرة: ١٧٧).

ب ـ واتە: دیارە ئەم ئایەتە لەکاتی گۆڕینی ڕوگەی موسڵمانانەوە هاتۆتە خوار، چونکە دوای گۆڕینی ڕوگە(**القبلة**) لە(بیت المقدس) وە بۆ مەککە لەناو خەڵکی دا مشت و مڕو مقۆ مقۆ پەیدا بو، هەرکەسە ڕوگەی خۆی بەڕاست دەزانی ، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتە پیرۆزەی ناردە خوارەوەو دەفەرموێ: ئەی گرۆهی مرۆڤەکان وەنەبێ ڕو کردنە ڕۆژ هەڵات ورۆژ ئاوا ببێتە مایەی نزیك بونەوەو خۆشەویستنی خوای گەورەو هۆکارێك بێت بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای گەورەو نزیك بونەوەتان لەخوای گەورەو پاڵ نەرێك بێت بۆ ڕزگار بونو مایەی سەرفرازیو سەربەرزیو بەختەوەریتان بێت، نەخێر بەڵکو ئەوەی لەخواتان نزیك دەکاتەوەو دەبێتە هۆی سەرکەوتنو سەربەرزیتان لەدنیاو لەقیامەتدا بڕوو بونتانە بەهەمو دڵێکەوەو بەنیاز پاکیو بەئیخلاسیتەوە بەخوای باڵا دەستو کار بەجێ، هەروەها بڕوا بونتان بەڕۆژی دوایی و بەفریشتەکانو بەگشت کتێبە ئاسمانیەکانو بەهەمو پێغەمبەرانی خوا بڕوا بونێك کەلەهەمو کردەوەیەکی خراپو قێزەون کەخوای گەورە ڕقی لێ دەبنەوەو لێ ی حەرام کردوین بت گێڕێتەوە، ببێتە هۆی ئەنجامدانی هەمو کردەوەیەکی چاکو باش کەخوای گەورە لێ یان ڕازیە.(وەر گێڕ- بەسود وەر گرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب١ل٦٩.)

(5) أ ــ سورة البقرة: (٢٨٥).

ب ـ واتە: پێغەمبەرﷺ بڕوای بەو بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامە هێناوە کەبریتین لە قورئانی پیرۆزو لەلایەن خواوە بۆی هاتۆتە خوار ، هەروەها بڕوادارانیش بڕوای تەوایان بەو بەرنامەیە هێناوەو هەموان بڕوای تەواویان بەخوای پەروەردگارو بەفریشتەکانو بەکتێبە ئاسمانیەکانوبەهەمو پێغەمبەران هەیەو هیچ جیاوازیەك ناکەن لەنێوان پێغەمبەرانی خوا کەبۆ سەر مرۆڤایەتی ناردونیە خوار بۆ پێگەیاندنی پەیامی خوای گەورەو ڕێنومایی کردنی مرۆڤایەتی لەسەر ڕوی زەوی. هەروەها دەڵێن: ئەی پەروەردگارا ئێمە پەیامەکەی تۆمان بیستو وەرمان گرتو گوێ ڕایەڵی تەواو دەکەینو بەندایەتیت بۆ دەکەین زۆر بەمل کەچیەوە، دەی سا ئەی خوای پەروەردگارمان داوای لێ بوردنو بەخشندەیی تۆ دەکەینو تۆش لێمان ببورەو لێمان خۆش ببە، ئەی پەروەردگارا ئێمە هەر بۆ لای تۆ دەگەڕێینەوەو چارەنوسمان هەر بۆ لای تۆیەو تۆش دەریای بەزەییو ڕەحمەتت هەرگیز لەبن نایەت.(وەرگێڕ).

(6) **أ ـ سورة النساء: (١٣٦).**

ب ـ واتە: ئەی ئەو کەسانەی کەبڕواتان هێناوە، بەچاکی بڕوا بەخوای خۆتانو پێغەمبەرﷺبهێنن، هەروەها بڕوا بەو کتێبە بهێنن کەبۆ پێغەمبەر نێردراوەتە خوار کەمەبەست لەقورئانی پیرۆزە، و بەهەمو ئەو کتێبانەشی کەبۆ پێغەمبەرانی تر پێش پێغەمبەری ئێمە نێردراونە خوار هەر کامێکیان لەکاتو زەمینەی خۆیاندا، هەر کەسێك کەبڕوای بە خواو بەفریشتەکانو بەکتێبەکانو بەپێغەمبەران و ڕۆژی دوایی، ڕۆژی زیندو بونەوە نەبێت ، ئەوە بەڕاستی سەری لێشێواوەو ماڵ وێرانو ماڵ کاولەو لەڕێگەی ڕاستی خوایی لای داوەو زۆری لێ دور کەوتۆتەوە خوای گەورە پەنامان بدات.( تەفسیری گوڵشەن ب١ل٢٥٣- ٢٥٤).وەرگێڕ.

(7) **أ ـ سورة الحج: (٧٠)**

ب ـ واتە: ئایا تۆ نازانی کەخوای گەورە هەمو شتێك دەزانێتو ئاگای لەکارو کردەوەی مرۆڤەکان هەیەو هیچ شتێکی لێ گوم نابێت چ لەئاسمانەکانو چ لەزەوی داو چ لەهەر شوێنێك بێت، ئەو هەمو شتانە هەموی لەکتێبدا نوسراون ئەو کتێبەی کەبە(**لوح المحفوظ**) بەناوبانگەو هەمو شتێکی وا لەوبونەوەرەدا هەیەو ڕوی داوەو لەمەودوا ڕو دەدەن لەو لەوحەدا تۆمار کراونو لەعیلمو زانستی خوا دیارەو هیچی لێ ون نابێت.دیارە ئەوانەی کەباسمان کردن هەموی بۆ خوای گەورە و خاوەن دەسەڵاتو توانای بێ سنور کارێکی زۆر ئاسانو بەسانایە. هەمان تەفسیرب٢ل٨٥٧. وەرگێڕ.

**هەروەها فەرمودە ڕاستەکان لەسەر ئەم شەش بنەڕەتە گەلێك زۆرن لەوانە فەرمودەی ڕاستی بەناوبانگ کەمسلم ڕیوایەتی کردوە لەفەرمودە ڕاستەکانی خۆی دا لەفەرمودەی ئەمیری بڕواداران** عمری **کوڕی خەتتاب**ﷺ**کەجبریل** (عليه السلام) **پرسیاری لەپێغەمبەرﷺکرد دەربارەی ئیمان و لەوەلامدا فەرموی:**{ الإيمان : أن تؤمن بالله، وملائكته، وكتبه، ورسُله، واليوم الآخر ، وتؤمن بالقدرخيره وشره}(٨).

**وەئەم شەش بنەڕەتەو هەمو ئەو لقو چڵو پۆپانەی کەلێ ی دەبنەوەو پێویستە لەسەر بابای موسڵمانو دەبێ بڕوای پێ هەبنو ئەنجامیان بداتوهەمویان لەمافی خوای پەروەردگارنو سنورو پاوانەکانی خوان، ئەمە وێڕای کاروباری زیندو بونەوەو هەستانەوە(ڕۆژی پەسڵان)و هەمو کارو شتە پەنهانیەکان**(أمور الغيب).

☒ **وەلەبڕوا بون بەخوای پاكو بێگەرد بڕوا بونە بە بەوەی کەهیچ خوایەکی تر و هیچ شتێکی تر نین کەشایەنی پەرستن بن بەهەق بێجگە لەخوای پەروەردگار**(الله) **و مافی خۆیەتی کەبەندەکانی بەئیخلاسیەوە بیپەرستن چونکە هەر ئەو بەندەکانی دروست کردونو لەنەبونەوە هێناونیە بون، هەر خۆشی چاکەیان لەگەڵ دا دەکات، وهەر خۆشی ڕزقو ڕۆزیان دەدات،وهەر خۆشی ئاگادارە بەهەمو شتێکی نهێنیو پەنهانو ئاشکراکانی یان، توانای پاداشت دانەوەی گوێ ڕایەڵیەکانیانەو سزا دەری سەرپێچیەکانیان دەدات. هەر بۆ ئەم بەندایەتیەو پەرستشیەش بوە کەخوای گەورە هەردو ڕەگەزی جنۆکەو مرۆڤەکانی دروست کردونو فرمانیشی پێ کردون، هەروەکو فەرمویەتی:**﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ۝ مَا أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ۝ إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ ﴾ (٩). **هەروەها فەرمودەی خوای گەورە:**﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ۝ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ فِرَاشاً وَالسَّمَاء بِنَاء وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاء فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقاً لَّكُمْ فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ (١٠).

---

(8) **أ ـ وأخرجه الشيخان مع إختلاف يسير من حديث أبى هريرة.**

**ب ـ** واتە: ئیمان بریتیە لەوەی کەبڕوای تەواوت بەخوای گەورەوفریشتەکانو کتێبە ئاسمانیەکانو پێغەمبەرانو ڕۆژی دواییو بەقەزاو قەدەری خوا خێرو شەڕی هەبێت. (وەرگێڕ).

(9) **أ ـ سورة الذاريات: ( ٥٦ ـ٥٨ ).**

**ب ـ** واتە: جنۆکەو مرۆڤەکانم بۆ شتێکی تر دروست نەکردون تەنیا بۆ بەندایەتی کردنی خۆم نەبێت بەڵێ بۆ ئەوەی بم پەرستنو بەپێ ی فرمانەکانی من زەوی ئاوەدان بکەنەوەو کارو بارەکانی ژیانیان ببەنە سەر . دیارە بەندایەتی کردنی خواش تەنیا بریتی نیە لەنوێژو ڕۆژو واجبە ئایینیەکان، بەڵکو واتایەکی زۆر گشتی ترو قوڵ تری هەیەو هەمو کارو کردەوەیەکی چاكو ڕێكو پێكو باش کەخزمەتی مرۆڤایەتی بکات دەگرێتەوە بەمەرجێ لەبەر ڕەزامەندی خوا ی پەروەردگاری جیهانیان ئەنجام درا بن, هەروەها من بەندایەتیو پەرستشم لەجنۆکەو مرۆڤەکان دەوێت نەك ڕزقو ڕۆزی و خواردن، ڕزقو ڕۆزیم لێ یان ناوێت و هیچ پێویستیەکم بەوان نیە . بێگومان خوای گەورە خۆی ڕازیقو ڕۆزی دەرەو ڕۆزی جنۆکەو مرۆڤەکانو هەمو گیانلەبەرەکانیش دەدات. خوایەکی بەتواناو دەسەڵاتێکی زۆر بەهێزە کەهەرگیزاو هەرگیز کەمیو کوڕی یەك ڕو لەتواناو دەسەڵاتی ئەو ناکات.(تەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٣٧٦) (وەرگێڕ).

(10)أ ـــ سورة البقرة: (٢١ـــ ٢٢).

ب ـ واتە: ئەی خەڵکینە: تەنیا خوای خۆتان بپەرستن، ئەو خوایەی کەئێوەو ئەوانەشی کەلەپێش ئێوەدا هاتنو ڕۆیشتن دروست کردوە، بەڵکو بگەنە ئاستی خۆ لەخوا پارێزی تەواوو خوا ناسیەکی تەواوو بێ کەمو کوڕی. ئەو خودایەی کەئەم زەویەی بۆ کردون بەفەڕشو ڕایەخو بەئاسانی بەسەریدا دێنو دەچن، ئەو خوایەی کە ئاسمانی بەشێوەیەکی جوانو ڕێكو پێك دامەزراندوە، کەئەو هەمو ئەستێرانەی تیایدا بەیاسای کێش کردن بەیەکەوە بەستونەوە ، دەبینی کەچۆن هەیەکە لەسەر خولگەی خۆی دەخولێتەوەو بەمو لێ ی لانادات و بێ ئەوەی هیچیان بەهیچیان بکەون، ئەو خوایەی کەلەئاسمانەوە بارانتان بۆ دەبارێنێتو، دەبێتە هۆی سەوز بونو ژیانەوەی ئەو زەویەو ئەو هەمو ڕوەكو دارو درەختو ڕزقو ڕۆزیەی تیایەتی و جۆرەها میوەو سەوزەیەگو تا ببێتە ڕزقو ڕۆزی بۆ بەردەوام بونی ژیانتان. دەی کەوا بێت کەس مەکەنە

خوای گـەورە پێغەمبـەرانی نـاردون‌و کتێبـی ناردونـە خـوار بـۆ ڕون کردنـەوەی ئـەو مافـە خواییانـەو بانگەشـە بـۆ کردنیان‌و ئاگـادار کـردن‌و وریـا کردنـەوەی بەنـدەکانی بەگـشتی‌و ئەوانـەی کـەدژی ئـەم مافـە خواییانـە دەوەسـتن‌و سەرپێچی دەکەن بەتایبەتی هەروەکو خوای گـەورە دەفـەرموێ:﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ﴾ ([11]). هەروەها دەفەرموێت:﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُــدُونِ﴾([12]). هەروەها خوای بەرزو بالا دەست دەفەرموێ:﴿ الر كتب أُحْكِمَتْ آيته ثُمَّ فُصِلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾([13]).

ڕاسـتی‌و پوختـەو کاکڵـەی ئـەم پەرسـتـشیەش بیریتیـە لـە: بـەتاك دانـانی خـوای گـەورە لەهـەمو ئـەو شـتانەی کەبەندەکان بەندایەتی‌و پەرستشی پێ دەکەن لەدوعاو نزاو پاڕانەوەو ترس‌و داوا کـردن و نوێـژ کـردن‌و ڕۆژو گـرتن‌و سەربڕین‌و نەزروهەمو جۆرەکانی تری بەندایەتی بۆ کردن واتە هەمو جۆرەکانی بەندایـەتی‌و پەرسـتـشی کەبەنـدەکان ئەنجامی دەدەن دەبێ تەنیا بۆ خوای پەروەردگار بێت‌و بەس، بەشێوەیەکی ملکەچانەو خۆ بەنزم زانین‌و موحتـاجی خوای گەورەو ئومێدو ترسان لەوەی کەخوای گەورە لێ ی وەر نـەگرتبیت واتـە: ئومێـدی تـەواوت هـەبێت کـە خـوای گەورە هەمو بەندایەتیەکانی لێ وەر گرتبیت کـەبۆت ئـەنجام داوەو لەلایـەکی تریـشەوە بترسـیت کـەخوا لێ ی وەنەگرتبیت( بين الخوف والرجاء). لەگەڵ تەواوی خۆش ویستن‌و خۆشەویستی بۆ خوای گەورەومل کەچی بـۆ خوای گەورەو بالا دەست وکار بەجێ. زۆربەی ئایەتـەکانی قورئـانی پـیرۆز لـەبواری ئـەم بنەڕەتـە بەرزانـەی ئیمان‌و عەقیدە هاتونەتە خوار. هەروەك خۆی لەقورئانی پیرۆزدا دەفـەرموێ :﴿ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ﴿ {أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ﴾([14])هەروەها دەفەرموێ:﴿ ﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاَهُمَا فَلاَ تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلاً كَرِيمًا﴾([15])هـەروەها دەفـەرموێ:﴿ فَادْعُوا اللَّــهَ

---

شەریك‌و هاوبەش و هاوتای خوای پەروەردگارتان، چونکە کەئێوە تەنیا تۆزێك سەرنج بدەن دەزانـن کـە کەلـەو خوایـە بـەولاوە هـیچ کەسـێ هـیچ شتێکی تر تواناو دەسەلاتی نیە، شایستەی ئەوە نیە کەبپەرسترێت‌و پەنای بۆ ببەن و هانای بۆ بەرن ، جابـا ئـەو کەسـە زینـدو یـامردو بێـت یـان بتێك بێت، یان قەبرو گۆڕو مەزاری پیاو چاکێك بێت.تەفسیری گوڵشەن ب١ل١٣).وەرگێڕ.

([11]) أ ـ **سورة النحل : ( ٣٦ )**

ب ـ واتە: واتە لەهەمو گەل‌و ئوممەتێك پێغەمبەرێك یا نێردراوێکمان ناردوەوپێمان ڕاگەیانـدون کەتـەنیا خـوای پـەروەردگارتان بپەرسـتن‌و لەبت پەرستی دور بکەونەوە.وەرگێڕ.

([12]) أ ـ **سورة الأنبياء : ( ٢٥ )**.

ب ـ واتە:هیچ پێغەمبەرو نێردراوێکمان لەپێش تۆدا نەناردون، و سروشمان بۆ ناردونە خوارو پێمان گوتون کەلـەخوای پـەروەردگار بـەولاوە خوایەکی تر نین بەهەق بپەرسترێت، دەی کەواتە تەنیا من بپەرستن‌و بەندایەتی تەنیا بۆ من بکەن. وەرگێڕ.

(13) واتە: ئەم کتابە، کتێبێکی بەرزو پڕ واتایە کەمەبەستی لەقورئانی پـیرۆزە، ئایەتـەکانی زۆر بـەڕێك‌و پێکـی‌و بەیەکـەوە جـۆش دراون‌و تێـك هەڵ کێشراون، لەلایەن خوای بەرزو بێ هاوتاو بێ وێنەی خاوەن زانیاری وزانستی بەرز واتاکانی شرۆڤەو شیکراونەوەو لێـك دراونـەوەو خراونەتـە ڕو چ لەلایەنی بیرو باوەڕو عەقیدەوە بێت‌و چ لەڕوی لایەنەکانی ترەوە بێت.(تەفسیری گوڵشەن ب٢ل٥٤٧) وەرگێڕ.

([14]) أ ـ **سورة الزمر : ( ٢ ـ ٣ )**

ب ـ واتە:بەدڵێکی پاك‌و بەنیاز پاکیەوە خوا بپەرستە، چونکە پەرستن تەنیا شایەنی ئەوەو بەس‌و هیچ کـەس‌و هـیچ شـتێك شـایەنی پەرسـتن نیە لەگەڵ ئەو خوای تاك‌و تەنیایە،بەڵێ پەرستنی تەواو پاك‌و بێگەرد تەنیا هی خوای پـەروەردگاری جیهانیانـە. پەرسـتن‌و بەندایـەتی بـۆ کـردن‌و دینی پوخت‌و کاکڵە تەنیا هی خوایە.وەرگێڕ.

(15) أ ـــ سورة الإسراء: (٢٣).

ب ـ واتە: پەروەردگارت بڕیاری داوەو فەرمانتان پێ دەکات کەنابێ لەزاتی ئەو بەولاوە هیچ کەس‌و هیچ شتێکی تر بپەرسـتن، هـەروەها فەرمانی پێ کردوین کەڕێزی دایك‌و باوك بگرین‌و هەمو کات چاکەیان لەگەڵ دا بکەین‌و خزمەتیان بکەین بەتایبەتی کـە یـەکێکیان یـان هـەردوکیان دەگەنە کاتی پیری‌و بێ هێزی‌و بێ دەسەلاتی ، نابێ هەرگیز وەڕزیان بکەین و بێزاریان بکەین ...تد. وەرگێڕ.

مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ﴾ (١٦)وەلە هەردو فەرمودە ڕاستەكاندا(مسلم و بوخاری)و لەفەرمودەی معاذﷺ هاتوەكەپێغەمبەرﷺفەرمویەتی: {حق الله على العباد أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئاً}(١٧) .

(16) أ ـ سورة غافر: (١٤).

ب ـ واتە: ئەی بڕوادارینە، ئەی خەڵكینە بەتەواوی‌و بەدڵێكی سافەوە ڕو بكەنە خواو تەنیا لەو داوا بكەن‌و هەر لەو بپاڕێنەوەو تەنیا ئەو بپەرستن چونكە ئایین هەر ئایینی خوایەو هیچ ئایین‌و ڕێچكەیەكی تری دەست كرد ڕاست نین‌و هەمویان دەچنەوە پەنایە تەنیا ئایین‌و بەرنامەو یاساو ڕێسای خوای پەروەردگار نەبێت، ئەوانی تر هەر هەمویان پوچەڵن‌و ڕیسوان جا با بێباوەڕان‌و ستەمكاران‌و ملهوڕان پێشیان ناخۆش بێت پولە سوتاوێك ناهێنێت. تەفسیری گوڵشەن ب٣ ل٢١٢٦).

ج ـ بەداخەوە موسڵمانان بەتایبەتی نەخوێندەوارەكانمان لەناوەڕۆك‌و بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامی ئایینەكەیان نەگەیەنراون، زۆر بەسەر سەختانە لاڕێ كراون‌و ئاگاشیان لەخۆ نیە. بەداخەوە دەڵێم زۆرێك لەمامۆستایان‌و خوێندەوارە بەڕێزەكانیشمان لەم هەڵەیەوە گلاون‌و لاڕێ بون بەتایبەتی لەبواری عەقیدەو بیرو باوەڕی ئیسلامیەوە ، سۆفیگەرێتی بەسەریاندا زاڵ بوەو لەخواپەرستیەكەیاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوە لەعەوامی خەڵك هەر گەڕێ. زۆرێك لەخەڵكی هەتا لەمامۆستاكانیش دەبیستی سوێند بەغەیری خوا دەخۆن‌و هانا بەغەیری خوا دەبەن‌و داوا لەغەیری خوا دەكەن‌و بەڕەواشی دەزانیت، بەڵام كاتێك پێ ی دەڵێیت‌و بۆی شی دەكەیتەوەو دەڵێی مامۆستا ، مام حاجی، كوڕە مام سۆفی وەڵڵاهی ئەوە هاوبەش بۆ خوا دانان‌و كوفرە ئەو هاواركردن‌و پەنا بردن‌و داوا كردنە لەغەیری خوا شەریكت بۆ خوا داناوە توڕە دەبێت‌و هەڵدەچێت، چونكە ئەو بەنیەتی خۆی زۆر نیاز پاكانەو دڵسۆزانە خوا پەرستی بۆ خوا دەكات‌و لەخوا بەولاوە كەسی تر ناپەرستێت، بەڵام لەولاوە ئاگاشی لەخۆ نیە كەشەریكی گەورەی بۆ خوا پەیدا كردوەو خوای لەخۆی ڕەنجاندوەو لەڕۆژی قیامەتدا دەبێ هەتا هەتایە لەئاگردا بسوتێت‌و بوەتە مازو چنی كون لەكۆش، بەڵكو لەسەریشی قەرزدار بوەتەوە. ئەو ئاوایان دینەكە لێ حاڵی كردوە خەتای خۆی نیەو هەر ئەوەی لەمێشكدا چەسپیوە، بۆیە كاتێك پێ ی دەڵێ ی ئەوە شەریك دانانە، ئەوە كوفرە زۆر توڕە دەبێت‌و هەڵ دەچێت، بۆ؟ چونكە هەروەكو گوتمان وا حاڵی كراوەو ئەو بەندایەتی كردنەی بۆ خوای گەورە بەكاكڵەو پوختەی بەندایەتیەكاندا دەنێت.

زۆر جار لەهەمو شوێنێك گوێمان لەداپیرەكان‌و باپیرەكان‌و بەساڵدا چوەكان‌و گەنجان‌و كامڵانی موسڵمانان دەبێت هەتا زۆر جار لەمامۆستاكانیش هەڵ دەستن یا لەسیارە یالەهەر كارێكی تر ڕادەبن یەكسەر دەڵێن: فلان پیرو چاكە هاوارە یا پێغەمبەر هاوارە ..یا .یا...زۆر كەم وایە گوێت لێ بێت بڵێن یا ألله هاوارە. یاداوا لەغەیری خوا دەكەن...تد. نمونەیەكی زیندو دەهێنمەوە كەلەساڵی ١٤٢٩ك ـ ٢٠٠٨ل. ڕۆژێك لەفەرمانگەو لەكاتی دەوامدا كۆمەڵێك لەبەردەستان‌و پاسەوانانی پەروەردە و لەقوتابخانەكان خانە نشین كرابون دیار بوگرفتێك هاتبوە پێشیان لەنێوان فەرمانگەی خۆیان‌و خانە نشیندا . جا دوای ئەوەی كارەكەیان بۆ ئەنجام دەدرێت دیار بو گلەییان لەخانەنشین هەبو لەڕانیە. . یەكێك لەوانە دیار بو موریدی ماڵی شێخانی باقلان بو، و یەكێك لەو بنەماڵەیە لەگەڵ مندا فەرمانبەرە هاتە لای و تومەز پێشتر ئەو برایە پێ ی گوت بو (ئێوە مافی خۆتانە هەر بۆتان دەكرێت)پێ ی گوت:

ـ وڵڵاهی خاڵە شێخ ئەتۆ كەراماتت هەبو، ئەوە ئیشەكەم بۆ كراوە . دەبێ ئەو پارەی وەری دەگرم بیكەین بەنیوەیی ، چونكە ئێمە هەمو بنەماڵەكەمان موریدو(....) ئێوەین.

ئەویش لەوەڵامدا گوتی:

ـ نابابە نا ئەو قسانە مەكە تۆ برای ئێمەی، پارەی خۆت بۆ خۆت. تۆ ئەوە مافی خۆت بو هەر دەبو وەری بگری.

ـ نەخێر ئەوە جەددی ئێوە بو بۆ منی كرد دەنا من هەرگیز ئەوەم بۆ نەدەكرا، چونكە من لەلای جەددی ئێوە شكاتم لێ كردن دەیان سوتێنێ، ئاگریان تێ بەردەدات !!!.

دیارە ئەوەی ڕاستی بێت ئەو برایەش دەی گوت نەخێر هەمو شتێك هەر قودرەتی خوایە ئێمە هیچ نین. بەڕاستی منیش خۆم پێ ڕانەگیراو ڕوم كردە ئەو خاڵە بەڕێزە نەخوێندەوارەو پێم گوت:

ـ خاڵی خۆم ئەگەر زەحمەت نەبێت تۆزێك گوێ بۆ من بگرە باكوڕی بچوكی خۆت ئامۆژگاریەكت بكات لەم بوارەوە، دیارە بەڕێزتان لەمن گەورە ترن‌و ئەزمونتان لەژیاندا پتر هەیە، بەڵام بەحوكمی ئەوەی كەمن لەقورئان‌و لەسوننەتی پێغەمبەرمﷺ خوێندوتەوەو كەمێك شارە زاییم پەیدا كردوە. خاڵە گیان هەرگیز هاواری غەیری خواو پشت بەغەیری خوا مەبەستەو داوا لەغەیری خوا مەكە . چونكە ئەوە كوفرەو شەریكی گەورە پەیدا كردنە بۆ خوای گەورو بەم كارەت خوای گەورە لێت دەڕەنجێ ، من دەزانم تۆ بەدڵسافیەوە ئەم كارە دەكەیت وادەزانی ئەمە كاكڵەی بەندایەتی كردنە بۆ خوای گەورەو دەتەوێت خوای گەورە لەخۆت ڕازی بكەیت‌و وا لەدینەكە حاڵی كراوی ناهەقت ناگرم.

☒**وەهەروەها لەبڕوا بون بەخوای گەورە ، بڕوا بونە بەهەمو ئەو شتانەی کەلەسەر بەندەکان پێویستن، لەگەڵ پێنج پایە دیاری کراوەکان کەلەسەری فەرز کردون کەبریتین لـە**: شـایەتمانی (لاإله إلاَّ الله وأن محمداً رسول الله) ، نوێژ کردن، ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان، زەکـات دان، حـەجی مـاڵی خـوا ئـەوەی کـەتوانای ئەنجام دانی هەبو. وەئەنجامدانی هەمو ئەو فەرزانەی کەلەشەریعەتی ئیسلامدا هاتون، وەلەگرنگترینی ئەو پایانـەش شایەتمانی( أن لا إله إلاّ الله، وأنَّ محمداً رسول الله)یە ، کەلەداخوازیو پێداویستیەکانی نیاز پاکی بەندایەتی کردنە بـۆ خوای تاکو تەنیاو بۆ هیچ کەسو بۆ هیچ شتێکی تر بەڕەوا نەزانێتو ئەنجامی نەدات، ئائەمەیـە واتـای (لاإله إلاَّ الله) . واتاکەشـی ئەوەیـە کـەهیچ پەرسـتراوێکی تـری بەهـەق نـین کەشـایەنو موسـتەقی پەرسـتن بێـت بێجگـە لـەخوای پەروەردگاری جیهانیان. هەر شتێکی تـر بێجگـە لـەخوا(الله) گیـان بپەرسـترێت لەمرۆڤـ و لەفریـشتەو جنۆکـەو هـەر شتێکی تر ئەوان هەمویان پەرستراوی نادروستو بێ ناوەرۆکو پوچەڵن. دەی کەواتە پەرستراوی بەهەقو ڕەوا تەنیا خوایە((الله جلَّ جلاله)) بەتاکو تەنیا، هەروەکو خـوای گـەورە دەفـەرموێ:﴿ ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ﴾ (١٨). ڕونمان کردەوە کەمەبەستی خـوای پـاکو بێگـەرد لەدروسـت کردنـی جنۆکەو مرۆڤەکان هەر یۆ ئـەو یەکتاپەرسـتی وتـەنیا خواپەرسـتی یـە بـوەو بـەس واتـە یـۆ ئـەم بنەڕەتـە ڕەسـەنە کەبریتیە لەتەنیا خوا پەرستی دروستی کردون و فەرمانی پێ کردون و پەیامبەرانی خۆی ناردون بۆ ڕاگەیاندنی ئـەم بەرنامەیەو چەندان کتێبیشی بەو پـەیڕەوو پرۆگرامـە ناردونـە خـوار، بـاش تێـڕا بمێنـەو ورد بـیر بکـەوە ئـەو هـەمو نەفامیە گەورەو زۆرە دەبینی کەزۆرێك لەموسڵمانان تێ ی کەوتون، کە لەگەڵ خوادا شـتی تریـان پەرسـتوەو هانـاو پەنایان بۆ دەبەنوداوایان لێ دەکەنو لەبەریان دەپاڕێنەوە، پوختەو کاکڵەی مافی خوایان داوە بەغەیری خوا، واتـە

---

ـ بەڵێ، مامۆستا گیان بەخوا من لەخوا بەوەلاوە کەسی تر ناپەرستمو دەمەوێ خـوای گـەورە لـەخۆم ڕازی بکـەم. بەعـەقڵی خـۆم دەڵـێم ئەوانـە پیاوی چاك بونو لای خوا خۆشەویستن و بۆم لەلای خوا دەپاڕێنەوە دوعای ئەوان قبوڵە ، دەنا من بەو مەسەلانەم نەزانیوەو و کەسـیش هـەتاکو ئێستا ئەوا ئامۆژگاری ئێمەیان نەکردوە و ئەو شتەمان نەزانیوە.

ـ سبحان الله ، خاڵە گیان ئەمە هەمان قسەی موشریکەکانی سەردەمی پێغەمبەرەﷺ کەلێ یان دەپرسرا بۆ ئەو بتو کەسو دارو بەردو فریشتەو ...تد یانە دەپەرستن؟ هەمان وەڵامیان هەبو، ئـەمجار بەدرێـژی ئـەم بابـەتی عەقیـدەو بـیرو بـاوەڕی ئیـسلامیەم بـۆ ڕون کـردەوەو ئـەم ئایـەتو فەرمودانەی سەرەوەو ئەوانەشی لەم بابەتەی شێخی بەڕێز عبدالعزیز بن باز هاتون بۆ هێنایەوەو گوتم خاڵە ئەوە قسەی مـنو کـاك بکـر نیەکەئـەو بەڕێزەی بنەماڵەی شێخانی باقلان بـوو لەگـەڵ خۆمـدا فەرمانبـەرە و نەقسەی فـلانو فیـسارە بـەڵکو هـەر هـەمویان فـەرمودەی خـوای گـەورەو پێغەمبەری خۆشەویستنﷺ. جا داوام وایە لێرە بەولاوە ئەم کارانە دوبارە نەکەیتەوەو تۆبەیەکی ڕاستەقینەی لێ بکەیت، جا کـەوات کـرد خـوای گەورە هەمو کردەوە خراپەکانو شریکیەکانت کەخۆت نەشت زانی بون بۆت دەگۆڕێتەوە بەچاکە، ئەوەتە خوای گـەورە دەفـەرموێ:﴿ **إِلاَّ مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ سورة الفرقان: (٧٠)** .

ـ زۆر مەمنونی ئامۆژگاریەکانتمو بەڕاستی من هەتاکو ئێستا ئەو شتانەم نەزانیوە، بەسەر چاو ئامۆژگاریەکـەت جـێ بـەجێ دەکـەمو جـارێکی تـر لەخوای گەورە بەولاوە داوا لەکەسی تر ناکەمو هانا بۆ کەسی تر نابەمو تەنیا خوای گەورە دەپەرستم. وەرگێڕ.

(17) واتە:مافی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە کەبەدڵێکی سافو پاکەوە بیپەرستنو هیچ هاوبـەش و هـاوەڵو هـاو وێنـەی بـۆ دانـەنێنو تـەنیاو تەنیا خوای پەروەردگار بپەرستن.وەرگێڕ.

([18]) أ ـ **سورة الحج: (٦٢)**.

ب ـ واتە: بەڕاستی خوداوەنـدو پـەروەردگاری بەهـەقو ڕەواو ڕاستەقینە تـەنیا خوایـەو هـەمو ئـەو کـەسو لایـەنو گـروپو شـتانەی کـەبت پەرستانو بێ باوەڕانو ملهوڕەکانو ستەمکارانو خوانەناسەکانو مولحیـدان جـوێ لـەخوای پـەروەردگاری جیهانیـان بـەخوای خۆیـانی دەزانـنو دەی پەرستنو هاواریان دەکەنیو هانایان بۆ دەبەنو داوای گەیاندنی سودو قازانجیان لێ دەکەن هەر هەموی بـێ نـرخو قرچۆکو پوچـەڵن، تـەنیا خوای گەورە بەرزو بێ هاوتاو بێ شەریكو باڵا دەستو کار بەجێ یە خواو پەروەردگاری هەمو بونەوەرە.(وەرگێڕ).

هەر كەس‌و هەر بەرنامەو هەر شتێكی تر بپەرستن‌و گوێ ڕایەڵ‌و دوای بكەون مافی خوایەتی پێ بدەن وەك لێ ترسان‌و خۆش ویستن‌و ڕق لێ بونەوو گوێ ڕایەڵی(الولاء والبراء) كەتەنیا لەمافەكانی خوای گەورەن ئەوە پەرستنی غەیری(الله) یە خوا پەنامان بدات.

☒ **وەلە بڕوا بون بەخوای پاك‌و بێگەرد:** بڕوا بونە بەوەی كەخوا(الله) دروستكەری هەمو جیهان‌و جیهانیانەو بەڕێوەبەرو هەڵسوڕێنەری كارو باریانەو هەر ئەو مافی هەڵس و كەوتی هەیە بەزانست‌و توانای خۆی چۆنی بوێت ئاوای ئەنجام دەدات. هەر ئەو خاوەنی دنیاو قیامەتە، پەروەردگاری هەمو جیهانیانەو جوێ لەو هیچ دروستكەرو بەدیهێنەرێكی تر نین،و هیچ پەروەردگارێكی تر بێجگە لەو نین. هەر ئەوە پێغەمبەران‌و پەیامبەرانی ناردون‌و كتێبە ئاسمانیەكانی ناردونە خوار بۆ گێڕانەوەو چاك كردنی بەندەكان‌و بانگەشە كردن‌و دەست كێش كردنیان بۆ ئەو بەرنامەو ئەو ڕێگە ڕاستەی كەدەبێتە مایەی ڕزگار بون‌وچاك كردن‌و خۆش بەختی‌و بەختەوەری بەندەكانی خوا جاچ زو چ درەنگ. وەئەو خوایە پاك‌و بێگەردە هیچ هاوەڵ‌و هیچ شەریك‌و هاوشان‌و هاو وێنەی نین لەهەمو ئەو كارو سیفەتانەدا. ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ﴾(١٩).
**هەروەها دەفەرموێت:**﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾(٢٠).

☒ **هەروەها لەبڕوا بون بەخوای گەورە: بڕوا بونە بەناوە جوانەكانی خواو سیفاتە بەرزەكانی خوای گەورە كەلەقورئانی پیرۆزو لەپەیامبەرە ئەمینەكەیەوە هاتون بەبێ لادان(تحریف)و بێ دوا خستن‌و لەكار** خستن(تعطیل)و دەست كاری كردن‌و بێ پێك چواندن( تشبە والتمثیل) و سازاندن( التكییـــف)، بەڵكو دەبێ ئەو ناوو سیفەتە جوانانە چۆنن‌و چۆن هاتون ئاوا بگەیەنرێن‌و بەكار بهێنرێن بێ گونجاندن‌وسازاندن(بلا كیف). لەگەڵ بڕوا بون بەو واتا بەرزانەی كەواتای بەرزو پیرۆز دەبەخشن كەبریتین لە ناوو سیفەتە پیرۆزو بەرزەكانی خوای گەورە، دەبێ بەو شێوەیە وەسف بكرێن كەشیاوو شایستەو لایەقن بەخوای گەورە بێ ئەوەی هیچ كامێك لەدروست كراوەكانی خوای گەورە بەسیفەتێك لەسیفەتەكانی خوای گەورە بچوێنرێت هەروەكو خوای گەورە بۆ خوی

---

(19) **أ ـ سورة الزمر:** (٦٢).

ب ـ واتە: خوای پەروەردگار دروستكەری هەمو شتێكە، واتە دروستكەری بونەوەرو هەمو شتێك لەم بونەوەرەدا لەژێر دەستی ئەو دایەو جڵەوی هەمو كاروبارێكی ئەم بونەوەرە بەدەست ئەوەو چۆنی بوێت ئاوای هەڵ دەسوڕێنێت‌و هیچ شتێك لەژێر دەستی ئەو دەرناچێت‌و ئەنجام بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەو دەگەڕێتەوە. وەرگێڕ.

(20) **أ ـ سورة الأعراف:** (٥٤).

ب ـ واتە: بێگومانە كەپەروەردگاری ئێوە (الله) یە كەئاسمانەكان‌و زەوی‌و ئەو هەمو گەردونەی لەشەش ڕۆژدا دروست كردو لەنەبونەوە هێنانیە بون ئەمجار بەسەر كورسی دەسەڵاتی خۆی دا(العرش) سەر كەوت، واتە لەسەر تەختی پاشایەتی موڵكی خۆی كەهەمو بونەوەرە سەركەوت‌و دەستی بەسەردا گرت. دنیای بەشێوەیەكی وا دروست كرد كەشەو خێرا بەدوای ڕۆژدا دێنێت‌و ڕۆژیش بەدوای شەودا،ئەوەش لەئەنجامی خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆی دا بەخێرایی ١٦٧٠كیلۆ مەتر واتە هەزار میل لەدەم ژمێرێكدا، وەلەماوەی بیست‌و چوار دەم ژمێردا شەوو ڕۆژ دروست دەبێت.هەروەها خۆرو مانگ‌وئەو هەمو ئەستێرەو كەشكەشانە ئاسمانیانە كەبەملیارەهان‌و ناژمێردرێن، هەر هەمویان لەژێر فەرمانی خوادان و هەر یەكەیان لەسەر خولگەی(مدار) خۆیان دەخولێنەوەو بەمو لێ ی لانادەن بێ پاش‌و پێش كردن.

بێگومان دروست كردن‌و بڕیارو فرمان تەنها بۆ ئەو خوایەیە كەخاوەنی هەمو بونەوەرە كەس لەگەڵیدا بەشدار نیەو پەروەردگاری هەمو جیهانیانە. بەرزو پیرۆزی بۆ خوای گەورە پەروەردگاری جیهانیان. تەفسیری گوڵشەن ب١ ل٣٨٥). وەرگێڕ.

دەفەرموێت:﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ﴾[21]. هـەروەها فەرمویـەتی:﴿ فَلاَ تَضْرِبُواْ لِلّهِ الأَمْثَالَ إِنَّ اللّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾[22].

ئەمەیە بیرو باوەڕو عەقیدەی ئەهلی سوننەتو جەماعەت لەئەسحابی پێغەمبەری خواﷺو شوێن کەوتوانی بە چاکە، ئەو عەقیدەیە کەئیمامی( أبو الحسن الأشعري) ڕەحمەتو ڕەزای خوای لێ بێت لەکتێبەکەی خۆی (المقالات) دا لەزانایانی فەرمودە لەئەهلی سوننەوە ڕای گواستوەو زانایانو نوسەرانی تری ئەهلی زانستو بڕواش لەوەوە ڕایان گواستوە.

ئیمامی ئەوزاعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت گوتویەتی: ( پرسیار لە(الزهوي)و(مكحـول) دەربارەی ئایەتەکانی سیفاتەکانی خوا کرا هەردوکیان گوتیان: هەروەکو چۆن هاتوە ئاوای ڕادەگەیەنین. هەروەها (الوليد بن مسلم ـــ رحمه الله) گوتی: پرسیار لە(مالك و الأوزاعي والليث کوڕی سعدو سفيان الثوري) دەربارەی هەواڵو زانیاریەکان کەلەبارەی سیفاتەکانی خواوە هاتون کرا هەر هەمویان گوتیان: هەروەکو چۆن هاتون ئاوایان ڕادەگەیەنین بێ گۆڕینو سازاندنو گونجاندن.

هەروەها ئیمامی ئەوزاعی ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت گوتویەتی: ئێمەو شوێن کەوتوانێکی زۆر(المتوافرون) دەڵێین خوای پاکو بێگەرد لەسەر عەرشی خۆیەتیو بڕوامان بەو سیفاتانە هەیە کەلەسوننەتەوە بۆمان هاتونو باس کراون . کاتێ پرسیار لەڕەبیعەی کوڕی أبي عبدالرحمن مالك ڕەحمەتی خوای لێ بێت کرا دەربارەی (الإســتواء) گوتی: سەرکەوتن (الإستواء) نادیارە، سازاندنو چۆنیەتی( الكيــف) شتێکی نەگونجاوو نامەعقولە، پەیام لەخواوەیەو پێغەمبەریشﷺڕاگەیاندنی لەسەرەو ئێمەش بڕوا پێ کردنمان لەسەرە. هەروەها پرسیار لەئیمامی مالك ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێ کرا دەربارەی ( الإستواء) لەوەڵامدا گوتی: (((الإستواء) شتێکی دیار(معلوم)ەو چۆنیەتەکەی نادیارە، بڕوا بون پێ ی واجبە، و پرسیار کردن لێ ی شتێکی داهێنراوە(البدعة)یە)). هەروەها لەوەڵامی پرسیارێکی تردا گوتی: تۆ پیاوێکی خراپی، ئەوجار فرمانی کرد کەدەری بکەنە دەرەوەو، دەریان کردە دەرەوە. هەروەها دەربارەی ئەو واتایە لەدایکی ئیماندارانیشیان رضي الله عنها پرسی . وەهەروەها ئیمام أبو عبدالرحمن عبــدالله کوڕی المبارك گوتی:((ئێمە دەزانین کەپەروەردگاری پاکو بێگەردمان لەسەروی ئاسمانەکان لەسەر عەرشی خۆیەتیو لەدروست کراوەکانی ڕونو ئاشکرایە)). هەروەها قسەو بیرو ڕاو شرۆڤە ڕونکردنەوەییەکانی پێشەواکان لەم بوارەوە گەلێك زۆرن ئێمە لێرەداو لەم محازەرەیەدا ناتوانین هەموان هەڵ بهێنجینو بیان هێنینەوە، جائەوەی دەیەوێت زانیاری پتری لەم بوارەدا دەست بکەوێت با بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبو سەرچاوانەو ئەوەی زانایانی سوننە لەم بارەیەوە نوسیویانە سەیر بکاتوزۆر بەوردی بیان خوێنێتەوە وەك کتێبی (السنَّة)لەنوسینی عبدالرحمن کوڕی ئیمام أحمد، وەکتێبی( التوحيد)لەنوسینی پێشەوای بەڕێز محمد کوڕی خزيمة، هەروەها کتێبی(السُنَّة)لەنوسینی أبي القاســم

---

([21]) أ ـ سورة الشورى: (١١).

ب ـ واتە: هیچ شتێك لەوێنەی خوادا نین نەلە تاكو تەنیاییو لەهەمو شتێکدا لەبونی داو لەهێزو دەسەڵاتو تواناداو لەعیلمو زانستو ...تد و خوایەکی بیسەرو بینایە هەمو کارو کردەوەیەکی بەندەکانی دەبینێ و دەبیستێ وەرگێڕ. تەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٢٦٥.

([22]) أ ـ سورة النحل: (٧٤).

ب ـ واتە: وێنەو نمونە بەخوا مەهێننەوەو چونکە هیچ شتێك لەوێنەی خوا نیەو هیچ شتێك نیە لەو بچێت، و وێنەو نمونەی نیە، زاناو دانایەو ئاگاردارو زانیایە بەهەمو شتێك لەم بونەوەرداو ئاگای لەو بیرو باوەڕە پوچەڵانەی ئێوە هەیە بەڵام ئێوە نایزانینو ئاگاتان لەهیچ شتێك نیە و هیچ لەشتە غەیبیەکان نازانن. (تەفسیری گوڵشەن ب٢ل٦٨٢.) وەرگێڕ.

اللالكائي الطبري، وەكتێبی(السُنَّة)لەنوسینی أبي بكر كوڕی أبي عاصم. **هەروەها وەلاَمی شێخی ئیسلام**(إبن تیمیـــة) بـۆ خەڵكی حەما(حماة)، كەبەڕاستی بریتیە لەوەڵامێكی زۆر باش‌و تێرو تەسەل‌و زۆر بەسود كەتیایدا ڕەحمەتی خوای لێ بێت زۆر بەتێرو تەسەلی بیرو باوەڕ(عقیدة)ی ئەهلی سوننەی ڕون كردۆتەوە بەنمونەیەكی زۆر لەقسەو بیرو ڕاكانیـانی ڕاگواسـتوەو بەڵگـەی شـەرعی‌و عـەقڵی لەسـەر پـشت ڕاسـت كردنـەوەی ئـەوەی كەئـەهلی سـوننەت گوتویانـەو هێناوەتەوەو تیێ ی گەیاندون، هەروەها ناڕاستی‌و نادروسـتی ئـەوانی بـۆ شـیكردونەوەو تـیێ ی گەیانـدون، هـەروەها سەیری نامەكەی إبن تیمیة بكـەن لـەژێر سـەردێڕی (التدمرية) كەتیایـدا پلـەو پایـەو بـیرو بـاوەڕی (عقیـــدة)ی ئـەهلی سوننەی بۆ ڕون كردونەتـەوە بەبەڵگـەی ڕاگـوازین( النقلـــي)و عـەقلی‌و زۆر بـەڕونی شـرۆڤەی كـردون. وەبەرپەرچـی ناحەزان‌و پێچەوانانی بەڕاسـتی‌و بەهـەق داونـەوە،و ناڕاسـتی‌و پوچـەڵەكانی مـۆر كـردون‌و بەتـەواوی ڕون‌و پوختـەو كاكڵەی كردون بۆ هەر كەسێك لەئەهلی سوننەت كەبیەوێت لەم بارەوە سـەیری بكـات، كەبەڕاسـتی‌و بەنیـەتی پـاك‌و چاكەوە هەڵوەدای زانین‌و زانست‌و تێگەیشتنە لەڕاسـتیەكان لەئـەهلی زانـستخوازان(٢٣)، وەبـۆ هـەمو ئـەو كەسـانەی كەپێچەوانەی ئەهلی سوننەت‌و ناحەزن‌و بیرو باوەڕیان جۆرێكـە دەربـارەی نـاوو سـیفەتەكانی خـوای بـاڵا دەسـت‌و كاربەجیێ، گومانی تێدا نیە ئەوان پێچەوانەی بەڵگەی ڕاگـوازراوو(النقلیـــة)وعەقڵیـەكان‌و پێـچەوانە دەبـن‌و دەكەونـە هەڵەوە، وێڕای دژایەتیەكی ڕون‌و سەرسەختانە لەهەمو ئەو بوارانەی كەبەڵگە شەرعی‌و عەقڵیەكان دەی دەسـەلمێنن كەڕاستن‌و ئەوانەشی كەهەڵەن وەلای دەنێن‌و قەدەغەو حەرامی دەكەن.

بەڵام ئەهلی سوننەت‌و جەماعەت ئەوەیان بۆ خوای پـاك‌و بێگـەرد بڕیـار داوەو چەسـپاندوە كـەخوای گـەورە بـۆ خۆی بڕیار داوەو چەسپاندویەتی‌و لەقورئانە پیرۆزەكەی خۆی دا بۆی ڕون كردوینـەوەو ناردویەتیـە خـوار، هـەروەها ئەوەی كەپێغەمبەرەكەی محمد ﷺ جیێگیرو چەسـپاندویەتی‌و بـۆ خـوای گـەورەی بڕیـار داوە لەسـوننەتی خـۆی دا بەسەلماندن‌و چەسپاندن نەك بەلێچواندن‌و هاو وێنە بۆ دانان. هەوەها خوای گـەورەو پـاك‌و بێگـەردیان بـەپاك‌و بـاڵا دەست‌و بێگەرد داناوە و لەهەمو لێچونێك بەدروست كراوەكانی خۆی بەدور گرتوەو بـەپاك‌و بێگەردیـەكی بـیێ بـەری لەهەمو لەكار خستن‌و دواخستنیێ لە واتای سیفات‌و ناوە جوانـەكانی خـوای گـەورەن بۆیـە ئـەهلی سـوننە سـەلامەت دەرچون لەو هەمو مل ملانیێ‌و دژایەتی‌و جیاكاری‌و جیاوازی بونـەی كەلـەئارادا بـو، وسـەلامەت‌و سـەربەرزو سـەرفراز دەرچون. وهەمیشە بە هەمو بەڵگە شەرعی‌و عەقڵیەكان كـار دەكـەن، هـەرگیز بـیێ بەڵگـە قـسەو كـار ناكـەن، ئەمـە سـوننەتی ڕاسـتەقینەی خـوای پـاك‌و بێگـەردە بـۆ ئـەو كەسـەی كەدەیـەویێ دەسـت بەهەق‌وڕاسـتیەوە بگرێـت، كەپێغەمبەران‌و پەیامبەرانی پیێ ناردون، بۆ ئەو كەسەی كەبیەویێ هەوڵ‌و كۆششی خۆی لـەم بـوارەدا خـەرج بكـات‌و لەهەوڵ‌و كۆشش‌و تەقەللاكانی دا نیاز پـاك بێـت بـۆ خـوای گـەورەو ئیخلاسـیەتی هـەبێت، بۆئـەوەی خـوای گـەورە سەركەوتوی بكات‌و ڕێنومایی بكات دەست بگرێت بەپەتی خواوەو لەسـەر ڕێگـەی ڕاسـتی خـوایی بـڕوات تـا بەڵگـەو هەوڵ‌و كۆششەكەی سەر بخات‌و سـەركەوتوو سـەرفراز بێـت‌و لەسـەر هـەق سـەری بخـات، هـەروەكو خـوای گـەورە دەفـەرمویێ:﴿ بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ وَلَكُمُ الْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ ﴾(٢٤). **هـەروەها دەفـەرمویێ:**﴿

(23) واتە: وەك گەنجینەیەكی ڕونكردنەوەی زانستیانە بۆ بەرەكانی دوا خۆی جیێ ی هێشت خوا پاداشتی بداتەوەو جێگای بەهەشتی فیردەوس بێت.وەرگێر.

(24) أ- **سورة الأنبياء: (١٨).**

﴿وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا﴾(٢٥). وە(الحافظ إبن كثير رحمه الله) **لەتەفسیرە بەناو بانگەکەی خۆی دا لەکاتی قسە لەسەر کردنو ڕاڤە کردنی ئەم فەرمودەی خوای گەورەدا هێناویەتی** ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ﴾(٢٦). **ڕاڤەو لێك دانەوەیەکی زۆر جوانی بۆ کردوەلەبەر سودو گرنگی ئەو شرۆڤەو ڕاڤە کردنە لێرەدا بەباشی دەزانین کەڕای گوێزینو بینوسین کەئەمە دەقەکەیەتی:(( خەڵکان لەم بوارو جێگەدا گەلێك قسەو باسو نوسینیان هەیە کەلێرەدا پێویست بەڕاگوازینو هێنانەوەیان ناکات، بەلاّم ئەو ڕێڕەوەی کە پێویستە لەم بوارەدا بگیرێتە بەر ڕێبازو ڕێگەی پێشینەی پیاو چاکانە، مالكو ئەوزاعیو** الليث الثوری **کوڕی سعدو شافیعیو** أحمدو إسحاق **کوڕی** راهويه **و غەیری ئەوان لەپێشەوایانی موسڵمانانی کۆنو تازە، ئەویش تێ پەڕاندنو هێنانەوەیەتی هەروەك چۆن هاتوە بەبێ گۆڕینوسازاندنو دەست کاری کردنو وێ چواندنو لەکار خستن**(التعطيل) **ووەلا نان، ئەوەی جێگەی دەست پێش خەریە بۆ بیرو زادەی وێ چوێنەران**(المتشبهين)**، لەوەی کەدەربارەی خوای گەورە ڕەتی دەکەنەوە لەناوو سیفەتەکانی دا، خوای گەورە هیچ شتێك لەدروست کراوەکانی خۆی پێ ی ناچوێندرێت(** لايشبه**)، وهیچ شتێك لەوێنەی خوا دا نیەو بیسەرو بینایە، بەڵکو ڕاستیەکە ئەوەیە کەپێشەوایانی ئیسلام فەرمویانە، لەوانە** نعيم **کوڕی** حماد الخزاعي **شیخ** البخاري **گوتویەتی:( من کەسێك خوای گەورە بەدروست کراوەکانی خۆی بچوێنێ بەکافری دەزانمو کافر بوە(کفر)، هەر کەسێك نکۆڵی لەوە بکات کەخوای گەورە خۆی پێ وەسف کردوە وددانی پێدا نەهێنێ ئەوە کافرە(کفر)، وە ئەوەی خوای گەورە وەسفی نەفسی خۆی پێ کردوەو ئەوەشی کەپێغەمبەرەکەی پێ ی وەسف کردوەو چەسپاندویەتی وێ چواندن** (تشبه) **نین بۆ خوای بالاّ دەستو کاربەجێ کەلەئایەتەکاندا بێ پێچو پەناو ڕاشکاوانە هاتونو ئەخبارو هەواڵە ڕاستەکان هێناویانە بەو شێوەیەی کەشایەنو لایەقن بەجەلالیەتی خوای پەروەردگار، وەهەروەها هەمو بیرو بۆچونە قرچۆكونابەجێو دژو جودا خوازیەکان دەربارەی خوای گەورە وەلا بنێت ونکۆڵیان لێ بکاتو ددانیان پێدا نەهێنێت ئەوە ئەو کەسە ڕێگەی ڕاستو سەرفرازی گرتۆتە بەر) قسەکانی** إبن كثير **ڕەحمەتی خوای لێ بێت کۆتاییان هات.**

***هەروەها بڕوا بون بەفریشتەکان بریتیە لە:** بڕوا بون بەهەمو فریشتەکان بەکورتیو بەدرێژی( إجمالاً وتفصيلاً) **دەبێ موسڵمان بڕوای بەوە هەبێت کەخوای گەورە فریشتەی هەنو بە بۆ بەندایەتی دروستی کردون، و بەوە وەسفی کردون کەدەفەرموێ:**﴿ وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ۝لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ۝يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ ﴾ (٢٧). **ئەو فریشتانە پۆل گەلێکن**

---

ب ـ واتە: نەخێر ئەوەی دەیدەین بەبەر گوێتاندا گاڵتەو یاریو شۆخی کردن نیە ، بەڵکو هەقەو ناهەقو ناڕاستیو پوچەڵیەکان هەرگیز خۆی لەئاست دا ڕاناگرنو دەی قوچێنن.وخۆی لەبەردا ناگرن. شێنو ڕۆ ڕۆ بۆ ئێوە لەوەی کەباسی دەکەن و بوختان بۆ بەرنامەکەی خواو پێغەمبەری خوا دەکەن. تەفسیری گوڵشەن ب٢ل٨١٣). وەرگێڕ.

([25]) أ ـ **سورة الفرقان: (٣٣).**

ب ـ واتە: ئەی پێغەمبەر ئەو بێ باوەڕو بت پەرستانە بەو ڕێگا چەوتە ناهەقەی کەگرتویانەتە بەر ، هەر گومانو شوبهەیەك بهێننە کایەو دەمەقاڵێو مشتو مڕو موجادەلەت لەگەڵدا بکەن دەربارەی خۆت یاخود قورئان، ئێمە بەوەی کەهەقە هەمو گومانو دڵ پیسیەکانی ئەوان پوچەل دەکەینەوەو هەڵەو ناهەقی ئەوانت بۆ ڕون دەکەینەوە. وەرگێڕ.

(26) أ ـــ سورة يونس: (٣).

ب ـ واتاکەیمان لەپەراوێزی ل٦دا لێکداوەتەوە.

([27]) أ ـ **سورة الأنبياء: ( ٢٦ ـ ٢٨ ).**

**ب ـ** واتە: کافرو بێباوەڕو بت پەرستەکان دەیان گوت خودا لەفریشتەکانی منداڵی بۆ خۆی بڕیار داوە واتە فریشتەکان منداڵی خوان ، پەنا بەخوا ، پاكو بێگەردی بۆ خوای گەورە، خوای پەروەردگار دورە لەوەی ئەو کافرو بێ باوەڕانە باسی دەکەنو جورئەت دەکەن ئەو هەڵە گەورەیە بەدەمیاندا بێت ، نەخێر فریشتەکان بەندەیەکی بەڕێزی خوای گەورەن هەمیشە وان لەو پەڕی بەندایەتی کردنو پەرستنی خوای گەورە،

هەندێکیان ئەرکی هەڵ گرتنی عەرشی خوایان پێ سپێردراوە، هەشیانە ئەمینداری بەهەشتو دۆزەخن، لەو فریشتانە هەن پاراستنو تۆمار کردتی کردەوەکانی بەندەکانی خوایان پێ سپێردراوە، بڕوامان بە ناوی ئەو فریشتانە هەیە کە خواو پێغەمبەری خوا ناویان بردونو بۆ ئێمەیان ڕونو ئاشکرا کردونو بۆ ئێمەیان باس کردون وەك: جبریلو میکائیلو مالك ئەمینداری ئاگرو دۆزەخ، ئیسرافیل کەئەرکی فو کردن بەسور(نفـــخ صـــور)ی پێ سپێردراوە، و هەمو ئەوانەشی کەلەفەرمودەکاندا ناویان هاتوە، وەلەفەرمودەی ڕاستدا( أحاديث صحيحة) چەسپاوە کەلە عائشەوە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت ڕیوایەت کراوە کەپێغەمبەرﷺفەرمویەتی: { خُلِقت الملائكة من نور، وخلق الجان من مارج من نار، وخلق آدم مما وصِفَ لكم}(٢٨).

*** هەروەها سەبارەت بە کتێبە ئاسمانیەکان پێویستە لەسەرمان بڕوامان پێ یان هەبێت،** و دەبێ بڕوامان وابێت کە خوای گەورەی پاکو بێگەرد کتێبی بۆ پێغەمبەرانو پەیامبەران ناردونە خوار بۆ ڕون کردنەوەی مافەکانی خوا لەسەر بەندەکانیو ڕاگەیاندنو بانگەشە کردنو ڕێنومایی کردنیان بۆ بەرنامەکەی خوا هەروەکو خوای گەورە دەفەرمویێ:﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ﴾(٢٩). **هەروەها بەتەواوی بڕوامان** هەیە بەو کتێبانەی خوای گەورە کە لەقورئانو لەسوننەتی پێغەمبەردا ناویان هاتوە وەك تەوراتو ئینجیلو زەبورو لاپەڕەکان(الصحف)و قورئان، وقورئانیش لەهەمویان باشترو بەهێز ترەو کۆتایینی کتێبە ئاسمانیەکانە، و هەر ئەو خوایەش چاودێریەتیو بەڕاستی گێڕاوە.

هەر ئەو خوایە کەلەسەر سەرجەم مرۆڤەکانی واجب کردوە کەشوێنی بکەون و لەگەڵ ئەو سوننەتە ڕاستەی کەلەپێغەمبەرەوەﷺهاتوە کەدەبێ کارو حوکمی پێ بکرێت، چونکە خوای پاکو بێگەرد پەیامبەرەکەی خۆی

---

بەڵێ، ئەو فریشتانە هەرگیز پێش فرمانو فرمایشتەکانی خوا ناکەونو هەرگیزاو هەرگیز شتیك نالێن ناکەن هەتاکو خوای گەورە فرمانیان پێ نەکاتو پێ یان نەفەرمویێت، هەر هەمویان هەمیشە لەژێر فەرمایشتی خوا دانو بەفەرمانی خوا دەجولێنەوە، خودای پەروەردگار زاناو داناو ئاگادارە بەو کارو کردەوەو گفتارانەی کە فریشتەکانو هەمو بەندەکانی تری خوا کردویانەو گوتویانە لەڕابردوو داهاتوداو ئەو کردەوەو گفتارانەی کەلەداهاتوو دا ئەنجامی دەدەنو دەیکەن و بەهەمو شتێك کەدەورەی داوە بەبەندەکانی چ لەفریشتەو مرۆڤەکان چ جنۆکەکان بەندەکانی خوای گەورەن ئەوانە واتە فریشتەکان ناتوانن هیچ تکاو شیفاعەتێك بکەن مەگەر خوای گەورە ڕێگەیان پێ بداتو ڕازی بێت، دیارە ئەمەش لەڕۆژی قیامەتدا دەبێت، ئەو فریشتانە بۆ ئەو کەسانە کەشایەنی شیفاعەت بۆ کردن بنو خوای گەورە مۆڵەتی لەسەر بێت کەشیفاعەتیان بۆ بکەن، جائەو شیفاعەت کەرانە فریشتە بن یان مرۆڤ بەترسەوە شیفاعەتەکە دەکەن، ڕێز لێنانێکە بۆ ئەو شیفاعەتکارە.( تەفسیری گوڵشەن ب٢ل ٨١٥ـ ٨١٦).وە تەفسیری الطبري في قرص سيدي في مكتبة الشاملة). وەرگێڕ.

(28) واتە: فریشتەکان لەنور دروست کراون، وجنۆکەکانیش لەتێکەڵەی گڕی ئاگر دروست کراون، وە ئادەمیش لەوەی کەبۆتان باس کراوە دروست کراوە کەمەبەستی لەوەیە کەلەگڵ دروست کراوە.وەرگێڕ.

(29) **أ ـ سورة الحديد: ( ٢٥ ).**

ب ـ واتە: ئێمەپێغەمبەرانی خۆمان بەبەڵگەی ڕونو ئاشکراو موعجیزە لەسەر پێغەمبەرایەتیەکەیان ناردن بۆ گەلانی پێشو، هەروەها کتێبو بەرنامەویاسای ژیانمان بۆ ناردنە خوارەوە تابەرنامەکەی خوا بۆ خەڵکی سەر ڕوی زەوی ڕون بکەنەوە و بەپێ ی ئەو یاساو ڕێسای خوایە ژیانیان بەرنە سەر نەك بەرنامەو ڕێچکەی دەست کردی پوچەڵانەی دەستی مرۆڤی نەفامی ستەمکار، بەڵکو بەعەدالەتو یاسای یەکسانی خوایی لەنێوان خۆیاندا لەژیانی دنیاداو لەسەر زەوی ڕەفتارو هەڵسو کەوت بکەن هەروەها ئاسنمان بۆ مرۆڤ لەزەوی دا دروست کردوە کەلەهەمو بوارەکانی ژیانداو لەکاتی شەڕو جەنگو ئاشتی دا دەتوانرێت سودی لێ وەر بگیرێت. خودا لەعیلمی ئەزەلی خۆی دا دەزانێت کەکێ بەهەمو دڵێکی بۆ سەرکەوتنی ئایینی خوداو پێغەمبەرەکەی بەکاری دێنێت ، وەبڕوا دارە بەوەی لێ ی بزرەو شاردراوەیە ، بێ گومانە کەخودای گەورە خۆی پێویستی بەیارمەتی هیچ کەسێك نیە.. چونکە خوا زۆر بەهێزەو بێ نیازەو خاوەن توانایەکی گەلێك زۆرو بەهێزەو کەس ناتوانێت لەبەرامبەری دا بوەستێتو هەمو کەسو هەمو شتێك موحتاج بەئەون.تەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٤٣٩). ئاسنمان بۆ ناردونە خوار کەهێزو دەسەڵاتێکی زۆرە تێدایە بۆ ئێوە کەچەكو چۆڵەو شیرو تیری لێ دروست دەکەنو بەرامبەر بەدوژمنان دەوەستنو دەیان بەزێنن، هەروەها سودێکی زۆری تێدایە بۆ ژیانی دنیاییو شارشتانیەت، زەوی پێ دەکۆڵنو هەڵ دەکەننو لەباقی قۆناغەکانی تری ژیاندا بەکاری دەهێنن. إبن حميد دەگێڕێتەوە دەڵێ: يحيى کوڕی واچح بۆی گێڕاینەوە گوتی:الحسين بۆی گێڕاینەوە، ئەویش لەعلباو کوڕی أحمر، ئەویش لەعکرمەوە ئەویش لەإبن عباسەوە گوتی: خوای گەورە سێ شتی لەگەڵ ئادەم صلوات الله عليه ناردە خوار بۆ ئەوەی لەژیانی ڕۆژانەی شارستانیەتی خۆیاندا بەکاری بهێنن. تەفسیری الطبری لە( مكتبة الشاملة قرص سيدى ) . وەرگێڕ.

**محمد ﷺ بۆ هەمو گرۆهی مرۆڤ وجنۆکەکان ناردوە، وقورئانیشی بۆ ناردۆتە خوار کەحوکمی پێ بکات لەنێوانیاندا، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:**﴿ وَهَذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾(٣٠) . **هەروەها دەفەرموێ:**﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾(٣١). **وەهەروەها دەفەرموێ:** ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾(٣٢). **ئایات لەم بوارەدا گەلێك زۆرن.**

**هەروەها پێغەمبەران دەبێ بڕوامان پێ یان هەبێت، بڕوامان هەیە کەخوای پاکو بێگەرد پێغەمبەرانی ناردون بۆ لای بەندەکانی خۆی بۆ ئەوەی بەرنامەی خوا بەخەڵکی ڕابگەیەنن، هەیان بوە مزگێنی دەرو ترسێنەر بونو بانگەشەکارانی هەق بون، جا هەر کەسێك وەڵامی دابنەوەو بڕوای هێنا بێت ئەوە بردویەتیەوەوسەرکەوتوو سەرفراز بوە، ئەوەشی وەڵامی نەداونەوەو سەرپێچی کردون، توشی سەر شۆڕیو پەشیمانیو بێ هیوایی بوە دیارە کۆتاو دواینو باشترینیان پێغەمبەری ئێمە** محمد **کوڕی** عبدالله ﷺ**بوە.هەروەکو خوای گەورەدەفەرموێ:**﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ﴾ (٣٣). **هەروەها :**﴿ رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾(٣٤). **وەدەفەرموێ :** ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ

---

([30]) **أ ـ سورة الأنعام : ( ١٥٥ ).**

ب ـ واتە: ئەی بتپەرستو بێ باوەڕو ملهوڕو خوانەناسینە ئەم كتێبە واتە قورئانی پیرۆز كتێبێكە ناردومانەتە خوار كەهەمو یاساو ڕێساو پرۆگرامی هەمو بوارەكانی ژیانی تێدایە، كتێبێكی زۆر بەنرخو بەبەهاو پیرۆزە. دەی ئێوەش باوەڕی پێ بێننو بەحوكمەكانی كار بكەنو شوینی بكەونو بیكەنە بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامی خۆتانو خۆتان بپارێزن لەكارو كردەوەی خراپو خراپەكاری بەڵكو لەدنیاو لەقیامەتدا سەربەرزو سەرفرازو بەختەوەر بن . تەفسیری گوڵشەن ب١٣٦٨). وەرگێڕ.

([31]) أ ـ سورة النحل: (٨٩).

ب ـ واتە: ئێمە قورئانمان بۆ ناردویتە خوار كەڕون كەرەوەو ڕاڤە كردنی هەمو شتێكە لەم جیهانەدا كەبۆ ئێوە ڕام كراوەوو ڕونكەرەوەی هەمو شتێكە كەپێویست بێت لەهەر كاتو زەمینەیەكدا هەتا دنیا دنیایە لەڕوی ئایینو هیدایەتو بوارە جۆربەجۆرەكانی ژیانی مرۆڤدا . بەڵێ ئەم قورئانە بۆ موسڵمانان هیدایەتو ڕێنوماییو ڕەحمەتوسۆزو بەزەییە، موژدەی شادیو كامەرانیو بەختەوەری ڕۆژی دواییە بۆ موسڵمانان.تەفسیری گوڵشەن ب٢ل ٦٨٧) . ئەی محمد ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ ناردیتە خوار كە ڕونكەرەوەیەكە بۆ هەمو بوارەكانی ژینتان لە حەرامو حەڵاڵو پاداشتو سزاو ڕێنومایی بۆ سەرلێشێواوەكانو گومڕاكانو دەست گیرۆیی كردنیان بۆ سەر ڕێگای ڕاستی خواییو ڕەحمەتو سۆزو بەزەییە بۆ ئەو كەسانەی كەڕێگەی ڕاستی خواییان گرتوەو پابەندن بەقورئانو سوننەتو یەكتاپەرستی خوای پەروەردگارو مزگێنی دەرەو بۆ ئەوان لەڕۆژ دوایی دا.تەفسیری الطبری لە( مكتبة الشاملة قرص سيدى).وەرگێڕ.

([32]) **أ ـ سورة الأعراف : ( ١٥٨ ).**

ب ـ واتە: ئەی پێغەمبەرﷺپێ یان بڵێ: ئەی خەڵكینە بیگومانە كەمن پێغەمبەرم لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بەگشتی بۆ لای ئێوە نێردراوم، نەك بۆ هێندێك لەخەڵكی سەر ڕەویو بۆ هێندێكی تر نا هەروەك زۆرێك لەپێغەمبەرانی پێش من بۆ هەندێك لەخەڵكی نێردرا بوو بۆ هەندێكی تر نا كەلە هەمان كاتدا چەند نێردراوو چەند پێغەمبەرێك بۆ لای گروپێك نێردرا بون، لەلایەن ئەو خوایەی كەزەویو ئاسمانەكان هەموی موڵكی ئەونو لەو بەولاوە هیچ خوایەكی تر نین كەبەهەق شاینی پەرستن بێت، بزانن مردنو ژیان هەموی بەدەست ئەوە. هەر ئەو خوایە یە كەدەژیەنێتو دەش مرێنێت . دەی كەواتە تەنیا بڕوا بەو خوای پەروەردگارە بهێنن، هەروەها بڕوا بەپێغەمبەرەكەی كەنەخوێندەوارەو بەبەرنامەكەی كەقورئانی پیرۆزە بڕوا بهێنن، ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارەكەی كەبڕوای تەواوی بەفەرمایشتو بەرنامەكەی هەیە، دەی ئێوەش بڕوای پێ بهێننو شوێنی ئەو بكەون و پەیڕەوی بكەن بەڵكو خوای گەورە ڕێنوماییتان بكاتو هیدایەت بدرێن. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٤١٥).وە تەفسیری (الطبري) لە(المكتبة الشاملة ـ التفاسير ـ قرص سيدى) وەرگێڕ.

([33]) **أ ـ سورة النحل : ( ٣٦ ).**

**ب ـ واتە : ئێمە لەهەمو گەلێك پێغەمبەرێكمان نارد بۆ ئەوەی پێ یان ڕابگەیەنێت كەتەنیا خوای پەروەردگاری جیهانیان بپەرستنو بەس، وە واز لە شەیتانو بتەكانو كاهینەكانو جادوگەرانو خوا نەناسان بهێننو هاریكاری ستەمكارانو هاوبەشی پەیداكاران نەكەن. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٢ل ٤٧٢ ـ ٤٧٣.**

([34]) **أ ـ سورة النساء : ( ١٦٥ )**

**ب ـ واتە : پێغەمبەرا نمان ناردن بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاستی خوایی نیشانی خەڵكی سەر زەوی بدەنو پەیامی خوایان پێ بگەیەننو ڕاستو چەوتیەكانیان بۆ ڕون بكەنەوە، تاكو بڕوبیانوو ئە نجەت بەدەستی خەڵكەوە نەمێنێتو لەڕۆژی دوایيو لەڕۆژی لێ پێچانەوە نەڵێن: جاخودایە گیان خۆ ئێمە هیچمان پێ نەگەیشتو چمان بۆ ڕون نەكرایەوە. ئێمە نەمان نەدەزانی بەم ڕۆژە دەگەینو هیچ شارەزا نەبوین. ئەگەر بمان زانیایە بۆ ئەم ڕۆژە سەختو تاڵو تیژە خۆمان ئامادە دەكرد. دوای ئەوەی پێغەمبەرا نمان بۆ ناردنو ڕێگەی ڕاستو چەوتو شەیتانیمان بۆ ڕون كردنەوە ئەمڕۆ بڕو بیانویان نیەو خۆیان خەسارەتمەندو شەرمەزارن. خوای گەورەش بەتواناو بەدەسەڵاتو زاناو داناو ژیرو حەكیمە.وەرگێڕ.**

﴿وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾ (٣٥). وەهەر پێغەمبەرێك لەو پێغەمبەرانە كەخوای گەورە ناوی بردونو ئەوەشی لەلایەن پێغەمبەرەوەﷺناوەكانیان چەسپاون بڕوامان پێ یانە وەك نوحو هودو صالحو إبراهیمو غەیری ئەوانیش(صلى الله وسلم عليهم وعلى آلهم).

*** بەڵام بڕوا بون بەڕۆژی دوایی ئەوەیە دەبێ بڕوات بەهەرچی خوای  باڵا دەستو كار بەجێ و پێغەمبەرەكەیﷺهەواڵی یان پێ داوین لەو ڕو داوانەی كەدەكەونە دوای مردن وەك فیتنەو عەزابی ناو گۆڕو** نازو نیعمەتەكانی، لەوەشی كەلەڕۆژی قیامەت دان لەناخۆشیەكانو توندوتیژیەكانو ترسو بیمو ڕێگای ڕاست (الصراط) و تەرازو حیسابو لێ پێچانەوەو پاداشتو سزاو دابەش كردنی لاپەڕەكان(الصحف) واتە نامەی كردەوەكان لەنێوان خەڵكی دا، جا هەیە نامەی كردەوكانی بەدەستی ڕاست وەردەگرێتەوە، هەشە بەدەستی چەپی وەری دەگرێتو، هەیە لەپشتەوە وەری دەگرێتەوە.

*** هەروەها لەبڕوا بون بەڕۆژی دوایی، بڕوان بونە بەحەوزی كەوسەر(الكوثر) كەبەخشراوە بەپێغەمبەری ئێمە محمد** ﷺ، وەبڕوا بون بەبەهەشتو بەدۆزەخ(النار)، هەروەها بەبینینی خوای گەورە لەلایەن بڕوا دارانەوە. هەروەها قسە كردن لەگەڵیاندا، ئەمانەو ئەوانەی تریشی كەلەقورئانی پیرۆزو سوننەتی ڕاستی پێغەمبەرﷺدا پێمان گەیشتون. دەبێ بڕوامان بەوانە هەموی هەبێت. هەربەو شێوەیەی كەخوای گەورەو پێغەمبەرەكەی بۆیان ڕون كردوینەوە.

***** وەبڕوا بون بەقەدەری خوا بریتیە لەبڕوا بون بەم چوار خاڵانەی خوارەوە:

**یەكەم:** خوای پاكو بێگەرد هەمو ئەو شتانە دەزانێت كەبونو دەبن( كا وما يكون) و ئاگاداری هەمو شتێكە. هەروەها ئاگای لەئەحواڵوكارو باری هەمو بەندەكانی هەیەو ڕزقو ڕۆزیان دەداتو ئەجەلو كارەكانیان دەزانێت و ئاگای لێ یان هەیەو هیچ كردەوەو كارو پیشەكانیانی لاگوم نابێتو هیچ شتێكی لەبەر دەست دەرناچێتو ئاگای لەهەمو هەڵسوكەوتێكی بەندەكانی هەیە. هەروەكو سوبحانە دەفەرموێ:﴿ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾(٣٦). هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا﴾(٣٧).

**دوەم:** نوسینی هەموشتێك كەخوای گەورە تەقدیری كردوەو فرمانی پێداوە (قدَّره وقضاه). هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ وَعِندَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ﴾(٣٨). هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ

---

([35]) أ ـ سورة الأحزاب: (٤٠).

ب ـ واتە: محمدﷺباوكی هیچ كامێك لەئێوە نیە، بەڵكو پێغەمبەری خوایەو دواینو كۆتا پێغەمبەرەو تازە هیچ پێغەمبەرێكی تر لەدوای ئەو نایەن. كەواتەئەو پێغەمبەرو ڕەوانە كراوو نێردراوی خوای پەروەردگارەو بەس. خوای گەورەش بەهەمو شتێك زاناو دانایە، ئاگاداری هەمو شتێكەو هەمو شتێك دەزانێتو هیچی لێ گوم نابێت. وەرگێڕ.

([36]) أ ـ سورة الأنفال: (٧٥).

ب ـ واتە: خوای پەروەردگار بەهەمو شتێك دەزانێتو هیچ شتێكی لاشاراوە نیە، تەنیا گەردیلەیەكیشی لێ ون نابێت. وەرگێڕ.

([37]) أ ـ سورة الطلاق: (١٢).

ب ـ واتە: خوای گەورە حەوت ئاسمانی دروست كردونو هەر خۆی دەزانێ مەوداو پانیو فراوانی ئەو ئاسمانانە چەندەو هی هەر یەكێكیشیان چەندە؟و هەر خۆشی دەزانێ چۆنو لەچی دروستی كردون؟!!! دیارە هەروەكو چۆن حەوت ئاسمانی دروست كردون ئاواش حەوت زەوی دروست كردون. هەروەها كاروبارو فرمانو بڕیارەكان لەناویندا بەردەوامنو دێنو دەچنو بەڕێوە دەچن. ئەمانەی بۆیە كردونو بۆی ڕون كردونەوە بۆ ئەوەی تێ بگەنو لێ حاڵی بن كەخوای گەورە بەسەر هەمو شتێكدا زاڵو بەتوانایە، هەروەها بۆ ئەوەی بزانن كەزانستو زانیاریو زانینی خوا دەورەی بەهەمو شتێك داوە، هی ڕابردوو هی ئێستاو داهاتویش. تەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٤٩٠. وەرگێڕ.

([38]) أ ـ سورة ق: (٤).

مُبِينٍ﴾ (٣٩). **هـەروەها دەفـەرموێ:**﴿ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾(٤٠).

**سێ یەم: بەویستی بەهێزو کاریگەری(** مشيئة النافذة**) : خوای گەورە هەر شتێکی ویست دەبێتو یەکسەر بەفرمانی پێ کردن دێتە بون(** كن فيكون**)، ئەویشی نەیەوێت نابێت. هەروەکو بۆ خۆی لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:**﴿ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ*﴾(٤١). **هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:**﴿ إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾(٤٢). **هـەروەها دەفەرموێت:**﴿ وَمَا تَشَاؤُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴾(٤٣).

**چوارەم: بڕوا بون بەوەی کەبونەوەروهەرچی لەبونەوەردا هەیە خوای گەورە دروستی کردون: بێجگە لەخوای گەورە هیچ دروستکەرێکی تر نین و هیچ پەروەردگارێکی تر جوێ لە(**الله**) نین، خوای بالاّ دەستو کار بەجێ دەفەرموێ:**﴿ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ﴾(٤٤). **هـەروەها دەفـەرموێت:**﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ﴾(٤٥).

**دەی بڕوا بون بەقەدەری خوا بڕوا بونە بەو چوار کارو بارەی لەلای ئەهلی سوننەتو جەماعەت بەپێچەوانەی ئەوانەی لەهەندێك لەئەهلی بیدعەچی یەکان نکۆڵی لەوانە دەکەن کەباسمان کردن . وەلە بڕوا بون بەخوا بڕوا بونە**

---

ب ـ واتە : ئێمە دەزانین کەئەوان دەمرنو زەوی لاشەکەیان دەخواتو چەندە لەلاشەکەیان کەم دەکاتەوەو دای دەڕزێنێت! ئەمانە لەلای ئێمە لەکتێبێکی پارێزراودا پارێزراونو لامان دیاری کراوەو لامان ون نابێت. تەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٣٥٩ ).وەرگێڕ.

(39) أ ـ سورە یـس : ( ١٢ ).

ب ـ واتە : هەمو شتێکمان لەکتێبێکی پارێزراوو ڕونو ڕەواندا هەڵ ژماردوە واتە هەژمار کردوە.هەرچیەکی کردبێتیان هەمویان نوسیوەو هیچمان لابزر نابێتو ڕۆژی قیامەت دەیخەینە بەردەمیانو هەرچیەکیش لەم بونەوەرەدا ڕوی دابێتو ڕو بداتو هەرچی کردوتانە لەم کتێبەدا تۆمار کراوەو بۆ ڕۆژی خۆی هەڵ گیراوە. تەفسیری گوڵشەن ب٣ل ١١٤٦ ). وەرگێڕ.

(40) أ ـ سورة الحـج : ( ٧٠ ).

ب ـ واتە : ئایا تۆ نازانیت کەخوا ئاگادارە بەهەرچی لەئاسمانەکانو لەزەوی دا هەیە، وەئاگادارە بەهەر کردەوەیەکی کەڕوی داوەو ڕو دەداتو هیچ شتێك لەخوای گەورە ون نابێت. گومانیشی تێدا نیە ئەو هەمو شتانەش هەمویان لەکتێبێکدا تۆمارو نوسراونو لەکاتی خۆی دا دەخرێنەوە ڕو. ئەو کتێبەش بە(لوح المحفوظ) ناسراوە. ئەو هەمو کارو کردەوەو شتانە لەلای خوای گەورەو بەدەسەڵاتو کاربەجێ شتێکی سادەو ساناو ئاسانە. لەتەفسیری گوڵشەن ب٢ل٨٥٧.وەرگێڕ.

(41) أ ـ سورة الحـج : ( ١٨ ).

ب ـ واتە : خوای گەورە هەرچی بیەوێتو حەزی لێ بێت دەیکات، تەنیا پێ ی بفەرموێ : ببە ، دەبێت( کن فیکون ). وەرگێڕ .

(42) أ ـ سورة یـس : ( ٨٢ ).

ب ـ واتە : ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی شتێك ببێت، پێ ی دەفەرموێت ببەن ئیدی ئەو شتە یەکسەرو لە پڕ دەبێتو بۆ خۆی دێتە بون بەفرمانی خوا( فیکون طوعیاً ). وەرگێڕ.

(43) أ ـ سورة التکویر : ( ٢٩ ).

ب ـ واتە : ئێوە هەر شتێکتان بوێتو ئارەزوی لێ بکەن بەکەیفی ئێوە نیەو نابێتو نایەتە دی مەگەر خوای پەروەردگار ئارەزوی لێ بێت، هەر کاتێك خوای گەورە ویستی لەسەر بو ئەوا ئەو ئارەزوو ویستەی ئێوە دێتە دیو بە پێچەوانەوە نەخێر.وەرگێڕ.

(44) أ ـ سورة الزمر : ( ٦٢ ).

ب ـ واتە : الله خوای گەورە دروستکەری هەمو شتێکەو ئەو بونەوەر هەر خۆی دروستی کردوەو هەرچیەکی بوێت یەکسەر دەبێتو هەمو شتێك لەژێر دەستی ئەو دایەو ئەو هەڵی دەسوڕێنێت.وەرگێڕ.

(45) أ ـ سورة فاطر : ( ٣ ).

ب ـ واتە : ئەی خەڵکینە بیر لەنازو نیعەتەکانی خوای بکەنەوە کەبەسەری دا ڕژاندونو تێیان ڕا بمێننو سوپاسگوزاری خوای گەورەیان لەسەر بکەن. وەك نازو نیعمەتی ئیمانو ئیسلامو نیعمەتی ژیانو هەمو ئەو شتانەی کە پێ ی بەخشیون لەدنیاو لەقیامەتدا. بێگومان نیعمەتەکانی خوا لەژمارە نایەنن هەر ئەو بەخششانەی کەلەلەشی مرۆڤ خۆی دا کەبیان ژمێریت تیایدا شل دەبیتو بۆت ناژمێردرین لە هێزو دەسەڵاتو چاوو لوتو گوێچکەو ...تد. ئایا لەخوای گەورە کەسێکی تر هەیە کەئاسمانو زەویورزقو ڕۆزیو هەمو ئەو نیعمەتانەی کەتیایان دان بۆتان بێنێتە دیو پێتان ببەخشێت؟، بێگومان نەخێر. دەی کەواتە لەخودای پەروەردگار بەولاوە هیچ خواو پەرستراوێکی تر نین بەهەق بپەرسترێت. جا ئەی هاوەڵ دانەرانی بت پەرست چۆن دەتوانن کەسێکی ترو بت بپەرستنو لەخوا پەرستی لادەدەن؟ هەی ستەمکاران شتێکی تر بێجگە لەخوای پەروەردگار دەپەرستن کەنە سودتان پێ دەگەنێتو نەزیانو لەئێوە بێ دەسەڵات ترن، بەڵکو ئێوە خۆتان لەو باشترن بەونازو نیعمەتەی کەخوای گەورە پێ بەخشیون!!وەرگێڕ، بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب ٣ل١١٣٠. وە ( المكتبة الشاملة، التفاسير، تةفسير الطبري سورة فاطر الآية:٣. في قرص سيدى.

بەوەی کەئیمان بریتیە لەقسەو کردار واتە کردەوە( قول وعمل) بەگوێ ڕایەڵی و خۆ لەخوا پارێزی( التقوی) پتر دەبێتو بەسەرپێچیو گوناح کردن کەم دەکات. هەروەها بەکافر دانانی( تکفیر) موسڵمانان بەهۆی ئەنجامدانی هەندێ گوناحو سەرپێچی وەك: زینا کردن، دزی کردن، خواردنی سو(الربا)و خواردنەوەی مەیو سەرخۆشکەرەکانو تورە کردنی دایكو باوكو غەیری ئەم جۆرە سەرپێچیانەو گوناحە گەورەکان دروست نیەو نابێ، و خوای گەورە لەهەمو گوناحێك خۆش دەبێت ئەگەر ویستی لەسەر بێت تەنیا هاوبەشی پەیدا کردنو کوفر نەبێت هەروەکو لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:﴿ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ ﴾(٤٦).

هەروەکو لەفەرمودە ڕاستەکانو لەپێغەمبەرەوەﷺچەسپاوە کەخوای گەورە هەر کەسێك گەردیلەیەك بڕوای لەدڵ دابێت لەدۆزەخی دێنێتە دەرو دەیباتە بەهەشت دوای ئەوەی بەقەدەر سزای گوناحەکانی خۆی دەسوتێنرێت.

* **هەروەها لەبڕوا بون بەخوا خۆش ویستنو ڕق لێ بونەوەیە لەپێناو خواداو لەبەر خاتری خوای پەروەردگارو دۆستایەتی کردنو دوژمنایەتی کردن بۆ خوا**(الولاء والبراء): بۆیە دەبێ بڕوادار بڕوادارانی خۆش بوێت و ڕقی لەکافرانو بێ باوەڕانو خوا نەناسانو زیندیقەکان بێتەوەو دەبێ سەرتۆپی خۆشەویستی بڕوادار بۆ سەحابەکانی پێغەمبەرﷺبێت. جائەهلی سوننەتو جەماعەت پێغەمبەرو سەحابەکانیان خۆش دەوێتو شوێنیان دەکەونو بڕوایان وایە کەئەوان باشترینی گروپی موسڵمانانن لەدوای پێغەمبەران بەگوێرەی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺکە فەرمویەتی:{خيرُ الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم}(٤٧). وە بڕوایان وایە کەلەهەمویان باشتر(أبوبكري صديق) ە، ئەمجار عمري فاروق، ئەمجار عثمان کوڕی عفان(ذو النورين)، ئەمجار علي کوڕی أبوطالب (المرتضى) ﷺ. لەدوای ئەوانیش دەکەسە مزگێنی پێدراوەکان، ئەمجار باقی سەحابەکانی ترﷺوئەوانەی دەست بەو بەرنامەوە دەگرن کەلەنێوان سەحابەکاندا تاوتوێ دەکراو لێ یان دەکۆڵیەوەو بڕواشیان وایە کەئەوانەی لەم بوارەدا هەوڵیان داوەو تێکۆشاون(مجتهدون) جائەوەی پێکابێتی ئەوە دو پاداشتی هەیە، وەئەوەشی هەڵەی کرد بێتو نەی پێکابێت ئەوا پاداشتێکی بۆ هەیە. وەئەهلو ماڵو خاوو خێزان(أهل البيت) پێغەمبەریانﷺخۆش دەوێتو بڕوایان پێ ی هەیە. شوێنکەوتەو دواکەوتەی پێغەمبەرﷺو خێزانەکانی پێغەمبەرﷺدایکی بڕواداران دەبنو لەهەمویان ڕازین. وەلەهەمو ڕافزیەکانیش بێ بەرین، ئەوانەی کەڕقیان لەسەحابەکانی پێغەمبەرﷺدەبێتەوەو جنێویان پێ دەدەنو زێدەڕەوی لەسەر ئەهلی بەیت دەکەن، بەرز تر لەو پلەیەی کەخوای گەورە بۆی داناون. هەروەها لەوانەش بێ بەرین لەڕێگەی دوژمنایەتیو بەربەرەکانێ کردنەوە ئازاری ئەهلی بەیت دەدەن جا چ بەکردەوەو چ بەقسەو بوختان بۆ هەڵ بەستنو تەڵە بۆ نانەوەو بێ ڕێزی پێ کردنەوە بێت.

هەمو ئەو زانیاریانەی کەلەم کورتە وشەیەدا ئاماژەمان پێ کردن لەو عەقیدەو بیرو باوەڕە ڕاستەقینەیەدا کەخوای گەورە پێغەمبەرەکەیﷺخۆی لەپێناودا ڕەوانە کردوە. ئەم عەقیدەیە بریتیە لەعەقیدەی گروپی ڕزگار بو ئەهلی سوننەتو جەماعەت، کەپێغەمبەرﷺدەربارەیان فەرمویەتی:{ لاتزال طائفة من أمتي على الحق منصورة

---

(46) أ ـ سورة النساء: (٤٨).

ب ـ واتە: خوای گەورە لەهەمو گوناحێك خۆش دەبێت بۆ هەر کەسێك کەویستی لەسەر بێت، تەنیا لەشیركو هاوبەشی پەیدا کردن و کوفر نەبێت.وەرگێر.

(47) أ ـ متفق على صحته.

ب ـ واتە: باشترینی خەڵکی خەڵکی سەدەی منن، ئەمجار خەڵکی دوای ئەوانن ئەمجار سەدەی دوای ئەوان.وەرگێر

لایضرهم من خذلهم حتى یأتي أمر الله سبحانه} (٤٨). هەروەها پێغەمبەرﷺفەرمویەتی:{ إفترقت الیهود علی إحدى وسبعین فرقة وأفترقت النصارى على إثنین وسبعین فرقة، وستفترق هذه الأمة على ثلاث وسبعین فرقة كلهم في النار إلاَّ واحدة}، فقال أصحابه: من هي یارسول الله؟ قال:{ من كان على مثل ماأنا علیه وأصحابي}(٤٩). **کەبریتیە لەو عەقیدەیەی کەپێویستە دەستی پێوە بگیرێتو لەسەری بەردەوامو پێ دامەزراو بینو لەو کەسانەش وریا بین کەپێچەوانەی ئەم عەقیدە پاکەنو دژایەتی دەکەن.**

بەڵام لادەران لەم عەقیدەو بیرو باوەڕەو شوێن کەوتوانی هەمیشە دڕدۆنگنو لەدژایەتی کردن دانو چەندان پۆلو گروپو کەسانێکن، لەوانە بەندەی بتەکانو بت پەرستانوفریشتە پەرستانو پیاو چاك پەرستانو جنۆکە پەرستانو دارو درەختو بەرد پەرستانو ...تد. ئەوانە وەڵامی بانگەشەی پێغەمبەرانو پەیامبەرانی خوایان نەداوەتەوەو بڕوایان نەهێنا، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەوتنە دژایەتی کردنو سەرسەختیو سەرپێچی کردنو سەرکەشی کردن. هەر وەکو ئەوەی کەقورەیشو هەندێ لەعەرەبەکان ئەنجامیان دەدا لەگەڵ پێغەمبەری ئێمەدا محمدﷺ. لەبەر پەرستراوە نابەهەقەکانیان دەپاڕانەوەو داوای پێداویستیەکانی ژیانو شیفای نەخۆشەکانیانو داوای سەرکەوتنیان بەسەر دوژمنەکانیان دا لێ دەکردن، قوربانیان بۆ سەر دەبڕینو خێرو نەزریان بۆ دەکردن. کاتێ کە پێغەمبەرﷺنکۆڵیو ئینکاری لەم کارە نادرێوو قێزەونەیان کردو فرمانی پێ کردن کەتەنیا خوای باڵا دەستو کار بەجێ بپەرستن و تەنیا بەندایەتی پاكو پوختە بۆ خوا(الله) گیانی تاكو تەنیاو بێ هاوەڵو هاو وێنە بکەن. ئەو بت پەرستو بێ باوەڕانە لەم بانگ کردنە سەریان سوڕماو واقیان وڕماو تاسان، لەبری وەڵامدانەوەو مل کەچ کردن بۆ پەیامی خواو بانگی پێغەمبەرەکەیان کەوتنە دژایەتیەکی سەر سەختو کەللە ڕەقیان نواندو نکۆڵیان لەبانگەوازی بانگەوازکاری خوای گەورە کردو بەتوندی کەوتنە ئینکاری کردنو ملهوڕی بەتوانجو گاڵتەئامێزیەوە گوتیان:﴿ أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾(٥٠). بەلام پێغەمبەرﷺنوچی نەداو بەمە سارد نەبوەوبەردەوام داوای لێ دەکردنو بۆ لای خوای گەورە بانگی دەکردنو لەهاوەڵ و هاو شێوە پەیدا کردن بۆخوای گەورە ئاگادارو وریای دەکردنەوەو ڕاستیەتیو ڕونی ئەو بەرنامە خواییەی بەردەوام بۆ شی دەکردنەوە تائەو کاتەی خوای گەورە ڕێنومایی کردنو، هیدایەت درانو هاتنە سەر ڕێگای ڕاستی خواییو بڕوایان هێناو دواتریش سوپاس بۆ خوا پۆل بەپۆل دەهاتنە ناو ئایینی خواوەو بڕوایان دەهێنا، خەڵکی موسڵمان دەبون تاوای لێ هات ئایینو بەرنامەکەی خوابەسەر هەمو ئایینە پوچەڵو دەست کردەکاندا زاڵ بو، ئەمەش دوای هەوڵو تێکۆشانو ماندو بونو ئەرەق ڕشتنو ئازارو ئەشکەنجە کێشانێکی زۆری بانگەشەکردنی بەردەوامو نەپساوە، جیهادو کۆششێکی زۆری ڕەسولی

---

(48) هەتا دنیا کۆتایی دێت گروپێك، دەستەیەك لەئوممەتەکەم لەسەر ڕێگەی ڕاستو ڕێگەی پێشینەی پیاوچاکان دەمێننو لەسەر ئەو بەرنامە خواییە دەڕۆن کە پێغەمبەرو یارو یاوەرانی لەسەری دەڕۆیشتن، کەبریتیە لەڕێگەی سەلەفی صالح بە پێ ی تێگەیشتنی پێشینەی پیاو چاکان تا ئەو کاتەی فرمانی خوای پاكو بێگەرد دێتو ئیدی دنیا کۆتایی پێ دێت. وەرگێڕ.

(49) واتە: جولەکەکان بون بەحەفتاو یەك گروپو دەستەو دیانەکان بون بەحەفتاو دو گروپو دەستە، و ئەم ئوممەتی منەش دەبن بەحەفتاو سێ گروپ و دەستە. هەمویان دەچنە ناو ئاگری دۆزەخ تەنیا گروپێکیان نەبێت. سەحابەکان گوتیان: ئەوانە کێن واتە ئەو گروپە کێن کەدەچنە بەهەشتەوە؟ فەرموی: ئەو گروپو کەسانەی کەلەسەر ئەو بەرنامەیەو لەسەر ئەو ڕێگەیە دەڕۆن کەئێستا منو هاوەڵانم لەسەری دەڕۆینوشوێن سوننەتی ئێمە دەکەونو بەمو لێ ی لانادەن. واتە لەسوننەتی منو سەحابەکانم لانادەنو هەرچی ئێمە نەمان کردبێت نای کەنو کاری بیدعە ناهێننە ناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە. وەرگێڕ.

(50) أ ـ سورة ص: (٥).

ب ـ واتە: کافرو بت پەرستانو هاوبەش پەیدا کەران لەوەڵامی پێغەمبەرداﷺگوتیان: بەڕاستی سەیرە، محمد دەڵێ تەنیا یەك خوا هەیەو دەبێ تەنیا ئەو بپەرستنو هەمو خواکانی ئێمە بە پوچەڵ دەزانێتو دەیەوێ هەموان لەناو بەرێت بۆ یەك خوا چۆن شتی وا دەبێت؟! بەڕاستی ئەمە قسەیەکی سەر سوڕهێنەرو جێ ی تواِنجە، چونکە ئەو بێ باوەڕو ملهوڕانە بڕوایان بەتاکیەتیو یەکخوا پەرستی نەبو. وەرگێڕ.

خواﷺو سەحابەکانیﷺو شوێنکەوتوانی یان بەچاکە. بەڵام لەدوای ئـەوەی ئـەو دینـە پاکـەیان بەکاکڵـەو پوختـە وەك هێلکەی سپی کراو بۆ ئێمە بەجێ هێشتو بەتێپەڕ بونی کاتو دور کەوتنـەوە لەچـەرخی زێڕینـی ئیـسلام، بـارو دۆخو کارەکان گۆڕانو نەفامیو نەزانیو ناحاڵی بون دەستی بەسەر مێشكو زادەو بیرو زەینی خەڵکی داگـرتو بـاڵی ڕەشو سامناکی بەسەردا کێشا تا وای لێ هات زۆرێك بەسەر پاشواندا هەڵ گەڕانەوە بـۆ دیـنو بەرنامـەی نەفامیـەت، بەرۆچونو زێدە ڕەوی کردن بەرامبەر بەپێغەمبەرانو پیاوچاکانیانو لەبەر پاڕانـەوەیان و هانـا بـۆ بردنیـانو غـەیری ئەمانەش لەشیركو هاوەڵ دانانو زۆر لەپایەی خۆیانیان بەرزتر کردنەوە تاگەیاندیاننە ئاستی خوای گەورە خـوای گەورە پەنامان بدات... ئەوان واتاو داخوازیەکانی ( لآ إله إلاَّ الله)یان نەدەزانیونەفام بون لەئاستی دا هەروەکو چۆن کافرەکانی عەرەب واتاکەیان دەزانی، خوای گەورە پاڵ پشتو پارێزەرمان بێت.

هەتاکو ئێستاش ئەم شیركو هاوەڵ دانانە بڵاوو بەردەوامە تا لەچەرخی ئەمرۆشماندا بەهۆی زاڵ بونی نەفامیەتو لـەدین حـاڵی نـەبونو دور کەوتنـەوە لەسـەردەمو چـەرخی زێڕینـی پێغەمبەرایـەتی. هـاوەڵ پەیـدا کـەرانی ئـەم دواییانەشو سەردەمیش چەندانو سەدان گومان(شبهة) دەهێننەوەو دادەتاشن کەبریتیـە لەهـەمان گومـانی هـاوەڵ پەیداکەرانو بێ باوەڕانی ڕابردو وسەرەتای هاتنی ئیسلامو چەرخی پێغەمبەرایەتی هـەروەکو خـوای گـەورە لەسـەر زاری ئەوان بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:﴿ هَؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّه﴾[51]. هـەروەها دەیـان گـوت:﴿ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّـا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى } [52] وەخوای گەورە هەمو گومانو سەرکەشیو نەفامیەکانیانی پوچـەڵ کردنـەوەو بـۆی ڕون کردنەوە کەهـەر شـتێكو لەهـەر بـەرگو لـەژێر هـەر نـاوو هـەر بیانویەکـدا بپەرسـتن ئـەوە گـومڕاییو سەرلێـشێواوی وشیركو کوفرە هەروەکو خوای باڵا دەستو کار بەجێ دەفەرموێ:﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَـنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّهِ ﴾[53].خوای گەورە بەرپەرچیان دەداتـەوەو دەفـەرموێت:﴿ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللّهَ بِمَا لاَ يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلاَ فِي الأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُـشْرِكُونَ﴾[54]. خـوای گـەورە لـەم ئایەتـەدا بـۆی ڕون کردوینـەوە کەبەندایەتی کردنو پەرستشی غەیری خوا لەپێغەمبەرانوپیاو چاکانو هەر شتێکی تریش بێت نەکەین، چونکە ئەوە شەریك پەیدا کردنی گەورەیە، جائەنجام دەران و خاوەنەکانیان بەهەر نـاوێکی تـرەوە نـاوی بنـێن. هـەروەها خـوای

---

( [51] ) أ ـ سورة يونس : ( ١٨ ).

ب ـ واتە : ئەو بێ باوەڕو بت پەرستانە کە پێ یان دەگوترا لەغەیری خوا بەولاوە هیچ شتێکی تر مە پرستن ئەوە هاوبەشیو هاوەڵ دانانە بۆ خوا دەیـان گـوت: خـۆ ئێمـە ئەوان نا پەرستین ، بەڵکو بۆیە داوایان لێ دەکەینو لەبەریان دە پاڕێینەوە تاکو لەخوامان نزیك بکەنەوەو لای خوا تکامان بۆ بکەن. وەرگێڕ.

( [52] ) أ ـ سورة الزمر : ( ٣ ).

ب ـ واتە : بت پەرستان دەیان گوت خۆ ئێمە وەك پەرستن نایان پەرستین، بەڵکو بۆ ئەوەی لـەخوامان نزیـك بکەنـەوەو تکامـان بـۆ بکـەنو بۆمـان لەبـەر خـوای گـەورە بپاڕێنەوە چونکە ئەوانە پیاو چاکنو لای خوا خۆشەویستن!!! وەرگێڕ.

( [53] ) أ ـ سورة يونس : ( ١٨ ).

ب ـ واتە : بت پەرستانو بێ باوەڕانی مەککە و ئەوانەشی لەسەر بیرو باوەڕی ئەوانە دەڕۆن هەتـا دنیا دنیایە ، شتانێك دەپەرستن کەنەهیچ سـودێکیان پـێ دەگەیـەننو نە زیان وەك دارو بەردی داتـاشراووداناتـاشراوو ئەستێرەوو مانگو ڕۆژو کەسانو بەرنامە پوچەڵە دەستکردەکانو حیزبو لایەن. گەر پێشیان بگوترێ بۆچی وادەکەن؟ دەڵێن بۆیە وا دەکەین تـالای خوا تکامان بۆ بکەن . بەڵام بێ باوەڕانی سەردەمو ملهوڕەکانی ئەمڕۆ پەنا بەخوا نەك بڵێن بۆ ئەوەی لای خوا تکامان بۆ بکـەنو بڕوایـان بـەبونی خـوا هەبێتو هاوەڵی بۆ دابنێن، بەڵکو بڕوایان بەبونی خوا هەر نیە!! وەرگێڕ.

( [54] ) أ ـ سورة يونس : ( ١٨ ).

ب ـ واتە : ئەی محمد پێ یان بڵێ: ئایا ئێوە لەخوای گەورە زانا ترو شارەزا تـرنو ئێـوە ئـەو شـتانە بـەخوا ڕادەگەیـەننو کەلەئاسمانـەکانو زەوی دا هەیـە خـوا پـێ ی نازانێتو ئێوە پێ ی ڕادەگەیەنن، نەخێر خوای گەورە بەهەمو شتێ ئاگادارەو لەم هەمو گەردونەدا هیچ شتێکی لێ گوم نابێتو ئاگای لەهەمو کـردەوەو ڕوداوێـك هەیـە لەهـەر کوێو لەچ کاتێکدا ببێتو نەبێت، ئەگەر هەر تکاکارێکی تر هەبایە خوای گەورە ئاگای لێ دەبو. بەڵکو ئەوە ئێوەن نەزانو نەشارەزاو لەغەیب نەزان. نەفامو جاهیـل دەبـون ئەگەر خوای گەورە فێری نەکردنایەو زانستو زانیاری پێ نەبەخشیبان. خوای گەورە پـاكو بێگـەردە لـەوەی کـەکافرو بـت پەرستانو خوانەناسـان هـاوەڵو هـاو وێنـەی بـۆ دادەنێن.وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب١ل٥١٧.

گـەورە دەفـەرموێ:﴿ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾(٥٥). بـەم ئایەتـە خوای پاكو بێگەرد بۆمانی ڕون دەكاتەوە كەبەندایەتی كردنـی بەنـدەكانی بـۆ غـەیری خـۆی وەك نـزاو پاڕانـەوەو لێ ترسانو داوا لێ كردنو ڕجا لێ كردنو هاو وێنەكانی كوفر كردنە بەخوای گەورەولەهـەمو شـتێك درۆ تـرو بوختـان تـر ئەوەیە كەدەڵێن: ئەوانە لەخوامان نزیك دەكاتەوە.

* وەلەبیرو باوەڕە كوفریەكانی دژ بەبیرو باوەڕو عەقیدەوەی ڕاسـت(العقيدة الـصحيحة)و پێـچەوانەی ئـەو بیرو باوەڕو بەرنامەیەی كەپێغەمبەران ﷺهێناویانە بۆ مرۆڤەكان ئەو بیرو باوەڕە پوچەڵە لەدین لادەرانەن كەلەم چەرخانەی سەردەمدا باون، لەبیرو باوەڕی قرچۆكی ماركسو لینـینو شـوێن كـەوتوانیانو ئایدیۆلۆژیەتیـە پوچـەڵو ئەفسانەییەكانی تر لەبانگەشە ئیلحادو كوفریەكان جالە ژێر هەر ناوێكدا بێت، بـەناوی سۆشیالیـستی بێـت، شـیوعی بێـت، بـەعثی بێـتو بەهـەرناوێكی تـرەوە بێـت، ئوصـولیەتو عەلمانیـەتو ماددیـەتو نكـۆڵی كـردن لـەبونی خـوای پەروەردگار بێت واتە بڕوایان بەبونی خوا نیە لەبیرو باوەڕی ئەواندا هەمو شتێك ماددەیە. هەروەها بڕواشیان بەبونی بەهەشتو دۆزەخو زیندو بونەوەو ڕۆژی هەستانەوە نیە، ئەوەی پێ بڵێن ئـایین لای ئـەوان نیـە. هەركەسـێك كتێـبو سەرچاوەكانی ئەوانی خوێند بێتەوە ئەوە بەدڵنیاییەوە ئـەم ڕاسـتیەی دیـوەو دەزانێـت بـیرو بـاوەڕی ئـەوان چـەندە پوچەڵە. گومانی تێدا نیە كەئەم عەقیـدە سـەقەتو پوچـەڵە دژو پێچەوانەی هـەمو ئـایینو بەرنامـە ئاسمانیەكانـە. ئەوانە شوێن كەوتوانی خۆیان بەرەو خراپترین چارەنوس پەل كێش كردوەو پەل كێش دەكەن لەدنیاو لەقیامەتدا.

* هەروەها لەبیرو باوەڕە هەڵەكانی دژو پێچەوانە بەعەقیدەو بیرو بـاوەڕی ڕاسـتەقینەی خـوای پـەروەردگار بیرو باوەڕی هەندێ لەصۆفیەكانە: ئەوانەش بیرو باوەڕیان وایە كەهەندێكیان ئـەولیای خـوانو هاوكـاری خـوا دەكـەن لەهەڵسوڕاندنی كاروباری جیهانو جیهانیانو هەڵسو كەوت لەكاروباری جیهانـدا دەكـەن كەبەجەمـسەر(قطب)و فریـا ڕەس (غوث) و ڕاگرو كۆڵەكەیان واتە بەپاڵ پشتیان دەزانن. ئەمەو گەلێ ناوی تریان بۆ خواكانیان داتاشیون. ئەمـە خراپترینو ترسناكترین هاوبەشی پەیدا كردنە لەپـەروەردگاریتی دا (الربوبية)، هاوبـەش پەیـدا كردنـی ئەمانـە گـەلێك لەهی نەفامیەتی عەرەب خراپترە، چونكە كافرانی عـەرەب شـەریكیان لەپـەروەردگاریتی خـوادا بڕیـار نـەدەدا، بـەڵكو لەپەرستشیو بەندایەتی كردندا هاوبەشیان پەیدا دەكرد. هەروەها هاوبەشی پەیدا كردنەكەیان تەنیا لەكاتی خۆشـیو ژیـانی ئاسایی دا بو، بەڵام لەكاتی توندو تیژیو ناخۆشیەكانو لێ قەوماندا دەگەڕانـەوە لای خـواو دەیـان گـوت تۆبـە خوایـە ئێمـە تەنیا هەر تۆ دەپـەرستینو كەسی تر ناپەرستین، ئیخلاسیەتیان بۆ دەبوو بـۆ هیـچی تـر نـا. بـەڵام كەلەناخۆشـی و بـەلاو لێ قەمانەكە خوای گەورە ڕزگاری دەكردن دەگەڕانەوە باری جارانی خۆیانو هاوبەشـیان پەیـدا دەكردەوە هـەروەكو خـوای گەورە دەفەرموێ:﴿ فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾(٥٦).

---

(55) أ ـ سورة الزمر: (٣).

ب ـ واتە: ڕۆژی قیامەت خوای گەورە دادوەری لەنێوانتاندا دەكات لەسەر ئەو جیاوازیانەی كەلەنێوانتاندا هەبون، ئەوەش چاك بزانن خوای گەورە هاریكاری درۆزنـانو بت پەرستانو كافرانو خوانەناسان ناكات. ئەو كەسانەی كەبوختان بۆ خوای گەورە دروست دەكەنو شتی پرو پوچو بێ ناوەرۆكو بـێ بنـەمای بـۆ دروست دەكـەن وەك ئـەوەی كەدەڵێن خوای كوڕی هەیەو یان شتێكی تری لەگەڵدا دەپەرستنو هاوەڵی بۆ دادەنێنو دەڵێن ئەوان لەخوامان نزیك دەكەنـەوەو تكامـان بـۆ دەكـەن. ڕۆژی دوایـی خـوای گـەورە مەحكەمەی ئێوەو ئەو شتانە دەكات كەدەتـان كردنو بەهاوەڵو شەریكی خوا. تەفسیری الطبری لـە(المكتبـة الـشاملة/ التفاسـير، سـورة الزمرالآيـة٣)، وەتەفسیری گوڵـشەن ب٣١٢.

(56) أ ـ سورة العنكبوت: (٦٥).

ب ـ واتە: لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە باسی یەكێ لەسیفەتە قێزەونەكانی بێباوەڕانو هاوەڵ دانەرانو خوانەناسـان دەكـاتو دەفـەرموێ: ئـەو بێبـاوەڕو هـاوەڵ دانەرو بت پەرستانە كاتێ سواری كەشتیو بەلەمو پاپۆڕەكانیان دەبـون و لێ یـان دەقـەوماو توشـی نەهامـەتیمان دەكـردنو گـەردەلولو بایـەكی بـەهێزمان بەسـەردا هـەڵ دەكردن و دەكەوتنـە گێـژەنی دەریـاوەو مەترسـی مـردنو خنكانیـان لێ پەیـدا دەبـو و خـەریك دەبـو كەشـتیو پاپۆڕەكـەیان نقـوم ببێـت یەكـسەر بـت پەرستیو بێبـاوەڕیو

بەڵام لەپەروەردگاریتی دا هەرگیز لایان نەدەداو ددانیان بەتاكو تەنیایەتی خوای گەورەدا دێنا هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ﴾(٥٧). هەروەها دەفەرموێ:﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ والأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيَّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللّهُ فَقُلْ أَفَلاَ تَتَّقُونَ﴾(٥٨). وەئایەت لەم بوارەدا گەلێك زۆرن لەمە پتر چیتر ناهێنینەوە.

وەلێ، هاوبەشی پەیداكارانی ئەم دواییانەی سەردەم دو شتی تریان خستۆتە سەر بیرو باوەڕی پوچەڵی دو بەشەكەی كەپێشتر باسمان كردن كەبریتین لە:

یەكەمیان: هاوبەشی پەیدا كردنی هەندێكیان لەپەروەردگاریتی دا.

دوەمیان: هاوبەشی پەیدا كرد بۆ خوای گەورە لەكاتی خۆشیو ناخۆشی دا واتە لەهەمیشەیی دا. ئەو كەسەی كەلەگەڵیلاندا تێكەڵاوەو بارو گوزەرانی خوێندونەوەو تاقی كردونەوەو شارەزایانە بەباشی ئەم ڕاستیە دەزانێت. لەمیسر چۆن دەیان بینیت لەدەوری گۆڕی الحسيني و البدوي و غەیری ئەوانیش دەسوڕێنەوو چی دەكەن، وەلەیەمەن لەلای گۆڕی العيدروس لەعەدەنو الهادي چی دەكەنن وەلەشام بۆ إبن العربي چی دەكەنو لەعێراق لەسەر گۆڕی عبدالقادری گەیلانی چی دەكەن...تد ئەگەر سەرنجیان بدەی دەزانی چی لەسەر ئەو هەمو گۆڕە بەناوبانگانە لەجیهانی ئیسلامی دا بەگشتی دەكەن لەئەنجام دانی ئەم هەمو زێدە ڕەویو ئەنجامدانی زۆرێك لە بەندایەتی بۆ كردنو پەرستشیومل كەچی كەتەنیا لەمافەكانی خوای گەورەو پەروەردگارنو نابێ لەو بەولاوە بۆ هیچ كەسو بۆ هیچ شتێكی تر بكرێن. جێگەی داخە كەم وابوە ئەمانە بەرپەرچ بدرێنەوەو ئەم هەڵە گەورەو زلو زەبەلاحو ڕۆچونانەیان لەڕێگەی ناهەقو لەو زەلكاوەدا دەستیان بگرنو دەریان بهێننەوەو ڕاستەقینەی یەكتاپەرستی خوایان بۆ ڕون بكرێتەوەو دەستیان بگیرێتو بهێنرێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست. ئەو ڕێگە ڕاستە خواییەی كەخوای گەورە پێغەمبەری خۆی محمدﷺبۆ ناردوینو هەروەها لەپێش محمدیش چەندان پێغەمبەری (عليهم وعلى نبينا أفضل الصلاة

---

هاوەڵدانەریەكەیان لەبیر دەچوەو دەكەوتنە دوعاو پاڕانەوە لەبەر خواو دەیان گوت:خوایە تۆبە ئێمە ئیدی لەتۆ بەولاوە كەسی تر ناپەرستینو لەكەسی تر ناپاڕێنەوە، ئیدی ئێمەش ڕزگارمان دەكردنو لەگێژەنو گەردەلولەكە قوتاریان دەبوو پێ یان دەهاتەوەسەر زەویو وشكانیو لەدەریا دەهاتنە دەر دیسان جارێكی تر خوایان لەبیر دەچووەوو دەهاتنەوە سەر بت پەرستیو هاوەل دانانی جارانیان بۆ خوای پەروەردگار. وەرگێڕ. بەسود وەر گرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٢ل١٠٣٥. هەروەها لە(المكتبة الشاملة/ التفاسير/ تفسيرالقرطبي في تفسير سورة العنكبوت/ الآية٦٥.)

(57) أ ـ سورة الزخرف: (٨٧).

ب ـ واتە: ئەگەر بێباوەڕانو بت پەرستانو هاوەڵ دانەران پرسیاریان لێ بكرایە كێ ئێوەی دروست كردوە؟ لەوەڵامدا دەیان گوت: خوای گەورە ئێمەی دروست كردوە.وەرگێڕ.

(58) أ ـ سوره یونس: (٣١).

ب ـ واتە: ئەی محمد بەو بێباوەڕو بت پەرستو هاوەڵ دانەرانە بڵێ: كێ لەئاسمانو لەزەوی ڕیزقو ڕۆزیتان دەداتو لەئاسمانەوە بارانتان بۆ دەبارێنیێو زەویشی وا دروست كردوە كەبەهۆی باران بارینەوە هەمو جۆرە دارو درەختو سەوزەو ڕوەكێكی لێ دەڕوێتو دەبێتە ڕزقو ڕۆزی ومایەی ژیان بۆ خۆتانو بۆ مەڕو ماڵاتو گیان لەبەرەكانتان. هەروەها لێ یان بپرسە: كێ بینینو بیستن واتە چاوو گوێ ی بۆ دروست كردون پێ ی بەخشیونو كێ خاوەنیانە، ئەو چاوو گوێچكانە ئەو دو ئامێرو دەزگای بینینو بیستنە ئەگەر سەیریان دەكەیت سەرت سوڕ دەمێنی لەوردەكاریو گرنگی یان تەنیا ألله نەبێت كێ پەی دەبات ئەم دەزگایانە دروست بكات. هەمو كەسێك لەئاستیاندا دەستە وستانە نازانی چی یان تێدایەو چۆن دروست كراون.

هەروەها لێ یان بپرسە: ئەوە كێ یە شتی زیندو لەمردو دروست دەكاتو دێنێتە دەرو، شتی مردوش لەزیندو دێنێتە دەر وەكو ڕواندنی دارو درەختو گیاگۆڵلەزەویەكی وشكو مردو. ئەم زەویەی ئێمە لەسەری دەژیەین پێش ئەوەی سارد ببێتەوە كورەیەكی زۆر گەرمی ئاگرین بو. هەروەها وەكو ئەو خواردنو خۆراكە كوڵاوە مردوەی كەئێمە خۆمان دەی خۆین لەناو لەش دا دەگۆڕێ (تمثيل الغذائي) لێ پەیدا دەبێتو دوایی دەبێتە خوێن وزیندەگی بەلەشمان دەبەخشێت ئەمەو گەلێ نمونەی تری لەم جۆرانە.

هەروەها لێ یان بپرسە: ئەوە كێ یە كاروباری ئەم گەردونە بەڕێوە دەباتو هەڵی دەسوڕێنێت بەوشكاییو بەدەریا بەئاسمانەكانەوە كەبەملیۆنەها ئەستێرەی وا بەبنەوەنو و هەیانە بەهەزاران جار لەزەوی خۆمان گەورە ترە. وەهەر یەكە بەمەودای خۆی و لەسەر خولگەی خۆی بەخێراییەكی زۆر دەخولێتەوە. بێ ئەوەی بەمو لابدەنو بەر یەكتری بكەون. دیارە ئەو بێباوەڕو ملهوڕو بیت پەرستو هاوەڵ دانەرانە لەوەڵامدا دەڵێن: هەر هەموی لەلایەن خواوە دروست كراون.

دەی تۆش ئەی محمد پێ یان بڵێ: ئەی گەر ئەوا دەزانن بۆچی بەتەنیا خوای پەروەردگار ناپەرستنو تەنیا لەو ناپاڕێنەوەو كڕنوش تەنیا بۆ ئەو نابەنو خۆتان لەقەهروسزاو خەشمو تورەیی ئەو ناپارێزن، بۆ ئێوە لەخوا ناترسن ئەی ملهوڕانو ستەمكاران؟ ز وەرگێڕ بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب ا ل٥٢٢-٥٢٣. وەلە(المكتبة الشاملة / التفاسير/ الطبري تفسير سورة يونس/ الآية ٣١.)

والسلام ) ناردون ڕاستی ئەم بەرنامەو پەیرەوو پرۆگرامی خواییەیان بۆ ڕون بکەنەوە.( فإنَّا لله وإنَّا إليه راجعــون) ، لەخوای گەورەمان داوایە کەهوشیاریان بکاتەوەو بیان گێڕێتەوە بۆ فامیدەیی و ڕوشدی خۆیان و لەناویاندا بانگەشەکارانی ڕێنومایی کەریان بۆ زۆر بکات, هەروەها پێشەواو سەرکردەو بەرپرسانی موسڵمانان و زاناکانیان سەرکەوتو بکات بۆ دژایەتی کردن و نەهێشتنی پیس و پۆخڵیەتی شیرك و لەگۆڕنانی هاوبەشی پەیداکاران و هۆکارەکانی خوای گەورە بیسەروبینایەو هەمیشە لێمانەوە نزیکە.

* وەلەبیرو باوەڕو عەقیدە پوچەڵ و پێچەوانەکانی بیرو باوەڕو عەقیدەی پاك و ڕاستەقینەی ئیسلامی لەبواری ناوو سیفەتە بەرزو پیرۆزەکانی خوای گەورە: بیرو باوەڕی ئەهلی بیدعە واتە بیدعەچی یەکانە وەك جەهمیەکان، موعتەزیلەکان و ئەوانەشی ڕێچکەو شوێن پێ ی ئەوانیان هەڵ گرتوەو شوێن کەوتەی ئەوانن. لەوانەی کەنەفی سیفاتەکانی خوا دەکەن و لەسیفەتە تەواوەکانی خوای پاك و بێگەرد کەم دەکەنەوەو لەکاریان دەخەن(التعطیل). وە خوای بالاّ دەستو کاربەجیّ بەسیفەتی نەبوەکان(المعدومات)، بیّ گیانەکان(الجمادات)،و ئەستەمەکان(المستحیلات) وەسف دەکەن، خوای گەورە گەلێك لەوە بەرز ترە کەئەو نەفامانە باسی دەکەن و دەیڵێن. هەروەها ئەوانەی کەبەهەندیّ لەسیفاتەکانی خوا بڕوا دێنن و بەهەندێکیش ناو نەفی دەکەن وەك ئەشعەریەکان. بەرامبەر بەو هەندە سیفاتانەی کەچەسپاندویانەو بڕوایان پیّ ی هەیەلەهاو وێنەی ئەو سیفاتانە هەندیّ سیفاتی تریان فڕیّ داوەو ئینکاری لیّ دەکەن، بەڵگەکانیان شێواندوەو گۆڕیویانە، ئیدی بەم کارەیان پێچەوانەی بەڵگەکانی بیستن و عەقڵیەکان وەستاون و دژایەتیەکی ڕون و سەرسەختانەوڕاستەوخۆو بیّ پێچ‌وپەنایان کردوە، بەڵام ئەهلی سوننەت و جەماعەت بڕوایان بەهەمو ئەوناوو سیفەتانە هەیە کەخوای گەورە بۆخۆی داناون و چەسپاندونی، یاخود پێغەمبەرەکەی محمد ﷺ هەمو ئەو سیفات و ناوە جوانانەی بەشێوەیەکی تەواوی کەمالیەت چەسپاندون و بۆ ئێمەی بڕواداری ڕون کردونەوەو لەویّ چواندن و هاوشان دانانی هەمو دروستکراوەکانی خۆی پاك ڕاگرتون و لەهەمو کەم و کوڕیەك بەدوری گرتون و بڕوای تەواوی پیّ هەبون و لەهەمو پیس و پۆخڵیەکی لەکار خستن و وەلانان و نەفی کردن پاراستونی و بەدوری گرتون بەهەمو بەڵگەکانی ئەم بوارە کاریان کردوەو لەهەمو پیّ هەڵخلیسکانێك و لادانێك بەدوری گرتون واتە بەڵگەکانیان نەشێواندون و تێکیان نەداون و وەك خۆی کاریان پیّ کردوە و کاریشی پیّ دەکرێت هەتادنیا دنیایە، وەلەهەمو دژایەتیەکیش پاراستویانن کەغەیری ئەوان تیّ ی کەوتون هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد. ئائەمەیە ڕێگای ڕزگاربون و بەختەوەری لەدنیاو لەڕۆژی دوایی دا. ئەمەیە ڕێگای ڕاست کە پێشینەی پیاو چاکی ئەم ئوممەتە ئیسلامە و پێشەواکانبان گرتویانەتە بەر وەکۆتایی ئەم ئوممەتە هەر بەوە چاك دەبیّ و ڕێگای ڕاست دەدۆزنەوە کەسەرەتاکەی پیّ ی چاك بوو گرتبویانە بەر، هەر کاتێك ئێستای ئەم ئوممەتە گەڕایەوە سەر ئەو ڕێگەیە واتە ڕێگەی پێشینەی پیاو چاکان کە بریتیە لە ڕێگەی قورئان و سوننەت و واز هێنان لەهەمو کوێرە ڕێگەو ڕێچکەیەك کەپێچەوانەی ڕێگەی قورئان و سوننەت بێت و دۆزیەوەو شوێنی کەوت ئەوە سەربەرزو سەرفراز دەبن.

هەر خوای بالاّ دەستو کاربەجیّ خاوەنی سەرکەوتنە، وەهەر ئەو خوایە پاك و بێگەردەو هەر ئەومان بەسەو باشترین و بەهێز ترین پاڵ پشت و وەکیلە، هێزو پەناگەیەك نیە تەنیا لای خوا نەبێت.

وصلى الله وسلم على عبده ورسوله نبينا محمد وآله وصحبه.

## حوكمی هانا بردن بەغەیری خوا وبڕوا بون بەفاڵچیوشوێن هەڵگرەكان

**پێش دەستی:**

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أمابعد:

لەبەر ئەوەی كەعەقیدەو بیرو باوەڕی یەكتا پەرستی بنچینەو بناغەیە كەبانگەشەی محمدی كوڕی عبـــداللهﷺی لەسەر بنیات نراوە، ئەو بانگەوازەی كەلەڕاستی دا درێژە پێدانی بانگەشەو بانگەوازی هەمو پێغەمبەرو نێردراوانی پێش خۆیەتی، هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّـاغُوتَ ﴾ سورة النحل: (٣٦).وە چڵە پۆپەو قولایی بڕوا بون بەو بانگەوازەو كار پێ كردنو شوێن كەوتنی دژایەتی بیدعەو وەلانانی شتە ناڕاستو بێ ناوەرۆكو پڕوپوچەكانە بەهەمو شێوەكانیەوە، لەسەر هەمو موسڵمانێك پێویستە كەلەئایینو بەرنامەكەی خوا شارەزاو بەرچاو ڕۆشنو هۆشیار بێت. بەو شێوەیە خوا بپەرستێتو بەندایەتی بۆ بكات كەلەشەریعەتی ئیسلامدا هاتوە.

موسڵمانانی سەرەتای پێشینەی ئەم ئوممەتە لەسەر ڕێنومایيو ڕیبازی ڕاستی ئەم دینە دەرۆیشتن لە كار و بارە كانیاندا بەڵكو لەهەمو ئیشو كارێكی ئەم ژیانەیاندا بەپێ ی ئەو بەرنامەیە بو كەلەقورئانی پیرۆزو سوننەتی پاكی پێغەمبەرداﷺ بوە.

وەلێ، دوای ئەوەی موسڵمانان لەپەیڕەو پرۆگرامی ڕاستەقینەی ئی++سلام ـ پەیڕەوو پرۆگرامی قورئانو سوننەت ـ لایان داو پێ یان هەڵ خلیسكاو عەقیدەو بیرو باوەڕو هەمو كارەكانیان لەگرێژەنە چو لەبیرو باوەڕو عەقیدەیاندا لەڕێبازو ڕێچكە، لەسیاسەتو لەئەحكامەكانیاندا بون بەچەندان گروپو پارچە پارچەو حیزبو ئیدی لەدەر ئەنجامەكانی ئەم لادانو پێ هەڵ خلیسكانەدا، بیدعەو كاری ناڕاستو باتڵ، جادوگەریو قۆڵ بڕیان لەناودا بڵاو بوەوەو، لەبەر یەك ترازانو پەرتەوازە بونو هەر یەكەیان ڕویان لەلایەك بو، ئیدی بونە دەروازە بۆ دوژمنانی ئیسلام بۆ تێسرەواندنو لەئیسلامو موسڵمانان دزە كردن بۆ ناو قەڵای پتەوی عەقیدەو بیرو باوەڕی پۆڵایینی ئیسلام.

زانایانی ئیسلام لەكتێبو نوسینەكانی خۆیاندا هی كۆنو هی تازە ئاگاداریو وریایی تەواویان لەو بیدعەو بیدعەچیانە داوەو تۆماریان كردوەو موسڵمانانیان لێ هۆشیار كردۆتەوە. منیش لەو هەڵمەتە ئاگاداریو وریایی كردنەدا بەسێ نامەی كۆكراوە هاوبەشیم كردوەكەبریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەكەم: لەحوكمی هانا بردن بۆ پێغەمبەرﷺ.**

**دوەم: لەحوكمی هاناو پەنا بردن بۆ جنۆكەو شەیاتینیەكانو نەزر كردن بۆیان.**

سێ یەم: لەحوكمی بەندایەتی كردن بەویردو زیكرو دوعا بیدعیو هاوبەش پەیدا كردنەكان.

چڵەپۆپەو سەردەستەو بنەڕەتو پێشەنگی هەموان (الرئاسة) ـ كەبریتیە لەهەڵگری بەیداخی بانگەشەی ئیسلامی لەم وڵاتە پیرۆزەدا ـ ئەو سێ نامانەتان دەخاتە بەردەست ئەی خوێنەری ئازیز، وەك هاریكاریەكی خۆی لەدژایەتی كردنی بیدعەو بیدعەچی یانو بیرو باوەڕی پڕو پوچو قرچۆكو بێ ناوەرۆكەكان ـ و بەرز كردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریو تێگەیشتنی ڕاستەقینە لەئیسلام.

لەخوای باڵا دەستو كار بەجێو پاكو بێگەردمان داوایە كەسود بگەیەنن بەبەندەكانی خوای پەروەردگار.

والله ولیُّ التوفیق، وصلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم.

## نامەی یەکەم

### حوکمی هانا بردن بۆ پێغەمبەرﷺ:

الحمدلله ، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وأصحابه ومن اهتدى بهُداه، أمابعد:

ڕۆژنامەی (المجتمع)ی کوەیتی لەژمارە(١٥)ی خۆی دا لەڕۆژی ١٩/٤/١٣٩٠ك, چەند دێڕە هۆنراوەیەکی لەژێر ناونیشانی (في ذكرى المولد النبوي الشريف ـ لەیادی لەدایك بونی پێغەمبەریﷺ نازدار)دا بڵاو کردەوە، کەتیایدا هانای وەبەر پێغەمبەرﷺبردوەو داوای سەرکەوتنو سەرفرازی لێ دەکاتو داوای ئاگا لێ بونی لەئوممەتی ئیسلامیو سەر خستنو ڕزگار کردنی لێ دەکات لەو پەرتەوازەییو دابڕ دابڕیو جیاوازیو نارێکیەی کەتێ ی کەوتون بەواژۆی کەسێك کەخۆی بە(آمنة) ناساندوە یا ناو ناوە. ئەمەش هەندێك لەدێڕە هۆنراوەکانیەتی:

| | |
|---|---|
| يارسول الله أدرك عالماً | يشعل الحرب ويصلي من لظاها |
| يارسول الله أدرك أمة | في الظلام الشك قد طال سراها |
| يارسول الله أدرك أمة | في مناهات الأسى ضاعت رؤاها |

هەتاکو دەڵێت:

| | |
|---|---|
| عجل النصر كما عجلته | يوم بدر حين ناديت الإلهَ |
| فاستحالة الذل نصراً رائعاً | إنَّ لله جنوداً لاتراها |

الله أكبر، ئابەم شێوەیە ئەو نوسەرە هاواری خۆی ئاراستەی پێغەمبەرﷺدەکاتو هانای بۆ دەباتو داوای لێ دەکات ئاگای لەئوممەتەکەی بێتو خێرا سەری بخات، ئایا لەبیری چوە یان نەفامە کەسەر کەوتنو سەرخستن تەنیا بەدەست (الله) یەو بەس،و هیچ بەدەست پێغەمبەرﷺنیە، نەبەدەست هیچ دروستکراوێکی ترە لەدروستکراوەکانی خوای گەورە؟! هەروەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ:﴿ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ﴾(59). هەروەها دەفەرموێ :﴿ إِن يَنصُرْكُمُ اللّهُ فَلاَ غَالِبَ لَكُمْ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا الَّذِي يَنصُرُكُم مِّن بَعْدِهِ ﴾(60). بەگوێرەی دەقو کۆڕا (النص والإجماع) زانراوە کەخوای پاکو بێگەرد بونەوەرو خەڵکی سەر ڕوی ئەم زەویەی دروست کردوە تابیپەرستن، هەروەها پێغەمبەرانی ناردونو کتێبەکانی دابەزاندون تا ئەو بەندایەتیەو چۆنیەتی ئەو بەندایەتیەو ئەنجامدانی بۆ بەندەکانی خوا ڕون بکەنەوەو بانگەشەی بۆ بکەن. هەروەکو خوای پاکو بێگەرد دەفەرموێ:﴿ وَمَا

---

(59) أ ـ سورة آل عمران: (١٢٦).

ب ـ واتە :واتە : سەرخستنو سەرکەوتن بەدەست کەس نیە تەنیا بەدەستی خوای پەروەردگار، ئەو خوای پەروەردگارە کەبەتواناو بەدەسەڵاتو زاناو داناو ژیرو حەکیمە. وەرگێڕ.

(60) أ ـ سورة آل عمران: (١٦٠).

ب ـ واتە : ئەگەر خوای گەورە مەیلی لێ بێتو بەسەر دوژمنانی خواو ئیسلامو موسڵماناندا سەرتان بخات ئیدی هەرگیز ناتوانن بەسەرتاندا سەر بکەونو کەس ناتوانێت لێتان لابدات بەمەرجێ پابەند بن بەقورئانو سوننەتو گوێ ڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی، وەئەگەر ویستی لەسەر بو لەناخۆشی و دەردو بەڵاو تەنگو چەڵەمەکاندا ڕزگارتان بکات، ئێوە ڕزگارتان دەبێت کێ هەیە بتوانێت ئەو سەرکەوتنەتان لێ لادات ، وەئەگەر بیشیەوێ ژێرتان بخاتو سەرشۆڕو سوكو ڕیسواتان بکات ئیدی کێ هەیە لەم نەهامەتیە ڕزگارتان بکات بێجگە لەخوای پەروەردگار. دیارە ئەمەش دەبێ بەخۆ ئامادە کردنێکی تەواوە بێتو هەمو پێداویستیەکانی شەڕو جەنگ دەبێ ئامادە بکەن پشت بەخوای پەروەردگارتان ببەستن، ئیدی هیچ کەسو هیچ هێزێك ناتوانێت بەسەرتاندا زاڵ ببێت، هەروەها لەهەمو دەردو بەڵاو گێژەنەکانیشدا دەبێ ئەوەی لەسەر خۆتانە بیگرنە بەر لەخۆ پاراستنو پاكو خاوینیو چونە لای دکتۆرو نوژدارانو بەکار هێنانی چارەسەریەکان و ئە مجار پشت بەخوا بپەرستن ئیدی خوای گەرەو لەش ساخو سەلامەتتان دەکات. بەڵام بە پیچەوانەوە خوای گەورە یارمەتیتان ناداتو بەهاناتانەوە نایەت و دیلو داماوو توش بو دەبنو ئیدی کەسیش ناتوانێ بەهاناتانەوە بێتو لەو گێژەنە دەرتان بهێنێتەوە بێجگە لەخوای گەورە.وەرگێڕ، بەسود وەرگرتن لە تەفسیری گوڵشەن ب١ل١٧٠ـ ١٧١. وەلە تەفسیری الطبري لە(المكتبة الشاملة في التفاسير/ تفسير القرطبي).

خَلَقْتُ الْجِنَّ وَ الْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾([61]). **هەروەها دەفـەرموێ:**﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّـــهَ وَاجْتَنِبُـــواْ الطَّاغُوتَ ﴾([62]). **هەروەها دەفـەرموێ:**﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُـــدُونِ﴾([63]). **وەهەروەها دەفەرموێ** :﴿ الر كِتَبٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَـــبِيرٍﷻأَلاَّ تَعْبُـــدُواْ إِلاَّ اللّهَ إِنَّنِـــي لَكُـــمْ نَـــذِيرٌ وَبَشِيرٌ﴾([64])

**لەم ئایەتە پیرۆزانەدا هەموی خوای گەورە بۆی ی ڕون کردوینەوە کەجنۆکەو مرۆڤەکانی دروست نـەکردون تـەنیا بۆپـەرستن‌و بەندایەتی کردنی خۆی نەبێت بەتـەنیاو هـیچ هاوبـەش‌و هـاو وێنـەی بـۆ دانـەنێن، هـەروەها بۆمـانی ڕون کردۆتەوە کەپێغەمبەران‌و نێردراوانی** (علیهم الصلاة والسلام) **بۆ گەیاندنی ئەو بەندایەتیەو وەلا نـانی هـەمو دژەکـانی ناردون.**

**هەروەها خوای گەورە هەواڵی پێداوین کەهەمو ئایەتەکانی بەشێوەیەکی بن بەستانەو توندو تۆڵ بەیەکەوە جـۆش داون و ڕونی کردونەتەوەو درێژەی پێداون واتە بەدرێژی بۆی باس‌و ڕون کردوینەوە کـەنابێ غـەیری ئـەو بپەرسـتین. بەندایـەتی کـردن: بریتیـە لـە بەیـەکتا ناسـینی خـوا لەپـەروەردگارێتی‌و خوایەتیـداو گـوێ ڕایـەڵی کردنـی خـوای پەروەردگار، بەجێ بەجێ کردنی فرمانەکانی‌و دور کەوتنەوە لەقەدەغـەکراوەکانی** (نواهیـــە)**. خـوای گـەورە ئەمـەی لەچەندان ئایەتدا فرمان پێ کردوین. لەوانە فەرمودەی خوای پاک‌و بێگەرد:**﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِــصِينَ لَـــهُ الدِّينَ حُنَفَاء ﴾([65]). **هەروەها دەفەرموێ:**﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ﴾([66]). **هـەروەها دەفـەرموێ:**﴿ فَاعْبُـــدِ اللَّـــهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَﷻ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ﴾ ([67]).

---

([61]) أ ـ سورة الذاريات : ( ٥٦ ).

ب ـ واتاکە یمان پێشتر نوسیوە. وەرگێڕ.

([62]) سورة النحل : ( ٣٦ ).

([63]) أ ـ سورة الأنبياء : ( ٢٥ ).

ب ـ واتە : ئەی پێغەمبەرﷺ ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرو نێردراوێکمان نەناردوە کە پیمان نەگوتبێت بەسروش( الـوحي ) کەلـەمن بـەولاوە هـیچ خوایـەکی تـر نـین بەهەق بپەرستریت‌و هەرمن دروستکەرو پەروەردگاری ئێوەم، دەی کەواتە لەمن بەولاوە هیچ کەس‌و هـیچ شـتێکی تـر مە پەرستن‌و بەندایـەتی لـەمن بـەولاوە بـۆ هـیچ کـەس‌و شتێکی تر مەکەن و بەخوای خۆتانی مەزانن. هیچ پێغەمبەرێکم لە پێش تۆدا نەناردوە بۆ گەل‌و ئوممەتەکانی ڕابردو تەنیا بەیەکتا پەرستی‌و تەنیاخوا پەرستی‌و نیازپـاکی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان و پێمان ڕاگەیاندون کەلەمن بەولاوە هیچ خوایەکی تر نـین بەهـەق بپەرسـترێت دەی کەواتـە لـەمن بـەولاوە هـیچ خوایـەکی تـر مە پەرسـتن. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٢ل٨١٥. وەلە ( المكتبة الشاملة م التفاسير / تفسير القرطبي / تفسير سورة الأنبياء / الآية ٢٥. )

([64]) أ ـ سوره هود : ( ١ ـ ٢ ).

ب ـ واتە : ( الر ) ئەم سێ پیتە بەیەکەوە دەنوسرێن بەڵام لەخوێندنەوەدا پیت پیت دەخوێندرێنـەوە. واتەکەشـی هـەر خـوای گـەورە دەزانێـت. بەڕاسـتی کتـابێکی زۆر بەرزو پایە بڵندە، کەمەبەستی لەقورئانی پیرۆزە، ئایەتەکانی زۆر بەرێك‌و پێکی نوسراون‌و بەیەکەوە جۆش دراون، ولەلایەن خوای بـالا دەست‌و بـێ وێنـەی خـاوەن زانست‌و زانیاری و حیکمەتەوە مەبەستەکانی زۆر بەڕونی‌و بەئاشکرا خراونەتە ڕو، لێك دراونەوەو ئاشکرا کراون، چ لەڕوی عەقیدەو بـیرو بـاوەڕەو چ لەگـشت ڕوو بوارەکـانی تـری ژیانی مرۆڤایەتیەوە بێت. وەئەم کتێبە واتە قورئانی پیرۆز فرما نمان پێ دەکات کەلە خوا بەولاوە هیچ کەس‌و هیچ شـتێکی دیکـە نە پەرسـتین و بەندایـەتی تـەنیا بـۆ ئـەو بکەین . لەم ئایەتەدا خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی دەفـەرموێت: ئـەی محمـدﷺبەئوممەتەکـەت بڵـێ، بێگومـان مـن لەلایـەن خـودای پـەروەردگارەوە نێـردراوم بـۆ ئـەوەی تورەیی‌و هەڕەشەی خوای پەروەردگاری جیهانیان بەو کەسانە ڕابگەیەنم کە پشت لەبەرنامەکەی خوا دەکـەن‌و لەسـەر خرا پـەو خرا پـەکاری و بـت پەرستی و هـاوەڵ بـۆ خـوا دانان‌و ملهوڕی بەردەوامن‌و ناگەڕێنەوە بۆ لای خـواو بەرنامەکـەی خـوا. هـەروەها مژدە بەبەهەشـت بـدەم بـەو کەسـانەش کـەخاوەن بیروبـاوەڕێکی تـەواوو پتـەون هەمیـشە چاکەکارن‌و خۆیان لەخرا پەو گوناح دەپارێزن. وەرگێڕ. لەتەفسیری گوڵشەن ب٢ ل٥٤٧.

([65]) أ ـ سورة البينة : ( ٥ ).

ب ـ واتە : ئەو جولەکەو دیانانە لەکتێبەکانی خۆیاندا هیچ فەرمانێکیان پێ نەدرا بو جگەلەوەی کـە پڕ بـەدڵ خـوای پـەروەردگاری جیهانیـان بپەرسـتن‌و هـاو وێنـەو هاوتـای بۆ دانەنێن ولا لەهیچ بیروباوەڕێکی بێ ناوەرۆك‌و پڕوپوچ و زیـان بـەخش نەکەنـەوەو بـەدڵێکی بێـدارەوە نوێـژەکانیان بکـەن‌و زەکـاتی مـاڵی خۆیـان بدەن‌ودەسـتی هەژاران‌و دەست کورت‌و داماوان‌و لێ قەوماوان بدەن‌و هەرچی پێ یان دەکرێ بەو ماڵ‌و سـامانەی کـەخوا پـێ ی داون چـاکەو چـاکەکاری پـێ بکـەن. دەی گـەر وابکـەن ئەوەیـە ئایینی ڕاستەقینەو پاك‌و بەم جۆرە ڕێگەی ڕاست دەدۆزنەوەو ئەمە ئایینی ڕاست‌و ڕاتەقینەی تەواوی خوایە. وەرگێڕ، بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب ٣ ل١٦٣٨.

([66]) أ ـ سورة الإسراء : ( ٢٣ ).

ئایەتەكان لەم بوارەدا گەلێك زۆرن لەسەر نیاز پاكیو ئیخلاسیەت لەبەندایەتی كردن بۆ خوای تاكو تەنیا، وبەندایەتی نەكردن بۆ هیچ كەسو بۆ هیچ شتێكی تر جوێ لەخوای گەورە لەپێغەمبەرانو غەیری ئەوانیش هیچ گومانی تێدا نیە لەگرنگترین بەندایەتی كردنەكانەو لەهەموانیش كۆك ترە بۆیە پێویستە تەنیا لەخوا داوا بكەینو ئیخلاسیەتی تەواومان بۆ خوای تاكو تەنیا هەبێت. ئەوەتە خوای بالاَ دەستو كاربەجێ دەفەرموێ:﴿ فَادْعُوا اللَّـهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ﴾(٦٨). هەروەها دەفەرموێت:﴿ وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّـهِ أَحَدًا﴾(٦٩). وەئەمەش هەمو دروستكراوەكان دەگرێتەوە، هەر لەپێغەمبەرانو غەیری ئەوانیش، چونكە وشەی(أحداً) نەكیرەیەو لەڕەوتی قەدەغە كردن(النهي) دا بەگشتی هەمو شتێك دەگرێتەوە بێجگە لەخوای گەورە. هەروەها خوای تاكو تەنیا دەفەرموێ:﴿ وَلاَ تَدْعُ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُكَ وَلاَ يَضُرُّكَ﴾(٧٠). لەم ئایەتەدا ڕوی قسە لەپێغەمبەرەﷺو لای هەموانیش ئاشكرایە كەخوای گەورە پێغەمبەریﷺلەهەمو شیركو هاوەڵ دانانێك پاراستوە، بەڵام ئەمە خیتابە بۆ ئاگادار كردنەوەی غەیری پێغەمبەر ﷺ بۆ ئێمە. هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ﴾(٧١). ئەگەر گەورەی هەمو ئەولادی ئادەم داوا لەغەیری خوا بكات زاڵمو ستەمكارو موشریك دەبێت ئەدی دەبێ بۆ غەیری ئەو چۆن بێت. وەئەگەر گوترا زوڵم مەبەست لەشیركی گەورەیە واتەهاوەڵ دانانی گەورە بۆ خوای پەروەردگار. هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾(٧٢).
﴿ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾(٧٣). لەم ئایەتە پیرۆزانەدا هەموی بۆمان ڕون دەبێتەوەداوا كردنو هاوار كردن بۆ غەیری خوا لەمردوانو درەختەكانو بتەكانو هەر شتێكی تر بكرێت هاوبەشی پەیدا كردنە بۆ خوای گەورەو پێچەوانەی ئەو

---

ب ـ واتە : خوای گەورە فەرمانی پێ كردویت كەلەخوا بەولاوە هیچ شتێكی تر نە پەرستیت.وەرگێڕ.

([67]) أ ـ سورة الزمر: (٢ـ ٣).

ب ـ واتە : بەهەمو دڵێكتەوە خوا بپەرستە، چونكە پەرستن تەنیا شایەنی خوای گەورەیەو بەس و هیچ كەسو هیچ شتێك شایەنی پەرستن نین جگە لەخوای پەروەردگار ، بەڕاستی پەرستنی تەواوو خاوێن ودور لەهەمو شەریكو هاوەڵو هاو وێنە دانانێك تەنها هی خوای پەروەردگارەو بەس. تەفسیری گوڵشەن ب٣ ل١٢٠١. وەرگێڕ.

([68]) أ ـ سورة غافر: (١٤).

ب ـ واتە : لەقوڵایی و پڕ بەدڵ نیاز پاكیت بۆ خوا هەبێت هەر لەو بپاڕێوەو تەنیا داوا لەو بكە، جگە لەخوا داوا لەهیچ شتێكی تر نەكەیت، چونكە هەر ئەوە كەسودو قازانجو زیانت پێ بگەیەنێتو هیچ كەسو هیچ شتێكی تر ناتوانێت، هەرچەندە ئەو كافرو بێ باوەڕو هاوەڵ دانەرانو ملهوڕان پێ یان ناخۆش بێتو فشارت بخەنە سەر، هەرگیز دوای بەرنامەو ڕێچكە دەست كردەكانی ئەوان نەكەویت.وەرگێڕ.

([69]) أ ـ سورة الجن: (١٨).

ب ـ واتە : مزگەوتەكان هەمویانماڵی خوانو تەنیا هی ئەون جا لەوێدا جگەلەخوای گەورە داوا لەكەسی تر مەكەنو هاناو پەنا بۆ كەسو بۆ هیچ شتێكی تر مەبەن، هەروەكو جولەكەو دیانەكان دەیان كردو لەكەنیسەكانیاندا وادەكەن.

زۆر بەداخەوە ئێستاش موسڵمانانی ئێمە بەهۆی دور كەوتنەوەو بێ ئاگاییان لەڕاستەقینەو بنەمای ئایینەكەیان نەك هەر لەدەرەوەی مزگەوت بەڵكو لەناو مزگەوتەكانیش دا هەمان هەڵە دوبارە دەكەنەوەو لەجیاتی هاوار بكەنە خوا هاوار دەكەنە پیاو چاكانو هاوار دەكەنە پێغەمبەرو داوای لێ خۆش بونو یارمەتیو بەهاناوە چون لە پێغەمبەر ﷺ دەكەن. زۆر جار گوێم لێ بوە موسڵمانان دوای ئەوەی لەنوێژی جەماعەت دەبنەوەو لەویردەكانی دوای نوێژ دەبنەوە، لە پاڕاوەكاندا گوێم لێ بوە داوا لە پێغەمبەرو پاوچاكانو شێخەكان دەكەن ، یا كەلێ بوەتەوەو خەریكە هەڵ دەستێو دەڕوا دەست دادەداو هەڵ دەستێو دەڵێ: یارِسول الله هاوارە!!!. یادەرویشو سۆفیەكان لەناو مزگەوتدا هاوار دەكەنە شێخەكانیانو پەنایان پێ دەبەنو داوای مەدەدیان لێ دەكەن، جا ئەو شێخانە مردو بن یا زیندو.تەفسیری گوڵشەن ب٣ ل ١٥٣٥.وەرگێڕ.

([70]) أ ـ سورة یونس: (١٠٦).

ب ـ واتە : بێجگە لەخوای پەروەردگار هاوار مەكەنە هیچ كەسو هیچ شتێكی تر كەنەسودو نەزیانتان پێ دەگەیەنن .وەرگێڕ.

([71]) أ ـ سورة یونس: (١٠٦).

ب ـ واتە : دەی ئەگەر تۆ ئەوەت كرد واتە داوات لەغەیری خوا كرد كەواتە تۆ لەستەمكارانی، دیارە بەم كارەتان ستەم لەخۆتان دەكەنو خوای گەورە لەخۆتان دەتۆرێننو تورە دەكەن. ئەم نیوە ئایەتە تەواو كەری نیوە ئایەتی پەراوێزی ڕابردوە واتە ژمارە(٧٠). وەرگێڕ.

([72]) أ ـ سورة البقرة: (٢٥٤).

ب ـ واتە : كافرەكانو بت پەرستانو هاوەڵ دانەران خۆیان ستەمكارن، كەواتە ستەمكار هاوەڵ دانانی گەورەیە . وەرگێڕ.

([73]) أ ـ سورة لقمان: (١٣).

ب ـ واتە : بەڕاستی هاوەڵ دانان ستەمێكی گەورەیە واتە شیركی گەورەیە.وەرگێڕ. تەفسیری گوڵشەن ب٢ل ١٠٥٥.

پەرستشی و بەندایەتی کردنەیە کەخوای گەورە جنۆکەو مرۆڤەکانی لەپێناودا دروست کردون و پێغەمبەرانی لەپێناودا ناردون و کتێبەکانی بۆ ناردونە خوار تا ئەو پەرستشی و بەندایەتی یە بۆ مرۆڤەکان و جنۆکەکان ڕون بکەنەوەو بانگەوازی بۆ بکەن. ئەمەش واتای( لآ إله إلاَّ الله) دەگەیەنێت کەبریتیە لەوەی کەهیچ پەرستراوێك نین کە بەهەق بپەرسترێت بێجگە لەخوای گەورەو پەروەردگاری جیهانیان. ئەمەش پەرستن و بەندایەتی کردن بۆ غەیری خوا(الله) گیان ڕەت دەکاتەوەو بەڵکو دەبێ تەنهاو تەنها بۆ الله بێت و بەس، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ﴾(٧٤).

هەر ئەمەش بنەڕەتی ئایینەو بنچینەی ڕێبازی ئیسلامە، هیچ بەندایەتیەکی دروست دوای دروست بونی ئەم بنەڕەت و ڕێبازە ڕەسەنە نیە. هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾(٧٥). هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَلَوْ أَشْرَكُواْ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾(٧٦) . ئایینی ئیسلام لەسەر دو بنچینەو بنەما دامەزراوە:

یەکەمیان: نابێ لەخوای گەورە (الله) بەولاوە هیچ کەس و هیچ شتێکی تر بپەرسترێت.

دوەم: نابێ بەندایەتی و پەرستشی خوابکرێت تەنیا بەشەریعەتەکەی پێغەمبەرو نێردراوەکەیﷺ نەبێت واتە بەپێ ی قورئان و سوننەت.ئەمەش واتای (لا إله إلاَّ الله)یە،جاهەر کەسێك داوا لەمردوان بکات لەپێغەمبەران و غەیرێ ئەوانیش، یاداوا لەبتەکان و درەختەکان و لەبەردان و لەهەر شتێکی تر بکات لەدروستکراوەکانی خواو هاناوهاواریان بۆ بەرێت وخۆیان لێ نزیك بکاتەوە بەسەر برین و نەزر بۆ کردن، یانوێژیان بۆ بکات و کڕنوشیان بۆ بەرێت گوایە سودیان پێ دەگەیەنێت و یا شەڕو ناخۆشی و بەڵایان لێ لەسەر لادەبات، ئەوە ئەو کەسە چەند پەروەردگارانێکی تری بۆ خۆی گرتون و کردونی بەهاوکوفو هاوشێوەی خوای پەروەردگاری جیهانیان (الله سبحانه وتعالى) . دیارە ئەمەش بنەڕەتی ئایینی خوا کە(لا إله إلاَّ الله)یە هەڵ دەوەشێنێتەوەو پێچەوانەی تەنیا خوا پەرستیە. هەروەها هەر کەسێك شتی تازەو داهێنان (الإبتداع) لەم ئایینی ئیسلامەدا بکات کەخوای گەورە ئیزنی نەداوەو فرمانی لەسەر نیە واتە

---

(74) أ ـ سورة لقمان: (٣٠).

ب ـ واتە :ئەو نیشانەو بەڵگەو زانست و زانیاری و دروستکراوانەی خوای گەورە کەباس کران و باس دەکرێن وەك هاتنی ڕۆژ بەدوای شەوو شەو بەدوای ڕۆژو مانگ بەدوای مانگ و ساڵ بەدوای ساڵ و هەمو دروستکراوەکانی تری خوا کەدیان بینین و نایان بینین هەمویان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەتەنیا خوای گەورە هەقەو هەر ئەو ڕاست و ڕەواو تەواوەو هەر دەبێ ئەو بپەرسترێت ئەوانی تری کەجوێ لەخوا دەپەرسترێن و دەکرێنە هاوتاو هاو وێنەو هاوەڵی خوا هەر هەمویان ناهەق و ناتەواون و پڕو پوچن و هیچیان لەبار دا نیەو هیچیان لەدەست نایەو بۆ خۆیان پێویستیان بە سۆزو ڕەحمەت و بەزەیی خوای گەورە هەیە. دەی کەواتە هەر خوای گەورە بەرزو بڵندو بالاْ دەست و کاربەجێ یەو خاوەنی هێزو دەسەڵات و توانایەکی بێ وێنەو بێ ئەندازەو ڕەهایە. تەفسیر گوڵشەن ب٢ ل١٠٦٢. هەروەها تەفسیری الطبري سورەتی لوقمان ئایەتی ٣٠ لە( المكتبة الشاملة / التفاسير/ قرص سيدي )وەرگێڕ.

(75) أ ـ سورة الزمر: (٦٥).

ب ـ واتە : ئەی محمدﷺبەدڵنیاییەوە لەلایەن خواوە سروشتت بۆ هاتۆتە خوار هەر وەك چۆن هەمو پێغەمبەران و نێردراوانی پێش تۆمان ناردوەو پێت ڕاگەیانراوە. دەی مادام پێت ڕاگەنراوەو تێت گەیەنراوە و ڕێگەی ڕاست و خوا پەرستیت بۆ ڕون کراوەتەوە، ئیدی لێرە بەولاوە ئەگەر غەیری خوا هەر شتێکی تر بپەرستیت و هاوەڵ بۆ خوا دابنێیت تۆ لەستەمکاران دەژمێردرێیت و هەرچی کردەوەی باشت هەبێت کەلەمەوبەر کردوتن هەمویان هەڵ دەوەشێنەوەو دەسوتێن و ڕەش دەکرێنەوە تازە ئیدی سودیان نامێنیت بۆت و دەچیتە ڕیزی زیان مەندانەوە.تەفسیری گوڵشەن ب٣ ل١٢١٨.وە تەفسیری القرطبي تەفسیری سورەتی (الزمر) ئایەتی(٦٥ )لە( المكتبة الشاملة/ التفاسير/ قرص سيدي ) وەرگێڕ.

(76) أ ـ سورة الأنعام: (٨٨).

ب ـ واتە : ئەگەر بەندەکانی خوا هیدایەت دران و ڕێگای ڕاستی خواییان دۆزیەوە، کەچی دوایی هاوەڵ و هاو وێنە واتە شەریکیان بۆ خوا دانا ئەوە هەر کردەوەیەکی باشی لەمەوبەر کردویانە هەر هەموی هەڵ دەوەشێتەو بەبا دەچن و دەسوتێن و هیچ ەسودێکیان لێ نابێنێ لەڕۆژی قیامەتداو بەفریای ناکەون و ڕەنجەڕۆو مایە پوچ دێتە دەر.. وەرگێڕ.

لەبەرنامەو شەریعەتی ئیسلامدا بونی نیە ئەوە واتاو چەمکی شەهادەی( أنَّ محمد رسول اللهِ)ی ئـەنجام نـەداوەو نـەی هێناوەتە دی‌و ناتەواوە. ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا﴾(٧٧).

ئەمە ئەو کردەوانەیە کەهـەر کەسـێك لەسـەر بێباوەڕی‌وهاوبەشـی شـەریك پەیـدا کـردن جـا لەهـەر بـەرگێك‌و بەهـەر شێوەیەك‌و بەهەر ڕەنگێك بێت بۆ خوا بکرێت، ئەمەش ئەو کـردەوە داهێنەرانـەن (الأعمـــال المبتدعـــة) کـەخوای گـەورە فرمان‌و بڕیاری لەسـەر نـین‌و لەبەرنامـەو شـەریعەتی ئیـسلامدا بونیـان نیـە لـەڕۆژی قیامەتـدا دەیکـات بـەتۆزو گـەردەلول‌و بەئاسماندا هەڵ دەچن. واتە: لێ ی وەرناگیرێت‌وهیچ بایەخێکیان نیەو نابێت، چونکە لەگەڵ شەریعەتی پاکی خوادا ڕێك نین‌و تێك ناکەنەوەو بۆ غەیری خوایان کردون‌و بۆ خۆیان دایان هێناون‌و بەپێ ی هەواو هـەوەس‌و ئارەزوەکـانی نەفـسی خۆیـان‌و شەیتانەکانیان دروستیان کردون‌و ئەنجامیان داون. ئەوانەش بەسەرچاوی خۆیان دادەدرێتەوەو لـەگوێکانیان تـێ ناپـەڕێت. ئەوەتە پێغەمبەرﷺفەرمویەتی:{ من احدث في أمرنا هذا ماليس فيه فهو ردٌّ}(٧٨).

ئەو ئافرەتە ڕوی هانا بردن‌و دوعا کردنەکەی لەپێغەمبەرﷺکردوەو پشتیـشی لەپـەروەردگاری جیهانیـان کـردوە کە هەمو سەرکەوتن‌و بەهانا هاتن‌و زیان‌و سود گەیاندنێك تـەنیا بەدەسـت ئـەوەو کەسـی ترناتوانێـت،و هـیچ شـتێك لەوانەی باسمان کردن بەدەست هیچ کەس‌و هیچ شتێك نیە بێجگـە لـەزاتی خـوای گـەورە(اللە)گیـان. هـیچ گومـانێکی تێدا نیە کەئەمە ستەمێکی زۆر گەورەیە لەخودای پەروەردگارمان. ئاخر خوای باڵادەسـت‌و کـار بـەجێ فـەرمانی پـێ کردوین کەتەنیا داوا لەو بکەین‌و لەبەر ئەو بپاڕێینەوەو پـەیمانیشی پێ داوین کەهـەر کەسـێك داوای لێ بکـات وەڵامـی دەداتەوە. هەروەها پـەیمانیشی داوە هـەر کەسـێك کەسەرپێـچی بکـات‌و ڕو لـەو نـەکات‌و داوا لەغـەیری ئـەو بکـات و لەکەسێکی تر یا لەشتێکی تری غەیری خوا بپاڕێتەوە دەیباتە ناو دۆزەخەوە هەروەکو لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ :﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ (٧٩). واتـە بـەڕێسوایی‌و مل کەچی‌و سەرشۆڕی بەرەو دۆزەخ ڕاتان دەکێشن. باشە ئەگەر حـاڵی ئـەو کەسـانەی کـەخۆ بـەزل بـزانن لەئاسـت دوعـاو داوا کـردن لـەخوا ئـاوا بێـت، دەبـێ حـاڵی ئـەو کەسـانە چـۆن بێـت کەپـشت لـەخوا دەکـەن‌و لەغـەیری خـوا دەپاڕێنەوەو داوای لێ دەکەن، ئاخر خوای باڵا دەست‌و کار بەجێ هەمیشە نزیکـەو خـاوەنی هـەمو شـتێکەو جڵـەوی هـەمو شـتێك بەمرۆڤـو جنۆکەشـەوە لـەژێر دەسـتی خـوای گـەورە دایـە،و بەسـەر هـەمو شـتێکدا زاڵ‌و بـەتواناو بەدەسەڵاتە هەروەکو خوای پاك‌و بێگەرد دەفـەرموێ:﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ

---

(77) أ ـ سورة الفرقان: (٢٣).

ب ـ واتە: لەڕۆژی قیامەتدا کردەوەو چاکەی ئەو بێباوەڕو بت پەرست‌و ملهوڕو خوانەناس‌وبەندانەی کەس‌و بەرنامەو ڕێچکە دەست کردەکان‌و کافران دێنین‌و دەیکەینـە تەپ‌و تۆزو غوبارێکی پرژو بڵاو و بەقوڵایی ئاسمانی دا دەبەین‌و هیچ سودێکی نابێت بۆیان و بەکەڵکیان نایە ، بۆ؟ چونکە لەسەر بیرو بـاوەڕێکی ڕاستەقینەی خـوا نـەیان کردوەو بۆ خوا نەبوەو لە پێناو ڕەزامەندی خوا نەبوە، بەڵکو بۆ بت‌و پەرستراوەکانی تری خوایان بوەو بـۆ کـەس‌و سـەرکردەوو گـەورەکان‌و گـروپ‌و لایەنـەکانی خۆیـان بـوەو لە پێناو ڕەزامەندی ئەواندا بوەو بۆ نزیك بونەوەیان لەئەوان بوە و بۆ بتەکانیان بوە. تەفسیری گوڵشەن ب٢ ل٩٢١. وەرگێڕ.

(78) أ ـ متفق على صحته.

ب ـ واتە: هەرکەسێك شتێکی تازە بێنێتە ناو ئایینەکەمان‌و لەبەرنامەو ئایینی ئێمـەدا نـەبێت‌و ئێمـە نـەمان کردبێـت ئـەوا بەسـەر چـاوی خـۆی دا دەدرێتـەوەو لێ ی وەرناگیرێت‌و لەڕۆژی قیامەتدا سودی پێ ناگەیەنێت‌و بەڵکو مایە پـوچ دەبێـت‌و لـەبری پاداشـت سـزا دەدرێـت ، داهێنـان سەرلێـشێواویەو هـەمو سـەر لێشێواویەکیش دەبـێ لەئاگردا بسوتێت بەگوێرەی فەرمودەی پێغەمبەرﷺ. وەرگێڕ.

(79) أ ـ سورة غافر: (٦٠)

ب ـ واتە: خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ئێوە هەمو پێوستی‌و داخوازیەکانتان تەنیا لەمن بکەن، منیش وەڵامتان دەدەمەوەو بۆتـان دێنەمە دی‌و پێتان دەبەخـشم‌و لێتـان خۆش دەبم بەمەرجێ لەچوار چێوەی شەریعەتەکەی من دا بێت، ئەوانەی کە پشت لەبەندایەتی بۆکردن‌و پەرستشی من دەکەن‌و خۆ لەوە بەزل تر دەزانن کەبەندایـەتی تـەنیا بۆ من بکەن دەیان خەمە ناو ئاگری دۆزەخەوەو بەسەر شۆڕیەوە دەبێ بچنە ناویەوەو تیایدا بسو تـێن. تەفـسیری گوڵـشەن ب٣ل١٢٣٨. تەفـسیری الطـبري ـ سـورەت ی ( غـافر ) ئایەتی(٦٠ ) لە (المكتبة الشاملة/ التفاسير ). وەرگێڕ.

﴿فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾[80]. وەپێغەمبەر ﷺ لەفەرمودەیەکی ڕاستدا فەرمویەتی:{الدعاء هو العبادة}[81]. وەبەئامۆزایەکەی خۆی فەرمو کەعبداللە کوڕی عباس بو(رضي الله عنهما) :{إحفظ الله يحفظك، إحفظ الله تجده تجاهك، إذا سألت فاسأل الله، وإذا استعنت فاستعن بالله}[82].

هەروەها ﷺ فەرمویەتی:{ من مات وهو يدعو لله نداً دخل النار}[83]. وفي الصحيحين عن النبي ﷺ أنّه سُئل: أيُّ الذنبِ أعظم؟ قال:{أن تجعل لله نداً وهو خلقك}[84]. (والند) واتە: هاووێنەو هاوشێوە و هاوتا: هەر کەسێك داوا لەغەیری خوا بکاتو بپاڕێتەوە ئەوە هاوتاو هاوشانی بۆ خوای گەورە بڕیار داوە، یا هەرکەسێك هانا بۆ غەیری خوا بەرێتو نەزری بۆ بکاتوسەر بڕینو قوربانی بۆ بکات، یاخود بەندایەتیو پەرستشی بەتەواوی یا هەندێکی بۆ غەیری خوا بێت ئەوە ئەو کەسە هاوشێوەو هاووێنەی بۆ خوای گەورە داناوە. جائەوەی لەبەری دەپاڕێتەوەو هانای بۆ دەباتو بەندایەتی بۆ دەکات پێغەمبەر بێت یاخۆشەویستانی خوا( ولي)، یافریشتە بێت، یاجنۆکە بێت یا بت بێت یاکەسو بەرنامە بێت یاهەر شتێکی تر بێت لەدروستکراوەکانی خوای گەورە. بەڵام داوا کردن لەکەسێکی زیندوی ئامادە بو واتە لەڕودا بێتو داوای یارمەتی شتێکی لێ بکەیت کەلەتوانای دا بێت لەشتو کاروبارە هەست پێ کراوەکانو بەرجەستەکان(الحسية) ئەگەر ئەو کەسە لەتوانای جێ بەجێ کردنی دا بو ئەوە هیچی تێدا نیەو دروستەو شەریك پەیدا کردن نیە، بەڵکو کارو بارە ئاساییەکان لەنێوان موسڵماناندا کەیارمەتیو دەستگیرۆییو دەستبار گرتن بۆ یەکتری دروستە، نەك هەر دروستە بەڵکو پێویستیشە..هەروەکو خوای گەورەو باڵا دەست لەچیرۆکی موسادا على نبينا وعليه الصلاة والسلام بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:﴿فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِن شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ﴾[85]. هەروەها لەهەمان چیرۆکی موسادا خوای گەورە دەفەرموێ:﴿فَخَرَجَ مِنْهَا خَائِفًا يَتَرَقَّبُ﴾[86]. هەروەکو ئەوەی مرۆڤ لەکاتی شەڕو جەنگو هەر کارو بارێکی تر ئاڵۆزو نائاڵۆز کەدوچاری خەڵکی دەبن،یا هەر پێداویستیو گرفتێك کەمرۆڤەکان لەناو خۆیاندا پێویستی یان بەوی تریان دەبێت هانا بۆ هاوڕێو برادەرو خزمەکانی دەبات.

خوای گەورە فەرمانی بەپێغەمبەرەکەی ﷺ کردوە کەبەخەڵکی ڕابگەیەنە کەپێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی ناتوانێت هیچ قازانجو زیانێك بەکەس بگەیەنێتو هیچی لەدەست دا نیەو لەتوانای ئەو دانیە، هەروەکو باری تعالى

---

(80) أ ـ سورة البقرة: (١٨٦).

ب ـ واتە: ئەی محمد ﷺ ئەگەر بەندەکانم پرسیاری منیان لێ کردیت پێ یان بڵێ من لێیانەوە نزیکم وەڵامی داواکەیان دەدەمەوە ئەگەر داوام لێ بکەن دەبا وەڵامی من بدنەوەو تەنیا داوا لەمن بکەنو هانا تەنیا بۆ من بێنن و بەندایەتی و پەرستشی تەنیا بۆ من بکەن بۆ ئەوە ڕێنومایی بکرێنو بەرچاو ڕۆشن بن . وەرگێڕ.

(81) واتە: دوعاو نزاو پاڕانەوە خۆی پەرستشیو بەندایەتی کردنە .وەرگێڕ.

(82) أ ـ أخرجه الترمذي وغيره.

ب ـ واتە: مافەکانی خوا کەلەسەرتە بیان پارێزە خوای گەورە لەهەمو شتێك دەتپارێزێت چ لەدنیاو چ لەقیامەتدا، مافەکانی خوا بپارێزە خوای گەورە بەرەو ڕوت دێتو یارمەتیت دەداتو دەت پارێزێتو بەزیی خۆیت بەسەردا دەڕێژێت، وەئەگە داوات کردو پاڕایەوە تەنیا داوا لەخوای پەروەردگار بکەو لەبەر ئەو بپاڕێوە، وەئەگەر هاناو مەدەدت برد تەنیا بۆ خوای بەرەو داوای مەدەد لەو بکەو لەکەسو لەهیچ شتێکی تر نا.وەرگێڕ.

(83) أ ـ رواه البخاري.

ب ـ واتە: هەرکەسێك هاو وێنەو هاوەڵو هاو شێوە بۆ خوا دابنێتو لەسەر ئەو حاڵە بمرێتو تۆبە نەکات ئەوە دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.وەرگێڕ.

(84) واتە: گەورە ترین تاوان ئەوەیە کە هاو وێنە بۆ ئەو خوایە دابنێیت کەدروستی کردویت.وەرگێڕ.

(85) أ ـ سورة القصص: (١٥).

ب ـ واتە: کاتێ موسا لەناو بازاڕدا لەکاتی نیوەڕۆدا هاتە دەرو بینی وا دوکەس شەڕیانە یەکێکیان لەخزمەکانی خۆی بوو ئەوی تریان لەقیبتیەکانی فیرعەونی بو. جا خزمەکەی خۆی دیار بو بەوی تر نەدەوێرا بۆیە داوای یارمەتی لەموسا کرد کەلەدژی کابرای قیبتی یارمەتی بداتو لەسەری بکاتەوە.ئەویش لەسەری کردەوەو بۆکسێکی لێداو کوشتی.وەرگێڕ.

(86) أ ـ سورة القصص: (٢١).

ب ـ واتە: موسا دوای ئەوەی ئاگادار کرایەوە کە فیرعەونیەکان کۆ بونەوە بۆ ئەوەی بیکوژن زۆر بەوریایی و ئاگاداریو چاودێریو بەترسەوە لەشارو لەوڵاتی میسر دەرچو .وەرگێڕ.

**لەسورەتی**(الجن)**دا دەفـەرموێ:**﴿ قُلْ إِنَّمَا أَدْعُو رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِهِ أَحَدًا ۝ قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَـا رَشَـدًا﴾[87]. **هەروەها خوای گەورە لەسورەتی** (الأعراف)**دا دەفەرموێت :**﴿قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾[88]. **ئایـەت لـەم بـوارەدا گـەلێك زۆرن، پێغەمبـەرﷺتـەنیا داوای لەپـەروەردگار دەكـرد، ئەوەتـە لـەرۆژی بـەدردا هانـای بـۆ خـوا** (الله)**بـردو داوای سەرخستنی تەنیا لەو كردو بەردەوام لەبەری دەپاڕایەوەو دەی گوت:**{ ياربي أنجز لي ماوعدتني}[89] **ئاوا بەم شێوەیە لەپاڕانەوە بەردەوام بو هەتا هـاوڕێ ی گـەورەی** أبوبكری صديق رضي الله عنه**گـوتی:**(حسبك الله يارسول الله، فإنَّ الله منجز لك ماوعدك)[90]. **ئەوە بو خوای گەورە ئەم فەرمودەیەی خۆی نارده خـوار كەدەفـەرموێ:**﴿ إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُرْدِفِينَ ۝ وَمَا جَعَلَهُ اللّهُ إِلاَّ بُشْرَى وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّـهِ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ [91]. **خوای گەورە لەم ئایەتەدا بەهاناوە هاتنو یارمەتی دانو سەر خستنەكەیان بەبیر دێنێتەوە و پێ یان ڕادەگەیەنێتو هەواڵیان پێ دەداتو كە هاناكەی وەرگرتونو هێزی یارمەتی دەری بـۆ نـاردون كـەبریتی بـون لەفریشتەكانی خۆی، وەبۆشی ڕون كردنەوە كەئەم سەركەوتنە لەلایەن فریشتەكانەوە نەبو بەڵكو ئەوە خوای گەورە خۆی بو یارمەتی دانو بەهانایانەوە هاتو سەری خستنو وەك مزگێنیـەك و ئـارام بونەوەیـەكو دڵ ئـۆقرە گرتنێـك، وەبۆشی ڕون كردوینەوە كەسەر كەوتنو سەرخستن تەنیا لای خوای باڵا دەستو كـار بـەجێ خۆیەوەیـەتی هـەروەك دەفـەرموێ:**﴿ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[92]. **وەلەسـورەتی** (آل عمران) **دا دەفـەرموێ:**﴿ وَلَقَـدْ نَصَرَكُمُ اللّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾[93]. **لەم ئایەتەشدا خوای گـەورە بـۆی ڕون كردوینـەوە كەهـەر**

---

**(87) أ ـ سورة الجن: (٢٠ ـ ٢١).**

**ب ـ واتە: ئەی محمدﷺبەو بت پەرستو خوا نەناسو كەللە ڕەقانە بڵێ: من تەنیا داوا لەخوای پەروەردگارم دەكەمو هەر لەبەر ئەو دەپاڕێمـەوەو هـیچ هـاوەڵو هـاو وێنەی بۆ پەیدا ناكەمو بەتەنیا ئەو دەپەرستمو بەندایەتی لەو بەولاوە بۆ هیچ كەسو بۆ هیچ بەرنامەو هیچ شتێكی تـر ناكـەم، هـەروەها پـێ یـان بڵـێ: نـاتوانم تـەنیا گەردیلەیەكیشتان زیانو تەنگو چەڵەمە وناخۆشی لەسەر سوك بكەم چ جای ئەوەی لەسەرتان لاببەمو وەنەدەش توانم هیدایەتو دەستگیرۆییتان بكەم ئەگـەر خـوای گـەورە ویستی لەسەر نەبێت چونكە من نەسودو نەزیانم بەدەست نیەو ئەمانە هەموی بەدەست خوانو من تەنیا نێردراوی خوامو بەرنامەی ئیسلامتان پێ ڕدەیەگەنمو بەس.وەرگێڕ.**

**(88) أ ـ سورة الأعراف: (١٨٨).**

**ب ـ واتە: ئەی محمدﷺبەو بت پەرستو خوانەناسو سەركەشانە بڵێ: من هیچ هێزو دەسەڵاتو توانایەكم نیە تـابتوانم سـودو قـازانج نـەك بـەئێوە بـەڵكو بەخۆشـم بگەیەنم مەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت ئەوانە هەموی لەهێزو تواناو دەسەڵاتی خوادانو تەنیا بەدەست ئەون ، ئەی كەواتـە مـن چـۆن دەزانم یـادەتوانم كـەی ڕۆژی قیامەت دێت؟ جا كەمن كارو باری پەنهانو غەیبییەكانم بزانیایە هەرچی خراپەو ناخۆشی و دەردو بەڵاو ناڕەحەتیـەك هەیـە لـەخۆم لادەداو هەرچـی خێـرو خۆشـی ونـازو نیعەمت هەیە بۆ خۆمم دەهێناو گردم دەكردەوە . پێم خۆشە چاك بزانن كەمن هیچ نیم تەنیا نێردراوێكـی خـوای گـەورەم بـۆ ئـەوە خراپـەكارانو لـەخوا یـاخی بـوان بـەڕۆژی قیامـەتو سـزاو غـەزابی دۆزەخ بترسـێنم مـزگێنیش بـدەم بـەخوا پەرسـتانو یـەكتا پەرسـتانو چـاكەكارانو ئیمانـداران بەبەهەشـتو ژیـانی خۆشـی نـەبڕاوەی نـاو ئـەو بەهەشتە.تەفسیری گوڵشەن ب١ل٤٢٥.وەرگێڕ**

**(89) ئەی پەروەردگاری من ئەو بەڵێنەی پێت دابوم بۆم بێنە دیو جێ بەجێ ی بكەو سەرمان بخە بەسەر كافرانو بت پەرستەكاندا.وەرگێڕ.**

**(90) واتە: بەسە ئەی ڕەسولی خوا، ئەوەتە خوای گەورە ئەوەی پەیمانی پێ دابویت هێنایە دیو یارمەتی بۆ ناردیو پشتی گرتیو ئێمە سەركەوتین,وەرگێڕ.**

**(91) أ ـ سورة الأنفال: (٩ ـ ١٠).**

**ب ـ واتە :كاتێ كەوتنە شەڕەوە لەگـەڵ كـافرانو بـت پەرسـتەكانداو ڕوتـان كـردە خـواو هاناتـان هێنـا بـۆ ئـەوەی خـوا بەسـەریاندا سـەرتان بخـات، خـوای گـەورەی پەروەردگارتـان وەڵامی دانەوەو هەزار فریشتەی یەك لەدوای یەكی بۆ ناردن و یارمەتی دان بۆ ئەوەی لەبەرامبەر ئەو كافرو بێباوەڕانەدا دڵتان قایمو بـەهێز بكـاتو تـرس لەدڵتاندا نەمێنێت مزگێنی سەركەوتنی پێدان. ئیدی ئەوە بو موسڵمانەكان بەسەر كافرەكاندا سەركەوتنو شكاندیانن. دیارە بێگومانە كەسەر كەوتن تەنیا بەدەست خوایـەو بەدەست هیچ كەسێك نیەو جگە لەو كەسی تر هیچی پێ ناكرێت چ فریشتە بێت و چ غەیری فریشتە بێت. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٤٣٤. وەرگێڕ.**

**(92) أ ـ سورة الأنفال: (١٠)..**

**ب ـ واتە: سەركەوتنو سەرخستن تەنیا بەدەست خوایەو هیچ كەسو هیچ شتێك هیچی لەدەست نایە جگە لەخوای گـەورە، خـوای گـەورە بـەتواناو بەدەسـەڵاتو زانـاو داناو حەكیمە.وەرگێڕ.**

**(93) أ ـ سورة آل عمران: (١٢٣).**

خوای پاكو بێگەرد بو لەجەنگی بەدردا موسڵمانانی سەر خستن‌و هەر خـۆی سـەرخەرو یارمـەتی دەرە. هەسـت پـێ كردن‌و زانینی ئەم ڕاستیانە كەئەو هێزو توانایەی پـێ داون لەچـەكو چـۆڵەو لـەهێز، لەوفریـشتانەی كـەبۆی نـاردن، مزگێنی پێدان‌و دڵ ئارامی (الطمأنينة)و ئۆقرەی پێ بەخـشین ئەمانـە هـەموی لـەهۆو هۆكارەكـانی سـەركەوتن بـون‌و بەس، دەنا سەرخستن‌و سەركەوتنەكە تەنیا لەخوای گەورەوە بو، ئەگەر خـوای گـەورە سـەری نەخـستنایە هـەرگیز سەرنەدەكەوتن‌و تێك دەشكان، دیارە ئـەم سـەركەوتن‌و سەرخـستنەش بـەخۆپارێزی لـەخواو بەندایـەتی بـۆ كـردن‌و پەرستشی خوای گەورە بەنیاز پاكی بێ غەل‌و خەش‌و پوختە دەبێت بەگوێرەی قورئان‌و سوننەت.

ئەی كەواتە چۆن بۆ ئەو ئافرەتە نوسەرەو غەیری ئەویش دروستە ڕوی هانا وەبەر بردن‌و داوای سەركەوتن بكاتـە پێغەمبەرﷺو پشت بكاتە پەروەردگاری جیهانیان كەخاوەنی هەمو شتێكەو توانایە بەسەر هەمو شتێكدا؟!!

گومانی تێدا نیەكەئەمە خراپترین ڕەشترین چارەنوس‌و نەفامیە، بەڵكو گەورە ترین هاوبەش پەیدا كردنـە خـوای گەورە پەنامان بدات. ئەو نوسەرە(و هاو وێنەكانی ئەو هەتا دنیـار دەبڕێتـەوە ـ وەرگێـڕ ـ) لەسـەری پێویـستە تۆبـە بكاتو بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورەو تۆبەیەكی ڕاستەقینەی بۆ بكات، ئـەویش بـەوەی كەپەشـیمان ببێتـەوە لـەو گوناحە گەورەیەی كـەتێ ی كـەوتوەو وازی لێ بێنێـتو جـارێكی تـر نەچـێتەوە سـەریو عـەزمو جـەزمو هەڵوێـستی بوێرانە بگرێتە بەرو لەبەرگەورەیی‌و ڕێزی خـوا نیـەت پـاكیو ئیخلاسـیەت بـۆ خـوای گـەورە بگرێتـە بـەر، بەڕاسـتی ئەمەیـە تۆبـەكردنی بەڕاسـتیو نـسوحی ، وەئەگـەر مـافی دروسـتكراوەكانی خـوای لەلایـە، دەبـێ مـافی ئـەوانیش بگێڕێتەوە یان گەردنی خۆیان پێ ئازاد بكاتو ئەو مافانـە لـەخۆی حـەڵاڵ بكـات. ئـەوجار تۆبەكـەی تـەواو دەبێـتو شـوێنی خـۆی دەگرێـت. ئەمەتـە خـوای گـەورە فرمـان بەبەنـدەكانی دەكـات كەتۆبـە بكـەن‌و پەیمانیـشی پـێ داون كەتۆبەكەیان لێ وەر دەگرێت. هەروەكو دەفەرموێ:﴿ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾(94). هەروەها دەربارەی دیانەكان واتە نەسرانیەكان دەفـەرموێ:﴿ أَفَلاَ يَتُوبُونَ إِلَى اللّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (95). هـەروەها دەفـەرموێت:﴿ وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ۝ يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا ۝ إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ

---

ب ـ واتە: خوای گەورە لەغەزای بەدردا بەسەر كافراندا سەری خستن‌و شكانتانن‌و كەسێ ئەوەندەی ئێوە دەبون ، ئـەو غەزایـەی كەلـە سـاڵی دوەمـی كۆچـی ڕوی دا ئـەو كافرو بێباوەڕە ی هەمو هێزو تواناو چەكو چۆڵەی بەقەدەر سێ هێندەی ئێوە دەبون ئێوەش ژمارەتان كـەم بـو، دەی ئێـوە ئەگـەر خۆتـان لـەخوای خۆتـا ن بپـارێزن‌و خۆتـان لەخەشم‌و قینی خوا دور بخەنەوەو خۆتـانی لێ بپارێزن‌و بەچاكی‌و بە پاكی بیپەرستن‌و پەرستنێكی وا كەهەمیشە سوپاسگوزاری خوا بن. تەفسیری گوڵشەن ب١ ل١٥٦.

بەڵێ، ئەگەر ئێوە خوای گەورە وەك پێویست بپەرستن‌و دەست بەقورئان‌و سوننەتەوە بگرن‌و خۆتان لەخوای خۆتـان بپارێزن‌و ئـارام گرتـو بـن لەسـەر گرتنـی ئـەم دینـە، خوای پەروەردگار سەرتـان دەخات بەسەر بێباوەڕان‌و كافران‌و بت پەرستان‌و مولحیداندا ، هەروەكو چۆن لەجەنگی بەدردا سەری خستن بەسـەر كافرەكانـدا لەكاتێكـدا ئـەوان ژمارەو هێزیان چەندان جارەی ئێوە بون‌و ئێوە كەم بون. دەی خۆتان لەخوای خۆتـان بپـارێزن‌و بـەگوێرەی قورئـان‌و سـوننەت خـوا بپەرستن‌و بـەدوای كـوێرە ڕێیـان مەكـەون‌و پەرتەوازە مەبن‌و هەرچی خوا پێ ی خۆشە ئەوە بكەن‌و هەرچی پێ ی ناخۆشە لێ ی دوربكەونەوەو لەو شوێنەدا نەتـان بینێت بـۆ ئـەوەی ئێـوە سوپاسگوزاری نـازو نیعەمەتـە هەمە چەشنەكانی خوای پەروەردگار بن. تەفسیری الطبري سورەتی آل عمران ئایەتی ١٢٣ لە ( المكتبة الشاملة/ التفاسیر/ قرص سیدی ). وەرگێڕ.

(94) أ ـ سورة النـــور: ( ٣١ ).

ب ـ واتە: ئەی بڕواداران ئێوە هەموتـان بە پیاوو بەئافرەتـانەوە پەشیمان ببنەوەو تۆبە بكەن‌و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگارتـان بۆ ئەوەی ئێوە لەهـەردو دنیـادا بەختەوەرو سەركەوتوو سەر بەرزو سەرفراز بن. وەرگێڕ.

(95) أ ـ سورة المائدة: ( ٧٤ ).

ب ـ واتە: ئەوە تـاكەی نـاگەڕێنەوە بۆ لای خواو تۆبە ناكەن‌و بیر لەو هەمو تـاوانە چە پەڵانەی خۆیان ناكەنەوە و داوای لێ خۆش بون‌و لێ بوردن لەخوا ناكەن؟!!ئەگـەر داوای لێ خۆش بون‌و لێ بوردەیی لەخوا بكەن خوای گەورە زۆر بەبەزەیی‌و لێ بوردەیەو لێتان دەبورێ‌و دەتـان بەخشێ. وەرگێڕ.

سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ ([96]). **هەروەها دەفەرموێ:**﴿ وَهُوَ الَّذِي يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ وَيَعْفُو عَنِ السَّيِّئَاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ﴾([97]).

**وەلەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەرﷺەاتوە کەفەرمویەتی:**{ الإسلام يهدم ماقبله، والتوبة تجبُّ ماكان قبلها }([98]).

**بۆیەو لەبەر گەورەیی مەترسیەکانی هاوەڵ دانان واتە (الشرك) و لەبەر ئەوەی لەهەمو گوناحو تاوانەکانی تر گەورە ترەو لەبەر ئەوەی نەبادا خەڵکێکی زۆر بەو قسەو کردەوە شیرکیەی ئەو ئافرەتە نوسەرە هەڵ بخەڵەتێنو فریو بخۆن و لەبەر پێویستی و واجب بونی ئامۆژگاری و لەبەر خاتری خواو بۆ بەندەکانی خوا، وەبۆ ئەوەی حاڵی ئێمەو حاڵی هەمو موسڵمانان باش بێتو بەرەو باشە بچێتو بەرچاو ڕۆشن بینەوە ئەم ڕون کردنەوەیەمان خستە ڕو هیوادارین سودی هەبێت بۆ موسڵمانان لەهەمو جیهاندا. وەخوای گەورە هەمو لایەکمان لەدینەکەی خۆی شارەزا بکاتو لەسەریشی بەردەوام و دامەزراو بین، ئێمەشو هەمو موسڵمانانیش لەشەڕی نەفسو شەیتانو لەکردەوەخراپەکانمان بپارێزێتو بمان بورێتو پەنامان بدات کەخوای گەورە هەر خۆی بەتواناو هەر خۆی خاوەنی ئەو تواناو دەسەلاتانەیەو هەر خۆی بەخشندەو لێ بوردەیە لەتاوانەکان.**

( وصلى الله وسلم وبارك على عبده ورسوله نبينا محمد وآله وصحبه)

---

**([96]) أ ـ سورة الفرقان: ( ٦٨ ـ ٧٠ )**

**ب ـ واتە: ئەو کەسانەی کەلەخوا بەولاوە هیچ شتو هیچ کەسێکی تر نا پەرستنو داوای بەدی هێنانی هیچ شتێك ناکەن بێجگە لەخوای پەروەردگار، هەروەها هیچ کەسێك بەناهەق ناکوژن کەخوای گەورە حەرامی کردوە، هەروەها هەمیشە خۆیان لەداوێن پیسیو بەد ڕەوشتی دەپارێزن و دەست درێژی ناکەنە سەر ناموسی کەس، جاهەر کەسێك ئەم کردەوانەی کەباس کران ئەنجام بدات ڕۆژی قیامەت توشی سزایەکی بەسفتو سوێ ی چەند جارانە دەبێتەوەو بەسەر شۆڕیو ڕەزیلیەوە تیایدا دەژیات. تەنها ئەو کەسانە توشی ئەم سزایە نایەن کەبەدڵسۆزیەوە دەگەڕێنەوە لای خواو تۆبەیەکی ڕاستەقینە دەکەنو پەشیمان دەبنەوەو بەچاکی ئیمان دەهێننو کردەوەی چاكو چاك گوزاری ئەنجام دەدەن. جائەگەر ئاوا بکەنو تۆبەی ڕاستەقینە بکەنو جارێکی تر نەگەڕێنەوە سەر ئەو گوناحو تاوانانە ئەوا بەدڵنیاییەوە خوای گەورە لێ یان خۆش دەبێتو خرا پەکانیان هەمو بەچاکە بۆ دەگۆڕێت، چونکە خوای گەورە زۆر لێ بوردەو لێخۆش بوەو بەڕەحمو بەبەزەییو میهرەبانە. تەفسیری گوڵشەن ب٢ ل٩٣٤. وەرگێڕ.**

**([97]) أ ـ سورة الشورى: ( ٢٥ ).**

**ب ـ واتە: هەر ئەو خوایە تۆبەی بەندەکانی وەردەگرێتو لێ یان خۆش دەبێت ئەگەر لەگوناحو کردەوە خرا پەکانیان بگەڕێنەوە بۆ یەکتا پەرستی خواو تۆبە بکەنو کردەوەی چاك بکەن لەکردەوە خرا پەکانیان دەبورێت و لەبەخشندەییو بەزەیی خۆی زیادەشیان پێ دەبەخشێتو خرا پەکانیان بەچاکە بۆ دەگۆڕێتەوە، وە خوای گەورە زانایە بەو کردەوانەی کەدەیان کەنو ئاگای لەهەمو کارو کردەوەیەك هەیە بەهەر شێوەیەك بێت. بەلأم ئەوانەی ناگەڕێنەوەو تۆبە ناکەنو لەسەر ملهوڕیو کەللە ڕەقیو بێ باوەڕی بەردەوام دەبن ئەوانە سزای بەسفتو سوێ یان هەیە لەلایەن خوای گەورەوە. تەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٢٧٠. المكتبة الشاملة/ التفاسير/ تفسير القرطبي / سورة الشورى : ٢٥. وەرگێڕ.**

**([98]) واتە: ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوە و هەمو کارو کردەوەو شتەکانی پێش خۆی واتە پێش ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بێت یاخود بۆ ئەو کەسەی پێش ئەوە موسڵمان بێتو بڕوا بەئیسلام بێنێت دەسڕێتەوەو هەل دەوەشێنێتەوە، تۆبە کردنیش هەمو کردەوە خرا پەکانی پێش خۆی بەچاکە دەگێڕێتەوە یا دەگۆڕێتەوە.وەرگێڕ.**

## نامەی دووەم:

## حوكمی هانا بردن بۆ جنۆكەو شەیاتینیەكانو نەزر بۆ كردنیان

لەعبدالعزیز كوڕی عبداللە كوڕی باز بۆ هەمو كەسێك لەموسڵمانان كەئەم نوسینە دەبینێتو دەیخوێنێتەوە، خوای گەورە منیش و تۆیش یارمەتی بداتو سەرمان بخات بۆ دەست گرتن بەدینەكەیو بەردەوامیو پێ دامەزراوی لەسەر ئەو دینە پاكە ئامین.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته. أما بعد:

هەندێ لەبرایان دەربارەی ئەو كارو كردەوە خراپانەی كەنەفامەكان ئەنجامی دەدەن پرسیاریان لێ كردین لەدوعاو پاڕانەوە لەغەیری خوا، هانا بردنە بەریان لەهەندێ كاری گرنگدا، وەك دوعاو پاڕانەوەو هانا بردنە بەر جنۆكەكانو نەزر و قوربانی و سەر برین بۆیان. لەو دوعاو پاڕانەوانەش ( ياسبعة، خذوه ـ واتە ئەی حەوتوەكان یا ئەی حەوتەكان بیگرن). ئەمەش مەبەستی لەوەیە ئەی حەوت سەركردەی جنۆكەكان بیگرنو ئەواو ئەوای لێ بكەن، ئێسكەكانی تێك بشكێنن، خوێنەكەی بخۆنەوە، پێ ی بنوێنن. هەروەها هەندێ لەقسەكانی تریان كەدەڵێن:( خذه يـاجن الظهيرة، وياجن العصر ـ واتە: بیگرن ئەی جنۆكەی نیوەڕۆیانو وەیا جنۆكەی عەسران)ئەمانەو گەلێكی تر.

هەروەها دوعاو پاڕانەوە لەمردوانو لەپێغەمبەرانو پیاوچاكانو غەیری ئەوانیش، دوعاو پاڕانەوە لەفریشتەكان وهانا بۆ بردنیان، ئەمانە هەمویانو هاو وێنەكانیان لەناو چینو توێژەكانی كۆمەڵگای موسڵماناندا بەنەزانیو نەفامی ڕویان داوەو بنجو بناوانو ڕەگو ڕیشەی داكوتاوەو بوەتە كارو پیشەو شتێكی باوو ئاساییو لاسایی كردنەوەی پێشەخۆیانو زۆر بەزەحمەت قەڵاچۆ دەكرێنو هەروا بەسادەو ساناو ئاسان بنەبڕو ڕیشە كێش ناكرێن. زۆرێك هەن لەموسڵمانان دەست گیرۆییو ئاسانكاری بۆ كەسانێكی تر دەكەن بەوەی كەدەڵێن: ( ئەمە هیچ نیە شتێكەو بەسەر زەمانەندا دێت، مەبەستمان هیچ شتێك نیە، و بڕوامان پێ ی نیە) گومانی تێدا نیە ئەمەش كارێكی زۆر بێ شەرعیو خراپە دوایی دەبێتە شتێكی سادەو ئاساییو ڕۆتینی خەڵكی زۆر بێ لا لێ كردنەوە بەسەری دا دەڕۆنو لەناو خەڵكی دا تەشەنە دەكاتو پێ ی لاڕێ دەبن.

هەروەها پرسیارمان لێكراوە دەربارەی ژن پێدانو ژن خواستن( مناكحة) لەگەڵ ئەوانەی بەم سیفاتانە ناسراوان دروستە؟، یان گۆشتی قوربانیان لێ وەر بگرینو بیخۆین، یان پێ یان بدرێت، وەئایا نوێژیان لەسەر بكرێتو نوێژیان لەدواوە بكرێت؟ هەروەها دەربارەی بڕوا بون بەفاڵ گرەوەو قۆڵ بڕەكانو شوێن هەڵ گرەكان؟ هەروەها دەربارەی ئەوانە پرسیارمان لێ كراوە كەپڕو پاگەندەی ئەوە دەكەن كەگوایە هەر بەتەماشا كردنو تێ ڕوانینێكی ساكارو سەر پێ پیانە لەو شتانەی كەبەسەر لەشی مرۆڤەوەن وەك عەمامەو كڵاو و جامانە، و شەڕواڵو لەچكو ئەو جۆرە شتانە دەتوانین دەست نیشانی نەخۆشیەكانو هۆكارەكانی توش بونی یان بكەینو نەخۆشیەكان بدۆزینەوە.

**وەڵامەكان:**

الحمد لله وحده، والصلاة والسلام على من لانبيَ بعده، وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهم إلى يوم الدين. أمابعد:

شتێكی شاراوە نیە لەكەس كەخوای پاكو بێگەرد جنۆكەو مرۆڤەكانی تەنیا بۆ پەرستنو بەندایەتی بۆ كردنی خۆی دروست كردونو دەبێ تەنیاوتەنیا ئەو بپەرستنو شتێكی تری لەگەل دا نەپەرستنو شەریكو هاوبەشی بۆ پەیدا نەكەن، ودوعاو پاڕانەوەو هانا بۆ بردنو سەربڕینو نەزرو قوربانی و باقی بەندایەتیەكانو پەرستشیەكانی تر تەنیا بۆ خوا بنو تایبەت بن بەئەوەوەو بەس، دیارە هەمو پێغەمبەرانی خوا هەر بۆ ئەم مەبەستە هاتونو لەلایەن

خواوە نێردراونو هەر بەمەش خوای گەورە فرمانی پێ کردون، هەروەها کتێبە ئاسمانیەکانی بۆ ڕون کردنەوەو بانگەشەی هەمان مەبەست ناردونە خوارەوە کەلەهەمویان گەورە ترو پیرۆز تر قورئانی پیرۆزە، وەبۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵك لەشیركو هاوبەشی پەیدا كردن بۆ خوای گەورەو بەندایەتی نەکردن بۆ غەیری خوا، هەر ئەمەشە بنەڕەتی بنەڕەتەکان(أصل الأصول) واتە بنەڕەتو بنەمای ئایینی خوا،و بنچینەو بنەماکانی پەیڕەوو پرۆگرامی ئایینی خوا کەبریتیە لە شایەتمانی( لا إله إلاَّ الله) چونکە ئەم واتایە بریتیە لەوەی کەهیچ پەرستراوێکی دیکە نین کەبەهەق بپەرسترێت بێجگە لەخوای پەروەردگار(الله) گیان ئەم چەمکە خوادایەتی یە بەندایەتی کردنو پەرستشی بۆ غەیری خوا ڕەت دەکاتەوەو لەبنو ڕەگەوە ڕیشە کێشی دەکات، بەڵکو ئەو بەندایەتیو پەرستشیە تەنیا بۆ خوای گەورە(الله) گیان بەرقەرارو دەچەسپێنێ، نابێ لەغەیری خوا بۆ هیچ دروستکراوێك لەدروستکراوەکانی خوا ئەنجام بدرێت. وەبەڵگەش لەسەر ئەمە لەقورئانو لەسوننەتی پێغەمبەرﷺدا گەلێك زۆرن. لەوانە فەرمودەی خوای گەورە:﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾(٩٩).هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ﴾(١٠٠) .هەروەها دەفەرموێ: :﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾(١٠١). هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ (١٠٢). هەروەها خوای باڵا دەستو کار بەجێ دەفەرموێ:﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾(١٠٣). لەم ئایەتانەدا هەموی خوای گەورە بۆی ڕون کردوینەوە کەجنۆکەو مرۆڤەکانی تەنیا بۆ پەرستنو بەندایەتی خۆی دروستی کردونو فرمانی پێ کردون کەلەو بەولاوە هیچ کەسێکی تر نەپەرستن، چونکە واتای (قضى) بەفرمان کردنو ئامۆژگاری کردن دێت. جا خوای پاكو بێگەرد لەقورئانی پیرۆزداو لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیﷺ فەرمانی بەبەندەکانی کردوەو ئامۆژگاری کردون کەهیچ کەسو شتێکی تر بێجگە لەپەروەردگاری خۆیان کە(الله) گیانە نەپەرستنو بەندایەتی بۆ نەکەن. هەروەها خوای گەورە(جلَّ وعلى) بۆی ڕون کردوینەوە کەدوعاو پاڕانەوە بەندایەتیەکی زۆر گەورەیە، هەر کەسێك لاملی لێ بکاتو لەغەیری خوابپاڕێتەوە ئەوە دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ، وەفەرمانی پێ بەبەندەکانی خۆی کردوە کەهەر لەبەر ئەو بپاڕێنەوەو داوا تەنیا لەو بکەن، و هەواڵی پێداوین کەلێمانەوە نزیکەو دوعاکانمان دەبیستێو وەڵامیان دەداتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر هەمو بەندەکانی خوا کەتەنیا لەبەر پەروەردگاری خۆیان بپاڕێنەوەو داوا تەنیا لەو بکەنو ئەم بەندایەتیە گرنگو گەورەیە تەنیا تایبەت بکەن بەئەو. هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي

---

(99) أ ـ سورة الذاريات: (٥٦).

ب ـ واتاكە يمان لەبابەتەكانی پێشتردا ڕون كردۆتەوە. وەرگێڕ.

(100) أ ـ سورة الإسراء: (٢٣).

ب ـ واتاكە يمان لەڕابردودا نوسيوە .وەرگێڕ.

(101) أ ـ سورة البينة: (٥).

ب ـ واتاكە يمان لەبابەتی هانا بردن بۆ پێغەمبەرﷺنوسيوە. وەرگێڕ.

(102) أ ـ سورة غافر: (٦٠).

ب ـ واتاكە يمان لەبابەتی هانا بردن بۆ پێغەمبەرﷺنوسيوە.وەرگێڕ.

(103) أ ـ سورة البقرة: (١٨٦).

ب ـ واتاكە يمان لەبابەتی پێشودا نوسيوە. وەرگێڕ.

وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾[١٠٤]. خوای گەورە فرمانی بەپێغەمبەرەکەی ﷺ کردوە بەخەڵکی ڕابگەیەنێت کەنوێژ کردنو بەندایەتی( نسك) کەبریتیە لە سەربڕینو قوربانی بۆ کردن، و ژینو مردن هەموی تەنیا بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە کەهیچ شەریکو هاوبەشی نین. جاهەر کەسێك قوربانی بۆ غەیری خوای تاکو تەنیا سەر ببڕێت ئەوە شەریکی بۆ خوا پەیدا کردوە، هەروەکو چۆن بۆ غەیری خوا نوێژ بکات چونکە خوای گەورەو پاکو بێگەرد نوێژو قوربانی وەك دو شتی لێك نزیكو پێگەوە گرێدراو داناونو لێك جیا نابنەوە. وەهەروالی پێداوین کەئەو دوانە تەنیا بۆ خوای تاکو تەنیانو بەس. بۆ ئەو خوایەی کەهیچ شەریکی نین. جاهەر کەسێك بۆ غەیری خوا چ جنۆکە بێتو چ فریشتەو چ بۆ مردوانو چ بۆ هەر شتێکی تر بێتو خۆیان پیٚ نزیك بکاتەوە هیچ جیاوازیەکیان نیە وەك ئەوە وایە نوێژی بۆ ئەو کەسە یا ئەو شتە لەغەیری خوا کرد بێت. وەلەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەرداﷺهاتوە کەفەرمویەتی:{ لعن الله من ذبح لغير الله}[١٠٥] .هەروەها لەفەرمودەیەکی تردا هاتوە:( عن طارق بن شهاب رضي الله عنه عن النبي أنه قال:{مرَّ رجلان على قومٍ لهم صنم لايجوزه أحد حتى يقرِّب له شيئاً، فقالوا لأحدهما: قرِّب، قال: ليس عندى شئ أقرب، قالوا قرِّب ذباباً، فقرَّبَ ذباباً فخلُّوا سبيله، فدخل النار، وقالوا للآخر: قرِّب، قال ماكنت لأقرِّب لأحدٍ شيئاً دون الله عزَّ وجلَّ، فضربوا عنقه فدخل الجنَّةَ}[١٠٦]. جائەگەر هەر کەسێك قوربانی بەمێشێكو وێنەی مێشێك بۆ بتو هاو وێنەکانی بتەکان بکاتەقوربانی هاوبەش پەیدا کردنو هاوبەش پەیدا کەر(مـــشرك) بێتو شایەنی چونە ناو ئاگری دۆزەخ بێت، ئەدی دەبیٚ حاڵی ئەو کەسانە چۆن بێت کەهاوار دەکەنە غەیری خوا وەك جنۆکەو فریشتەو پیاو چاکانو پێغەمبەرانو هانایان دەبەنە بەر، و نەزریان بۆ دەکەنو سەربڕینیان بۆ سەر دەبڕن بۆ ئەوەی سەرو ماڵو منداڵیان بۆ بپارێزن یاشیفای نەخۆشەکانیان بۆ بێنن، یامەڕو ماڵاتو کشتوکاڵەکانیان بۆ بپارێزن، یاخود لەترسی شەڕی جنۆکەکان یا لەپێناو هەر شتێك لەم جۆرانەی کەباسمان کردن. ئەمانەو وێنەی ئەمانەش لەپێش ترن کەبەهۆی ئەوەوە ببنە هاوبەش پەیدا کەر (مشرك) و پتر شایستەی چونە ناو ئاگرن پتر لەو کابرایەی کەمێشێکی کردە قوربانی بۆ بتەکەی ئەو قەومە. بەڵگەش لەم بارەوە ئەوەیە کەخوای باڵا دەستو کار بەجیٚ لەقورئاندا دەفەرمویٚ:﴿ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ۝أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾[١٠٧]. هەروەها لەئایەتێکی

---

([104]) أ ـ سورة الأنعام: (١٦٢).

ب ـ واتای ئەم ئایەتەشمان لەبابەتەکانی پێشو نوسیوە.وەرگێڕ.

([105]) أ ـ أخرجه إمام أحمد بسند حسن.

ب ـ واتە نەفرینی خوا لەو کەسەی کەقوربانی و سەربڕین بۆ غەیری خوا ئەنجام دەدات. وەرگێڕ.

([106]) واتە: لەطارق کوڕی هاشمەوە دەگێڕنەوە ڕەحمەتو ڕەزای خوای لیٚ بێت کە پێغەمبەرﷺفەرمویەتی:{ ڕۆژێکیان دو کەس بەلای قەومێکدا تیٚ دەپەڕن یارۆیشتن کەبت پەرست بون، ئەوانە نەیان دەهێشت کەهیچ کەس بەلایاندا قیٚ بپەڕێت هەتاکو قورباتی بۆ بتەکەیان نەکات. ئەو قەومە بەیەکێك لەو دوانەیان گوت:

ـ قوربانیەك بۆ بتەکەمان نەکەیت ناهێڵین بێرەدا تیٚ بپەڕیتو دەت کوژین.

ـ ئاخر من هیچم نیە بیکەمە قوربانی.

ـ کێشە نیە ئەگەر مێشێکیش بێت .

جائەو کابرایە مێشێکی کردە قوربانیو کافریان کردو پیٚ ی چوە ناو ئاگری دۆزەخو ڕێگەی ئەویان داو ڕۆیشت. ئەمجار بەهی دوەمیشیان گوت:

ـ قوربانیەك بۆ بتەکەمان بکە دەنا دو پێت تیٚ ناپەڕێت لێرە دەت کوژین.

ـ من هەرگیز شتێکم بۆ هیچ کەسو بۆ هیچ شتێك غەیری خوای پەروەردگار سەر نەبڕیوەو نەم کردۆتە قوربانیو ناشی کەم.

ئیدی ئەم کەسە قوربانی نەکردو لەویٚ لەسەریان داو کوشتیان و چوە بەهەشتی بەرینی خوای گەورە.

([107]) أ ـ سورة الزمر: (٢ـ ٣).

ب ـ واتە: واتاکەیمان لەبابەتەکانی پێشتردا نوسیوە.وەرگێڕ.

**تردا دەفـەرموێت:**﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللّهَ بِمَا لاَ يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلاَ فِي الأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾(١٠٨).

**خوای گەورە لەم دو ئایەتەدا هەواڵمان پێ دەدات کەهاوبەش پەیدا کەران لەغەیری مـنو لەدروسـتکراوەکانی مـن دۆستو هاوەڵیـان گرتـوەو دەی پەرسـتنو بەندایـەتی بـۆ دەکـەنو داوایـان لێ دەکـەنو لێ یـان دەترسـن، ڕجـای لێ دەکەنو قوربانی بۆ سەر دەبڕنو نەزریان بۆ دەکەن...تد.و دەڵێن ئەوانە خۆشەویستانو دۆستانی خوان ئێمە بۆیە ئەوان دەپەرستین تالەخوامان نزیك بکەنەوە، ئەوانە لای خـوا تکامـان بـۆ دەکـەنو بۆمـان لەبـەر خـوا دەپاڕێنـەوەو ئەوان پیاوی چاك بونو لای خوا دوعایان قبوڵە. دەی خوای گەورە لەم بوختانە گەورەیە بـەدرۆیان دەخاتـەوەو بـێ ناوەرۆکیو پوچەڵی گفتارو کارو کردەوەکانیان دەخاتە ڕوو بۆمـانی ڕون دەکاتـەوەو لـەدنیاو لەقیامەتـدا ڕیـسوایان دەکاتو بەدرۆزن، بەکافر، بەهاوبەش پەیدا کەر(**مشرك**) ناویان دەباتو خۆشی بەپاكو بێگەردو کار بەجێ هـەروەکو دەفـەرموێ:**﴿سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ **. ئیـدی لـەوەوە بۆمـان دەر دەکـەوێت کەهـەر کەسـێك فریـشتە، یاپێغەمبەران، یاجنۆکە یادرەخت یابەرد یاهەر شتێکی تر لەگەڵ خوادا بپەرستێتو داوایان لێ بکاتو هانایان بەرێتـە بەر و قوربانیان بۆ بکات،و نەزریان بۆ بکاتو حەیوانیان بۆ سەر ببڕێت، لەپێناو ئەوەدا کەئەوانە لای خوا تکایان بـۆ بکاتو لەخوایان نزیك بکاتەوە. یاخود بۆ ئەوەی شیفا بۆ نەخۆشـەکانیان بێنێـت، یاسـەرو ماڵیـان بـۆ بپارێزێـت، یـا ئەوەی لەماڵ چوەتە دەر بەسەفەرو بۆ هەر کارو بارێك و دورە لێ یان بۆیان سـەلامەتو پـارێزراو بکـات.. یـابۆ هـەر مەبەستێکی تری لەم جۆرانە.. ئەوە ئەو کەسانە کەوتونەتە هاوبەش پەیدا کردنێکی زۆر گـەورەوە(** الشرك العظـيم**) وتوشی بەڵایەکی خراپ بون کەخوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت:**﴿ إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا﴾(١٠٩). **هەروەها دەفـەرموێت:**﴿ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللّهُ عَلَيهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾(١١٠)**. شەفاعەتو تکا کردن لەڕۆژی قیامەتدا تەنیا بۆ ئەهلی یەکتاپەرستو نیازپاکانـە، ئەوانـەی لـەدنیادا پەرستـشیو بەندایـەتی یـان بەهـەمو جۆرەکانیـەوە تـەنیا بـۆ خـوای پـەروەردگاری جیهانیان ئەنجام داوەو بۆ کەسو بـۆ هـیچ شـتێکی ترنـا، نـەك بـۆ ئـەهلی کـوفرو شـیركو هاوبەشـی پەیـدا کـەرانو ستەمکارو ملـهوڕ، هـەروەکو پێغەمبـەرﷺلەکاتێکدا پرسـیاری لێ کـرا: ئـەی ڕەسـولی خـوا، کـێ بەختـەوەر ترینـی خەڵکانەو بەر شیفاعەتو تکای تۆ دەکەوێت لەڕۆژی قیامەتدا؟ فـەرموی:**{من قال لاإله إلاَّ الله خالـصاً مـن قلبـه}

(108) أ ـ سورة يونس: (١٨).

ب ـ واتاکە یمان لە پەراوێزی بابەتی( عەقیدەو بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەکانی ) دا نوسیوە پێویست ناکات جارێکی تر دوبارەی بکەینەوە. وەرگێڕ.

(109) أ ـ سورة النساء: (٤٨).

ب ـ واتاکە یمان پێشتر نوسیوە.وەرگێڕ.

(110) أ ـ سورة المائدة: (٧٢).

ب ـ واتە: قسەی ڕاستو دروستو بێ پێچ و پەنا ئەوەیە کەهەر کەسێك هاوەڵ بۆ خوا دابنێتو غەیری خوا بپەرستێتو بەخواو بە پـەروەردگاری خـۆی بزانێـتو هانـاو هاواری بکاتێ ئەوە بەهەشتی لێ حەرامە هەتا هەتایەو جێگەوشوێنی تێدا حەوانەوەی ناو ئاگری دۆزەخە هەتا هەتایەو لـەڕۆژی قیامەتـدا ئـەو سـتەمکارو ملهوڕانـە هـیچ پشتیوانو سەر خەرو یارمەتی دەرو تکاکارێکیان نیەو کەس ناتوانێت هاریکاریو تکایان بۆ بکاتو دەبێ لەئاگری دۆزەخدا بتلێنەوەو سزای سەرکەشی و کەللە ڕەقـیو هـەق نەبیستیو ملهوڕی خۆیان وەر بگرنەوە. وەرگێڕ.

وقالﷺ { لكلِّ نبيٍّ دعوة مستجابة، فتعجَّلَ كل نبيٍّ دعوته وإنِّي اختبأتُ دعوتي شفاعة لأُمتي، فهي نائلة إن شاء الله مَـــن مات من أُمَّتي لايشرك بالله شيئاً }([111]).

هاوبەش پەیدا کەرانی سەرتا بڕوایان وابو کـەخوای گـەورە پـەروەردگارو دروسـتکەرو ڕۆزی دەریـان بـو، ئـەوەی ئەوان بەهەڵەی برد بونو تێ ی کەوتبون بەپێغەمبەرانو پیاو چاکانو فریشتەو، درەخـتو بـەردەکانو هـاو وێنـەی ئەوانەوە نوسابون، داوای تکایان لێ دەکردن کەلەلای خوا بۆیان بکەنو ڕاستەوخۆ لـەخوایان نزیـك بکەنـەوە و داوای لێ بوردنیان بۆ لەخوا بکەن. هەروەکو لەئایەتەکانی ڕابردودا باسمان کرد، خوای گەورە ئەو بڕو بیانوو ئەنجەتانـەیان لێ وەرناگرێتو بەدرۆیان دەخاتەوەو بەسەر ڕوی خۆیانیان دادەداتەوەو پێغەمبەریش ﷺ لێ یان قبول ناکات، بـەڵکو خوای گەورە ڕەتیان دەکاتەوەو لەقورئانە پیرۆزەکەی خـۆی دا باسـی کـردونو بـەکافرو هاوبـەش پەیداکـەر ناویـان دەبـات، و درۆو بڕوبیانوەکانیـان بـەدرۆ دەخاتـەوە ئـەو پەرسـتراوانەی کەئـەوان دەیـان پەرسـتنو بەندایـەتیان بـۆ دەکردن هیچ تواناو دەسەڵاتو تکا کردنیان لەدەست دا نیەو هەرگیز تکایان بۆ ناکەنو لەخواشیان نزیـك ناکەنـەوەو خەسارەت مەندو دەستەوستان دەمێننەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لـەخوایان دور دەخەنـەوەو هـیچ یارمـەتی دەرێـكو سەرخەرێکیان نابێت لەو ڕۆژە سەختو دژوارەدا. ئەوە بو پێغەمبەرﷺ لەسەر ئەو کوفرو شیرکەیان شـەڕو جـەنگی لەگەڵـدا دەکـردن تائـەو کاتـەی تۆبـەیان نەکردبایـەو نەگەڕابانایـەوە لای خـواو خـوای گـەورە بـەتاكو تـەنیایان نەپەرستبایەو ئیخلاسیەتیان بـۆ خـوا نەبیایـە. دەسـت لەکوشـتنوجەنگ کـردن لەگەڵیانـدا هـەڵ ناگرێتو وازیـان لێ ناهێنێت. بەپێ ی ئەم ئایەتەپیرۆزەی خوای گـەورە کەدەفـەرموێ:﴿ وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّـــهُ لِلّه﴾([112]). هەروەها پێغەمبەرﷺفەرمویـەتی:{ أُمرتُ أن أُقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلاّ الله وأن محمداً رسول الله ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة، فإن فعلوا ذلك عصموا مني دماءهم وأموالهم إلاّ بحق الإسلام وحسابهم على الله}([113])..

---

([111]) واتە: بەختەوەر ترینی کەس بەتکاو شیفاعەتی پێغەمبەرﷺلەڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسانەن کەبەڕاستیو لەدڵێکی پاکەوەو بەبڕوایەکی پتەوو پاكو پوختو بـێ خلتەوە لەدنیادا گوتبتێتی ( لا إلة ألاّ الله ) و هەمو داخوازیو پێداویستیەکانی ئـەم دەربڕینـەی جـێ بـەجێ کـرد بێـتو ئـە نجامی دابـنو وەك پێویستو وەك ئـەوەی خـوای پەروەردگار داوای لێ کردون پەرستشیو بەندایەتی بۆ خوا کرد بێتو هیچ کەسو هیچ شتێکی تری نەکردبێتە هاوەڵو هاوبەشی خوای گەورە.

هەروەها لەفەرمودەیەکی تری دا فەرموی:{ هەمو پێغەمبەرو هەمونێردراوێکی خوا داوایەکی تایبەتیان هەبو لەخزمەت خوای گەورەدا، هەمو پێغەمبەرانو نێردراوان هـەر لەدنیادا داواکەی خۆیان لەخوای گەورە داوا کردو بۆیان جێ بەجێ کرا، تەنیا من نەبێ، داواکەی خۆم بۆ ڕۆژی قیامەتو بۆ تکاو شیفاعەتی ئوممەتەکەم دوا خست، جاهـەر کەسێك لەدنیادا خوای گەورە بەتاكو تەنیا بپەرستێتو هیچ هاوەڵو هاو وێنەی بۆ دانەنێتو هەمو پەرستشیو بەندایەتیەکانی تەنیا بۆ خوای پـەروەردگار ئـە نجام دابێـت ئەوا بەویستی خوا کەمرد لەڕۆژی قیامەتدا بەر ئەو تکاو شیفاعەتەی من دەکەوێتو تکای بۆ دەکەم کـەخوای گـەورە بیبەخشێتو لێ ی ببورێتو بیباتـە بەهەشـتی بـەرینی خۆیەوەو سۆزو ڕەحەمەتی خۆی بەسەردا بڕێژێت. وەرگێڕ.

([112]) أ ـ سورة الأنفال: (٣٩).

ب ـ واتە: ئەی موسڵمانان بیان کوژنو جەنگ بکەن لەگـەڵ ئـەو بێبـاوەڕو بـت پەرستانە کەهـەر سـورن لەسـەر دوژمنایـەتی کـردن لەگـەڵ خـواو پێغەمبـەری خـواو موسڵمانانـدا تـائەو کاتەی تۆبە دەکەنو دەگەڕێنەوە لای خواو لەخوای پەروەردگار زیاتر هیچ کەسو هیچ شتێکی تر نا پەرستن و بەندایـەتی یـان بـۆ ناکـەن. دیـارە ئـایینو یاساو ڕێسا تەنیا هی خوایەو هی کەسی ترو هی هیچ شتێکی تر نیە . بیان کوژنو جەنگیان لەگەڵ دا بکەن بۆ ئەوەی شیركو هاوبەش پەیدا کـردن بـۆ خـوای گـەورە لەسـەر زەوی دا بڵاو نەبێتەوەو نەمێنێو لەخوا بەولاوە هیچ کەسو هیچ شتێکی تـر نە پەرسترێتو یەکتا پەرستی لەجیهانـدا بـڵاو ببێتـەوەو بـەگوێرەی ڕای زانایـانو ڕاڤـە کـەرانی قورئانی پیرۆز مەبەست لەفیتنە شیركو هاوبەش پەیدا کردنو بەلاو ئـاژاوە گێـڕیو دەردە سـەریە، هـەتاکو بـەلاو دەردەسـەری لەسـەر موسـڵمانان لابـچێو نەبنـە فیتنـەو ئاشوبو ناخۆشیو ئازار بۆ موسڵمانانو ئازارو ئەشکە نجەی موسڵمانان نەدەنو فشاریان نەخەنە سەر بۆ ئەوەی جارێکی تر لەئیسلام هـەڵ بگەڕێنـەوەو بیـان کەنـەوە بـەبت پەرست ، هەروەکو بێباوەڕانو بت پەرستانی مەککە لەگەڵ موسڵمانانی ئەو شارە دەیان کرد. جائەگەر ئەوان وازیـان لەدوژمنایـەتی کردنـی ئێـوە هێنـا، ئـەوە بێگومـان خـوا ئاگادارە بەکردەوەکانیانو بەگفتاریانو بەوەی وا لەناو دڵیاندایە. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٤٤٤. (المكتبـة الـشاملة/ التفاسـير/ تفسير القـرطبي/سـورة الأنفـال/ الآيـة:٣٩). وەرگێڕ.

([113]) واتە: لەلایەن خوای پەروەردگارەوە فرمانم پێ کراوە کەجەنگ لەگەڵ خەڵکی دا بکەم هەتاکو ئەو کاتەی کەبڕوا بەخواو بە پێغەمبەری خوا دەهێننو دەڵێن( لا إله إلاّ الله وأن محمداً رسول الله ) وە نوێژ دەکەنو زەکاتی ماڵیان دەردەکەن. جاکەوایان کرد ئەوا خوێنو سەرو ماڵیان دەپارێزرێتو مەگەر بەهەقی ئیسلام نەبێتو حسابیشیان لەسەر خوای گەورەیە.. وەرگێڕ.

واتای فەرمودەی پێغەمبەرﷺ: { حتى يشهدوا أن لا إله إلاَّ الله} واتە هەتاكو هـەمو بەندايـەتیو پەرسـتشیەكانیان تەنیا بۆ خوا نەكەنو تایبەتی نەكەن بەخوای گەورەو بـۆ هـیچ كـەسو بـۆ هـیچ شـتێك بێجگـە لـەخوای پـەروەردگار ئەنجامی نەدەن. هاوبەش پەیدا كەران لەجنۆكەو شـەیاتینیەكان دەترسـانو پـەنایان بـۆ پـێ دەگـرتنو هانایـان بـۆ دەبردن. تاخوای گەورە ئەم فەرمایشتەی خۆی ناردە خوار كەدەفـەرموێ:﴿ وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ الْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا﴾([114]). ئەهلی تەفسیر لەلێكدانەوەو شرۆڤە كردنی ئەم ئایتە پیرۆزەدا﴿فَزَادُهُمْ رَهَقاً﴾دەڵێن: واتە لەترسو تۆقین، چونكە ترسی جنۆكەو شەیاتینیەكان لەدڵو دەرونیاندا زۆر دەبێتو گەورە دەبێتو ئەوەنـدەی تریان دەتۆقێنێت، جا جنۆكەكان ئەگەر دەبینن مرۆڤەكان ئاوا لێ یان دەترسێنو پەنایان پێ دەگرن، لەو كاتەدا خـۆ بەزل زانیەكو كیبر دەكەوێتە ناو دەرونیانەوەو پتریان دەترسێنو هەر بەجارێ دەیان تـۆقێنن بـۆ ئـەوەی پـترو پـتر بەندایەتیان بۆ بكەنو مل كەچ و زەلیلی بەردەستی خۆیانیان بكەنو پەنایان بۆ بەرن و زیـاتر بـەرەو پیریـان بـچنو مل كەچو سەرشۆڕو زەلیل تر بن لەپەرستنیاندا.

بەڵام خوای گەورە لەبری ئەم سەرلێشێواویو نەفامیـە فرمـانی پـێ كـردین كەتـەنیا پـەنا بـۆ زاتـی خـوای پـاكو بێگەرد بەرین كەجڵـەوی ژیـانو مـردنو هـەڵسو كـەوتی جنۆكـەكانو مرۆڤـەكانیشو هـەمو شـتێك لـەم بونـەوەرەدا بەدەست ئەوە ئەویش بەخوێندنو گوتنی ویردو وشە تـەواوەكانی خـوای گـەورە، ئەوەتـە خـوای ئـەم فەرمایـشتەی خۆی بۆ ناردوینە خوارو دەفـەرموێ:﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَـــمِيعٌ عَلِـــيمٌ﴾([115]). هـەروەها

---

([114]) أ ـ سورة الجن : ( ٦ ).

ب ـ واتە : مرۆڤەكان لەجنۆكەكان دەترسانو پەنـایان پێ دەبردنو هانایان بۆ دەبردن، دەی جنۆكەكان ئەگەر مرۆڤەكانیان دەبینین ئاوا لێ یان دەترسن لـەخۆ بـایی دەبونو پیتر لەنەفسی خۆیاندا گەورە دەبونو هێندەی تر مرۆڤەكانیان دەترساندو دەیان تۆقاندن و مرۆڤەكانیش پتر نەفسیان دەڕوخاو پتر پەنایان دەبردنە بەر هـەروەكو چۆن ئەگەر گورگ لەڕانە مەڕ دەدات، مەڕەكان لەترسی گورگەكان ورەیان دەڕوخێ بەغار دوای گوركەكان دەكـەون، بـەڵكو لە پێـشیانەوە ڕادەكـەن. هـەر چـەندە ئـەو جنۆكانـە هیچیان لەدەست نایەت بەڵام مرۆڤەكان بیرو بـاوەڕیان وابو جنۆكەكان دەیان پارێزن ئەگە پەنـایان پێ نەگرن دەستیان لێ دەوەشێنێن. شەیتان ئەمەی بەهەل قۆسـتەوەو پـتر ئەوانی یان دەترساند.

ج ـ واتە : ئەی موسڵمانان بیان كوژنو جەنگ بكەن لەگەڵ ئەو بێباوەڕو بت پەرستانە كەهەر سورن لەسەر دوژمنایـەتی كـردن لەگـەڵ خـواو پێغەمبـەری خـواو موسـڵمانانـدا تـائەو كـاتەی تۆبە دەكەنو دەگەڕێنەوە لای خواو لەخوای پەروەردگار زیاتر هیچ كەسو هیچ شتێكی تر نا پەرستن و بەندایەتی یـان بـۆ نـاكـەن. دیـارە ئـایینو یاسـاو ڕێـسا تەنیا هی خوایەو هی كەسی ترو هی هیچ شتێكی تر نیە . بیان كوژنو جەنگیان لەگەڵ دا بكەن بۆ ئەوەی شیركو هاوبەش پەیدا كردن بـۆ خـوای گـەورە لەسـەر زەوی دا بـڵاو نەبێتەوەو نەمێنێو لەخوا بەولاوە هیچ كەسو هیچ شتێكی تر نە پەرسترێتو یەكتا پەرستی لەجیهاندا بڵاو ببێتەوەو بـەگوێرەی ڕای زانایـانو ڕاڤـە كـەرانی قورئـانی پـیرۆز مەبەست لەفیتنە شیركو هاوبەش پەیدا كردنو بەڵاو ئاژاوە گێڕیو دەردە سەریە ، هەتـاكو بەڵاو دەردەسەری لەسەر موسـڵمانان لابـچێو نەبنـە فیتنـەو ئـاشوبو نـاخۆشـیو ئازار بۆ موسڵمانانو ئازارو ئەشكە نجەی موسڵمانان نەدەنو فشاریان نەخەنە سەر بۆ ئەوەی جارێكی تر لەئیسلام هەڵ بگەڕێنـەوەو بیـان كەنـەوە بـەبت پەرسـت ، هـەروەكو بێبـاوەڕانو بـت پەرسـتانی مەككـە لەگـەڵ موسـڵمانانی ئـەو شـارە دەیـان كـرد. جائەگـەر ئـەوان وازیـان لەدوژمنایـەتی كردنـی ئێـوە هێنـا ، ئـەوە بێگومـان خـوا ئاگـادارە بەكردەوەكانیانو بەگفتاریانو بەوەی وا لەناو دڵیاندایە. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٤٤٤. (المكتبة الشاملة/ التفاسير/ تفسير القرطبي/سورة الأنفال/ الآية :٣٩ ). وەرگێڕ.

([114]) واتە : لەلایەن خوای پەروەردگارەوە فرمانم پێ كراوە كەجەنگ لەگەڵ خەڵكی دا بكەم هەتاكو ئەو كاتەی كەبڕوا بەخواو بە پێغەمبەری خوا دەهێننو دەڵێن( لا إله إلاَّ الله وأن محمداً رسول الله ) وە نوێژ دەكەنو زەكاتی ماڵیان دەردەكەن. جاكەوایان كرد ئەوا خوێنو سەرو ماڵیان دەپارێزرێتو مەگەر بەهەقی ئیسلام نەبێتو حسابیشیان لەسەر خوای گەورەیە.. وەرگێڕ.

([114]) أ ـ سورة الجن : ( ٦ ).

ب ـ واتە : مرۆڤەكان لەجنۆكەكان دەترسانو پەنـایان پێ دەبردنو هانایان بۆ دەبردن، دەی جنۆكەكان ئەگەر مرۆڤەكانیان دەبینین ئاوا لێ یان دەترسن لـەخۆ بـایی دەبونو پیتر لەنەفسی خۆیاندا گەورە دەبونو هێندەی تر مرۆڤەكانیان دەترساندو دەیان تۆقاندن و مرۆڤەكانیش پتر نەفسیان دەڕوخاو پتر پەنایان دەبردنە بەر هـەروەكو چۆن ئەگەر گورگ لەڕانە مەڕ دەدات، مەڕەكان لەترسی گورگەكان ورەیان دەڕوخێ بەغار دوای گوركەكان دەكـەون، بـەڵكو لە پێـشیانەوە ڕادەكـەن. هـەر چـەندە ئـەو جنۆكانـە هیچیان لەدەست نایەت بەڵام مرۆڤەكان بیرو بـاوەڕیان وابو جنۆكەكان دەیان پارێزن ئەگە پەنـایان پێ لەخوا دور خستەوەو دور دەخاتەوەو پتر سەر لەمرۆڤەكان دەشێوێنێو پتریان لەخوا دور دەخاتەوە. تەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٥٣١ـ ١٥٣٢. الحسن كوڕی عرفە دەگێڕێتـەوەو دەڵـێ: هـشیم لەعـەوفو ئـەویش لەالحـسن دەگێڕێتـەوە كەمەبەسـت لـەم ئایەتە ئەوەیە كەلەسەردەی نەفامی دا خەڵكانێك لەدەشتو چۆڵو دۆڵەكان مابانایەوە دەیان گوت: ( أعـوذ بعزيـز هـذا الـوادي مـن شـر سـفهاء قومـه ). واتـە : پـەنا دەگـرم بەگەورەو سەرداری ئەم دەشتو دۆڵە كەلەشەڕی خوا پەكارنی گەلەكەی بمان پارێزێت. ڕیوایەتی تر لەم بـوارەدا زۆرن بـەڵام ئێمـە بـەم ڕیواتـە ئیكتفـا دەكـەین. .( المكتبة الشاملة/ التفاسير/ سورة الجن / الآية ٦ ) . وەرگێڕ.

([115]) أ ـ سورة الأعراف: ( ٢٠٠ ).

**فەرمایشتی خوا کەدەفەرمویّ:**﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ﴾ ([116]). **هەروەها فەرمایشتی خـوا:**﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ﴾([117]) **وەلەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەرﷺهاتوە کەفەرمویەتی:**{من نزل منزلاً فقال:أعوذ بكلمات الله التامـــات مـــن شـــر ماخلق، لم يضره شيءٌ حتى يرتحل من منزله ذلك}([118]).

**ئەم ئایەتو فەرمودانەی کەهێنامانەوە ڕزگار خوازو ئەو کەسەی کەدەیەویّ بـیرو بـاوەڕو ئایینەکـەی بپارێزێتو لەهـەمو پـیسو پۆخڵیـەکی هاوبـەشو هـاوەڵ پەیـدا کـردن ونو دیـاری، گـەورەو بـچوکی فێـر دەکـاتو بـۆی ڕون دەکاتەوەو بەرچاوی موسڵمانان ڕۆشن دەکاتەوە لەوەی کەپەیوەند بونو ئالودە بـون(**التعلـــق**)و پەیوەنـدی کـردنو پابەند بون بەمردوانو فریشتەکانو بەجنۆکەو غەیری ئەوانیش لەدروسـتکراوەکانی خـواو بەندایـەتی کـردن بۆیـان و دوعاو پاڕانەوەو هانا بۆ بردنیانو هاو وێنەکانیان لەکردەوەکانی ئـەهلی کـوفرو نەفامیـەتی هاوبـەشو هـاوەڵ پەیـدا کەران، کەخراپترینو پیس ترین هاوبەشی پەیدا کردنە بەخوای پاكو بێگەرد(**سبحانه**)، پێویستە لەسەر هەمو کەسێك کەوازی لیّ بهێنێتو لەو کردەوە پیسو قێزەونانە وریاو ئاگادارو بەرچاو ڕۆشن بنو ئامۆژگـاری بکـرێن بـەواز هێنـانو دور کەوتنەوە لیّ یان، دەست گرتنو گێڕانەوەی ئەو کەسانەی کەئەم کـارە کوفریـە دزێوانـە ئـەنجام دەدات، وەهـەر کەسێك لەناو خەڵکی دا بەو کردەوە کوفریو هاوبەشو هـاوەڵ پەیـدا کردنـە ناسـراو بـەردەوام بـو ئـەوا نـابیّ ژنیـان بدرێتیّو ژن خوازیان لەگەڵ دا بکرێتو گۆشـتی قوربـانیو سـەربڕاوەکانیان نـەخورێت،و نوێژیـشی لەسـەر نـەکرێت، ونوێژیـشی لـەدوا نـەکرێت هـەتاکو ئـەو کاتـەی پەشـیمان دەبێتـەوەو تۆبـە دەکـاتو دەگەڕێتـەوە بـۆ لای خـوای پەروەردگارو تۆبەو پەشیمانیەکەی لەناو موسڵماناندا ئاشکرا دەکاتو جاڕی بۆ دەداتو نیاز پاکی بەندایەتیو دوعاو پاڕانەوەکانو هانا بردنو پەنا پیّ گرتنی تەنیا بۆ خوای پاكو بێگەردو پەروەردگاری جیهانیان دەبێت چونکە دوعـاو پاڕانەوە خـۆی لـەخۆی دا بەندایـەتی بـۆ کـردنو پەرستـشیە، بـەڵکو پوختـەو کاکڵەومێـشکی بەندایەتیوپەرسـتنە. هەروەکو پێغەمبەرﷺفەرمویـەتی: {**الدعاء هـــو العبـــادة**} ([119]) هـەروەها لـەدەربڕینێکی تـرو لەڕیوایـەتێکی تـردا فەرمویەتی:{**الدعاء مخ العبادة**}([120]).**

**هەروەها خوای پـاكو بێگـەرد دەفـەرمویّ:**﴿ وَلاَ تَنكِحُواْ الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ وَلأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَـــوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلاَ تُنكِحُواْ الْمُشرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُواْ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُوْلَئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَاللّهُ يَـــدْعُوَ

---

**ب ـ واتە : ئەگەر شەیتانی ئیبلیس خوت خوتەو وەسوەسەیەکی خستە دڵتەوەو بەرەو ڕوت هات بـۆ ئـەوەی لەخـشتەت بـەرێتو گونـاحو خرا پـەکاریت پـیّ بکـاتو یـا شەریكو هاوەڵت پیّ دابنێت بۆ خوای گەورە تۆ پشت بەخوا ببەستەو پەنا تەنیا بۆ ئەو بەرە و هانا تەنیا بۆ ئەو بەرە، چـونکە خـوای تـاكو تـەنیا ئاگـاداری هەموشـتێکەو هەمو قسەو گفتارێك دەبیستێتو ئاگاداری هەمو کردەوەیەکەو هیچی لیّ گوم نابێتو بیسەرو بینـایە. وەرگێڕ. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٤٢٨. والمکتبـة الـشاملة/التفاسـیر/ سـورة الأعراف/٢٠٠.**

([116]) **أ ـ سورة الفلق: (١).**

**ب ـ واتە : ئەی محمد بڵیّ من تەنیا پەنا بەخوای گەورە بەدیهێنەری بەیانیو گزنگی بەیانیان دەگرم ، بەو خوایەی کەتـاریکی شەو لادەباتو ڕۆشنیو ڕوناکیو گزنگی بەیانیان بەسەردادێنیّ. یا پەنا بەو خوایە دەگرم بونەوەر واتە کائینـاتی لەشەوە زەنگی نەبونەوە هێنـاوەتە بون, واتە نەبونی بەبون لەت کردوە مەبەست لە( فلق ) بـەیـانی و کائینـاتە تەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٦٦٣.. هەروەها من پێم وایە لەتکەری هەمو تۆو دانەوێڵەکیش بگرێتەوە ئەگەر ڕاستی بۆ چوبم. وەرگێڕ.**

([117]) **أ ـ سورة الناس: (١).**

**ب ـ واتە : خوای گەورە فرمان دەکات بە پێغەمبەرو هەمو موسڵمانان کەبڵێن: من تەنیا پەنا بە پەروەردگاری خەڵکی سەر ڕوی زەوی و خوای هـەمو بونـەوەرو کائینـات دەگرمو تەنیا هاوارو هانا بۆ ئەو دەبەم. وەرگێڕ.**

([118]) **واتە : هەر کەسێك لەشوێنێك، لەچۆلەوانیێکدا مایەوەو گوتی: خوایە من پەنا دەگرم بەوشەو فەرمایشتە تـەواوەکانی تـۆ لەشـەڕوو خرا پـەو دەسـت وەشـاندنی هـەمو دروستکراوەکانت، ئەوە هەتاکو لەو شوێنە دەڕوات هیچ شتێك ناتوانێت زیانی پیّ بگەیەنێت.وەرگێڕ.**

([119]) **واتە : دوعـاو پاڕانەوە خۆی لەخۆی دا بەندایەتی بۆ کردنو پەرستشیە. وەرگێڕ.**

([120]) **واتە : دوعـاو پاڕانەوە پوختەو کاکڵەو مێشکی بەندایەتی بۆ کردن پەرستشیە. وەرگێڕ.**

إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾[121]. خوای گەورە لەموسڵمانانی قەدەغە كردوە كەنابێ ئافرەتانی هاوبەش پەیداكەر لەبەندەكانی بتو بت پەرستانو جنۆكەو فریشتەكانو غەیری ئەوانیش لەدروستكراوەكانی خوا بهێننو بیان خوازن، هەتاكو ئەو كاتەی كەبەڕاستی و بەدڵێكی سافو پاكەوە دەگەڕێنەوە بۆ لای خواو تۆبە دەكەنو بەدڵ پاكیەوە پەرستنو بەندایەتی ساف بۆ خوای تاكو تەنیا دەكەنو بڕوا بەخواو بەپێغەمبەرایەتی نێردراوی خوا محمدﷺدەكەنو لەهەڵسو كەوتیاندا ڕەنگ دەداتەوەو لەبەندایەتیو پەرستنو كاروباری ژیانی ڕۆژانەیاندا شوێنی پێغەمبەرﷺدەكەون، و ژنو ژنخوازی لەگەڵ هاوبەش پەیداكەرانو ناكەنو ئافرەتی موسڵمانیش نادەن بەپیاوانی هاوبەشو هاوەڵ پەیداكەر هەتاكو موسڵمان نەبنو بڕوای ڕاستەقینە نەهێنن.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا پێمان ڕادەگەیەنێت كەهەمیشە كەنیزەیەكی بڕوادار لەئافرەتێكی ئازادی هاوبەش پەیداكەر گەلێك باشترو پاكو خاوێن ترەو بەفەڕ ترو بەپیت ترە. باجوانیو بەژنو باڵاو قسەودەنگو خۆشی یان سەرنجتان ڕابكێشێت لەكاتی سەیر كردنو ئاخاوتن لەگەڵیاندا، هەروەها پێمان ڕادەگەیەنێتو دەفەرموێ: بەندەیەكی بڕوادار گەلێك لەپیاوێكی هاوبەش پەیداكەرو بێ باوەڕی ئازاد باشترو بەسود ترو پاكو خاوێن ترە هەر چەندە جوانیو بەژنو باڵاو گفتو لفتیان سەرنجتان ڕابكێشێن لەكاتێكدا كەسەیریان دەكەنو لەگەڵیاندا دەئاخافتنوبەدڵیشتان بن، یائازایەتیو پاڵەوانێتیان كارتان تێ بكات، یادەوڵەمەندیو سەرو سامانیان تەماحتان وەبەر بنێتو بۆ ماڵی دنیا ژنو ژنخوازیان لەگەڵ دا بكەن، نەخێر ئەمانە هەموی پوچەڵنو بێ ناوەرۆكو فشەڵۆكن تەنیا ئیمانو باوەڕ بون بەخواو بەدینی خواو بڕوا بون بەپێغەمبەرایەتی محمدﷺو ڕەنگ دانەوەی دینو ئەخلاق نەبێت، خوای گەورە لەم ئایەتەدا هۆكارەكانی باشتریو بەڕێزیو بەفەڕ تری بەندەو كەنیزەكانی بڕوادارمان بۆ ڕون دەكاتەوە كەدەفورموێ:﴿ أُوْلَئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ ﴾ سورة البقرة: (٢٢١). واتە: ئافرەتانو پیاوانی هاوبەش پەیدا كەر لەبانگەوازكارانی ئاگرنو دۆستو هاوەڵانو خزمانی خۆیان بۆ ناو ئاگری دۆزەخ پەل كێش دەكەن، بەچی پەل كێشیان دەكەن؟ بەقسەو گفتارو كردەوە درۆو دەلەسە ساختەییەكانیانو بەفریو دانو هەڵ خەڵەتاندنو هەڵسو كەوتو ئاكارو ڕەفتارو پەیمانە بەڕواڵەت هەنگوینیە ساختەییو درۆینەكانیانو لەناوەرۆكدا ژەهراویەكانیان كار لەخەڵكی دەكەنو سەرنجیان ڕادەكێشن. ئەی كەواتە توخوا چۆن ئەمانەو بڕوادارانی ڕاست گۆو تەنیا خوا

---

(121) أ ـ سورة البقرة: (٢٢١).

ب ـ واتە: ئەی بڕواداران ئێوە هەرگیز ئافرەتانی خوانەناسو بێباوەڕو بت پەرست مەخوازن هەتاكو بڕوا نەهێنن، هەمیشە كەنێزەیەكی بڕوادار باشترو بەپیتو بەرەكەت ترە لە ئافرەتانی ئازادی بێ باوەڕوو خوانەناسو بت پەرست هەرچەندە ئەوانتان بەدڵ دا چوبنو سەرنجیان ڕاكێشابنو پێ یان سەرسام بوبن، چ لەبەر جوانیو چ لەبەر ماڵو سامانو بنەماڵەو هۆزو عەشیرەت بێت . هەروەها ئافرەتانی بڕوادار مەدەن بە پیاوانی بێ باوەڕو مولحیدو خوانەناسو بت پەرست هەتاكو ئەو كاتەی پەشیمان دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە لای خوای پەروەردگارو بڕوا دەهێنێت هەر چەندە ئەو پیاوە بت پەرستو بێ باوەڕە سەرنجیشی ڕاكێشا بنو بەدڵتان داچوبێت، چاك بزانە كە بەندەیەكی بڕوادار هەمیشە باشترو بەڕێز ترو خۆشەویست ترە لای خواو پێغەمبەری خواو هەمو موسڵمانانیش، ئەوانە واتە پیاوانو ئافرەتانی بت پەرستو خوا نەناسو ماددە پەرست بەبیرو بۆچونی پوچەڵو قرچۆكو بۆگەنیان خەڵكی بەرەو ئاگری دۆزەخ پەل كێش دەكەن، بەڵام خوای پەروەردگارو بەبەزەیی هەمیشە بەبەزەییو شەفەقەتی خۆی مرۆڤەكان بەرەو بەهەشت بانهێشت دەكاو ڕێگای ڕاستو بەختەوەریو سەربەرزیو سەرفرازی بۆ خەڵكی ڕون دەكاتەوە بۆ ئەوەی بیر بكەنەوەو هۆشیان بیچێتەوە بەرو هۆشیار ببنەوەو ڕێگای ڕاستی خوایی بدۆنەوەو خۆیان لەڕێگای چەوتو پوچەڵ بپارێزن . وەرگێڕ، بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب١ ل٨٨. كۆمەڵێك ڕیوایەت لەبارەی لێك دانەوەی ئەم ئایەتە هەن ئێمە تەنیا یەك ڕیوایەتیان دێنینەوە كە پێمان پەسەند بو . كەدەڵێ: لەعمارەوە دەگێڕنەوە كەئەویش لەأبي جعفر، ئەویش لە باوكیەوە، و ئەویش لەالربیع كەئەم ئایەتە پیرۆزە ﴿ ولاَ تَنْكِحُوا المشركات ـ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ خوای گەورە خواستنی هەمو ئافرەتێكی خوانەناسو هاوبەش پەیدا كەرو بت پەرستی قەدەغەو حەرام كرد، بەڵام دوایی لەسورەتی ( المائدة ) دا ئایەت دابەزیو ئافرەتانی ئەهلی كیتابی واتەئەو گەلو قەومانەی كەلەلایەن خواوە كتێبیان بۆ هاتۆتە خوار جیاكردەوە واتە ئافرەتانی ئەوان بۆ پیاوانی موسڵمان دروستە بخوازرێنو مارە بكرێنو هاوسەر گیرێتیان لەگەڵ دا بگیرێت.كەدەفەرموێت:﴿ الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلُّ لَّهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ وَلاَ مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ وَمَن يَكْفُرْ بِالإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ سورة المائدة: ( ٥ ).

پەرست(الموحـــد) و ڕەوشـتو ئاکـار جـوانو بـەرز وەك یـەك وانو یەکسانن؟ نـەخێر هـەرگیز یەکسان نـینو نـابنو جیاوازیان هەمیشە ئاسمانو ڕێسمانە.

ئەوەتە خوای بەرزو باڵا دەست لەبارەی دوڕوانـەوە دەفـەرموێت:﴿ وَلاَ تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلاَ تَقُمْ عَلَىَ قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُواْ وَهُمْ فَاسِقُونَ ﴾([122]). خوای بەرزو باڵا دەست لەم ئایەتەدا بۆمان ڕون دەکاتەوە کەدو ڕوو بێ یاوەڕانو مولحیدانو خوانەناسان لەچەند نیعمەتێکی خوا بێ بەشنو نابێ بۆیان ئەنجام بدرێت کەلەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان هەڵ دێنین:

١. نابێ نوێژیان لەسەربکرێت کاتێ کەمردنو دروست نیە، چونکە ئـەوان باوەڕیـان بـەخواو بەپێغەمبـەری خـوا نیە.
٢. هەر بەم شێوەی خاڵی یەکەم نوێژ کردنیشیان لەدوا دروسـت نیـەو نوێـژیان لـەدوا ناکرێـتو نـابێ بـشکرێنە پێشەواو پێش نوێژو سەردارو سەرکردەو بەرپرسی موسڵمانان.
٣. بـونی دوژمنایـەتیو ئـەمین نـەبون لێ یـان بـەهۆی بـونی دوژمنایـەتیو نـاکۆکی سـەر سـەختیان لەگـەڵ موسڵماناندا.
٤. متمانە پێ نەکردنو بونی دوژمنایەتیەکی گەورەو سەرسەخت لەنێوان ئەوانو موسڵماناندا.
٥. هەروەها نابێ هەڵسو کەوتو تێکەڵاویان لەگەڵ دا بکرێتو هەمیشە لێ یان وریاو ئاگادار بیت لەبـەر ئـەوەی لەئەهلی نوێژو پەرستنو بەندایەتی کردن نین، و کـوفرو شـیرکیش نـابێ هـەڵسو کـەوتی باشـیان لەگـەڵ دا بکرێتو هاوکاریو هاریکاری بکرێن.

لەخوا دەپارێینەوە کەلەم سیفەتە بۆگەنانە بمان پارێزێتو سەلامەتمان بکات.

هەروەها خوای بەرزو بەتوانا لەبارەی حەرام کردنی گۆشتی منـدارەوە بـوو سـەربڕاوی دەسـتی هاوبـەش پەیـدا کەراندا دەفـەرموێت:﴿ وَلاَ تَأْكُلُواْ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾([123]). خوای گەورە موسڵمانانی قەدەغە کردوە کەگۆشتی منـدارەوە بـوو سـەربڕاوی

---

([122]) أ ـ سورة التوبة: (٨٤).

ب ـ واتە: ئەی پێغەمبەرﷺهەر کاتێك ئەو بێ باوەڕو بت پەرستو دوڕو خوانەناسانە مردن هەرگیز نوێژیان لەسەر نەکەیتو لەگـەڵ تەرمەکـەی دا مـەڕۆو لەسـەر گۆڕەکەشیان ڕامەوەستە، چونکە ئەوانە کافرو بێ باوەڕ بون بەخواو بە پێغەمبەری خوا بەفسقیو بێ باوەڕیو کافری دەمرن، چونکە ئەوانە هەمیشە کەللە ڕەقو ملهوڕ بـونو دەرگای تۆبەو گەڕانەوەیان بۆ لای خوا لەسەر خۆ داخست بو. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٤٩٢. هـەروەها محمـد کـوڕی المـثنى و سـفیان کـوڕی وکیـعو سـوار کـوڕی عبـدالله بۆیـان گێڕاینەوەو گوتیان: یحیی کوڕی سعید بۆی گێڕاینەوەو ئەویش لەعبید الله ڕیوایەت دەکات کەگوتویەتی: نافع هەواڵی پێدام کەئەویش لەإبن عمرەوە دەگێڕێتـەوە و دەڵـێ: کاتێ عبدالله کوڕی سلومی دوڕو دەمرێت کوڕەکەی دەچێتە لای پێغەمبەری خواﷺو پێ ی دەڵێ: کراسەکەتم بدەیە بۆ بابمی بکەمە کفنو وەرە نوێژیـشی لەسـەر بکـەو داوای لێ خۆش بونیشی بۆ بکە لەلای خوای گەورە. ئەویش کراسەکەی دایەوو کاتێ ویستی نوێژی لەسەر بکات ئیمامی عمر پێغەمبەری ڕاکێشاو گوتی: ئەی ڕەسولی خوا ئەدی خـوای گەورە قەدەغەی نەکردی کەنابێ نوێژ لەسەر دو ڕوان بکەیت؟ ئەویش فەرموی: بەڵکو سەر پشکی کردم﴿ استغفر لهم أو لاتستغفر لهم﴾. دەڵێ : پێغەمبـەرﷺنوێـژی لەسـەر کردو خوای گەورەو باڵا دەست ئەم ئایەتەی نـاردە خـوارەوەو قەدەغـەی کـرد کەنوێـژ لەسـەر دوڕوان نـەکات، ئـەویش چیدی نوێـژی لەسـەر نەکردنـەوە. (المکتبـة الـشاملة/ التفاسیر/ تفسیر القرطبي/ سورة التوبةم الآیة٨٤.) . وەرگێڕ.

([123]) أ ـ سورة الأنعام: (١٢١).

ب ـ واتە: ئەی بڕواداران ئێوە گۆشتی حەیوانێك مەخۆن کەناوی خوای لەسەر نەبرا بێت، گومـانی تێـدا نیـە کـەخواردنی گۆشـتێك کـەناوی خـوای لەسـەر نـەبرا بێـت حەرامو کارێکی خراپو گوناحـە. شـەیتانەکان چ ئـادەمی بـنو چ جنۆکـە ـ کەڕیوایـەت لـەم بـوارەوە گـەلێك زۆرن هەنـدێك لەڕیوایەتـەکان دەڵـێن مەبەسـتی لەفارسـەکانو هەندێکی تریش دەڵێن مەبەست لەئیبلیس خۆیەتیو هەندێکی تریش دەڵێن مەبەست لەشەیاتینیە جنۆکەکانە کەدەچنە بـن گـوێ ی دۆسـتەکانیان لەهاوبەشـی پەیـداکارانی عەرەبو جولەکەکانو هانیان دەدەن کەبەبەر یەکـدا چـونو دەمـەدەمو موجادەلـە لەگـەڵ پێغەمبـەرو موسـڵماناندا بکـەن سـەبارەت بەحـەرام بـونو نـەخواردنی گۆشـتی ئـەو حەیوانانەی کەناوی خوای لەسەر نابرێت یا بۆ غەیری خوا سەر دەبڕێن وەك ئەوەی بۆ بتەکانیان یا بۆ هـەر کـەسو شـتێکی تـر سـەر دەبـڕێن واتـە بـەناوی ئەوانـەوو نـاوی ئەوانی لەسەر ببرێت. ئەوە بو ئەو شەیاتینیانە چ بەقسەو گفتارو چ بەنوسین بەدۆستەکانیان لەهاوبەش پەیداکەرانی عەرەبیان ڕادەگەیاند کـە بـچن لەگـەڵ پێغەمبـەرو موسڵمانان قسە بکەنو پێ یان بڵێن: ئێوە دەڵێن ئێمە بەندایەتی بۆ خوا دەکـەین و لەفەرمانـەکانی هـەرگیز دەر ناچین کەچـی لەلایـەکی دیکـەوە دەڵـێن ئێمـە ئـەو گۆشـتە

دەستی هاوبەش پەیدا کەران وئەوانەی بۆ بتەکانو بۆ غەیری خوا سەردەبڕدڕێن نەخۆن، چونکە پیسەو حوکمی سەر بڕاوەکانیان حوکمی مندارەوە بوە هەر چەندە ناوی خواشی لێ هێنرا بێت لەکاتی سەربڕینی دا، چونکە ئەو ناو هێنانەی ئەوان ساختەو درۆزنانەیەو پوچەڵەوە هیچ بایەخێکی نیە، چونکە ئەمەش بەندایەتی کردنە بۆ پەرستراوەکانیان لەغەیری خواو هاوبەشی پەیدا کردنە، دەی هاوبەشی پەیدا کردنیش پەرستنو بەندایەتی بۆ کردنەو هەمو پەرستشیو بەندایەتیەکان بۆ خوا هەڵ دەوەشێنێتەوەو پوچەڵیان دەکاتەوە. هەتاکو هاوبەشی پەیدا کەران تۆبە نەکەنو نەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورەی پەروەردگارو بەتەواوی بڕوا نەهێنن گۆشتی سەر بڕاوەکانیان بەم جۆرە دروست نیە.

وەلێ، خوای گەورەو پاكو بێگەرد خواردنی ئەهلی کتێبەکانی پیش ئیسلامی ڕێگە پێداوەو لەوانی تری هەڵاوێردوە هەروەکو لەم فەرمایشتەی خوادا ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کەدەفەرموێ:﴿ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ ﴾([124]). چونکە ئەوانە پێشتر سەر بەئایینێکی ئاسمانی خوایی بون، ودەڵێن ئێمە لەشوێن کەوتوانی موساو عیسا بوین، هەر چەندە لەم پڕو پاگەندەیاندا درۆش بکەن، خوای گەورە دینی ئەوانی هەڵ وەشاندۆتەوە واتە بەناردنی محمدﷺبۆ هەمو خەڵکی سەر ڕوی زەوی بەگشتی ئایینو بەرنامەی ئەوانی (نسخ) کردۆتەوە و پوچەڵ بوەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خوای باڵا دەستو کاربەجێ خواردنی دەستی ئەهلی کتابو ئافرەتانی ئەوانی بۆ ئێمە حەڵاڵ کردوە، لەبەر حیکمەتێکی زۆر گەورەو نهێنیە باوەکان یاخود نهێنیە پارێزراوو ڕێز لێنانەکان. هەروەکو ئەهلی زانستو زانیاری ڕونیان کردوەتەوە بەپێچەوانەی هاوبەش پەیداکەران لەبەندانی بتو بت پەرستان ومردوان واتە گۆڕپەرستان( الأموات أو المقبورين) لەپێغەمەبرانو پیاو چاکانو دۆستانی خواو غەیری ئەوانیش، ئایینەکەی ئەوان بێ ناوەرۆکەو هیچ بنچو بناوانێکی نیە( دیارە مەبەست ئێستای دوای هاتنی پێغەمبەری ئێمەﷺو هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە نەك ئایینی ئیسلامی ڕاستەقینەی کاتی پێغەمبەرەکانی خۆیان، چونکە ئایینی ئەوان ئێستا کاری پێ ناکرێو هەڵ وەشاوەتەوە - وەرگێڕ). گومانیشی تێدا نیە ، بەڵکو لەبنەڕەتەوە بێ ناوەرۆكو قرچۆکە، کەواتە سەر بڕاوی دەستی ئەهلی کوفروهاوبەش پەیدا کەران حوکمی مندارەوە بوی هەیەو ڕێگەی پێ نادرێ بخورێت.

بەڵام ئەو کەسەی کەپێ ی دەگوترێت: ( جنۆکە دەستت لێ دەوەشێنێت ( جن أصابك) ، یاشەیتان دەتفڕێنێ ( شيطان طار بك) و لەو جۆرە شتانە . ئەمانە لەبابەتی جنێو دانو جنێو فرۆشیو دەم شڕی دانو ناچنە ناو چوار چێوەی شیركو هاوەڵ دانانەوە. ئەمەش هەر کارێکی ناشیرینو ناپەسەندەو نابێ لەناو موسڵمانانداندا ئەم سیفەتە قێزەونانە هەبن و لەدینی خوادا دروست نین([125]). وەك باقی جنێو فرۆشیو بێ ئابڕۆییو دەم شڕیەکانی تری ناو

---

ناخۆین کەخوا سەری بڕیوە واتە مندار بۆتەوە، و ئەو گۆشتەش دەخۆن ولاتان حەڵاڵە کەبەدەستی خۆتان بەچەقۆ و بەتیغ سەریان دەبڕن، ئاوا فرمانەکانی خوا بەجێ دەگەیەننو بەندایەتیو پەرستشی بۆ دەکەن. جائەگەر ئێوەش لەو کاتەدا بەقسەیان بکەنو گوێ ڕایەڵ بن بۆیان ، ئەوە ئەو کات ئێوەش وەك ئەوانتان لێ دێتو دەچنە ڕیزی هاوبەش پەیدا کەرانو هاوەل دانەرانەوە. مەبەست لە( فسق ) گوناحو سەرپێچیە. واتە : ئەگەر بەقسەیان بکەنو گۆشتی مندارەوە بوە کە یا ئەو گۆشتەی کەبۆ بتو پەرستراوەکانی و ناوی ئەوانی لەسەر ببرێت بخۆن ئەوا ئێوەش وەك ئەوان موشریكو هاوەڵ دانەر دەبنو بەمەش گوناحو سەرپێچیەکی گەورەی خوای گەورە دەکەن.تەفسیری گوڵشەن ب٢ل ٣٥٤- ٣٥٥. وە (المكتبة الشاملة/ التفاسير/ تفسير القرطبي/ سورة الأنعام/ الآية :١٢١) وەرگێڕ.

([124]) أ - سورة المائدة: (٥).

ب - واتە : خواردنو سەربڕاوەکانی ئەو گەلانەی پێش ئیسلام کەکتێبەکانی خوایان بۆ هاتۆتە خوارو خاوەنی کتێبن وەك زەبورو تەوراتو ئینجیل بۆ ئێوە حەڵاڵنو خواردنو سەربڕوی ئێوەش بۆ ئەوان حەڵاڵە. وەرگێڕ.

([125]){قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ۝ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ۝ وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ﴾ سورة المؤمنون: (١ - ٣). واتە : بەڕاستی ئەو بڕوادارانە سەرکەوتوو سەرفرازو بەختەوەر دەبن کە کەلەنوێژەکانیاندا مل کەچنو بەدڵێکی بەئاگاو بێداو هوشیارەوە نوێژەکانیان دەکەنو دوەم خاڵیش دەفەرموێ: لەدەم شڕیو جنێو فرۆشیو قسەی پڕو پوچو چەڵتە لێدان دور دەکەونەوەو هەمیشە پشتیانی تێ دەکەن. وەرگێڕ.

کۆمەڵگا . مەگەر ئەو کەسەی کەئەم دەربڕینانە دەر دەبڕێت بیرو باوەڕی وابێت کەجنۆکە توانای کار تێ کردنو هەڵسو کەوتیان لەناو خەڵکی دا هەیە واتە دەتوانن سودو قازانج بەخەڵکی بگەیەننو بەبێ ویستو مۆڵەتی خوای گەورە دەست لەمرۆڤ دەوەشێنن. ئەگەر ئەمە بیرو باوەڕی یان بێت چ لەبواری جنۆکەو چ لەغەیری جنۆکەکانیش لەدروستکراوەکانی خوای گەورە ئەوە ئەو کەسە کافرە بەم بیروباوەڕەیەوە، چونکە(الله) خوای پاکو بێگەرد هەر خۆی خاوەنی هەمو شتێکەو زاڵو بەتوانایە بەسەر هەمو شتێکدا، هەر ئەو دەتوانێت سودو قازانج بگەیەنێتو هیچ شتێك نابێتو ڕو نادات بەبێ ویستو ئارەزوو مۆڵەتی ئەوو بەبێ ویستو قەدەری پێشوی ئەو (مـشيئته وقـدره السابق).

هەروەکو خوای گەورە فرمانی بەپێغەمبەرەکەی ﷺ کردوە کەبەخەڵکی ڕابگەیەنێتو ئەم بنەڕەتە گەورەو گرنگە یان پێ بگەیەنێت. هەروەکو دەفەرموێ:﴿ قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (١٢٦). دەی ئەگەر گەورەی هەمو ئادەمیزادەکانی سەر ڕوی زەوی ﷺ هیچ شتێکی لەدەست نەیەتو هیچ شتێکی بۆ خۆشی بەدەست نەبێتو نەتوانێت نەسود بەخۆی بگەیەنێتو نەزیانو بەڵا لەخۆی لابدات، مەگەر بەویستی خوای گەورە بێت ، ئەی کەواتە چۆن بۆ کەسانی تر و شتەکانی تر لەدروستکراوەکانی خوای گەورە دەتوانن ئەم کارە قورس گرانە ئەنجام بدەنو ئەم توانایەیان هەیەو ئەمەیان لەدەست دێت؟!!! ئایەت لەم بوارەدا گەلێك زۆرن بەڵام ئێمە لەمەندە پتر ناهێنینەوە ، چونکە ئەوەندە بەسە بۆ کەسێك کەتۆزێك تێڕامانو ژیری هەبێت.

بەڵام سەبارەت بەپرسیار دەربارەی شوێن هەڵگرانو قۆڵ بڕانو فاڵچیانو ئەستێرە گرەوانو ئەم جۆرە کارە نابەجێو ناشەرعیانەو هاو شێوەکانیان، کەهەواڵە پەنهانیەکان(المغيبـات) ڕادەگەیەنن یان گوایە کارە غەیبیەکان دەزانن، ئەوە کارێکی خراپەو بەهیچ شێوەیەك دروست نین، بڕوا پێ کردنیان خراپترو توند ترو بەهێز ترو ناپەسەند ترە لەکارە ناشەرعیەکانی تر، نەك هەر ئەمە بەڵکو لقێکە لە لقەکانی کوفرو کافر بون، بەگوێرەی ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ کەفەرمویەتی: {من أتى عرَّافاً فسألهُ عن شئٍ لم يقبل له صلاة أربعين يوماً}(١٢٧). هەر لە (صـحيحة)کەی

---

(126) أ ـ سورة الأعراف: (١٨٨).

ب ـ لەنامەکانی ڕابردودا واتاکە یمان لێك داوەتەوە.وەرگێڕ.

(127) أ ـ رواه مسلم في صحيحه.

ب ـ واتە: هەر کەسێك بچێتە لای شوێن هەڵگرێكو داوای شوێن هەڵگرتنی شتە دزراو یان ون بوەکەی لێ بکات ، یاداوای هەر شتێکی لێ بکاتو بڕواشی بەقسەکانی هەبێتو کاری پێ بکات ئەوە بۆ ماوەی چل ڕۆژ نوێژەکانی لێ وەرناگیرێتو خوای گەورە لێ ی قبوڵ ناکات.وەرگێڕ.

ج ـ نمونەی ئەم جۆرە پەنا بردنانە لەوڵاتی خۆماندا لەکوردستان گەلێك زۆرن، چەندان جار خەڵکی ماڵاتیان لێ دەدزرا، یان ماڵیان دەبڕدرا، دەچونە لای شوێن هەڵگرێكو دەیان هێنایە ئەو ماڵەو ئەو شوێنەی کەدزیەکەی لێ کراوە. ئەو شوێن هەڵگرە گوایە شوێن پێو شوێنەواری ئەو دزە دەبینیو بەشوێنی دا دەڕوات، دیارە ئەمەش هەر جۆرێکە لەو فرو فێڵو تەڵەکەبازیو چەواشە کردنی خەڵکان، یان جۆرێکە لەسیحرو جادوو پەنا بردنە بەر جنۆکەکانو بەندایەتی بۆ کردنیانو ئەوانیش لە پێناو چاکە دانەوەی ئەو جۆرە کەسە فێڵ بازو قۆڵبڕانە لەکاتی پشکنینی ئەو ماڵو شوێنی ئەو دزی لێ کردنە لەگەڵ ئەو سیحربازەدا بنو شوێنەکەیان پێ بڵێن، کەخەڵکە سادەکە ئەو جنۆکانە نابیننو سیحر بازەکە دەیان بینێت، بۆیە زۆر جاران لەگەڵ تەقدیری خوا تێکی دەکردەوەو ڕاست دەر دەچو، زۆرینەی جارانیش درۆ دەردەچوو کێشەیەکی کۆمەڵایەتیشی بۆ ئەو دو بنەماڵەیە دەنایە وە کەکاری شوێن هەڵ گرتنەکەیان بەڕاست دەرنەدەچو.

هەروەها کاری خەواندنی موگناتیسیش یەکێکە لەو کارە شەیتانیو سیحر بازیانەو هیچی بەسەر هیچەوە نیەو لەشەریعەتی خوادا جێگەی نابێتەوە، تائێستا نەم بینیوە تاکە قسەیەکیان ڕاست دەر چوبێت خۆ ئەگەر جارێك لەجاران وەك باقی لقەکانی تر سیحر بازی بەڕاست دەر چوبێت، ئەویش هەر وەك هاوێنەکانی تری جادو گەری وایەو جنۆکەو شەیاتینیەکان هاریکاریان دەکەن. من خۆم لەساڵەکانی سەرەتای دو هەزارەکان بو شەوێك دوکانەکەیان بڕیم کەلەکاتی گرانیەکەدا بو، بایی ١٢ـ ١٣ هەزار دینارێکی سویسریم بردراو تاڵان کرا. دیارە ئەوانەی شکم لێ بون سیناریۆیەکیان دروست کرد تا من چەواشە بکەنو لەخۆیانی لابدەن، کەکردیشیان. ئەوە بو شەوێکی تر دوکانی خۆیان بڕدرا (کەمن بەگومانی خۆم دەڵێم خۆیان بڕیان )و بۆ دو ڕۆژ دواتر هاتنە لامو گوتیان ئێمە دزەکەمان دۆزیوەتەوە دوێنێ شەو خەواندنی مگناتیسیمان کردوەو پێ ی گوتوین کێ یە. بۆ درۆو ڕاستیان وەرە ئەمشەو بۆ تۆشی بەکار دەهێنین. گوتم: باشە. شەو چوم ئەوان گوتیان شێخێکمان لەهەولێرەوە هێناوە، کەچومە

مسلم دا هاتوه کەمعاویەی کوڕی الحکم السلمي ﷺ دەگێڕێتەوە کەپێغەمبەر ﷺ چونە لای شوێن هەڵگران و پرسیار کردن و داوا کردنی هەڵگرتنی شوێنی حەرام و قەدەغە کردوە. لەخاوەن(السنن)ەکانەوە هاتوە کەلەپێغەمبەرەوە ﷺ کەفەرمویەتی: { من أتى كاهناً فصدَّقه بما يقول فقد كفر بما نزل على محمد ﷺ }([128]). فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ لەم بوارەدا گەلێك زۆرن. جائەوەی لەسەر موسڵمانان پێویستە ئەوەیە کەدەبێ هەمیشە لەو کاهن و شوێن هەڵگرو فاڵچی و تەڵەکەبازانە و قۆڵ برانە بەگشتی وریاو ئاگاداربن و نەچنە لایان و پەنایان بۆ نەبەن و داوای هیچیان لێ نەکەن و پرسیاری یان لێ نەکەن کەدەم لە کارە پەنهانەکان وەردەدەن گوایە غەیب زانن و هەواڵە غەیبیەکان دەزانن و دەتوانن بەخەڵکی یان ڕابگەیەنن. بەم کارانەیان هەمیشە پەردە بەسەر چاوو دیدی موسڵمانان دادەدەن. جاچ بەناوی نوژداری و پزیشکی یەوە بێت و چ بەبیانوی هەر شتێکی ترەوە بێت.. بەگوێرەی ئەو فەرمودەو قەدەغە کردنەی پێغەمبەر ﷺ کەپێشتر ئاماژەمان پێ کردو لەو کارە خراپ و بێ شەرعیانەی ئاگادار

---

ماڵەکەیان شەو دەستیان کرد بەسیناریۆیەکە. دەبینم شێخەکە یەکێکە لەخەڵکی شارەکەی خۆمان و گەڕەکەکەی خۆمان. لەخەو خستنەکەی کردو لەیەکەم هەنگاوەوە دەستیان بەو سیناریۆیە کرد کەئەنجام درا بو لە پرۆسەی دزی کردنەکە. کچەکەی خۆیان خەواندو هەنگاو بەهەنگاو پێ یان دەگوت:

ـ فلان کەس چ دەبینی؟

ـ ئەوە فلان کەس بەدزە دزە هاتە کۆڵانەکەو ئەوە چوە بەردەرگای دوکانەکەی کاك احمد، ئەوە قفڵەکەی شکاندا. ئەوە فلان کەس و فلان کەسن ( دیارە ناوە ئەسڵیەکانیشی دەگوتن ). شتەکانیان پێچایەوەو بەفلان کۆڵانەدا ڕۆیشتن و چونە ماڵی یەکەم کەسیان (کەناوەکەی دەگوت )، لەوێوە چونە ماڵی فلان کەس لەدزەکان. لە پاش مەعرەزی نوێنەکانی ماڵی خۆیان شاردەوە. بۆ بەیانیش بردنیە حاجیاوا و بەفلان گەڕەك داڕۆیشتن تاگەیاندیانە ناو مەمەنداوەییەکان و لەوێ بەفلان دوکانەیان فرۆشتن، دوکانەکە لەسەر پەڕی کۆڵانەکەدایە.

ئەوجار سیانریۆیەکە تەواو بو بەخەبەریان هێنا . بۆ شوێنە ونیان تا من بڕوایان پێ بکەم کچەکە چاوی خۆی هەڵ دەگلۆفین و دەی گوت سەرم دێشێ. ساحیرەکەش دەی گوت: ئەوە لەقورسایی خەواندنەکەیە. بۆ بەیانی بۆ سور کردنەوەی درۆیەکانیان کابراو کچە خەوتوەکەم لەگەڵ خۆم برد بۆ حاجیاوا و گەڕەکی ناوبراو تاگەیاندمیە ناو مەمەنداوەییەکان و یەخەی دوکانێکی بەتاقەوەی گرت لەدەروازەی ئەو کۆڵانەدا و گوتی ئەمە هەوەو بەم دوکانەی فرۆشتون ئەشیاکانی تۆ. منیش چومە ژوری دوکانەکەو سەلامم لێ کردو گوتم:

ـ برا گیان زەحمەت نەبێت من لەچوارقوڕنە دوکانم تالان کراوەو دەڵێن لەو ڕۆژانەدا هەندێ کەس هاتونە لای جەنابت و هەندێ شتی دوکانیان بەتۆ فرۆشتوە، ئایا ئەم قسەیە ڕاستەو لەو ڕۆژانەدا شتی وا بوە لای تۆ؟

ـ وەڵڵاهی براگیان من شتم لەدەست کەس نەکڕیوە لێرە بەڵکو من لەچوارقوڕنەو لەڕانیە لەبەکۆمەڵ فرۆشەکان( جملە فرۆش ) دەکڕم هەتا ناوی ( جملە فرۆشەکانی هەمو پێ گوتم کەلای دەکڕین، من بۆ خۆشم لای ئەوانە دەم کڕین )ن ئەوەش دوکان بۆ خۆت سەیری بکە بزانە هیچیان دەناسیەوە.

. ئەو قسانەی دەیان کرد هیچی تێکی نەکردەوەو هەموی درۆ بون. ئەوجار بەکابرام گوت:

ـ کوا شتەکان و کوا درۆیەکانی خۆتان و ساحیرەکەتان.؟

ـ وەڵڵاهی دەنا خەواندنەکە ئێرەی نیشانی ئێمەدا.

ئەوانە ساحیر بون شتەکانی تێکی نەکردنەوەو درۆزن بون و سیحرەکەیان نەی گرت. بەتەویا بون فیتنەیەکی دیکەشم بۆ بنێنەوە سەرباری تالان کردنی دوکانەکەم و دزینی پتر لە١٢ هەزار دینار و بەگژ خەڵکی دیکەشم دابکەن. ئیدی وازم لێ هێنان و نەمزانی یەخەی کێ بگرم، ناچار حەواڵەی خوای گەورەم کردن و زۆری پێ نەچو خوا هەقی کردم. جا داوام لەبرایانی موسڵمان ئەوەیە کەبەرچاو ڕۆشن بن و چیدی بەچەواشە کاری ئەو قۆڵ بڕو چەواشەکارانە فریو نەخۆن و بگەڕێنەوە لای بەرنامە پیرۆزو ڕاست و ڕەوانەکەی خوای گەورەو دەست بەقورئان و سوننەتەوە بگرن بەخوای بەخوای لەدنیاو لەقیامەتدا سەربەرزو سەرفرازو سەرکەوتو دەبن و لەدەستی شەیتان و شەیتانیەکانیش سەلامەت و ڕزگار دەبن. بۆ ئەو خەواندنی موگناتیسە پرسیارم لەیەکێ لەماموستاکان کرد کە پێش نوێژو وتار خوێنی یەکێك لەمزگەوتەکانە گوتم:

ـ ماموستا دەڵێن ئەو کاری خەواندنی موگناتیسیە کارێکی زانستی و تاکتیکی سەربازیە حوکمی چی یە لەشریعەتی ئیسلامدا.

ـ مادام کارێکی زانستی و سەربازیە هیچی تێدا نیە و دروستە بکرێت.

بەڕاستی منیش بۆیە ئەنجامم دا.

هەروەها ئەو بورجانەی کەلەکەناڵە تەلەفزیۆنی و گۆڤارو ڕۆژنامەوسەتەلایتەکانەوە پەخش دەکرێن بەرو بازاڕێکی زۆریان هەیە ئەمانیش جۆرێکن لەجادو جادوگەری کەڕۆژانە خەڵکێکی زۆریان گێژو وێژو سەرقاڵ کردوە بەو بورجە درۆینانە جادو گەریانە بۆ چەواشە کردنی ئەو خەڵکەو بەتایبەتی گەنجان بۆ ئەوەی سەر سڕو سەرگێژ ئاگایان لەهیچ نەبێت و لا لەشتی تری بڤە نەکەنەوەو بێ ئاگایان بکەن لەدینی ئیسلامی پیرۆز کەبەڕاستی حەلی هەمو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئایینیەکانی پێ یەو بۆ بەختەوەری مرۆڤەکان هاتوەو هەر کەسێك دەست بە پەتی ئەو ئیسلامەوە بگرێت لەدنیاو لەقیامەت سەربەرزو سەرفراز دەبن، بۆیە داوام لەموسڵمانانی بڕواداری ڕاستەقینە ئەوەیە کەوریاو بەرچاو ڕۆشن بن و بەتەواوی لەدینەکەیان حاڵی بن و بەدوای ئەو خورافیات و جادو گەریانە نەکەون. بەدوای فڕو فێڵ جادو گەران و قۆڵبڕان و دوژمنانی ئیسلام نەکەون. وەرگێڕ.

([128]) واتە: هەر کەسێك بچێتە لای کاهنەکان و بڕواشی هەبێت بەو قسەو فتوایانەی کە پێ ی دەڵێت، ئەوا بێ باوەڕە بەو بەرنامەیەی کەبۆ محمد ﷺ هاتۆتە خوار واتە بڕوای بەقورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ نەماوە. وەرگێڕ.

کردینەوە. ئەو جادو گەرو قۆڵ برانە دەڵێن گوایە هەر بۆنی عەمامەو کلاو وجامانەی نەخۆش بکات، یابۆنی لەچکی ئافرەتی نەخۆش بکات یاهەر شتێکی تری لەم جۆرانە بکات، یەکسەر دەزانێ کەنەخۆشەو هۆکارەکانیشی دەزانیێو پێش ئەوەی لای دابنیشیێو قسەی بۆ بکەن دەڵێ: تۆ ئەمەت کردوەو ئەمەت لەدڵدایەو هۆکاری نەخۆشیەکەشت ئەوەیە. ئەم کارەت ئەنجام داوەو ئەمەت کردوە بۆیە توشی ئەم نەخۆشیە بوی. دیارە گومانی تێدا نیە کەئەمانە درۆزنن، چونکە ئەمانە لەکارە غەیبیەکانو تەنیا خوای گەورە دەزانێتو هیچ کەسێك ئەمە نازانێتو لەتوانای کەسو هیچ شتێکدا نین، و لەعەمامەو کلاوو جامانەیو لەچکی کەس دا نین ئەم فاڵچیو جادو گەرانە مەبەستیان ئەمە نیە، بەڵکو مەبەستی سەرەکیان بەرچاو لێڵ کردنو پەردە بەسەر چاو دادانی خەڵکی یە بەگشتی تاکو پێ ی بڵێن بەخوا زیرەكو غەیب زانو کەرامەتدارەو کابرایەکە لاپەڕەی سپی دەخوێنێتەوەو ئەسپی خۆشی لەبواری نوژداری دا تاوداوەو لەپزیشکی دا زاناو شارەزایە. و جۆرەها نەخۆشیو هۆکارەکانیشیان دەزانێت هەروەها بۆ قۆڵبڕینو کێشانەوە ماڵو سامانی خەڵکیو خواردنیان بەناهەقو ڕوتاندنەوەی خەڵکی. لەوانەشە هەندێ داوو دەرمانو چارەسەریشیان بداتیێو پێ ی چاك ببێتەوەو لەگەڵ قەدەری خوادا ڕێك بکەوێت، خۆ ئەگەر ئەو دەرمانەشی نەدابایە هەر چاك دەبوەوە، چونکە قەدەری خوا وا بوە دەبوایە چاك ببێتەوە، کەچی ئەوان وا دەزانن کەهۆی چاك بونەوەکەی ئەو دەرمانو چارەسەریەی ئەو جادوگەرە بوە. چونکە چاك بونەوەو شیفا هاتن کارێکی نهێنیو پەنهانە لەخوای گەورە بەولاوە کەسی تر نایزانێت.

وەلەوانەشە نەخۆشیەکە یا دەردەکە هۆکارەکەی هەندێ جنۆکەو شەیتان بێت، کەخزمەتی ئەو کەسە بن کەپروپاگەندەی نوژداریو پزیشکی دەکەن واتە جادوگەرەکەو هەواڵی هەندێ لەکارە غەیبیەکانی بۆ بدرنو بۆی بهێنن بۆ ئەوەی ئەوەندەی بۆیان بکرێت خەڵکی فریو بدەنو لەڕێگەی بیرو باوەڕی ڕاستەقینەی ئیسلامو موسڵمانان لاڕێ بکەنو هەڵیان دێرن. و ئەوانیش لەکارە هەڵ فریوێنو بەرچاو لێڵ کردنەکانیاندا پشتی پێ ببەستنو جنۆکەو شەیاتینیەکان ڕازی بکەنو گوێ ڕایەڵیو بەندایەتی یان بۆ بکەن، ئەوەی کەلەگەڵ خۆیاندا بگونجێن ئەوانیش ئەو نەخۆشیو دەردەی کەتوشی نەخۆشەکەیانیان کردوە دەستی لێ بگرنو وازی لێ بهێنن. واتە چیدی دەستی لێ ناوەشێننو ئازادی دەکەنو ئازاری نادەنو بەڕواڵەت نەخۆشەکە لەو نەخۆشیەی کەتوشی بوە، جاچ تێك چوە واتە شێت بوە یاباری تەندروستی ئالۆزکاوە چاك دەبێتەوەو نەخۆشەکەو خاوەنی نەخۆشەکەش وا دەزانن کەئەو کابرایە یاخاڵە شێخ چاکی کردۆتە. ئەمەش شتێکی باوو ئاساییە بۆ جنۆکەو شەیاتینیەکانو ئەوانەی خزمەتیان دەکەن یا باشتر بڵێین خزمەتکارەکانیان لەناو چینو توێژەکانی مرۆڤدا.

دەی ئەرکی سەر شانی موسڵمانانە کەدەبێ زۆر لەم بوارەو لەگشت بوارەکانی تردا لەشەیتانو خزمەتکارانی لەناو چینو توێژەکانی جنۆکەو مرۆڤەکاندا وریاو بەرچاو ڕۆشنو هۆشیار بنو نەکەونە ناو داوی ئەو قۆڵ بڕو فێڵبازو جادوگەرانەوەو ئامۆژگاری بکرێن کەواز لەو کارە خراپو قێزەونە بهێننو پشتی تەواو تەنیا بە(الله) خوای پاكو بێگەردی خۆیان ببەستنو پشتو پەنایان تەنیا خوا بێت لەگشت کارو بارەکانی ژیانیانداو تەنیاو تەنیا پشت بەو ببەستن، هیچیشی تێدا نیەو دروستە ئەگەر دوعاو ویردە شەرعیەکانو داوودەرمانو چارەسەری شەرعیو ڕێگە پێدراوەکان بەکار بهێننو بچنەی لای نوژدارانو پزیشکانی بڕوا پێ کراوو پسپۆڕانی نەخۆشیە جۆر بەجۆرەکانو بچنە نەخۆشخانەو سەردانگاکانی دکتۆرو نوژدارە خاوەن بڕوانامەکانی ئەم بوارە کەپشکنینی تەواوی زانستیانە بۆ نەخۆشەکان ئەنجام دەدەن تانەخۆشیەکەو هۆکارەکانو نیشانەکانی توش بونی نەخۆشیەکە دەدۆزنەوەو

**چارەسەری زانستیانەی ڕاستەقینەیان بۆ دەنوسن. ئەویش لەڕێگەی هۆکارە پشکنینیەکانی هەستیاریو مەعقولیەکانەوە تا دڵنیا دەبن لەدۆزینەوەی نەخۆشیەکەو نوسینی چارەسەری. ئەوەتە لەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەرداﷺهاتوە کەفەرمویەتی:** {ماأنزل الله داء إلاَّ أنزل له شيفاء، علمه من علمه وجهله من جهله}([129]).

**فەرمودە لەم بوارەدا گەلێك زۆرن، بەڵام ئێمە بەمەندە باسەکەمان دەبڕینەوەو ئەمەندە بەسە بۆ مرۆڤــو موسڵمانی ژیرو بەرچاو ڕۆشن.**

**داوا لەخوای باڵا دەستو بەرزو بەتوانا دەکەین کەحاڵی موسڵمانان چاك بکات لەهەمو جیهاندا، وەچارەسەریو شیفای دڵەکانو جەستەی موسڵمانان بکات لەهەر شوێنێك بن لەم جیهانە پانو پۆڕەدا. ولەهەمو خراپەیەك بیان پارێزێت، هەموان لەسەر ڕێگەی هیدایەت ڕێگەی قورئانو سوننەت کۆبکاتەوە، ئێمەشو ئەوانیش لەسەر لێشێواویەکانی فیتنەو خراپەکاری بپارێزێت، وەلە گوێ ڕایەڵیو بەندایەتی بۆ کردنی شەیتانو دۆستەکانی بمان پارێزێت، ئەو خوای پەروەردگارە توانایە بەسەر هەمو شتێکدا، هیچ هێزو تواناو دەسەڵاتێك نیە بۆ هیچ کەسو شتێك بێجگە لەخوای باڵا دەستو گەورەو کار بەجێ.**

وصلى الله وسلم وبارك على عبده ورسوله نبينا محمد وآله وصحبه

---

([129]) **واتە : خوای گەورە هەر دەردو نەخۆشیەکی نارد بێتە خوار شیفاو چارەسەریشی بۆ ناردوە، جانەزانینو ناسینو دۆزینەوەی ئەو نەخۆشیەو چارەسەریەکەی لەزانستیو بەرچاو ڕۆشنی ئەو کەسەدایە کەتوشی نەخۆشیەکە دەبێت، نەدۆزینەوەو چارەسەر نەکردنەکەش لەنەفامیو نەزانی نەخۆشەکەدایە کەبە پیر هۆکارەکانی چارەسەرە شەرعیەکانەوە ناچێت یاخود هی هەمو مرۆڤە بەگشتیو دەکەوێتە سەر ئاستی ڕۆشنبیریو زانستیو بەرچاو ڕۆشنی ئەو گەلو نەتەوەو ئەو وڵاتە. وەرگێڕ.**

# نامەی سێ یەم

## حوكمی بەندایەتی كردن بەویردە بیدعیو هاوبەش پەیدا كردنیەكان

لەعبدالعزیز كوڕی باز بۆ شكۆمەند برای بەڕێز (..............).خوای گەورە سەر بەرزو سەرفرازو سەركەوتوت بكات بۆ هەمو كارێكی خێرو چاكە. ئامین.

سلام علیكم ورحمة الله وبركاته، أمابعد:

نوسراوە بەڕێزەكەتانم پێ گەیشت خوای گەورە سۆزو بەزەییو ڕێنومایی خۆیتان پێ ببەخشێت. هیدایەتتان بدات بۆ ڕێگەی ڕاستی قورئانو سوننەت. لەونامە بەڕێزەدا نوسیوتانە كەلەوڵاتی ئێوەدا كەسانێكو خەڵكانێك هەن كەپەیوەندو پەیوەستن بەویردانێكەوە كەخوای گەورە هیچ بەڵگەو زانیاریەكی لەسەر نەناردون لەدینی خوادا نینو دروست نین. لەو كەسانەدا هەیە كەلەتازەگەرانو داهێنانەرەكانن (البدعیین) و هەشیانە هاوبەش پەیدا كەرنو هاوەڵ دانەرن بۆ خوای گەورە( شركي) و ئەو ویردانەش دەگێڕنەوە بۆ ئەمیری بڕواداران(علي كوڕی أبي طالب ﷺ)و بۆ غەیری ئەویش، وەئەو ویردانە لەكۆڕو كۆبونەوە ویردیەكان(مجالس الذكر)دا دەكەن، یاخود لەمزگەوتەكانداو لەدوای نوێژی شێوان(المغرب) دەیان كەن، و دەڵێن: ئەوە نزیك بونەوەیە لەخوا، یابۆ ئەوەی دەی خوێنن تالە خوا نزیك ببینەوە. وەك ئەو ویردانەی كەدەڵێن: بۆ خاتری خوا پیاوانی خوا (رجال الله) یارمەتیمان بدەنو بەفریامان بكەون، پەنامان بدەنو ڕزگارمان بكەن، ئێوە پەنا دەرمان بن بەخوای گەورە. یاوەكو ئەوەی كەدەڵێن: ئەی جەمسەرەكان(یا أقطاب) ئەی گەورەو سەیدەكان وەڵاممان بدەنەوەو مەدەدو پەنامان بدەن ئەی خاوەن ئیمدادو پەنادەرەكانی ناو ئێمە، تكامان لای خوا بۆ بكەن، ئەمە بەندەی ئێوەیە لەبەر دستتاندا وەستاوە، ولەبەر دەرگای ئێوەدا بەچۆك دا هاتوە، ولەبەر گوناحو كەم تەرخەمی خۆی مل كەچو زەلیلەو دەترسێ، ئەی ڕەسولی خوا هانامان بدەو فریامان بكەوە، جوێ لەئێوە كەسی ترم نیە لای لێ بكەمەوەو بۆ لای بچمو پەنای بۆ بەرم، تەنیا لای ئێوە داوا كار مەبەستەكەی دێتە دی، ئێوە ئەی ڕەسولی خوا پەنامان بدە. هەروەها دەڵێن: خوایە ڕەحمەت بڕێژە بەسەر ئەو كەسەی كەبوە بەهۆی لەت بونو بڵاو بونەوەی نهێنیە گەورەو بەدەسەڵاتو بەتواناكانی خۆتو لەت بونو پەرش بونی نوری ڕەحمانی خۆت، بوەتە جێگری شكۆمەندی پەروەردگارێتی تۆ، هەروەها ئارەزومەندی بەڕێزتان لەڕون كردنەوەو لێك جیا كردنەوەی ویردە بیدعیەكانو ویردە هاوبەشی پەیدا كردنیەكان(الشرك) ، وەئایا دروستە نوێژ لەدوا ئەو پێش نوێژ خوێنە بكرێت كەئەم جۆرە دوعاو ویردانە دەخوێنێت؟

**وەڵام:**

الحمد لله والصلاة والسلام على من لانبيَّ بعده، وعلى آله وصحبه، ومن اهتدى بهداه إلى يوم الدين. أمابعد:

بزانە هەی خوا سەر بەرزو سەر فرازت بكات، خوای گەورە دروستكراوەكانی خۆی دروست كردونو نێردراوانی خۆی(علیهم الصلاة والسلام) ڕەوانە كردون بۆ ئەوەی تەنیا ئەو بپەرستنو هیچ هاوەڵی بۆ دانەنێنو تەنیا ئەو بەتاكو تەنیا بپەرستنو بەندایەتی تەنیا بۆ ئەو بكەن، چونكە خوای گەورە تاكو تەنیایەو هیچ هاوەڵو شەریكی نین. هەروەكو خوای گەورەو بەرزو بەتوانا دەفەرموێت:﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[130].

---

([130]) أ ـ سورة الذاريات: ( ٥٦ ).

ب ـ واتاكە یمان لەنامەكانی ڕابردودا نوسیوە. وەرگێڕ.

بەندایەتی بۆ کردن(العبادة): بریتییە لەگوێ ڕایەڵی‌وبەندایەتی کردن بۆ خوای پاك‌و بێگەردو فەرمانبەرداری‌و گوێ ڕایەڵی نێردراوی خۆی محمدﷺ، بەئەنجامدانی ئەوەی کەخواو پێغەمبەرەکەی فەرمانی پێ دەکەن‌و واز هێنان‌و نەکردنی هەمو ئەو شتانەی کەخوای گەورەو پێغەمبەرەکەی قەدەغەیان کردوە، لەگەڵ ئەو پەڕی بڕوا بون بەخواو بەپێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خواﷺو نیاز پاکی بۆ خوای گەورە لەبەندایەتی‌و پەرستنی خوادا و هەمو کارو کردەوەکانت لەم جیهانەدا بەپێ ی بەرنامەکەی خوا بێت لەقورئان‌و سوننەت‌و لەگەڵ ئەو پەڕی خۆشەویستی بۆ خوای گەورەو تەواوی مل کەچی بۆ خوای گەورە بەتاك‌و تەنیایی. هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ﴾(١٣١). واتەخوای گەورە فرمانی پێ کردوین‌و ئامۆژگاریمان دەکات کەبەتەنیا خوا بپەرستین‌و هاوەڵی بۆ دانەنێین. **هەروەها دەفەرموێت**:﴿ الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ۝ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ ۝ مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ ۝ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾(١٣٢). لەم ئایەتانەدا خوای گەورە بۆی ڕون کردوینەوە کەتەنیا خۆی شایستەو موستەحەقە بە پەرستن و بەندایەتی بۆ کردن‌و هەر ئەو مستەحەقی هانا بۆ بردن‌و پەنا پێ گرتنەو هیچ بەشداری‌و هاوبەشی نین، هەروەکو دەفەرموێت:﴿ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ ۝ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ﴾ (١٣٣). **هەروەها دەفەرموێت**:﴿ فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴾(١٣٤). **هەروەها دەفەرموێ**:﴿ وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا ﴾ (١٣٥). ئەمەو ئایەت گەلێك زۆر هەن‌و هەر ئەمەندە دەهێنینەوە، هەر هەمویان ئەوە دەسەلمێنن کەپێویستە بەندایەتی و پەرستشی تەنیا بۆ خوای گەورە بکرێت‌و بەس‌و هیچ کەس‌و هیچ شتێکی تری لەگەڵدا نەپەرسترێت‌و بەندایەتی بۆ نەکرێت. شتێکی ڕون‌و ئاشکرایە کەدوعاو پاڕانەوە بەهەمو جۆرەکانیەوە بەشێکن لەبەندایەتی بۆ کردن، بۆیە بەهیچ شێوەیەك دروست نیەو نابێ بۆ هیچ کەس‌و بۆ هیچ شتێکی تر لەغەیری خوا ئەنجام بدرێت یاداوا بکرێت و تەنیا دەبێ داوا لەخوای پەروەردگار بکرێت‌و تەنیا لەبەر خوا بپاڕێنەوە، هاناو پشت بەهیچ کەسێ پشت بەهیچ کەسێك ببەسترێت بێجگە لەخوای گەورەو بەتەواوی بەپێ ی ئایەتە پیرۆزەکانی خوا بڕۆین بەڕێوە، واتاو ئەحکامەکانی ئەو ئایەتانە بەکار بهێنین‌و لەخۆماناداڕەنگیان بدەینەوە. بەڵام لەکارو بارە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەوهۆکارە هەستەوەریەکانی خەڵکی کەزیندون و لەژیاندان و لەتواناو دەسەڵاتی ئەواندا بێت‌و بتوانن هاریکاری بکەن‌و داواو

---

([131]) أ ـ سورة الإسراء: (٢٣).

ب ـ واتاکە یمان لەنامەی دوەمدا نوسیوە. وەرگێڕ.

([132]) أ ـ سورة الفاتحة: (٢ ـ ٥).

ب ـ واتە: سوپاس‌و ستایش بۆ خوای خوڵقێنەری هەموبونەوەرو جیهانیان و پەوەردگاری هەمو جیهانیان. لەلێکدانەوەی زاراوەی( الرحمن الرحیم) گەلێك بیرو ڕاو بۆ چون‌و ڕێوایەت هەن ئێمە لەبەر درێژ نەبونەوە تەنیا ڕێوایەتێکمان واتە فەرمودەیەکمان هەڵبژارد کەلە (المكتبة الشاملة/ التفاسر/ تفسير القرطبي ) بۆ سورەتی فاتیحە کەدەفەرموێ: { لە السري کوڕی يحيى التميمي گێڕدراوەتەوە ئەویش لە عثمانی کوڕی زفر کەگوتویەتی: گوێم لە العرزمي بو دەی گوت: ( الرحمن) واتاکەی فراوانترە لە (الرحيم) چونکە واتای (الرحمن) خوای بەبەزەیی دەبەخشێت بۆ هەمو دروستکراوەکانی خوا یا بەزەیی خوا دەبەخشێت لەدنیاو لە قیامەتدا، وەلێ واتای (الرحيم) تەنیا بەزەیی خوا بۆ بڕوادران یا تەنیا لەقیامەتدا دەبەخشێت. ئەو خوایەی کەتەنیا ئەو خاوەنی ڕۆژی دواییەو لەو ڕۆژەدا کەس خاوەنی بڕیار و قسە کردن و فرمان دەر کردن نیە، ئەی خوای پەروەردگار ئێمە تەنیا تۆ دەپەرستین‌و بەندایەتی هەر بۆ تۆ دەکەین و بۆ هیچ کەس‌و بۆ هیچ شتێکی تر نا. وە تەنیا هانا و پەنا بۆ تۆ دەهێنین‌و بۆ کەس‌و هیچ شتێکی تر نا. وەرگێڕ.

([133]) أ ـ سورة الزمر: (٢ـ ٣).

ب ـ واتاکە یمان لەڕابردودا شرۆڤە کردوە. وەرگێڕ.

([134]) أ ـ سورة غافر: (١٤).

ب ـ واتاکە یمان لە پێشتر نوسیوە. وەرگێڕ.

([135]) أ ـ سورة الجن: (١٨).

ب ـ واتاکە یمان لەنامەی یەکەم دا نوسیوە. وەرگێڕ.

هانا بۆ بردنەکان جێ بەجێ بکەن‌و دەست گیرۆیی یەکتری بکەن ئەو کاتە دروستە داوا لەخەڵکی بکرێت بەلاّم بەمەرجێ زیندو بن‌و لەژیاندا بن، چونکە ئەمانە بریتی نین لەبەندایەتی بۆ کردن‌و پەرستشی‌و پەیوەندیان بەژیانی دنیایی و دەستەجەمعی‌و هاریکاری یەکتریەوە هەیەو بەدەق‌و کۆڕا دروستە مرۆڤ داوای یارمەتی‌و بەهاناوە هاتن لەمرۆڤی تری زیندو بکات کەتواناو دەسەلاّتی جێ بەجێ کردنی ئەو داوا کاری‌و یارمەتیەی هەبێت‌و لەتوانای ئەوان بەدەر نەبێت‌و لەدەسەلاّتەکانی خوای گەورە نەبن. بەڵکو لەو کاروبارە ئاساییانە بن کەمرۆڤ توانای جێ بەجێ کردنیانی هەیە. پەنای پێ بگیرێت‌و هانای بۆ بەرێت لەلادانی خراپەو شەڕو و حەل کردنی تەنگو چەڵەمەو تەنگژەکانی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەوەك ئەوەی کوڕەکەی یا بۆ خۆی توشی ناخۆشی، توشی شەڕو هەرایەك ببێت داوا لەکەسێکی تر بکات یارمەتی بدات‌و ئەو ناخۆشیەی لەکۆڵ بکاتەوە. یان خزمەتکارەکەی یا سەگەکەی یا هەر کێشەیەکی تر بێت‌و داوای حەل کردنی لەیەکێکی تر بکات کەیارمەتی بدات جائەو کەسە زیندوە لای بێت یان لەلای نەبێت واتە داواکەر لەشوێنێك بێت‌و داوا لێ کراو لەشوێنێکی تر بێت بەیەکێك لەهۆکارە هەستیەکانی( الأسباب الحسية) پەیوەندی پێوە کردنەوە وەك نوسینگەو هۆکارەکانی تری پەیوەندی کردنەوە بۆ دروست کردنی خانو کردن بێت یابۆ چاك کردنەوەی ئۆتومبیلەکەی بێت یا بۆ هەر کارو بارێکی تری ڕۆژانەی ژیان بێت دەتوانێ و بۆی هەی داوا بکات... وەهەروەها. هەروەکو خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لەم بوارەداو لەچیرۆك‌و بەسەر هاتی موسادا(عليه الصلاة والسلام) دەفەرموێت:﴿ فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِن شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ﴾([136]).

هەروەها لەم جۆرە هانا بردن‌و داوا کردنانەی مرۆڤ بۆ هاوڕێ‌و دۆستانی خۆی لەتێکۆشان‌و لەشەڕو ناخۆشی و تەنگژەکانی ژیاندا کارێکی ئاساییەو هیچی تێدا نیە، بەلاّم هانا بردن‌و پەنا بردن بۆ مردوان‌و جنۆکەو فریشتەو درەختەکان‌و دارو بەرد ئەمانە کارێکی خراپن‌و لەهاوەڵ دانانی گەورەن‌و لەڕەگەزی هەمان کردەوەکانی هاوبەش پەیداکەرانی پێشین‌و سەرەتان کەلەگەڵ خوای گەورەدا چەندان پەرستراویان بۆ خۆیان داتاشی بون وەك لات‌و عوزاو غەیری ئەوانیش ، ئەمە بەهیچ شێوەیەك دروست نیەو لەشیرکی گەورەن. هەروەها هانا بردنێك بەزیندوان کەبیرو باوەڕی وا بێت ئەو زیندوەی پەنای بۆ دەبات ئەو پەنا بۆ بردن‌و بەپیرەوە چونە لەدەسەلاّت‌و مافی ئەوی بزانێت لەکاتێکدا ئەوە مافی خوای پەروەردگارەو مافی هیچ کەس‌و هیچ شتێکی دیکە نیە بێجگە لەخوای گەورە وەك شیفای نەخۆشەکان‌و هیدایەتی دڵەکان، و بردنە بەهەشت‌و ڕزگار کردن لەئاگری دۆزەخ‌و هاوشێوەکانیان ئەوەش بەهیچ شێوەیەك دروست نیەو شەریك‌و هاوەڵ دانانە(وەك ئەوەی هاوار بکاتە کەسێکی زیندوی وەك شێخ‌و مشایەخ‌و جەددی فلاّن سەیدو فلاّن شێخە کەدەرویش‌و سۆفیەکان‌و زۆرێك لەخەڵکی عەوام بەنەزانانەو نەفامانەو حاڵی نەبون لەئایین‌و شەریعەتەکەی خوا ئەنجامی دەدەن. وەرگێڕ). ئەو ئایەت‌و فەرمودانەی کەلە ڕابردودا ئاماژەمان پێ کردن‌و واتاکانیان هەمویان ئەوە دەبەخشن کەدەبێ دڵەکان ئاڕاستەی خوای گەورە بکرێن‌و پێویستە پەیوەست بن بەخوای پەروەردگارەوە لەهەمو کاروبارەکانی ژیاندا بەڵکو واجب‌و فەرزە کەمرۆڤ تەنیا ڕو لەخوا بێت لەهەمو هەڵس‌و کەوتی ڕۆژانەی‌و لەهەمو کاروبارەکانی ژیانی دا تەنیا پشت‌و پەنا بۆ خوا بەرێت. هەروەها پەرستشی‌و بەندایەتی بەنیاز پاکیەوە تەنیا بۆ (الله) پەروەردگاری جیهانیان بێت و هیچ هاوەڵ‌و هاوبەشی بۆ پەیدا نەکات، چونکە بەندەکان تەنیا بۆ ئەم مەبەستە دروست کراون‌و هەر بەم مەبەستەش واتە پەرستن‌و بەندایەتی کردن

---

([136]) أ ـ سورة القصص: (١٥).

ب ـ واتاکە یمان لە پەراوێزی ژمارە( ٨٥ )ی نامەی یەکەمدا نوسیوە. وەرگێڕ.

بۆ خوا فرمانیان پێ کراوه لەلایەن خوای پەروەردگاری خۆیانەوه. هەروەکو لەئایەتەکانی رابردودا ئاماژەمان پێ کرد، هەروەکو خوای گەوره لەم ئایەتە پیرۆزەشدا دەفەرموێ:﴿ وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا ﴾[١٣٧].هەروەها لەفەرمایشتێکی تردا دەفەرموێت:﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ ﴾[١٣٨].

هەروەها لەفەرمودەکانی پێغەمبەرﷺو لەفەرمودەی معاذ﷢دا هاتوه کەپێغەمبەرﷺفەرمویەتی:{حق الله على العباد أن يعبدوه ولايشركوا به شيئاً}[١٣٩]. هەروەها لەفەرمودەیەکی تری پێغەمبەرﷺو لەفەرمودەی (إبن مسعود ﷢)دا هاتوه کەفەرمویەتی:{من مات وهو يدعو الله نداً دخل النار}[١٤٠]. هەروەها لە(صحيحين) واتە لەهەردو فەرمودە ڕاستەکانی بوخاریو مسلم دا ولەفەرمودەکەی (إبن عباس رضي الله عنهما) دا هاتوه کاتێ کە(معاذ)ی نارد بۆ یەمەن پێ ی فەرمو:{إنَّك تأتي قوماً أهل كتاب، فليكن أول ماتدعوهم إليه: شهادة أن لا إلـه إلاَّ الله} وفي لفظ{ فادعوهم إلى أن يشهدوا أن لا إله إلاَّ الله وأنِّي رسول الله} وفي رواية البخاري:{فادعوهم إلى أن يوحِّدوا الله}[١٤١]. ولە( صحصح)ی مسلم دا و لەفەرمودەی طارق کوڕی أشيم الأشجعي﷢ دا هاتوه کەپێغەمبەرﷺفەرمویەتی:{من وحَّد الله وكفر بما يُعْبَدُ من دون الله حرم ماله ودمه وحسابه على الله عز وجل}[١٤٢]. فەرمودە لەم بوارەدا گەلێك زۆرن بەمەندە ئیکتفا دێنین.

جابنچینەو بنەماو بناغەی ئیسلام ئەم یەکتا پەرستیو تەنیا یەکخوا پەرستیەیەو بناغەی ئەم دینەو سەری هەمو کارێکەو دایکی هەمو فەرزەکانەو حیکمەتی سەرەکیە لەدروست بونی جنۆکەو مرۆڤەکان. هەروەها حیکمەتی ناردنی هەمو پێغەمبەرانە(عليهم الصلاة والسلام) هەروەکو لەئایەتەکانی رابردودا ئاماژەمان پێ کردو لەم ئایەتە پیرۆزەشدا دەفەرموێت:﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[١٤٣]. هەروەها لەبەڵگەکانی تردا خوای گەوره دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ﴾[١٤٤]. هەروەها لەفەرمایشتێکی تردا خوای گەوره دەفەرموێ:﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾[١٤٥]. هەروەها خوای

---

(137) أ ـ سورة النساء: (٣٦).

ب ـ.واتە: تەنیا خوای پەروەردگار( الله ) گیان بپەرستنو هیچ هاوەڵو هاوشانو شەریکی بۆ پەیدا مەکەن. وەرگێڕ.

(138) أ ـ سورة البينة: (٥).

ب ـ لە پەراوێزی( ١٠١ )ی لەنامەی دوەمدا واتاکە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

(139) أ ـ متفق على صحته.

ب ـ واتە: مافی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە کەدەبێ تەنیا خواپپرستنو هیچ هاوەڵو شەریکی بۆ دانەنێن. وەرگێڕ.

(140) أ ـ رواه البخاري.

ب ـ واتە: هەر کەسێك هاو شێوەو هاو وێنەو هاوەڵو شەریك پەیدا بکات هەتاکو دەمرێتو تۆبەی لەسەر نەکاتو بەو حاڵەوە بمرێت ئەوا دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ و هەتا هەتایە تێ ی دا دەمێنێتەوە. وەرگێڕ.

(141) واتە: ئەی معاذ تۆ دەچیت بۆ لای گەلێك کەلە ئەهلی کتابن واتە پێش ئێمە کتێبی خوایان بۆ هاتۆتە خوا، جا یەکەمین شتێك کەتۆ داوایان لێ دەکەیت: گوتنی شایەتمانی( لا إله إلاَّ الله ) یە. لەشوێنێکی تردا هاتوە دەفەرموێ:{بانگیان بکە هەتاکو دەڵێن یا شایەتمانی ( لا إلـه إلاَّ الله ) دەڵێنو ددان بەوە دادەنێن کەلە( الله ) بەولاوە هیچ خوایەکی تر نین کەبەهەق بپەرسترێت و بڕواش دێنن کەمن نێردراو پێغەمبەری خوام. ولەڕیوایەتی بوخاری دا هاتوە دەفەموێ:{ بانگیان بکە هەتاکو خوای گەورە( الله ) بەتاك دەپەرستنو بەندایەتی بۆ دەکەنو هیچ کەسو هیچ شتێکی تر ناکەنە هاوەڵو هاوشانو شەریکی خوا( الله( گیان. وەرگێڕ.

(142) واتە: هەر کەسێك خوای گەورە بەتاكو تەنیا بپەرستێتو هیچ هاوەڵو شەریکی بۆ دانەنێتو بڕوای بە پەرستنی هیچ کەسو هیچ شتێکی تر نەبێت بێجگە لەخوای پەروەردگاری جیهانیان ئەو کەسە ماڵو سامانو سەرو گیانو ناموسی دەپارێزرێتو حسابو پاداشتەکەشی لای خوای باڵا دەستو کاربەجێ یە. وەرگێڕ.

(143) أ ـ سورة الذاريات: (٥٦).

ب ـ لە پەراوێزی( ٩ ) لەعەقیدەو بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەکانی دا واتاکە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

(144) أ ـ سورة النحل: (٣٦).

ب ـ لە پەراوێزی ژمارە( ٦٢ )ی نامەی یەکەمدا واتاکە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

(145) أ ـ سورة الأنبياء: (٢٥).

ب ـ لە پەراوێزی ژمارە( ٦٣ )و لەنامەی یەکەمدا واتاکە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

بەرزو بە توانا لەبارەی نوح و هود و صالح وشعیب(علیهم الصلاة والسلام) بۆمان دەگێڕێتەوە کاتێ بەگەلەکەی خۆیان دەگوت:﴿ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ ﴾(١٤٦).ئەمەش بانگەشەی هەمو پێغەمبەران و نێردراوانی خوایە بەگشتی، هەروەکو لەم دو ئایەتەی ڕابردودا بۆمان دەرکەوت. هەروەکو دوژمنانی ئیسلام ددانیان بەو ڕاستیەدا داناوە کە پێغەمبەرانو نێردراوانی خوا هەمیشە پێ یان گوتون و فرمانیان پێ کردون کەلەخوای گەورە بەولاوە هیچ کەسو شتێکی دیکە نەپەرستنو تەنیا خوا پەرستی بکەن، هەمو پەرستراوێکی دیکە بێجگە لەخوا(ﷲ) وەلا بنێن، هەروەکو خوای گەورە لەچیرۆكوبەسەرهاتی (عاد) کەبەپێغەمبەرەکەیان کە(هود علیه الصلاة والسلام) بو دەگوت: ﴿قَالُواْ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا ﴾(١٤٧).هەروەها خوای پاكو بێگەرد دەربارەی قوڕەیشیەکان بۆمان دەگێڕێتەوە کەکاتێ پێغەمبەرمان محمدﷺ بانگی دەکردن بۆ تەنیا خوا پەرستیو تەنیا بەندایەتی کردن بۆ(الله) گیان(إفراد الله بالعبادة) و واز هێنانو دەست بەردار بونی هەر شتێکی تر لەغەیری خوا کەدەیان پەرست وەك فریشتە،و پیاو چاکان(الأولیاء) و بتەکانیانو دارو درەختەکانو غەیری ئەوانیش. کەدەفەرموێ:﴿ أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾(١٤٨). هەروەها خوای پاكو بێگەرد دەربارەیان دەفەرموێ:﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ۝ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوا آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ﴾(١٤٩).

ئەمەو ئایەت لەم بوارو لەم واتایەدا زۆرن، وێڕای ئەو ئایەتو فەرمودانەی کەئاماژەمان پێ کردن - بۆت ڕون دەبێتەوە - خوای گەورە ئێمەشو ئێوەش لەدینەکەی خۆی شارەزاو بەرچاو ڕۆشن بکاتو هەروەها لەئاست مافەکانی خوای گەورە شارەزاو بەرچاو ڕۆشنیمان پێ ببەخشێت. برای خۆشەویستم ئەو داوا کردنو ویردو هەمو جۆرەکانی هانا بردنە بەرانەی کەلەپرسیارەکانت دا ئاماژەت پێ کرد بونو ڕونت کرد بونەوە، هەر هەمویان لەشیركو هاوبەش پەیدا کردنی گەورەن، چونکە ئەمە بەندایەتی کردنە بۆ غەیری خوا، داوا کردنە لەشتێكو لەکارو بارێکن کەبێجگە لەخوا کەسی تر لەتوانای دا نیە، وەك لەمردوانو لەو کەسانەی کەئامادە نین واتە لای داوا کەر ئامادە نین ئەوان لەشوێنێكو داوا لێکراو لەشوێنێکی ترە واتە غائیبە. ئەوەی ئەمڕۆ ئەوانە ئەنجامی دەدەن گەلێك لەشەریكو هاوبەش پەیداکەرانی سەرەتا مەترسی ترو خراپترو بۆگەن ترن چونکە هاوبەش پەیداکارانی سەرەتا لەحاڵەتی خۆشیو خۆشگوزەرانی دا شەریكو هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا. بەڵام لەکاتی لێ قەومانو ناخۆشیەکاندا ئیخلاسیەتیان بەبەندایەتی بۆ کردن واتە پاڕانەوەو داوا کردنیان تەنیا بۆ(ﷲ) بون چونکە ئەوان دەیان زانی

---

( [146] ) أ ـ سورة الأعراف: (٥٩).

ب ـ واتە: ئەی گەلەکەم خوای تاكو تەنیاو بێ هاوەڵو بێ شەریك بپەرستنو دڵنیا بن لەو خوایە کەناوی(الله) یە هیچ پەرستراوێکی تر نین کەبەهق بپەرسترێن . من دەترسم گەر واناکەن توشی سزای سەختی خوا ببن لەڕۆژی قیامەتدا. وەرگێڕ.

( [147] ) أ ـ سورة الأعراف: (٧٠).

ب ـ واتە: گەلی عاد بەهودی پێغەمبەرەکەیان دەگوت: ئەوە تۆ بۆیە هاتوی کە پێمان بڵێ ی تەنیا(الله) بپەرستینو واز لە پەرستراوەکانی بابو باپیرا نمان بهێنین کەدەیان پەرستن؟! کەمەبەستیان لەبتەکانیان بو . وەرگێڕ.

( [148] ) أ ـ سورة ص: (٥).

ب ـ لە پەراوێزی ژمارە(٥٠) و لەعەقیدەو بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەکانی واتاکەیمان نوسیەوە. وەرگێڕ.

( [149] ) أ ـ سورة الصافات: (٣٥ـ ٣٦).

ب ـ واتە: ئەو یاخیو بێباوەڕانە کاتێ پێغەمبەرﷺ پێ ی دەگوتن: لەخوای گەورە(الله) بەولاوە هیچ خوایەکی تر نین کەبەهەق بپەرسترێن ئەوانە حەسرەتو دڵڕەقیو خۆبەزل زانیو لوت بەرزی دەی گرتنو بڕوایان نەدەهێناو پشتیان هەڵ دەکرد، هەروەها دەیان گوت: جائەوە چۆن دەبێت ئێمە بۆ هۆنەرێکی شێت کەمەبەستیان لە پێغەمبەرﷺبو دەست لە پەرستنی پەرستراوەکانی بابو باپیرانی خۆمان هەڵ گرینو وازیان لێ بهێنین، ئەو شتێکی نەبوە؟!!! وەرگێڕ.

کەلەخوای پاكو بێگەرد بەولاوە کەسی تر ناتوانێت لـەو تەنگژەو گـەردەلولو ناخۆشـیە ڕزگاریـان بكـات، هـەروەکو خوای گەورە لەکتێبە پیرۆزەکەی خۆی دا دەربارەی ئەو هاوبەش پەیدا کەرانـە دەفـەرموێ:﴿ فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾(١٥٠). هەروەها خوای پـاكو بێگـەرد لەئایـەتێکی تـردا ڕو دەکاتە ئەو هاوبەش پەیدا کەرانەو پێ یـان دەفـەرموێ:﴿ وَإِذَا مَسَّكُمُ الْضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلاَّ إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الإِنْسَانُ كَفُورًا﴾(١٥١).

ئەگەر لەیەکێ لەو هاوبەش پەیداکەرانە بپرسی: ئێوە بۆچی ئەوانە دەپەرستن؟ لەوەڵامدا دەڵێ: خۆ ئێمە ناڵێین ئەو شتانەی کەئێمە دەیان پەرستین و لێ یان دەپاڕێینەوە ئەوان بۆخۆیان سودو قازانجمان پێ دەگەیەنن، یازیانمـان لێ دەدەن، یانەخۆشەکانمان چاك دەکەنەوە، بەڵکو ئێمە مەبەستمان لەوەیە کەئەوان لای خـوا تکامـان بـۆ دەکـەنو لەخوامان نزیك دەکەنەوە یابۆ ئەوەی پێ یان لەخوا نزیك ببینەوە. ئەوانە لەوەڵامدا پێ یان دەگوترێت:

ئەگەر ئەوە مەبەستی کافرەکانی سەرەتا بێت،و مەبەستیان ئەوە نەبێت کەپەرستراوەکانیان دروسـتیان دەکـاتو ڕۆزیان دەدات، یان ئەوان بەنەفسی خۆیان سودیان پێ ناگەیەنن یازیانیان لێ نادەن واتە توشـی تـەنگو چـەڵەمەیان ناکات خوای گەورە ئەم پڕو پاگەندەو قـسانەیان بـەدرۆ دەخاتـەوەو پوچـەڵیان دەکاتـەوەو بەسـەر چـاوی خۆیـانی دادەداتەوەو لەقورئانی پیرۆزدا بەدرۆیان دەخاتەوە، بەڵکو ئەوان مەبەستیان تکا بۆ کردنی ئەوانو وەجـاخی ئەوانـە ومەبەستیان نزیك کردنەوەیانە لەخوای گەورە بەهۆی ئەو پەرستراوانەیانەوە واتە ئەو پەرستراوە باتڵانەی ئەوان هۆکـارێکن بۆ نزیك بونەوەیان لەخوای گەورە. هەروەها خوای گەورە دەربارەی ئەوانە لەسورەتی (يونس عليـــه الـــصلاة والـــسلام) دا دەفەرموێ:﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّهِ ﴾(١٥٢)

خوای گەورە بەدرۆیان دەخاتەوەو بەرپەرچیان دەداتەوەو دەفـەرموێ:﴿ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللّهَ بِمَا لاَ يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلاَ فِي الأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾(١٥٣). خوای گەورە ڕونی کردۆتەوە کەئەو نەلەئاسمانـەکانو نەلەسـەر زەوی دا تکا کارێکی ئاوای نەدیوە بەو شێوەیەی کەهاوبەش پەیداکەران مەبەستیانە، وەدیارە شتێکی بەڵگە نەویستە هـەر شتێکیش خوای گەورە بونی نەدی بێت، هیچ بونو بنچو بنەوانێکی نیەو هەرگیز بونی نیە، چونکە خوای گەورە هـیچ شتێکی لاون نیەو بونی نابێتو هەر شتێکی بونی هەبێت دەزانێتو ئاگای لێ یەو پێ ی ئاگادارە.هەروەها لەسورەتی (الزمر) دا دەفەرموێ:﴿ تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ ۝ إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ﴾ (١٥٤). لێرەدا خوای گەورە ڕونـی دەکاتـەوە کەبەندایـەتی هـەر بـۆ ئـەوەو هـەر بـۆ ئـەو دەکرێتو پێویـستە لەسـەر

---

(150) أ ـ سورة العنكبوت: (٦٥).

ب ـ لە پەراوێزی ژمارە(٥٦) دا واتاکە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

(151) أ ـ سورة الإسراء: (٦٧).

ب ـ واتە: هـەر کاتێك لـەناو دەریـاداو لەکاتێکـدا ئێـوە لـەناو کەشـتیەکانتان دا گێـژەنو گـەردەلول هـەڵ دەکـاتو توشـی ناخۆشـیو نارەحـەتی دەبـنو خەریکـە کەشتیەکەتـان نقوم دەبێتو بخنکێن، ئالەو کاتەدا ئەو هەمو بتو کەسو بەرنامەو شتانەی کە پێشتر دەتـان پەرستن هیچیان لـەبیر نـامێنن هاواریـان بکـەنێ. تـەنیا هـاوار دەکەنە خوای پەروەردگارو لەو بەولاوە هیچ کەسی تر شك نابەن لەو مەترسی و لەو گێژەنە ڕزگارتـان بکـات بێجگـە لـەخوای گـەورە. بۆیـە پـڕ بـەدڵو بـەدڵێکی ئیخلاسـەوە هانای بۆ دەبەنو داوای ڕزگار بونی لێ دەکەن. کەچی کەخوای گەورە ڕزگاری کردنو دێنەوە وشکانیو سەر زەوی خواتـان لـەبیر دەچـێت، دیـسان جـارێکی تـر دەگەڕێنـەوە سـەر بیروباوەڕەکەی جارانو بت پەرستیو هاوەڵ دانانەکەی خۆیان دەست پێ دەکەنەوەو خوای نـاناسن.بەڕاستی خوا بەکەرەمو بەبەزەییە. تەفسیری گوڵشەن ب٢ل٧٢٠. وەرگێڕ.

(152) أ ـ سورة يونس: (١٨).

ب ـ لە پەراوێزی (١٠٨) و لەنامەی دووەمدا واتاکە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

(153) أ ـ سورة يونس: (١٨).

ب ـ لە پەراوێزی (١٠٨) و لەنامەی دووەمدا واتاکە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

(154) أ ـ سورة الزمر: (١ ـ ٢).

بەندەکانی کەدەبێ تەنیا بەندایەتی بۆ ئەو بکەن‌و ئیخلاسیەتیان بۆ خوای بالاّ دەست‌و کاربەجێ بێت‌و بەس بۆ هیچ کەس‌وشتێکی دیکەدەر نەبڕدرێت. چونکەخوای پەروەردگار فرمانی بەپێغەمبەرەکەیﷺکردوە کەنیاز پاکی تەواوی بۆ خوا هەبێت لەپەرستن‌و بەندایەتی بۆ کردنی دا، دیارە گومانی تێدا نیەئەو فرمان بەپێغەمبەرﷺ کردنە بۆهەموو موسڵمانانەو گشتگیریە. لێرەدا واتای وشەی(الدين) مەبەست لەبەندایەتی بۆ کردنەو بەندایەتی بۆ کردنیش بریتیە لەگوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەرﷺی خوا هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد. دیارە دوعاو هانا بۆ بردن‌و لەبەر پاڕانەوەو ڕجا کردن‌و سەر برین‌ونەزر بۆ کردن بەندایەتی بۆ کردنن، هەروەها نوێژ کردن‌و ڕۆژو گرتن...تد. جۆرێکن لەبەندایەتی بۆ کردن کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی فرمانیان پێ کردون.هەروەها خوای گەورە دوای ئەوە دەفەرموێت:﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ ﴾(١٥٥). واتە: ئەو بێباوەڕو بت پەرستانە دەیان گوت: خۆ ئێمە ئەوانە ناپەرستین تەنیا بۆ ئەوە نەبێت کە لەخوامان نزیك بکەنەوەو لای خوا تکامان بۆ بکەن. خوای گەورە بەر پەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێ:﴿ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾ (١٥٦). خوای گەورە لەم ئایەتەدا بۆمان ڕون دەکاتەوە کەکافرە بت پەرستەکان بۆ ئەوەیان دۆستانی خوا(الأولياء) دەپەرستن تا لەخوایان نزیك بکەنەوە. ئائەمەیە مەبەستی کافرو بێباوەڕەکانی کۆن‌و ئێستاش. خوای گەورە ئەو مەبەست‌و قسانەیان پوچەڵ دەکاتەوەو دەفەرموێ:﴿ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ﴾ خوای گەورە درۆکانیان بەدرۆ دەخاتەوە کەلەقسەکانیاندا دەڵێن: پەرستراوەکانمان لەخوامان نزیك دەکەنەوە . نەخێر درۆ دەکەن بەپێچەوانەوە لەخوایان دور دەخەنەوە. هەروەها کافر بونەکەشیان بەهۆی ئەو بەندایەتی کردنەیان بو کەبۆ پەرستراوەکانیان لەغەیری خوا ئەنجامیان دەداو ئەنجامی دەدەن.

بەم ڕون کردنانەوە هەر کەسێك تۆزێك ژیری‌و تێگەیشتن‌و عەقڵی هەبێت تێ دەگات کەکافرو بێباوەڕەکانی سەرەتا کوفرەکەیان ئەوە بو کەپێغەمبەران‌و پیاو چاکان‌و درەختەکان‌و دارو بەردو غەیری ئەوانیان لەدروستکراوەکانی خوا بێجگە لەخوای پەروەردگار دەپەرست، تاتکایان بۆ لەلای خوای گەورە بکەن. بیروباوەڕیان وابو کەداواکانیان بەبێ مۆڵەت‌و ویستی خوای گەورە بۆ جێ بەجێ دەکەن هەروەکو چۆن وەزیرەکان‌و کاربەدەستان لەلای سەرکردەو پاشاکان تکاو واسیتە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵکی دەکەن خوای گەورەیان وەك پاشاو سەرکردەو بەرپرسان حساب دەکرد. وەدەیان گوت: هەروەکو چۆن یەکێك پێویستی‌و ئیشی بەپاشاو سەرکردەو بەرپرسان دەبێت بەردەست‌و سیفات‌و وەزیرەکانیان بەگژەوە دەنێت‌و تکایان بۆ دەکەن تاکارەکانیان بۆ جێ بەجێ بکەن. ئابەم چەشنە ئێمەش بەبەندایەتی کردن‌و پیاو چاکێتی پێغەمبەران‌و پیاوچاکان‌و دۆستانی خوا خۆ لەخوا نزیك دەکەینەوە. دیارە گومانی تێدانیە کەئەم بیرو بۆچونە پوچەڵە لەپوچەل ترین بیرو باوەڕە قرچۆك‌و پوچەڵەکانەو بێ بنچو بنەمایەو بێ ناوەڕۆك ترین بیرو باوەڕێکە، چونکە خوای پاك‌وبێگەرد هەرگیزاو هەرگیز هاو

---

ب ـ واتە : هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز لەلایەن خوای بەرزو بەدەسەڵات‌و زاناو داناو حەکیمەوەیە. هەروەها مەبەست لەهەمو کتێبەکانی تری پێش قورئانیشەوەیە، ئێمە ئەی پێغەمبەرﷺئەو قورئانەمان بۆ ناردیتە خوار هەر هەمو ڕاست‌و هەقە،دەی کەواتە تۆش بەدڵێکی ساف‌و بێگەردو پڕ لەبڕواوە خوای خۆت بەتاك‌و تەنیا بپەرستەو بەندایەتی کاکڵەو بێ غەل‌و غەشی بۆ بکە. چونکە هیچ خوایەکی تر نین کەبەهەق بپەرسترێت‌و شایستەی پەرستن‌و بەندایەتی بۆکردن بێت بێجگە لەخوای تاك‌و تەنیا. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٢٠١.

(155) أ ـ سورة الزمر: (٣).

ب ـ واتاکەیمان پێشتر نوسیوە. وەرگێڕ.

(156) أ ـ سورة الزمر: (٣).

ب ـ لە پەراوێزی (٥٥)ی عەقیدەو بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەکانی دا واتاکەیمان نوسیوە. وەرگێڕ.

وێنەو هاو شێوەی هیچ شتێکی تر نیە لەدروستکراوەکانی خۆیدا، و هاوکێشیش ناکرێت بەدروستکراوەکانی خۆی. کەسیش ناتوانێت تکای لا بکاتو ببێتە واسیتە مەگەر بەمۆڵەتو بەویستی خۆی مۆڵەتی تکا کردنی بدات. دەی باشیش بزانن کەخوای گەورە کەسێك مۆڵەت نادات کەتکا لەخزمەت خوادا بکات مەگەر لەئەهلی یەکتا پەرستانو یەکخوا پەرستان(التوحید)دا بێت، خوای پاكو بێگەرد بەسەر هەمو شتێکدا زاڵو بەتواناو بەدەسەڵاتەو بەهەمو شتێکیش دەزانێتو ئاگای لەهەمو شتێك هەیە، ئەو خوای پەروەردگارە لەهەمو سۆزدارو بەزەیی دارەکان بەسۆز ترو بەبەزەیی ترە(أرحم الراحمین)ە. خوای گەورە لەکەس نەترساوەو لەکەسیش ناترسێت، چونکە بەسەر هەمو شتێکدا زاڵەو هیچ کەسو هیچ شتێك لەبەر دەستی ئەو قوتاری نابێتو هەمو بەندەکانی لەژێر دەستی ئەو دان، وچۆنی بون ئاوا هەڵیان دەسوڕێنێتو بەسەر هەمو شتێکدا زاڵە لەم بونەوەرەدا بەپێچەوانەی پاشاو سەرکردەکانو بەرپرسانی دنیا کەبێ دەسەڵاتنو تواناو دەسەڵاتیان سنور دارەو بەسەر هەمو شتێك دا ڕاناگەنو پێویستیان بەهاریکاریو پشتیوانی خوا هەیە، بۆیە ئەوان بەتەنیا ناتوانن کارو باری وڵاتە بچکۆلانەکەی خۆیان بەڕێوەببەنو پێ یان بەڕێوە ناچێت و پێویستیان بەکار بەدەستانو جێگرو ڕاوێژکاروەزیرانو بەسوپاو بەسەربازو فەرمانبەرانو کارگوزاران هەیە بۆ هەڵسوڕاندنی کارو بارو خزمەتگوزاریەکانی وڵاتەکەیان. هەروەها هەر کەسێك لەهاو وڵاتیانیان کارو بارو پێداویستیەکیان هەبێت دەبێ سکاڵابەرز بکەنەوەو بەهۆی کاربەدەستانو وەزیرو گزیرەکانیانەوە ئەو پێویستیانەی هاوڵاتیانیان بۆ بەرز بکرێتەوەو پێ یان ڕابگەیەنرێت ئەو جار دەزانن هاوڵاتیەکانیان چی یان دەوێتو بۆیان جێ بەجێ بکەن، بەپێچەوانەی ئەوانەوە خوای گەورەو پەروەردگار خۆی بەزانستی خۆی هەمو پێداویستیو ناگوزوریەکانی گشت دروسیکراوەکانی خۆی دەزانێتو دەزانێت چی بەدڵیاندا دێتو ئارەزوی چ دەکەنو چیان حەز لێ یەن خۆی لەڕاست خۆیەوە ئۆتۆماتیکیەن بۆیان جێ بەجێ دەکاتو پێویستی بەهیچ کەسێك نیە لەدروستکراوەکانی خۆی و لەهەمو عەیبو خەوشێك بەدەرە و پێویستی بەدروستکراوەکانی خۆی نیە کەهاریکاری بکەن یایارمەتی بدەن، بەڵکو هەمو دروستکراوەکانی هەمیشە پێویستی یان بەو هەیە، خوای گەورە ئەوەندە بەبەزەییە بۆ بەندەکانی خۆی کۆتایی نیەو لەو دایکانە بەسۆز ترو خۆشەویستی بۆ بەندەکانی پترە کەبۆ ڕۆڵەکانی خۆیان هەیانە. دادوەرێکی داد پەروەرە، هەمو شتێك لەجێ ی خۆی دادەنێت، بەپێ ی پێداویستی حیکمەتو زانستو تواناو(قدرة)ی خۆی، بەهیچ شێوەیەكو لەهیچ ڕویەکەوە نابێو دروست نیە کەخوای گەورە بەدروستکراوەکانی خۆی پێوانە(قیاس) بکرێت. بۆیە خوای گەورە لەکتێبەکەی خۆی دا ڕونی کردۆتەوەکە: هاوبەش پەیدا کەران ددانیان بەوەدا هێناوەوبڕوایان بەوە هەیە کەخوای گەورە هەڵسوڕێنەرو پەروەردگاری ئەوانەو دروستکەرو ڕۆزی دەریانە، هەر خوای پەروەردگارە وەڵامی پێداویستیەکانیان دەداتەوەو پێ یان دەبەخشێتو ناخۆشیەکانیان لەسەر لادەبات، هەر ئەوە دەمرێنێو دەژیەنێت...تد.لەتواناو دەسەڵاتو کارەکانی خوای پاكو بێگەردن.

مل ملانێ ی نێوان هاوبەش پەیداکەرانو پێغەمبەرانو نێردراوانی خوا هەمیشە لەسەر یەکتاپەرستی خوا واتە عەقیدەوبیرو باوەڕی پاکی دامەزراو بوە یەکتا پەرستی خوا(الله) گیان و ئیخلاسیەتی بەندەکانی خوا بوە لەپەرستنو بەندایەتی کردنیاندا بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان، هەر ئەوەش دەبێت لەبرواداراني شوێن کەوتەی ئایینی ئیسلامو پێغەمبەرو هاوەڵەکانو شوێن کەوتەکانیانو لەنێوان بێ باوەڕانو خوانەناسانو ملهوڕو ستەمکاران هەتا دنیا دنیایە.

هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ﴾([157]). هەروەها دەفەرموێ : ﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ والأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيَّتَ مِنَ الْحَـــيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللّهُ فَقُلْ أَفَلاَ تَتَّقُونَ﴾([158]) .ئەمەو ئایەت لەم بوارەدا گەلێك زۆرن، پێشتر باسمان کردن کەکێشەو ومل ملانێ ی نێوان پێغەمبەرانو گەلانی ڕابردو لەسەر نیاز پاکیو ئیخلاسیەت لەپەرستنو بەندایەتی کردن بوە بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان واتە لەسەر بیرو باوەڕو عەقیدەی پوختو پاكو بێ خەوش بوە بۆ خوای گەورەو تاكو تەنیا. هەروەکو خۆی دەفەرموێت:﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ ﴾([159]). ئەوەی لەواتاکانی ئەو ئایاتانەدا دەستمان دەکەوێت ئەوەیە کەهەموی پێدا گرتنە لەسەر عەقیدەو بیرو باوەڕی پوختو پاكو بێ خەوشو ئیخلاسیەت لەبەندایەتی کردنو پەرستنی خوای گەورە بەتاكو تەنیاو هیچ هاوەڵو شەریكو هاو شێوەو هاو وێنەی بۆ دانەنرێت، خوای پاكو بێگەر لەچەند بابەتێکداو لەقورئانی پیرۆزدا تکا کردنی بۆ ڕون کردوینەوە. ئەوەتە خوای گەورە لەسورەتی(البقرة)دا دەفەرموێت:﴿ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِه﴾ ([160]).هەروەها لەسورەتی (النجم) دا دەفەرموێ: ﴿وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّـــهُ لِمَـــن يَـــشَاء وَيَرْضَى﴾([161]).

وەلەسورەتی (الأنبياء) دا لەوەسفو ڕێزی فریشتەکان دەفەرموێ:﴿ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ ﴾ ([162]). خوای گەورە هەواڵی پێداوین کەهەرگیز ڕێگە نادات بەندە کافرەکانی تکا بکەن، بەڵکو ڕێگە بەبەندە سوپاس گوزارەکانی دەدات، سوپاس گوزاریش بریتیە لەیەکتا پەرستی خوا (التوحيد) و کار کردن بەبەرنامەی خواو گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەری خواﷺ. هەروەها خوای بەرزو بێ هاوتا لە سورەتی(الزمر)دا دەفەرموێت:﴿ إِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ ﴾([163]).

---

([157]) أ ـ سورة الزخرف: (٨٧).

ب ـ لە پەراوێزی(٥٧٩)ی عەقیدەو بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەکانی دا واتاکەیمان نوسیوە. وەرگێڕ.

([158]) أـ سورة يونس: (٣١).

ب ـ لە پەراوێزی (٥٨)ی عەقیدەوبیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەکانی دا واتاکەیمان نوسیوە. وەرگێڕ.

([159]) أ ـ سورة النحل: (٣٦).

ب ـ لە پەراوێزی(١٤٤)ی نامەی سێ یەمدا واتاکەیمان نوسیوە. وەرگێڕ.

([160]) أ ـ سورة البقرة: (٢٥٥).

ب ـ واتە: کێ هەیە بتوانێت تکا بکات لای خوای گەورە مەگەر بەویستو ئارەزوبەمۆڵەتی خۆی بێت بۆ کەسێك کەتکا بکاتو بۆئەو کەسەش کەتکای بۆ دەکرێت. وەرگێڕ.

([161]) أ ـ سورة النجم: (٢٦).

ب ـ واتە: کافرو بت پەرستەکان کە پێ یان دەگوترا ئەوە بۆ ئەو بتانە دەپەرستن؟ لەوەڵامدا دەیان گوت: بۆ ئەوەی لەلای خوا تکا واتە شیفاعەتمان بۆ بکەن، جاخوای گەورە بۆ بەدرۆ خستنەوەی ئەوانە لەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ئەو هەمو فریشتانەی وا لەئاسمانەکانن ئەگەر شفاعەت بۆ گەسێك بکەن، تاکاو شیفاعەتەکەیان یەك تۆز سودی نیە مەگەر بۆ کەسێك بێت کەخوای گەورە ویستو ئارەزوی لەسەر بێت شیفاعەتی بۆ بکرێت و بڕوادرێکی یەکتا پەرست بێتو ئەم تکا بۆ کردنەی بۆ ڕێز لێنانی پتر بێت ، ئەی کەواتە ئەو بتە بێ گیانو دارو بەردە ڕەقو تەقەی ئەو بت پەرستانە چۆن دەتوانن شیفاعەتو تاکایان بۆ بکەن؟ وەرگێڕ.

([162]) أ ـ سورة الأنبياء: (٢٨).

ب ـ واتە: لەڕۆژی دوایی دا فریشتەکان تکا بۆ کەسێك ناکەن مەگەر خوای گەورە بۆ خۆی ویستو ئارەزوی لەسەر بێتو مۆڵەت بدات کەشفاعەتی بۆ بکرێت، ئەویش بۆ ئەو کەسانە کەخوا خۆی لێ یان ڕازیەو لەدنیادا یەکتا پەرست بونو شایەنی ئەوە بن کەشیفاعەتیات بۆ بکرێت. جادیارە ئەو کەسەی تکایەکە دەکات بەترسێکی زۆرەوە لەخزمەت خوادا تکایەکە دەکات. مۆڵەت دانی شفاعەت کردن لەلایەن خواوە خۆی لەخۆی دا ڕێز لێنانێکە بۆ بابای تکا کار جا ئەو کەسە چ فریشتە بێت یاخود مرۆڤ بێت. تەفسیری گوڵشەن ب٢ل٨١٦. وەرگێڕ.

([163]) أ ـ سورة الزمر: (٧).

**هەروەها لە**(صحيح)**ی بوخاریەوەو لە**أبوهريرة **وە ڕیوایەت کراوە کەپرسیاری لەپێغەمبەرﷺکردوە: ئەی ڕەسولی خوا لەڕۆژی قیامەتدا کێ بەختەوەر ترین کەسە کەبەر شیفاعەتی تۆ دەکەوێت؟ فەرموی:**{من قال لاإله إلاّ الله خالصاً من قلبه،}**یافەرمویەتی**{من نفسه}. **وەلە**(صحيح)**دا لە** أنسﷺ **هاتوە کەپێغەمبەرﷺ فەرمویەتی:**{لكلّ نبيٍّ دعـــوة مستجابة فتعمل كلّ نبيٍّ دعوته وإني إحتبأتُ دعوتى شفاعة لأمتي يوم القيامة فهيَ نائلة إن شاء الله من مات من أُمَّتِي لايشرك بالله شيئاً}([١٦٤]). **ئەمەو فەرمودە لەم بابەتو لەم واتایەدا گەلێك زۆرن. وەهەمو ئەو ئایەتو فەرمودانەی کەباسمان کردن هەمویان ناوەرۆكو هێڵی سەرەکیان بریتیە لە بەندایەتی بۆ کردنی ڕاستەقینەیە بۆ خوای تاكو تەنیا بەتەنیاو هیچ کەسو شتێکی تر لەگەڵ بەندایەتی کردنو پەرستنی خوادا نەکەینە هاوبەشو هاوتا، هەرگیز دروست نیە کەهیچێك لەبەندایەتیو پەرستن بۆ غەیری خوای بکرێتو بدرێت بەوان واتە بۆ غەیری خوا لەپێغەمبەران وبۆ غەیری پێغەمبەرانیش لەم بونەوەرەداو لەم جیهانەدا. تکا**(شفاعة) **موڵکی خوایەو بەشی کەسی تری پێوە نیە. هەروەکو خوای پاكو بێگەرد دەفەرموێت:**﴿ قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ ﴾([١٦٥]). **کەس شایەنیەتی ئەو تکا کردنەی نیە بێجگە لەخوا، مەگەر دوای ئەوەی کەخوای گەورە مۆڵەت بدات بەو تکاکارە کەتکا بکات، هەروەها دەبێ لەتکا بۆ کراوەکەشو لەکردەوەکانیشی ڕازی بێتن ئەوجار ڕێگە بەتکا کار دەدات تکا بۆ ئەو کەسە بکات. دەی خوای گەورەو پاكو بێگەرد تەنیا لەیەکتا پەرستان ڕازیە هەروەکو پێشتر پەنجەمان بۆ ڕاکێشا. بەڵام بێ باوەڕان پشکیان لەو تکا کردنەدا نیە. هەروەکو خوای گەورەو بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێت:**﴿ فَمَا تَنفَعُهُمْ شَـــفَاعَةُ الـــشَّافِعِينَ﴾([١٦٦]). **هەروەها دەفەرموێت:**﴿ مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ يُطَاعُ﴾([١٦٧]). **هەروەها دەفەرموێت:**﴿ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾([١٦٨]).

**بەڵام ئەوەی لەپرسیارەکەتدا دەربارەی ویردو قسەی هەندێ لەسۆفیەکان لەمزگەوتەکاندا باست کردوە کەدەڵێن: خوایە ڕەحمەتت بڕێژە بەسەر ئەو کەسەدا کەبوەتە هۆی لەت بونو پەرش بونی هێزە**

---

**ب ـ واتە: ئەگەر کافرو بێباوەڕ بن ئەوە خوای گەورە بێ نیازەو هیچ پێویستی بەئێوەو بەباوەڕ بونتان نیەو خوایەتی خۆی هەر دەکاتو هیچ لەخوایەتی ئەو کەم ناکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خوای گەورە ڕازی نابێت بەندەکانی کافر بنو بەبێباوەڕی بمرنو بگەڕێنەوە لای خۆی، خۆ ئەگەر بڕوا بهێننو سوپاس گوزاری نازو نیعمەتەکانی خوا بکەنو یەکتا پەرست بنو هاوەڵ و هاو تا بۆ خوا پەیدا نەکەن بێ گومانە کەخوای گەورە لێتان ڕازی دەبێت. وەرگێڕ.**

**([164]) واتە: هەر کەسێك بەدڵێکی سافو ئیخلاسیەتەوە (لا إله إلاّ الله) بڵێتو هەمو داخوازیو پێداویستیەکانی ئەو دەر بڕینە بداتو جێ بەجێ یان بکات واتە خوای گەورە چی بوێت دەبێ ئەوە بکاتو چی نەوێتو قەدەغەی کرد بێت دەبێ لێ ی دور بکەوێتەوەو نەیان کات. بەواتایەکی تر خوای پەروەردگار هەمیشە لەو شوێنانەی دا ببینێت کەخۆی پێ خۆشەو لەو شوێنانەدا هەرگیز نەی بینێت کەخۆی پێ ی ناخۆشەو ڕقی لێ یەتی، ئەوە ئەو کەسە دەچێتە بەهەشتەوەو بەختەوەر ترین کەسە کەلەڕۆژی قیامەتدا بەر تکا کردنی من دەکەوێت. وەلە فەرمودەیەکی تردا پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: هەمو پێغەمبەرێك لەدنیادا دوعایەکی وەرگیراوی هەیە لەخزمەت خوادا، هەمو پێغەمبەرەکان لەدنیادا داواکەی خۆی کردو بۆی جێ بەجێ کرا، بەڵام من داواکەی خۆم هەڵگرت بۆ قیامەت بۆ ئەوەی بیکەمە شیفاعەتو تکا کردن لەو ڕۆژە سەختەدا، جا هەر کەسێك لەئوممەتی من لەدنیاد هاوەڵو هاوبەش بۆ خوا بڕیار نەداتو لەسەر ئەو حاڵەتە بمرێت ئەوە گەر خوای گەورە ویستو ئارەزوی لێ بێتو مۆڵەت بدات بەر ئەو تکاکردنەی من دەکەوێت .وەرگێڕ.**

**([165]) أ ـ سورة الزمر: (٤٤).**

**ب ـ واتە: تکا کردن هەموی موڵکی خوایەو بەشی هیچ کەسو هیچ شتێکی تری لەدروستکراوەکانی خوا پێوە نیە. وەرگێڕ.**

**([166]) أ ـ سورة المدثر: (٤٨).**

**ب ـ واتە: بێ باوەڕانو کافرەکان تکا کردنی تکا کاران هیچ سودیان پێ ناگەیەنێت. چونکە ئەوان هیچ پشکێکیان لەو تکا کردنەی پێغەمبەرو پیاو چاکاندا نیە. چونکە لەدنیادا ئەوان بۆ خۆیانو بەدەستی خۆیان خۆڵیان لەدۆی خۆیان کردوە. وەرگێڕ.**

**([167]) أ ـ سورة غافر: (١٨).**

**ب ـ واتە: بێ باوەڕانو ستەمکاران لەڕۆژی قیامەتدا هیچ دۆستو خۆشەویستو لایەنگرێکیان نیەو هیچ تکا کارێکیان نیە کەگوێ یان بۆ ڕابگیرێتو تکاکەیان لێ وەر بگیرێت یان کەسیان نیە تکایان بۆ بکات. وەرگێڕ.**

**([168]) أ ـ سورة لقمان: (١٣).**

**ب ـ واتاکەیمان لەبابەتەکانی ڕابردودا نوسیوە. وەرگێڕ.**

نهێنیـەکان(پەنهانـەکان)و تەقینـەوەی نـورە ڕەحمانیـەکانی تـۆو بـو بـەجێگیر یابریکـاری هەڵبـژاردەی حـەزرەتی پەروەردگارێتی و جێ نشینی نهێنیە دنیاییەکانی تۆو ....تد.

## وەڵام ئەمەیە :

دەگوترێ: کەئەم قسانەو هاو شێوەی ئەو قسانە لەکۆی خۆ لێ گۆڕانو لەخۆ بایی بونو ڕۆچونە لەئەو سیفاتە خراپەی کەمحمدﷺ زۆر بەتوندی لێ ی ئاگادار کردوینەوەو قەدەغەی کردوینو بەنیشانەی تێ چونو نـەمانو لەبـەر هەڵوەشانو داڕوخانی داناوە، کەلەمسلم ڕیوایەت کراوەکەلە(صحيح)ەکـەی خـۆی دا و لـەعبدالله کـوڕی مـــسعودﷺ دەگێڕێتەوە کەڕەسولی خواﷺفەرمویەتی:{هلك المتنطعون}.سێ جار لەسەر یەك ئەم دەربڕینـەی دوبـارە کـردەوە. ئیمامی الخطابي ڕەحمەتی خوای لێ بێت گوتی: (المتنطع) بریتیە لەڕۆچونو قوڵ بونەوە لەشتێك دا کەلەبابـەتێکی خـۆ لێ گۆڕاودا(المتكلف)و ڕۆچون لەزانستی(الكلام) و لەشتێکدا کەزۆر پەیوەندی پێوە نـەبێتو گـەڕان بـەدوای دا لەسـەر ڕێبازەکانی ئەهلی کەلام ورۆچون لەشتێکدا کەبەلایانەوە گرنگ نیەورۆچونو خـۆ هەڵقورتانـدن لەشـتێکدا کەهـەرگیز عەقڵیان نایگاتیو پەی پێ نابەن.

وە أبو السعادات إبن الأثير گوتویەتی : (المتنطعون) ئەو کەسانەن کەلەزانستی کەلامدا زۆر ڕۆچونو زێـدە ڕەویـەکی زۆریان کردوەو لەسنوری خۆیان تێ پەڕاندوە، بەو پـەڕی گـەرویان قـسە دەکـەن یالەئـەهلی کـەلامن. ئـەم زاراوەیـە لەوشەی (النطع) وەرگیراوە کەبریتیە لەو پەڕی دالآنـی مەڵاشـوی دەم، لـەدوایی دا بـۆ ئـەو کەسـانە بـەکار هێنـراوە کەزۆر لەگفتارو قسە کردندا یا لەبواری کردەوەو گفتاردا ڕۆچونو گەلێك درێژ دادڕن لەقسەو لەکردەوەکانیاندا یـا بـۆ ئەو کەسانە بەکار دەهێنرێت کەلە زانستەکانی کەلامدا بەقوڵ دا ڕۆچونو زێدە ڕەویەکی زۆریان کردوەو لەسـنور تـێ یان پەڕاندوە.

بەو زانیاریانەی کەئەو دو پێشەوایە لەپێشواکانی زمان باسـیان کـردوە هـەر کەسـێك تۆزقاڵێـك بەرچـاو ڕۆشـنیو تێگەیـشتنی هــەبێت بـۆی ڕون دەبێتــەو تــێ دەگــات کــە چــۆنیەتی ئــەو ســەڵاواتو ســەلام لێدانــە لەســـەر پێغەمبەرمانﷺلەکۆی ئەو لێ گـۆڕانو ڕۆچـونو زێـدە ڕەویانەیـە کەلـە ئـاینی پـیرۆزی ئیـسلامدا قەدەغـە کـراوەو حەرامەو بەهیچ شێوەیەك ئەم جۆرە سەڵاواتو سەلام لێدانە دروست نیە، بـەڵکو لەسـەر بابـای موسـڵمانی بـڕواداری ڕاستەقینە پێویستە بگەڕێت بەدوای ئەو جۆرە سڵاواتانەی کەلـە ئیـسلامدا جـێگیرو چەسـپاونو پێغەمبـەرﷺخـۆی چوار چێوەی بۆ داڕشتوینو چۆنیەتەکەی لەوەوە بۆمان داڕێـژراوەو نـابێ بـەمو لێ ی لابـدرێتو بەپێـچەوانەوە واتـە لادان لەچوار چێوەی ئەو چۆنیەتە دەچێتە چوار چێوەی ئەو ڕۆچـونو زێـدە ڕەوی‌و لادان لـەدینی خـواو تێـوەگلان لەبیدعەکانەوە.

لـــەو چـــۆنیەتی لێـــدانی ســـلاواتانەی کەلەپێغەمبـــەرەوەﷺهـــاتوە ئەوەیـــە کەهـــەردو خـــاوەنی فـــەرمودە ڕاستەکان(الصحيحين) بوخاری‌و مسلم لە(الصحيحين)دا ڕیوایەتیان کردوەو گۆ کردنەکـەش (اللفظ) هـی بوخاریـەو لـە كعبي کوڕی عُجرة وەﷺڕیوایەت کراوە کەهاوەڵانﷺگوتیان: ئەی ڕەسولی خوا، فـەرمانمان پـێ کـراوە کەسـەڵاوات لەسەر تۆ لێ بدەین، باشە ئێمە چۆن سەڵاواتت لەسـەر لێ بـدەین؟ فـەرموی:{ قولوا: أللهمَّ صلِّ على محمد وعلـــى آل

محمد كما صلَّيت على إبراهيم وعلى آلِ إبراهيم إنَّك حميدٌ مجيد، وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت علـــى آل إبراهيم إنَّك حميدٌ مجيد} .([169]). **هەروەها لەهەردو فەرمودە ڕاستەكاندا**(الصحيحين) **هاتوە كەلە** أبي حميد الساعدي رضي الله عنه **ڕیوایەت كراوە كەهاوەڵان گوتیان: ئەی ڕەسولی خوا، ئێمە چۆن سڵاوات لەسەر تۆ لێ بدەین؟ فەرموی:**{ قولوا: اللهمَّ صلِّ على محمد وعلى أزواجه وذرِّيته كما صلَّيت على آل إبراهيم ، وبارك على محمد وعلى أزواجه وذريته كما باركـــت على أل إبراهيم، إنَّك حميدٌ مجيد}([170]). **وەلەفەرمودەی ڕاستی مسلم داو لـە** أبي مسعود الأنـــصاري رضي الله عنه **ڕیوایـەت كراوە گوتی: بشیر كوڕی سعد گوتی: ئەی ڕەسولی خوا فەرمانمان پێ كراوە كەسەڵاوات لەسەر تـۆ لێ بـدەین، باشـە چـۆن سەڵاوات لەسەر تۆ لێ بدەین؟ پێغەمبەرﷺبێ دەنگ بو، دوایی فـەرموی:**{قولوا: أللهمَّ صلِّ على محمد وعلى آل محمد كما صلَّيتَ على آل إبراهيم، وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على آل إبراهيم في العالمين، إنَّك حميدٌ مجيـــد، والسلام كما علمتم}([171]).

**ئەم وشانەو غەیری ئەمانەش كەلەپێغەمبەرەوەﷺ هاتونو چەسپاوو جێگیر بوبێت ئەوەیە كـە پێویـستە لەسـەر موسڵمانان بەكاری بهێنن بۆ سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەرﷺ، چونكە ئەوەی كەبۆ ئێمە بەجێماوەو پێویستە بەو جۆرە سەلامو سەڵاوات بۆ پێغەمبەرﷺبنێرینو لەخودی خۆیەوە چەسپا بنو ئەو فێـری خـەڵكی كـردوە دەبـێ بـەو شێوەیەی كەشایستەو لایقە بەمافی ئەو بەكاری بهێنین. هـەروەكو چـۆن خـەڵكی فێـر كـردوە كـەچ وشـەیەكو چۆن زاراوەیەك بەكار بهێنین كەشایـستەی مافـەكانی خـوای پـەروەردگار بێـت، بـەڵام وشـەو دەربڕینـە تـازە گەریـەكانو داهێنراوەكانو ڕۆچوو زێدە ڕەویەكانو ئەو وشەو ڕستانەی كـە هـەڵ دەگـرن درۆو ناڕاسـتیان تێـدا دەخوێندرێتـەوە وەك ئەو وشانەی كەلەپرسیارەكەتدا باست كردونو ئاماژەت پێ داون،((وەك ئەو سڵاواتو ویردانەی كەئارەزو بـازان شوێن هەواو ئارەزوەكانی خۆیان كەوتونو شوێن سوننەتی پێغەمبەرﷺناكـەونو لەخۆیانـەوە شـت دادەڕێـژن وەك ئەو سڵاواتانەی كەكەس نازانێت لەكوێ یان هێناوەو كێ بۆی داڕشتون وك** (الف صـــلاة والـــسلام...)**و گـەلێكی تـر كەلەناو خۆماندا باون ـ وەرگێڕ ـ)) نابێ بەكار بهێندرێنو دروست نین، لەبەر ئـەوەی لـەخۆ بـایی بـونو خـۆ گـۆڕینو زێدە ڕەویو درۆو دەلەسەیان تێدایەو بێ ناوەرۆكنو بێ بەڵگەو بێ بنـەمان. ئەمـە سـەرباری ئـەوەی كەپێـچەوانەی ئەو شێوە سڵاواتو وشانەن كەپێغەمبەری خواﷺهەڵبـژاردونو بـۆ موسـڵمانانی داڕشـتونو بەئوممەتەكـەی خـۆی ڕاگەیانـدونو ڕێنومـاییو ئامۆژگـاری كـردون كـەئاوا سـەڵاواتی لەسـەر لێ بـدەن. دیـارە شـتێكی بەڵگـە نەویـستە كەپێغەمبەرﷺ زانا ترینو بـەئامۆژگاری تـرین خەڵكـەو دور تـرین كەسـێكە لـەخۆ گـۆڕینو ڕۆچـونو زێـدە ڕەوی، و باشترینو بەرز ترین سەڵاتو سەلامی خوای پـەروەردگاری لەسـەر بێـت. داوا كـارین ئـەوەی كـەڕونمان كـردەوە لـەو بەڵگەو نیشانانەی لەڕون كردنەوەو شی كردنەوەی ڕاستەقینەی یـەكتا پەرسـتی**(التوحيـــد) **و نـاوەرۆكی هاوبەشـیو هاوەڵ پەیدا كردن**(الشرك)**، وەئەو جیاوازیەی كەلەنێوان هاوبەش پەیدا كەرانی سەرەتاو هاوبەش پەیدا كـەرانی ئـەم دواییانەو سەردەمیەكاندا لەم بەشەدا، وەهـەروەها لـەڕون كردنـەوەی چۆنیەتی سـەڵاوات لێدانی شـەرعیانە لەسـەر پێغەمبـەرﷺ بـەس بێـتو قەناعـەت بـەخوازیارانی هـەق بێنێـتو بیـان هێنێتـە ڕایـە، بـەڵام ئـەو كەسـەی نایـەوێت**

---

([169]) **واتە : بڵێن: ئەی خوای پەروەردگار ڕەحمەتو بەزەیی خۆت بڕێژە بەسەر محمدو خاوو خێزانی محمد هەروەكو چۆن ڕژاندت بەسەر ئیبراهیم و خاوو خێزانی ئیبراهیم. هەروەها بەرەكەتو پیرۆزی خۆت بڕێژە بەسەر محمدو خاوو خێزانو ئالی محمد هـەروەكو چـۆن ڕژانـدت بەسـەر ئیـبراهیمو خـاوو خێـزانو ئـالی ئیـبراهم دا.وە تـۆ سـوپاس كراوێكی بەرزو بەڕێزی ئەی پەروەردگارا.**

([170]) **هەمان واتـای پەراوێزی ڕابردوی هەیە تەنیا جیاوازیەكەیان بەسەر خێزانو نەوەو وەچەكانی پێغەمبەردا یە. وەرگێڕ.**

([171]) **هەمان واتـای ڕابردوی هەیە تەنیا زاراوەی لەجیهـانیانـدای پترە لەگەڵ ئەوەی كە پێغەمبەرﷺفەرموی سەلام كردنیش بەو شێوەیەیە كەفێرم كرد بون. وەرگێڕ.**

ڕاستیەکان بزانێتو هەق بناسێتو لەڕێگەی چەوت بگەڕێتەوە ئەوە ئەو کەسە بەدوای هەواو ئارەزوەکانی نەفسی خۆی کەوتوەو جڵەوی بۆ شۆڕ کردوە. خوای بەرزو بالاّ دەست دەفەرموێت:﴿ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾(١٧٢)

خوای پاكو بێگەرد لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕونی کردۆتەوە کەخەڵکی لەدیدو بۆچونی ئەو بەرنامەیەی کەخوای گەورە پێغەمبەرەکەی خۆی محمدﷺپێ ناردوە لەهیدایەتو لەدینی هەقدا دو بەشن:

یەکەم: ئەو گروپەن کەوەڵامی خواو پێغەمبەری خوا دەدەنەوەو بڕوا دەهێنن.

دوەم: ئەو کەسانەن یا ئەو گروپەن کەدوای هەواو ئارەزوەکانی خۆیان دەکەون. یان شوێن کەوتەی هەواو ئارەزوەکانی نەفسی خۆیانن.

هەروەها خوای گەورە بۆشی ڕون کردوینەوە کەلەو کەسانە سەرلێشێواو ترنین کەشوێن کەوتەی هەواو ئارەزوەکانی نەفسی خۆیان کەوتونو ڕێگەی هیدایەتی خوایی ناگرن.

داوامان لەخوای بەرزو بەتواناو شکۆمەند وایە کەلەشوێن کەوتەی هەواو ئارەزوەکان بمان پارێزێتو سەلامەتمان بکات، هەروەها داوا لەخوای پاكو بێگەرد دەکەین کەئێمەو ئێوەشو باقی برایانمان والێ بکات کەلەوەڵام دەرەوەکانی خواو پێغەمبەری ﷺخوا بین، وەلەو کەسانەمان بگێڕێت کەشەریعەتەکەی خوا بەگەورەو وپیرۆز دەزانن‌و بەپەیڕەوو پرۆگرامی خۆیانی دەزانن‌و شوێن کەوتەی بەرنامەکەی ئەون، هەروەها وریاو ئاگادارو ڕێنوماییمان بکات لەئاست هەمو شتێك کەپێچەوانەی شەریعەتەکەی خوایەو لەبیدعەو هەواو ئارەزوەکان بمان پارێزێتو بەرچاو ڕۆشنیمان پێ ببەخشێت. ئەو خودایەی کەدەست فراواو بەخشندەو بەبەزەییە . سەلاتو سەلامی خوا برژێت بەسەر گیانی بەندەو نێردراوو پێغەمبەری خوا محمدﷺو بۆ سەرماڵو خێزان‌و وەچەکانی‌و بۆ سەرسەحابەو شوێن کەوتوانی بەچاکە تا ڕۆژی قیامەت.

---

(172) أ ـ : سورة القصص: (٥٠).

ب ـ واتە: ئەگەر وەڵامی بانگ کردنەکەی تۆیان نەدایەوەو داوا کاریەکانی تۆیان نەهێنایە دیو بڕوایان نەهێنا ، ئەوا چاك بزانە هەرگیز هەق وەرناگرن‌و بڕوا ناهێنن‌و بەدوای هەوا و ئارەزوەکانی خۆیان کەوتون. توخوا کێ لەو کەسە سەر لێشێواو تر هەیە کە بەدوای هەواو ئارەزوەکانی خۆیان کەوتون‌وڕێگەو ڕیچکەیەکیان گرتوە کە هیچ هیدایەتو ڕازی بونێکی خوای لەگەل دا نیەو ڕێگەی سەر لێشێواویان گرتۆتە بەر، دیارە شتێکە بەڵگە نەویستە کەخوای گەورە هیدایەتو یارمەتی ملهوڕان‌و هاوبەش پەیداکەران‌و ستەمکاران نادات. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٢ل١٠٠٤.

# ئاگادار کردنەوە لەتازە داهێنراوەکان( البدع ).

## نامەی یەکەم

## لەحوکمی ئاهەنگ گێڕان بەیادی لەدایك بونی پێغەمبەرﷺ و هاو شێوەکانی

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهداه، أما بعد:

**لەکەسانێکی زۆرەوە پرسیارێکی زۆرمان دەبارەی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونی پێغەمبەرەوەﷺو ئەو وشەو دوعاو ویردانەو هەستانە سەر پێ لەم کاتەدا ئاراستە دەکرێتو چەندان جار دوبارەو چەند بارە دەبنەوە، هەروەها دەربارەی سەڵاواتو سەلام کردن لەپێغەمبەرﷺ، ئەمەو چەندان شتی تری کەلەم بۆنەی لەدایك بون ئەنجام دەدرێن.**

**لەوەڵامدا دەگوترێت: ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونی پێغەمبەرﷺو لەهیچ لەدایك بونێکی تردا دروست نیەو نابێ بکرێت، چونکە ئەم کردەوەیە لەداهێنراوە تازەگەریەکانە لەئایینی ئیسلامدا، وەپێغەمبەرﷺنەی کردوە،و نەجێ نشینەکانیشی کردویانەو نەسەحابەو هاوەڵە بەرێزەکانیشیﷺکردویانە. نەشوێن کەوتوەکانیشیان لەچەرخە زێڕینەکان ئەم ئاهەنگەیان گێڕاوە. کەئەوانە زانا ترین کەسانێك بون بەسوننەتی پێغەمبەرﷺ، وەلە پێغەمبەرەوەﷺچەسپاوە کەفەرمویەتی:**{ من احدث في امرنا هذا ماليس منه فهو رَدي}**،واتەبەسەر چاوی خۆی دادەرێتەوەو لێ ی وەرناگیرێت. وەلە فەرمودەیەکی تردا هاتوە:**{ عليكم بسنتي وسنَّة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي، تمسَّكوا بها، و عضواعليها بالنواجذ، وإياكم ومحدثات الأمور، فإنَّ كل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة}(١٧٣) . **لەم دو فەرمودەیەدا ئاگاداریەکی تونـدو تیـژیان تێدایە دەربارەی تازەگەرێتیو شتی تازە دروست کردن لەدینداو کار کردن پێ یان**(أحداث البدع)**و ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێ:**﴿ا فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (١٧٤) . **هەروەها خوای گەورەو بەرزو بێ هاوتا لەئایەتێکی تردا دەفەرموێت:**﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾(١٧٥)**.هەوەها دەفەرموێ:**﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾(١٧٦) . **هەروەها دەفەرموێ:**﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ

---

(173) **واتە : هەر کەسێك شتی تازەو تازە گەرێتی لەدین دروست بکاتو فرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت واتە بەڵگەو دەقی شەرعی لەسەر نەبێت ئەوا لێ ی وەرناگیرێتو بەسەر چاوی خۆی دادەدرێتەوە، هەروەها لەفەرمودەی دووەمدا فەرمویەتی: دەست بەسوننەتی منو سوننەتی جێ نشینە فامیدە هیدایەت دەرەکان بگرنو توند بیگرنو بەری مەدەن ئەگەر بەکاکیلەکانیشتان گرتبێتان، زۆر وریاو ئاگاداری تازەگەریو تازە داهێنان بن لەدینی خوادا، چونکە هەمو داهێنراوێکی تازەو تازەگەرێتی سەر لێشێواویو ماڵ وێرانیەو خاوەنەکەی دەباتە ناو ئاگری دۆزەخ. وەرگێر.**

(174) **أ ـ سورة النـور: ( ٦٣ ).**

**ب ـ واتە : ئەوانەی بێ فەرمانیو سەرپێچی پێغەمبەرﷺدەکەنو بەقسەی ناکەن بائاگادارو بێدار ببنەوەو واز لەو کردەوە خراپە بهێننو بەگوێ ی پێغەمبەرﷺ بکەن، لەوە ناترسن کەخوای گەورە هەر لەدنیادا توشی بەڵاو ناخۆشیان بکات وەك ئەوەی توشی برسیەتیو گرانیو قاتو قڕیتان بکات یا توشی بومەلەرزەو ڕۆچونو گەردەلولو گرکانتان بکات. و سزای یان بدات، یاخود لەڕۆژی دوایی دا توشی سزایەکی سەختو بەسفتو سوێ یان بکات؟. وەرگێر. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٢ل٩١٤., هەروەها لە( المكتبة الشاملة/ التفاسير/ تفسيري الطبري والمنتخب. في قرص السيدي. )**

(175) **أـ سورة الأحزاب: ( ٢١ ).**

**ب ـ واتە : بەڕاستی پێغەمبەرﷺ باشترین پێشەنگێکە لەهەمو بوارەکانی ژیانی دنیاو قیامەتدا بۆیە ئێوە پێویستە لەسەرتان شوێنکەوتەی ئەو بنو لەهەمو بوارەکانی ژیانتاندا و بەفرمانو بەقسەکانی ئەو بکەنو هەرگیز سەرپێچی نەکەن، چونکە فەرمانبەرداری ئەو لەفەرمانبەرداری خوایەو پێشەنگی باش بۆ ئەوکەسەیە واتە شوێن کەوتنو گوێ ڕایەڵی کردن بۆ ئەو کەسەیە کەهەمیشە کەرەمی خوای بوێتو مەبەستی ڕەزامەندی خوایەو گەیشتن بەنازو نیعمەتەکانی بەهەشتی نەبڕاوەیە. بەزۆری یادی خوا دەکاتو هەمیشە زمانی بەویردەکانی خوا تەڕ بێت بۆ نزیك بونەوە لەخوای گەورە. وەرگێر بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گولشەن ب٢ ل١٠٨١.**

(176) **أ ـ سورة التوبة : ( ١٠٠ ).**

لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا ﴾([177]). ئایەتی پیرۆزی قورئان لەم بوارەو لەم واتایەدا گەلێك زۆرن. و داهێنانی ئـەم ئاهـەنگـو یـاد کردنەوەی لەدایك بونانە ئەوەی لێ دەپرینگێتەوە واتە ئەوە دەبەخشێت کەپەنا بەخوا خوای پاكو بێگەرد دینەکـەی خۆی بۆ ئەم ئوممەتی ئیسلامە تەواو نەکردوە، و پێغەمبەریشﷺئـەوەی کەپێویـستە ڕای نەگەیانـدوە تاکـاری پـێ بکرێت، هەتاکو ئەمانەی دواییو سەردەمیەکان هاتونو شتی تازەیان خستۆتە سەر شـەریعەتەکەی خـواو بەشـتانێك کەخوای گەورە پێ ی ڕازی نیەو ویستو ئارەزوو مۆڵـەتی لەسـەر نیـەو ئـەوان دینەکـەیان تـەواو کـردوە. بەگۆتـەی خۆیان گوایە بەو کارە داهێنراوانەیان وەك یادی لەدایك بونی پێغەمبەرو ئاهەنگ بۆ گێڕانی لـەخوایان نزیـك دەکاتـەوەو بەم کارە بیدعیانەیان دەیانەوێ خۆ لەخوای پەروەردگار نزیك بکەنەوە ئەمەش گومانی تێدا نیـە مەترسـیەکی زۆری تێدایـە، چونکە ڕەخنە لەخوای پاكو بێگەردو پێغەمبـەری خـواشﷺدەگـرن بـەوەی کەدینەکـەیان تـەواو نـەکردوە، نـەخێر ئەوانـە درۆزننو بوختان کەرن خوای گەورە ئایینی خۆی بـۆ بەنـدەکانی تـەواو کـردوەو نـازو نیعمـەتی ئیـسلامی بەسـەردا ڕشـتون بەتەواویو بەبێ کەمو کوڕی.

پێغەمبــەریشﷺبەرنامــە ڕونو تەواوەکــەی بــەبێ کــەمو کــوڕیو بەتــەواوەتی ڕاگەیانــدوە، هــیچ ڕێگایــەکی نەهێـشتۆتەوە کـەپـێ ی بگەیتـە بەهەشـت ڕای نەگەیانـد بێـت، وڕێگایـەکیش دورت بخاتـەوە لـەئاگری دۆزەخ لێ ی ئاگادار نەکردبیتەوە بەڵکو هەموی بەتەواوی ڕون کردۆتەوە بۆ ئوممەتەکەی. هەروەکو لەفەرمودەی ڕاسـتدا هـاتوەو سەلمێنراوە لەعبداللە کوڕی عمرﷺگوتویەتی: کەپێغەمبەرﷺفەرمویـەتی: {مابعث الله من نبيٍّ إلاَّ كان حقاً عليـــه أن يدل امته على خير مايعلمه لهم، وينذر هم شر مايعلمه لهم}([178]). لای هـەمو کەسـێکیش ڕونو ئاشـکرایە کەپێغەمبـەری ئێمە باشترینو بـەڕێز ترینـی پێغەمبەرانـەو کۆتـا پێغەمبەرانیـشەو تـەواو تـرین بەرنامـەو ڕاگەیانـدنو ئامۆژگاریـشی هەبوە، جائەگەر ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونی ئەو پێغەمبەرەﷺبەشێك بایە لـەدینو دروست بایـە کـەخوای گەورە پێ ی ڕازی بوە کەدینی ئێمە بێت ئەوا هیچ گومانی تێدا نیە کەبەپێغەمبەرەکەیﷺڕادەگەیانـدو ئـەویش بـۆ ئوممەتەکــەی ڕون دەکــردەوەو پــێ ی دەگــوتن بیکــەن، یــان بــەکردەوە لــەژیانی خــۆی دا ئــەنجامی دەدا، یاهاوەڵەکانیﷺلەدوای خۆی دەیـان کـرد، جاکەلـەهیچ کامێکیانـەوە نـەکراوەو ئـەنجام نەدراوەچۆن دەکـرێ ئێمـە بیکەین، کەواتە بەوە دەزانرێ کەئەم ئاهەنگ گێڕانەو یاد کردنەوەی لەدایك بونە هیچی لەئیسلام دا نیەو بەشێك نیـە لەدینەکەمان، بەڵکو یەکێکە لەداهێنراوە تازەگەریەکان (البدع) کەپێغەمبەری خواﷺئوممەتەکـەی خـۆی لێ ئاگـادار کردۆتەوە هەروەکو لەم دو فەرمودەیەی ڕابردودا ئاماژەی پێ کرا. هەروەها لەچەندان فەرمودەی ترداو بەهەمان واتا

---

ب ـ واتە : ئەو موسڵمانانەی هەر لەسەرەتاوە بڕوایان هێناو پێشبڕکێ یـان دەکـرد لـە بـڕوا هێنـانو چـونە نـاو بازنـەی ئیـسلامەوەو بۆخزمـەت کردنـی دینەکەیانـدا لە پێشەوە بونو شوێن پێغەمبەر کەوتنو کۆچیان لەگەڵ کرد بۆ شاری مەدینەو ئەو موسڵمانانەشی کەلەمەدینە موسڵمان بون، بون بە پشتیوانانی موسڵمانانی کۆچ کـەرو بـون بەهۆی بڵاو کردنەوەی ئایینی ئیسلامو بنجو بناوان داکوتـانی ئەم دینەی خوا، هەروەها ئەو موسڵمانەشی لەدوا ئەوان هاتنو شوێنی ئەوان کەوتن لەچاکە کردنو بەندایـەتی کردن بۆ خوای گەورەو گەشە پێدانی دین و سەرکەوتنی موسڵمانـان، دیارە خوای گەورە لەئەوان ڕازیوەو ئەوانیش لەنازو نیعەمتەکانی خـوا ڕازیـن. خـوای گـەورە لەبەهەشـتدا بـاخو بـاخاتو بەهەشتانێکی بۆ ئامادە کردون لەڕوبارو جۆبارێکی زۆر خۆشیان بەژێردا دەڕواتو هەتـا هەتایـەش تـێ ی دا دەمێننـەوەو هەمیـشە زینـدون، بێگومـان ئەمـەش گەورە ترین سەرکەوتنو سەر بەرزیو سەرفرازیەو بەختەوەریو شادمانیەکی بێ وێنەیە. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب١ل٤٩٧.

([177]) أ ـ سورة المائدة: (٣).

ب ـ واتە : ئەمڕۆ دینەکەم بۆ تەواو کردن واتە ناردنە خوارەوەی قورئان کۆتـایی هاتو ئایینی ئیسلامم بۆ تەواو کردنو هەمو ئەحکامو دەستورەکانی ئەم شـەریعەتەم بۆ ڕون کردنەوەو بۆم ئاشکرا کردن ئێوەش کاری پێ بکەنو بیکەنە دەستورو یاساو ڕێسای ژیانتان . ئەوا نازو نیعـەتی خـۆم بەسـەر داڕشـتن کـەبریتی بـو لـەئایینی پـیرۆزی ئیسلامو ڕێگەی هیدایەتو ڕۆشنی ئیسلام. وەئەوە من ڕاوی بوم کەئایینی پیرۆزی ئیسلام دینی ئێوە بێت کەکۆتا ئایینەو بۆ هەمو کاتو زەمینەیك دەبێت. وەرگێڕ.

([178]) أ ـ رواه مسلم في صحيحه.

ب ـ واتە : خوای گەورە هیچ پێغەمبەرێکی نەناردوە کە هەرچی ڕێگەی خێرو بەرەکەتو سەربەرزیو سەر فرازیە بۆ ئوممەتەکەی ڕونی نەکرد بێتەوەو هـەر ڕێگەیـەکیش کە خراپەو شەڕو ناخۆشی بۆ ئوممەتەکەی تێدا بێت لێ ی ئاگادار نەکرد بنەوەو ئامۆژگاری نەکردبن بۆ دور کەوتنەوە لەو ڕێگە خراپو ئاشوب هێنەرە. وەرگێڕ.

هاتوە، وەکو فەرمودەی ﷺ لەخوتبەی هەینی دا هـاتوە دەفـەرموێ: {أما بعد: فإن خير الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمدﷺ، وشرالأمور محدثاتها وكلَّ بدعة ضلالة}(١٧٩).

ئایەتو فەرمودە لەم بەشو لەم بابەتەدا زۆرن، کۆمەڵێك لـەزانایان بەڕاشـکاوی و بەئاشـکرا ناڕەزامەنـدی خۆیـان لەئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونەوە ڕاگەیاندوەو ئاگاداریو وریایشیان داوە کەدروسـت نیـەو نـابێ ئاهـەنگ بـەم بۆنەیەوە بگێڕدرێتو نابێ بەبەشێك لەدین دابنرێت. بەکار کردن بـەو بەڵگانـەی کەخراونـە ڕو لـەم بارەیـەوە، بـەڵام هەندێ لەزانا پاشینەکان(دواییینەکان ـ خلف) پێچەوانەی ئەم ڕایە بونو ڕێگەیان پێداوە ئەگەر هـیچ کـارێکی خـراپو ناپەسەندی تێدا نەکرێت، وەکـو زێـدە ڕەوی لـەباسو وەسـف کـردنو پیاهەڵدانی پێغەمبـەرﷺ، وەتێکـەڵاوی ژنو پیاو، بەکار هێنانی ئامێرەکانی ڕابواردن( وەك تەپڵو دەفـو جۆرەکانی مۆسـیقاو بلـوێرو....تـد. وەرگێـر)و غـەیری ئەمانەش کەلەشەریعەتی خوادا دروست نینو ناپەسەندن. ئەوان دەڵێن ئەمانە لەداهێنراوە چاکەکانن( البدع الحسنة) .. بەڵام بنەماو بنچینەی شەرع ئەم جۆرە مل ملانێو جیاوازیانەی خەڵکی دەگێڕێتەوە بۆ قورئان(کتێبـی خـوا)و بـۆ سوننەتی پێغەمبەرکەی خوا محمدﷺهەروەکو خوای بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێ:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً﴾(١٨٠). هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ﴾ (١٨١). دەی ئێمەش ئـەو کێشەو ئاریشەیەمان کەبریتیە لەئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونەکان بۆ کتێبەکەی خوای پـاكو بێگەردگێڕایـەوەو سەیرمان کرد، بینیمان کەفرمانمان پێ دەکات بەشوێن کەوتنی نێردراوەکەی خۆی محمـدﷺو لەوێـدا چـۆن هـاتوە ئاوای ئەنجام بدەین. خوای گەورە لەقورئانە پیرۆزەکەی خـۆی داوریـاییو ئاگاداریمـان پێـدەدات وەك تیـشکی سـور (الضوء الأحمر) لەو شتانەی کەپێغەمبەرەکەی لێ ی قەدەغە کردوینو تیشکی سوری لەسـەر دانـاون. وەهـەوڵمان پـێ دەدات کەخوای پاكو بێگەرد ئایینەکەی بۆ ئەم ئوممەتی ئیسلامە تەواو کردوەو بـەبێ کـەمو کـوڕی بـۆی ناردونەتـە خوار، دەی ئەو ئاهەنگ گێڕانە بەم بۆنەیەوە لەو دینو بەرنامەیەدا نیە کەپێغەمبەری خوا هێناویەتیو بەموسـڵمانانی ڕاگەیاندوەو لەو دینە پاكو بێگەردو تەواوەدا نیە کەخوای گەورە بۆ ئێمەی ڕون کردۆتەوەو فرمانی ئەنجام دانی پـێ کـردوینو فرمـانی پـێ کـردوین کەتیایـدا شـوێن سـوننەتی پێغەمبەرەکـەیﷺبکـەوین. وەهـەروەها دیـسان ئـەم ئاریشەیەمان ئاراستەو گێڕایەوە بۆ سوننەتی پێغەمبـەرﷺلـەهیچ شـوێنو لـەهیچ کـونو قـوژبنێکی ئـەم سـوننەتە پیرۆزو ڕاستەدا هیچ گۆتەیەكو وشەیەکمان نـەدیتو نـەمان بینـی کەپێغەمبـەرﷺشـتێکی لـەم جـۆرەی کـرد بێـتو ئـەنجامی دابێـت، نەفرمانیـشی پـێ کـردوەو نەلـەکاتی خۆشـی داو نەلـەدوای خۆشـی ئـەنجام بـدرێت، ونەهاوەڵـە بەڕێزەکانیشیکردویانە، دەی بەمە زانیمانو بۆمان دەرکەوت کەئەمە واتا ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لـەدایك بونـەوە بەهیچ جۆرێك لەم دینو بەرنامەی ئیسلامەدا نیە، بەڵکو دروست کراوێکەو یەکێکە لەشتە داهێنراوەکـان(البدع المحدثة) ، خۆ چواندنێکە بەئەهلی کتاب لەجولەکەو لەدیانەکان(النصارى) کەلەجەژنەکانیان دا ئەنجامی دەدەن. بەمە بۆ هـەر

---

(179) أ ـ رواه مسلم في صحيحه.

ب ـ واتە: باشترین قسەو گفتار، یا باشترین بەرنامە کتێبەکەی خوایە کەمەبەستی لەقورئانی پیرۆزە، باشترین بەهێزترین هیدایەتو ڕێنومـایی هیدایـەتو ڕێنومـایی محمدەﷺ، وخراپترینو سەر لێشێواو ترین کارێکیش شتە داهێنراوەکانن ، وە هەموو داهێنانو بیدعەیەکیش سەر لێشێواویە. وەرگێر.

(180) أ ـ سورة النساء: (٥٩).

ب ـ لەبابەتەکانی پێشودا واتاکەیمان نوسیوە. وەرگێر.

(181) أ ـ سورة الشورى: (١٠).

ب ـ لەبابەتەکانی ڕابردودا واتاکەیمان نوسیوە. وەرگێر.

کەسێك کەتۆزقاڵێك بەرچاو ڕۆشنیو ژیریو ئارەزوی ناسینی هەقو گەیشتن بەڕاستیەکانی هەبێت ڕون دەبێتەوە کەئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونەوە هیچ پشکێکی لەم ئایینو بەرنامە ڕاستو ڕەوانەی ئیسلامدا نیە، بەڵکو پشکێکە لەکارە تازە گەریەکانو داهێنراوەکان(البدع المحدثة) ، کەخوای پاكو بێگەردو پێغەمبەرەکەی ﷺ فرمانیان پێ کردوین کەلێ یان دور بکەوینەوەو وازیان لێ بهێنینو هەڕەشەی بەکار هێنانو ئەنجامدانیشیان لێ کردوین.

هیچ پێویست ناکات مرۆڤی ژیرو ئاقڵو تێگەیشتو بەوە هەڵ بخڵەتێ کەزۆرینەی خەڵکی لەهەمو وڵاتاندا ئەم کارە ئەنجام دەدەنو ئاهەنگ بەبۆنەی لەدایك بونەوە دەگێڕن، چونکە هەقو ڕاستیەکان بەوە ناناسرێنو ناسەلمێنرێن کەزۆرینەی خەڵکی ئەنجامی دەدەنو پەیڕەوی دەکەن، بەڵکو بەبەڵگە شەرعیەکان دەسەلمێنرێنو دەناسرێنەوە، هەروەکو خوای گەورە لەبارەی جولەکەو دیانەکان(النصارى) دەفەرموێ:﴿ وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلاَّ مَن كَانَ هُوداً أَوْ نَصَارَى تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾([182]). هەروەها خوای بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێ:﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللّهِ ﴾([183]).

هەروەها زۆرینەی ئەم ئاهەنگانەی لەدایك بون - لەگەڵ ئەوەشی دا کەبیدعەن - دیسانەوە لەوە بەدەرنیە کەپڕیەتی لەکاری خراپو ناپەسەند(منكرات) ، وەك تێکەڵ بونی ژنانو پیاوان، وبەکار هێنانی گۆرانیو ئامێرەکانی ئاوازو مۆسیقا،و خواردنو خواردنەوەی مژادە سەرخۆش کەرو بێ هۆش کەرەکان، و غەیری ئەوانیش لەکارە خراپو قێزەونەکان، کاری زۆر لەمەش خراپ ترو گەورە تر تیایاندا ڕوی داوە، وەك هاوبەش پەیدا کردنی گەورە(الشرك الأكبر)، ئەویش بەزێدەڕۆییو لەسنور دەرچون لەمافی پیاهەڵدانو وەسف کردنی پێغەمبەرﷺو غەیری ئەویش لەپیاو چاکان، و دوعاو لەبەر پاڕانەوەو هانا بردن بۆ پێغەمبەرو پیاو چاکانو داوای مەدەد کردن لێ یان بڕوا بون بەوەی کەئەوانە غەیب دەزانن، وگەلێکی تر لەم کارە شیرکیو هاوبەش پەیدا کردنانە. کەزۆرێك لەخەڵکی تێ ی کەوتونو ئەنجامی دەدەن لەکاتی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونی پێغەمبەرﷺو غەیری ئەویش کەبەدۆستانی خوا(الأولياء الله) ناویان دەبەن. لەپێغەمبەرەوەﷺو لەفەرمودەی ڕاستەوە هاتوە کەفەرمویەتی:{أيّاكم والغلو في الدين فإنّما هلك من كان قبلكم الغلو في الدين}([184]). هەروەها ﷺلەفەرمودەیەکی تردا فەرمویەتی:{ لاتطروني كما أطرت النصارى إبن مريم، إنّما أنا عبدٌ، فقولوا: عبدالله ورسوله}([185]).

ئەوەی جێگە داخو کەسەرو سەر سوڕهێنانو نامۆیە، ئەوەیە کەزۆرێك لەخەڵکی زۆر بەسۆزو حەماسەتو چالاکانە هەوڵ دەدەن لەم جۆر ئاهەنگە داهێنراوانە(المبتدعة)دا ئامادەبنو پاروی چەور چەوری لێ بادەدەنوقسەی

---

([182]) أ ـ سورة البقرة: (١١١).

ب ـ واتە: جولەکەو دیانەکان دەیان گوت کەس ناچێتە بەهەشت تەنیا ئەوانە نەبن کەجولەکە بن یان دیان. خوای گەورە بەدرۆیان دەخاتەوەو دەفەرموێ نەخێر ئەوە تەنیا خەیاڵ پڵاوی خۆیانەو بەس، بیرو بۆچونی بێ ناوەروكو بێ بنەماو قرچۆکی خۆیانە، ئەی پێغەمبەرﷺ پێ یان بلێ: دەی کەوایە ئەگەر ڕاست دەکەن بیسەلمێننو بەڵگەو نیشانەی خۆتان بهێننەوە گەر درۆ ناکەن. وەرگێڕ.

([183]) أ ـ سورة الأنعام: (١١٦).

ب ـ واتە: ئەگەر تۆ بەقسەو گوێ ڕایەڵی زۆرینەی خەڵکی سەر زەوی بکەیت کەئەوان خۆیان سەر لێشێواونو ڕێگەی ڕاستی خواییان نەگرتوەو بەدوای شەیتان کەوتون ، ئەوا تۆیش سەرلێشێوا دەکەنو بەرەو هەڵدێرو تێ شکانت دەبەنو لەڕێگەی خوای گەورەت لادەدەن، چونکە ئەوانە ئەو ڕێگەو بەرنامەی گرتویانە هەڵەیەو بێ ناوەرۆكو پڕو پوچن. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب١ سورەتی (الأنعام:١١٦).

([184]) واتە: زۆر وریابن لەدین دا زێدەڕۆیی زۆر نەکەن ، چونکە تێ ی دا توشی لادانو سەر لێشێواویی دەبنو ڕێتان لێ تێك دەچێت، ئەوەتە ئەو گەلو قەومانەی لە پێش ئێوەدا لەسەر ئەم زەویە ژیاون بەهۆی زۆر ڕۆچونو زێدە ڕەویان لەدین دا بەهیلاكو لەناو چون. وەرگێڕ.

([185]) أ ـ خرجه البخاري في صحيحه، من حديث عمرﷺ.

ب ـ واتە: ئەوەندەم بەرز مەکەنەوەو زێدە ڕەوی لەمافەکانی مندا مەکەن، هەروەکو چۆن دیانەکان زێدە ڕەویان لەکوڕی مریم دا کردو لەسنوری خۆیان بردە دەر، بەڵکو من بەندەیەکی خوای گەورەمو پیم بڵێن: بەندەی خواو نێردراوی خوا. وەرگێڕ.

قەڵەو قەڵەوی تێدا دەکەن، وێڕای ئەمانەش هەموی بەرگری لێ دەکەن‌و پاساوانیشی بۆ دەهێننەوە، لەهەمان کاتدا زۆرێك لەو ئەرك‌و واجباتانەیش دوا دەکەون کەخوای گەورە لەسەری فەرزو واجب کردون وەکو ئامادە بون لەنوێژی هەینی‌و نوێژە بەکۆمەڵەکان(الجمعة والجماعات)، بێ ئەوەی تێڕا بمێننو سەر بەرز بکەنەوەو ببینن ئاخر ئەو چ کارێکی زۆر ناپەسەندی کردوە(منكراً عظيماً) ، دیارە هیچ گومانی تێدا نیە کەئەمە لەبێ هێزی ئیمان‌و کەم نابەرچاو ڕۆشنی یەوەیەتی، ولەکەڵەکە بونێکی زۆری گوناح‌و تاوان‌و پیس‌و پۆخڵی گوناح‌و سەرپێچی یەکانە کەلەسەر دڵیاندا کەڵە بون. داوا لەخوای گەورە دەکەین کەئێمەش‌و باقی موسڵمانانی جیهان بپارێزێت‌و تەندروست‌و سەلامەتمان بکات. وەلەهەرە کارە خراپ‌و سەرپێچی‌و بیدعیەکان ئەوەیە کەهەندێ کەس وا گومان دەبات کەپێغەمبەرﷺلەو ئاهەنگی لەدایك بونانەدا ئامادە دەبێت، بۆیە گورج لەبەری هەڵ دەستن بۆبەخێر هاتن‌و بەپێشوازی چونیەوە. ئەمەش لەخراپترین‌و گەورە ترین کارە پوچەڵ‌و بێ ناوەرۆك‌و خراپەکان‌و توند ترین‌و بۆگەن ترین نەفامیەتە. دڵنیا بن پێغەمبەرﷺهەتا ڕۆژی قیامەت لەگۆڕ نایەتە دەرو پەیوەندیش بەکەسەوە ناکات،و لەکۆڕو کۆبونەوەکانی کەسیش دا ئامادە نابێت، بەڵکو لەگۆڕەکەی خۆی دا دەمێنێتەوە هەتاکو ڕۆژی قیامەت‌و ڕوحەکەشی لە(أعلى العلـيين) دایە لەلای پەروەردگاری خۆی لە(دار الكرامة)، هەروەکو خوای گەورە لەسورەتی (المؤمنين) دا دەفەرموێت:﴿ ثُـمَّ إِنَّكُـمْ بَعْـدَ ذَلِـكَ لَمَيِّتُونَ۝ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ﴾ (١٨٦).

وەپێغەمبەرﷺفەرمویەتی:{أنا أول من ينشق عنه القبر يوم القيامة، وأنا أول شافع وأول مشفع}(١٨٧). باشترین‌و بەرز ترین سەلات‌و سەلامی خوای پەروەردگاری لێ بێت. ئەم ئایەتە پیرۆزەو ئەم فەرمودە بەڕێزە، وهەمو ئەو ئایەت‌و فەرمودانەی لەم بوارەو واتایەدا هاتون هەمویان وئەوە دەسەلمێنن کەپێغەمبەرﷺو هەمو مردوێك ڕۆژی قیامەت لەگۆڕەکانیان دێنەدەرو لەدنیادا هەرگیز نایەنە دەر. ئەمە ڕاستیەکە کەهەمو زانایانی موسڵمانان لەسەری کۆکن‌و هیچ جیاوازی‌و نارێکیەکیان لەنێواندا نیە، بۆیە پێویستە لەسەر هەمو موسڵمانێك کەئاگاداری ئەم کارانە بێت‌و هۆشیارو بەرچاو ڕۆشن بن‌و زۆر وریاو ئاگادار بن لەو کارو کردەوانەی کەنەفام‌و نەزانەکان‌و دەجال‌و هاو شێوەکانیان  دایان دەهێنن لەو بیدعەو خوڕافیات‌و ئەفسانەو کاری پڕو پوچ‌و بێ بنەماو ناوەرۆکانەی کەلەلایەن خوای گەورەوە هیچ بەڵگەو زانیاریەکیان لەسەر نەهاتۆتە خوار ، خوای گەورە پاڵ پشتەو پشت بەستن تەنیا بەئەوەوە دەبەسترێت.هیچ هێزو تواناو دەسەڵاتێك نیە تەنیا بۆ ئەوە نەبێت وەهیچ بڕیارو یاسایەك دانارێژرێت تەنیا بەو نەبێت بەڵام سەلات وسەلام دان  لەسەر ڕەسولی خوا(ﷺ )لەباشترین وبەرزترین کارێکە کەپێی لەخوانزیك دەبێتەوە لەکردەوە چاکەکانە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّـذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾(١٨٨)..هەروەها پێغەمبەر(ﷺ)فەرمویەتی:{من صلَّى عليَّ واحـدة صـلَّى الله عليـه

---

([186]) أ ـ سورة المؤمنون :( ١٥ـ١٦ ).

ب ـ واتە : ئەی ئادەمیزادەکان ئێوە دوایی  واتە ئەگەر کاتی ژیانتان لەم دنیای دوا بڕاودا تەواو بو هەموتان دەمرن‌و دوایش کەڕۆژی قیامەت هات  واتە لەڕۆژی قیامەتیشدا هەموتان زیندو دەکرێنەوەو بەرەو دەشتی مەحشەر دەبرێن‌و    دادگایی  دەکرێت لەلایەن خوای پەروەردگارمانەوە تا بەهەشتیان بەرەو بەهەشت بچن‌و تاوانباران‌و گوناحبارانیش بەسزای کردەوە قێزەونەکانی خۆیان بگەن‌و بەدۆزەخ بگەن‌و سوك‌و ڕیسوا بن .وەرگێڕ، بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٢ ل٨٦٦..

([187]) واتە : من یەکەمین کەسێکم کەگۆڕەکەم لەت دەبێت‌و دێمە دەر لەڕۆژی قیامەتدا، وەیەکەمین تکا کارێکم لەکاتی تکا کردندا لەڕۆژی قیامەتدا. وەرگێڕ.

([188]) أ ـ سورة الأحزاب: ( ٥٦ ).

ب ـ واتە : خوای گەورەو فریشتەکانی سەلاوات لەسەر محمدﷺلێ دەدەن، دەی ئێوەش ئەی ئەوانەی کەبڕواتان بەخواو بەبەرنامەکەی خواو پێغەمبەرو ڕۆژی دوایی هێناوە سەڵاوات لەسەر پێغەمبەرﷺلێ بدەن واتە داوای ڕژانی  سۆزو ڕەحمەت‌و بەرەکەتی خوا بۆ سەر گیانی پێغەمبەرﷺبکەن. سەڵاوات لێدان لەلایەن خواوە بەبەرز سەیر کردن‌و ڕێز لێنان‌و ڕشتنی سۆزو بەرەکەتی خۆیەتی  بۆ پێغەمبەرﷺ. وەسەڵاواتی فریشتەش‌و موسڵمانانیش بۆ پێغەمبەرﷺدوعا کردن‌و پاڕانەوەیە بۆ بەرز بونەوەی پلەو پایەی لەبەهەشتداو بەگەورە سەیر کردن‌و ڕێز لێنانی  پتر لە پێغەمبەرﷺ وەسەلامی لێ بکەن بەو شێوە سەلام کردنە کەلەشەریعەتی ئیسلامدا دارڕژاوەو داوا

عشراً}([189]). ئەم جۆرە سڵاوات لێدانە لەهەموو کاتو ساتێك دا دروستەو شەرعیە، و سوننەتێکی دڵنیا کراوە (مؤكدة) یە لەدوای هەموو نوێژێك، بەڵکو لەلای کۆڕای ئەهلی عیلم لەتەحیاتی دوەمدا لەهەموو نوێژێك دا واجبە، و سوننەتێکی موئەکەدەیە لەکاتەکانی تردا. وەك لەدوای بانگەکانو لەکاتی ناو هێنانی پێغەمبەرﷺو لەڕۆژی هەینیو شەوەکەی دا. هەروەکو زۆرێك لەفەرمودەکان ئەمە دەسەلمێنن.

وصلَّى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه.

---

لەموسڵمانان کراوە کەسەلامی پێ لەیەکتری بکەن. وەرگێڕ. تەفسیری گوڵشەن ب٢ل ١١٠٦. هەروەها لە( المكتبة الشاملة/ التفاسير/ تفسير الطبري/ سورة الأحزاب/الآية٥٦. قرص سيدي ).

(189) واتە : هەرکەسێك سەڵاواتێك لەسەر من بدات، خوای گەورە دەسەڵاواتی لەسەر لێ دەداتەوە.

## نامەی دووەم

## حوکمی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی شەوی ئیسراو میعراج

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى آله وصحبه، أما بعد:

گومانی تێدا نیە کەشەو ڕەویو سەرکەوتن بۆ ئاسمانەکان یەکێکە لەنیشانەو بەڵگەکانی دەسەڵاتو توانای بێ سنوری خوای گەورەو بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆیەتی نێردراوەکەی خوا محمدﷺ، وگەورەو پلەو پایەی لەلای خوای گەورەو بەرزو بێ هاوتا، هەروەکو گوتمان بەڵگەیەکی بەهێزیشە بۆ هێزو تواناو دەسەڵاتی بێ سنورو لەبن نەهاتوی خوای گەورە. وبەرزیەتی و پاکو بێگەردو باڵا دەست دەفەرموێ:﴿ سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ﴾[190]. وەلە پێغەمبەری خواوە هاتوە کەبەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمانەکانو دەرگاکانی ئاسمانی بۆ کراونەوە هەتاکو لەئاسمانی حەوتەمیش تێ پەڕیوە . لەگەڵ پەروەردگاری پاکو بێگەردی خۆی دا وتو وێژی کردوەو بەو شێوەی کەخوا حەزی لێ بوەو ویستی خۆی لەسەر بوە. لەوێ پێنج فەرزەی نوێژی لەسەر خۆیو لەسەر ئوممەتەکەی فەرز کران، کەیەکەمین جار خوای پاکو بێگەرد پەنجا نوێژی لەسەر فەرز کرد، ئیدی پێغەمبەرﷺدەهاتە خوارو دەگەڕایەوە داوای لەخوای گەورە دەکرد کەلەسەری سوکتر بکات تا بۆی کردە پێنج نوێژ لەشەوو ڕۆژێك دا، کەبریتین لەو پێنج فەرزە نوێژەی کەئێستا موسڵمانان ئەنجامی دەدەن بۆ خوای گەورەو پاداشتی هەر پەنجا نوێژەکەشی بۆ هەیە، چونکە چاکە کردن یەك بەدەیە، سوپاسو ستایش بۆ خوای گەورە لەسەر هەمو نازو نیعمەتەکانی کەبەبەندەکانی خۆی بەخشیون.

ئەو شەوەی شەو ڕەویو سەرکەوتنی تێدا ڕوی دا، دیاری کردنو دەست نیشان کردنی لەفەرمودە ڕاستەکاندا نەهاتوە، نەلەمانگی ڕەجەبو نەلەمانگەکانی تردا، هەرچی دەگوترێ دەربارەی دەست نیشان کردنی ئەو شەوە کەگوایە لەو شەوەدا ڕوی داوە کەدەست نیشانیان کردوە هیچیان لەپێغەمبەرەوەﷺجێگیرو نەچەسپاونو لەوەوە نەهاتون. لای ئەهلی زانستی فەرمودە ئەم ڕاستیە سەلمێنراوە. حیکمەتی تەواو بۆ خوای گەورەیە کەوای کردوە خەڵکی ئەوەیان لەبیر بچێتەوە، خۆ ئەگەر دیاریش کرابا دروست نەبو موسڵمانان هیچ بەشێك لەبەندایەتیەکانی تێدا تایبەت بکەنو ئەنجامی بدەن، واتە بەندایەتی تێدا بکەنو ڕۆژەکەی بەڕۆژو بن هەروەکو زۆرێك لەموسڵمانان تیایدا بەڕۆژو دەبن، و بۆشیان دروست نیە ئاهەنگی تێدا بگێڕنو یادی بکەنەوە، چونکە نەپێغەمبەرﷺو نەهاوەڵە بەڕێزەکانیﷺئاهەنگیان تێدا نەگێڕاوەو یادیان نەکردۆتەوەو بەهیچ شتێکیش تایبەتیان نەکردوە. دەی ئەگەر یاد کردنەوەو ئاهەنگ گێڕان تیایدا کارێکی دروستو شەرعی بوایە، هیچ گومانی تێدا نیە کەپێغەمبەریﷺخوا بۆ ئوممەتەکەی ڕون دەکردەوەو فرمانی پێ دەکرد کەیادی بکەنەوەو ئاهەنگی تێدا بگێڕن. جاچ بەقسەو گفتار بایەو چ بەکردەوە بوایە، ئەگەر شتێکی وا هەبوایەو ڕوی دابایە ئەوا دەزانراو بڵاو دەبوەو خەڵکی هەموی دەیزانی وەك باقی حوکمو بەندایەتیەکانی تر. و هاوەڵە بەڕێزەکانی بۆ ئێمەیان دەگواستەوەو پێ یان ڕادەگەیاندین، هەروەکو چۆن هەمو شتێکی پێویستیان لەم دینە پاکەدا بۆ ئوممەتی ئیسلام گواستۆتەوەو بۆیان جێ هێشتوین، وهیچ شتێك

---

[190] أ ـ سورة الإسراء: (١).

ب ـ واتە: پاكو بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کەشەو ڕەوی بەبەندەو پێغەمبەرەکەی خۆی محمدﷺ کرد لە مزگەوتی حرامەوە لەمەککە بۆ مزگەوتی ئەقصا ( بيت المقدس ) لەشاری قودس لەفەلەستین ، کەبەرەکەتو فەڕی خۆمانمان بەدەورەی دا ڕشتوە بەوەی کەمەڵبەندی چەندان لە پێغەمبەرانی خوا بوە، وەلەوێشەوە بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمانەکان تا دوایین مەقام کە پێ ی دەگوترێت ( سدرةالمنتهى ) بۆ ئەوەی نیشانەو ئایاتو بەڵگەکانی دەسەڵاتی خۆمانی نیشان بدەین. دیارە ئەمە ڕێز لێنانێك بو بۆ پێغەمبەرﷺ. وەرگێڕ.

لەم دینەی لێ حەشار نەداوین‌و خستویانەتە ڕو، نەك ئەمە بەڵكو هەمویان پێش بڕكێ یان دەكرد بۆ ڕاگەیاندن‌و گواستنەوەی حوكم‌و شتە بەسودەكان‌و كارە خێریەكان بۆ نەوەكانی دوای خۆیان لەم ئوممەتی ئیسلامە، جائەگەر یاد كردنەوەو ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی ئەم شەوە شەرعی بوایە ئەوانە یەكەمین كەسێك دەبون‌و پێش هەمو كەسێك دەیان كردو بەئێمەشیان دەگوت‌و پێ یان ڕادەگەیاندین كەشوێن كەوتەی ئەوان بین‌و ئێمەش ئەنجامی بدەین، وەپێغەمبەریش ﷺ ئامۆژگار ترین كەس بو بۆ خەڵكی، و پەیامی خواشی بەو پەڕی تەواوی‌و دڵسۆزیەوە ڕاگەیاندوەو ئەمانەتی سەر شانی خۆی گەیاندوەتە جێگەی خۆی و هیچ كەم تەرخەمیەكی تێدا نەكردوەو هیچ شتێكی وەلا نەناوە، جائەگەر بەگەورە گرتن‌و یاد كردنەوەو ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی ئەو شەوە بەشێك بوایە لەدینی خوا ئەوا پێغەمبەر ﷺ پشت گوێ ی نەدەخست‌و حەشاری نەدەدا. دەی مادام هیچ شتێكی لەسەر نەهاتوەو بەڵگەی لەسەر نیە بەوە دەزانرێ كەیاد كرنەوەو ئاهەنگ گێڕان‌و بەگەورە دانانی ئەو شەوە لەئیسلامدا هیچ پشكێكی نیەو دروست نیە ئەنجام بدرێت. خوای گەورەش ئەم دینەی بۆ ئوممەتی ئیسلام تەواو كردوەوهیچ كەم‌و كوڕیەكی تێدا نیەو نازو نیعمەتی خۆی بەسەر داڕشتون، ڕازیش نیە بەهیچ شێوەیەك هیچ كەسێك شتی تازە بخاتە سەر ئەو دینەو ئەو بەرنامەی كەخۆی بەتەواوی بە یاساو ڕێسای ژیانی مرۆڤی داناوە، مادام ویست‌و ئارەزوو مۆڵەتی خۆی لەسەر نەبێت. ئەوەتە خوای پاك‌و بێگەردو بەرزو بێ هاوتا لەكتێبە ڕۆشن‌و ڕونەكەی خۆی دا و لەسورەتی(الشورى) دا دەفەرموێت:﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا ﴾([191]). هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ وَلَوْلَا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾([192]). هەروەها لەپێغەمبەرەوە ﷺ چەسپاوەو و لەفەرمودە ڕاستەكاندا هاتوە كەلەشتی تازەی داهێنراو(البدع) بەتوندی ئاگاداری كردوینەوەو دەمان ترسێنێ‌و دەفەرموێ: هەمو داهێنراوێك سەر لێشێواویە وەك وریا كردنەوەو ئاگاداریەك لەترسناكترین‌و گەورە ترین مەترسی بۆ ئوممەتەكەی و وەك دور خستنەوەو گێڕانەوەو دەست گرتنێك لەو مەترسیە گەورەیە نەبادا پێ یان بخلیسكێتە ناوی‌و تێ ی بكەون‌و ئەنجامی بدەن. لەو فەرمودانەشی كەلەهەردو فەرمودە ڕاستەكاندا هاتوە كەلەعائشەوە(رضي الله عنها) ئەویش لەپێغەمبەرەوە ﷺ كەفەرمویەتی:{من أحدث في أمرنا هذا ماليس منه فهو ردٌ}([193]).

وەلەڕیوایەتی مسلم دا هاتوە كە ﷺ فەرمویەتی:{ من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو ردٌ}([194]) هەروەها لە(صحيح) داولەجابر رضي الله عنه هاتوەكەدەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لەوتارەكەی ڕۆژی هەینی دا دەی فەرمو:{أما بعد:فإنَّ خير الحديث كتاب لله، وخير الهدي هدي محمد ﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل بدعة ضلالة} ([195]) وە(النسائي)بەسەنەدێكی باش (جيد) ئەم دەربڕینەشی خستۆتەسەر كەفەرمویەتی:{وكل ضلالة في النار}هەروەها لە (السُنن) داو لە(العرباض كوڕی سارية رضي الله عنه) هاتوە كەگوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاریەكی ئەوەندە بەهێزو بەپێزو توندی كردین كە دڵەكان

---

([191]) أ ـ سورة المائدة: (٣).

ب ـ واتاكە یمان لەنامەی پێشتردا نوسیوە. وەرگێڕ.

([192]) أ ـ سورة الشورى: (٢١).

ب ـ لەبابەتەكانی پێشودا واتاكە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

([193]) لەنامەی یەكەمی ئەم بابەتەدا واتاكە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

([194]) لە بابەتەكانی ڕابردودا واتاكە یمان نوسیوە . وەرگێڕ.

([195]) لە بابەتەكانی ڕابردودا واتاكە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

لەئاستی دا ڕادەچڵەکانو چاوەکان فرمێسکیان دەڕشت، ئێمەش گوتمان: ئەی ڕەسولی خوا وەکوبڵێی ئامۆژگاریەکەت، ئامۆژگایەکی ماڵ ئاوایی کردنو خوا حافیزی بێت، دەی گیانمان بەقوربانت بێت ڕێنماییو ئامۆژگاریمان بکە، فەرموی: {أصيكم بتقوى الله والسمع والطاعة، وإن تأمَّر عليكم عبدٌ، فإنه من يعش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً، فعليكم بسُنتي وسُنَّة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي، تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ، وإياكم ومحدثات الإمور، فإن كل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة}[١٩٦].

فەرمودەش لەم بوارو لەم واتایەدا گەلێك زۆرن، ئاگادار کردنەوەو ورياکردنەوەو ترساندن لەداهێنراووکارە داتاشراوەکان(البدع) لەپێغەمبەرﷺو لەهاوەڵە بەڕێزەکانیﷺو لەدوای ئەوانیش لەپێشینەی پیاو چاکان چەسپاوو جێگیر بوە، ئەوەش لەبەر هیچ هۆکارێك نیە تەنیا لەبەر ئەوە نەبێ کەشتێکی زیادەو زیادەگەریو داهێنانە لەئایینی پیرۆزی ئیسلامداو شتێکیان داهێناوەو شەریعەتێکیان دارشتوە کەخوای گەورە فرمانی لەسەر نیەو مۆڵەتی پێ نەداوەو لەهەواو ئارەزوەکانی خۆیانەوە هەڵێنجراوەو سەرچاوەی گرتوە، وخۆ چواندنیشە بەدوژمنانی خوا جولەکە و دیانەکان(النصارى) لەوەی کەبەئارەزوی خۆیان شتی تازەیان خستۆتە سەر دینەکەیان، چ شتێك لە بەرژەوەندی خۆیانو بایەو لەگەڵ هەواو ئارەزوەکانی خۆیاندا تێکی بکردایەوە دەیان خستە سەر دینەکەیانو دایان دەهێنا بێ ئەوەی خوای گەورە ویستو ئارەزوو مۆڵەتی لەسەر بێتو بۆ خەڵکی دوا خۆشیان جێ دەهێشت کەتا دنیا ماوە سەر لێشێواو دەبن بەو هەڵەی ئەوانەوە. بەم کارەیان ناتەواویو کەمو کوڕی دەدەنە پاڵ ئیسلامو بەناتەواوی تۆمەت بار دەکەن. دیارە ئەمەش شتێکی ڕونو ئاشکرایە کەئەم کارە خراپەو گوناحێکی گەورەو قێزەونە، بەرکەوتنە لەگەڵ ئایاتی خوای گەورە کەدەفەرموێ:﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ﴾[١٩٧]. پێچەوانەو دژایەتیەکی ئاشکراشە لەگەڵ فەرمودەکانی پێغەمبەرﷺکەلەو کارە داهێنراوانە ئاگادارو وریامان دەکاتەوەو فەرمانی دور کەوتنەوەمان پێ دەکات لەو کارە بیدعیە قێزەونانە.

داوا کارو هیوا دارین کەئەو بەڵگانەی هێنامانەوە بەس بن و قەناعەت بەخوازیارانی هەقو ڕاستیەکان بێنن لەبەر پەرچ دانەوەو ڕازی نەبونو دور کەوتنەوە لەم کارە داهێنراوەیە(البدعة) مەبەستم لەیاد کردنەوەو ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونی پێغەمبەرو شەوی شەو ڕەویو سەرکەوتن بۆ ئاسمانەکان(الإسراء والمعراج) ، وریاو ئاگادار بون لێ ی، چونکە ئەوە بەهیچ شێوەیەك هیچ پشکێکی لەئایینی ئیسلامدا نیە، وەخوای گەورە ئامۆژگاری کردنی موسڵمانانو ڕاگەیاندنو ڕون کردنەوەی ئەوەی کەخوای گەورە وەك ڕێبازویاساو ڕێساو شەریعەتێك بۆی داناونو واجبی کردوەو دەبێ پەیڕەو بکرێت، شاردنەوەو پاش قول دانی زانستو زانیاریە شەرعیەکانی حەرامو قەدەغە کردوە، بۆیە بەباشم زانی برایانی موسڵمانم لەم کارە داهێنانە قێزەونە(البدعة) یە ئاگادارو وریا بکەمەوە، کەبەڕاستی باڵی ڕەشو سامناکی بەسەر زۆرێك لەوڵاتانی ئیسلامدا کێشاوەو تەشەنەی کردوە، بەجۆرێکی وا زۆرێك

---

(196) واتە : ئامۆژگاریتان دەکەم بەخۆپارێزی لەخوای گەورەو بەگوێ ڕایەڵیو گوێ گرتنو شوێن کەوتن، دەرنەچون لەکۆمەڵی موسڵمانانو سەرکردەی موسڵمانان، جابا بەندەیەکی قولە ڕەشیش سەرکردەو بەرپرستان بێت، هەر کەسێك لەئێوە تەمەنی باقی بێتو بژیات بەچاوی خۆی جیاوازیو پەرتەوازەیی موسڵمانان دەبینێت، دەی کەگەیشتنە ئەو کاتە ئەوەی لەسەر ئێوە پێویستە ئەوەیە کەدەست بەسوننەتی منو سوننەتی جێ نشینە ڕاشدینە ڕێنومایی کارەکانی دوای منەوە بگرێت، و توند بیگرنو بەری مەدەن ئەگەر بەکاکیلەکانتانیشتان بێت توند بیگرنو بەری مەدەنو لەو سوننەتە بەمو لانەدەن، زۆرتان ئاگا لەخۆ بێت شتی تازە نەهێننە ناو دینی ئیسلامو بەدوای هەواو ئارەزوەکانی خۆتان مەکەون هەر شتێك لەقورئانو سوننەت بەڵگەی نەبێت کاری پێ مەکەنو فرێ ی بدەنو کاری بیدعە مەکەن، چونکە هەمو تازە داهێنراوو داتاشراوێك لەئایینی ئیسلامدا بیدعەیە، وەهەمو بیدعەیەکیش سەر لێشێواویەو هەمو سەرلێشێواویەکیش دەبێ لەئاگردا بسوتێت، چ جای ئەوەی بەتەویای پاداشت بێت!! وەرگێڕ.

(197) سورة المائدة: (٣).

لەموسڵمانان بەبێ ئاگاییەوە وا دەزانن کەبەشێکی دانەبڕاوە لەئایینەکەیو نابێ دەست بەرداری بێت. داوا لەخوای گەورە دەکەین کەحالەتی موسڵمانان بەگشتی چاك بکات، ولەئایینەکەیان شارەزایان بکات، وەئێمەشو ئەوانیش سەرکەوتوویارمەتی بدات بۆ دەست گرتن بەپەتی ئایینو هەقو ڕاستی بەر نەدەینو پێدامەزراومان بکات لەسەر بەرنامەکەی خۆی واتە لەسەر قورئانو سوننەتو واز هێنانو دور کەوتنەوە لەهەر شتێك کەپێچەوانەی ئایینو بەرنامەکەی خوا بێت،کەهەر خوای گەورەیە پاڵ پشتی دینەکەیەتی و پەروەردگارو بەتوانایە بەسەر هەمو شتێك دا.

وصلَّى الله وسلمء بارك على عبده ورسوله نبينا وآله وصحبه.

## نامەی سێ یەم

## حوكمی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی شەوی نیوەی شەعبان

الحمد لله الذي أكمل لنا الدين واتم علينا النعمة، والصلاة والسلام على نبيَّه ورسوله محمد نبي التوبة والرحمة

**خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:**﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا ﴾([١٩٨])**هەروەها دەفـەرموێ:**﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ ﴾([١٩٩]). **هـەروەها لەهـەردو فەرمودە ڕاستەكاندا**(الصحيحين) **و لەعائشەوە** رضي الله عنها **هاتوە كەپێغەمبەرﷺفەرمویەتی:**{من أحدث في أمرنا هذا ماليس منه فهو ردٌ}**وەلە**(صحيح) **ی** مسلم **داو لەجابرەوە**رضي الله عنه**كەپێغەمبەرﷺلەوتاری هەینی دا دەی فـەرمو:**{ أما بعد: فإنَّ خيرَ الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمدﷺوشرَّ الأمور محدثاها ، وكل بدعة ضلالة}([٢٠٠]).

**ئایاتو فەرمودە لەم بوارو لەم واتایەدا گەلێك زۆرن، و زۆری بەڵگەكان ئەوە دەسەلمێنن كە بەڵگە گەلێكی زۆرو ڕاشكاون لەسەر ئەوەی كەخوای پاكو بێگەردو بەرزو بێ هاوتا دینەكەی بۆ ئەم ئوممەتە تەواو كردوەو هیچ كەمو كوڕیەكی تێدا نیەو نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتون، وەپێغەمبەرەكەشی نەمراندوە هەتا بەتەواوی بەرنامە ڕونو ڕەوانەكەی ڕاگەیاندوە، وەهەمو ئەو شەریعەتەی كەخوای گەورە بۆ ئوممەتی ئیسلامی داڕشتوە لەقسەو گفتارو كردەوە**(أقوال و أعمال) **بەتەواوی و بێ كەمو كوڕی ڕون كردۆتەوە، هەروەها ڕونیشی كردۆتەوە كەهەر شتێكی لەدوای خۆی داهێنراوەو تازەگەری تێدا كراوە دەشی گێڕنەوە بۆ ئیسلام لەگفتارو لەكردەوەدا و گوایە سەرچاوەكەی شەریعەتی ئیسلامەو بەشێكە لەو دینە، هەمویان لەكارە داهێنراوو داتاشراوەكانن**(بدعـة)**نو لێ یان وەرناگیرێت و بەسەر چاوی خۆیان دادەدرێتەوە، جا هەر كەسێك دای بهێنێ جیاوازی نیە، هەر چەندە نیەتەكەشی باش بێتو بەقسەی خۆی كاری چاكی كردوە. هەروەكو هاوەڵانی پێغەمبەرﷺئەم كارەیان بەم شێوە پێناسە كردوە، هەروەها زانایانی ئیسلامیش لەدوای ئەمان بەهەمان شێوە پێناسەیان كردوە. و بەرپەرچی كارە داهێنراوو تازەگەریەكان**(بدع)**یان داوەتەوەو موسڵمانانیان لێ ورياو ئاگادار كردۆتەوە. وەك ئەو زانا بەڕێزانەی كەلەبەگەورە گرتنو بەر پەرچ دانەوەو وەلا نانی كارە داهێنراوەكان**(البدعـة) **ئاگاداریان داوەو گرنگی دەست گرتن بەقورئانو سوننەتیان ڕاگەیاندوەو چەندان كتێبو نامبلكەو نوسراویان لەسەر نوسیوە وەك:** إبن وضَاح، الطرطوشي، أبي شامةو **غەیری ئەوانیش.**

**وەلەبیدعەكانی تری كەهەندێ لەخەڵكی دایان هێناوە ، بیدعەی ئاهەنگ گێڕانە بەبۆنەی شەوی نیوەی شەعبانو تایبەت كردنی ڕۆژەكەی بەڕۆژو گرتن تیایدا، كە ئەمەش هیچ بەڵگەیەكی لەسەر نیە كەپشتی پێ ببەسترێت. تەنیا هەندێ فەرمودەی بێ هێز نەبێ كەدروست نیەو نابێ پشتیان پێ ببەسترێت. بەڵام ئەوەی دەربارەی پلەو پایەی نوێژ كردنی تایبەت بەو شەوە تیایدا هاتوە هەمویان دانراونو بونیان نیە لەفەرمودەی ڕاستدا هەروەكو زۆرێك لەئەهلی زانستو زانیاری وریاییو ئاگاداریان بەم ڕاستیە داوە، ئەگەر خوای گەورە بوارمان بداتو ویستی لەسەر بێت لەداهاتودا قسەو ئاگاداریەكانیان لەم بارەوە ڕادەگوێزین. هەروەها هەندێ شوێنەوار**(آثـار)

---

([198]) أ ـ سورة المائدة: (٣).

ب ـ واتاكە یمان پێشتر نوسیوە. وەرگێڕ.

([199]) أ ـ سوره الشورى: (٢١).

ب ـ واتاكە یمان پێشتر نوسیوە. وەرگێڕ.

([200]) واتاكە یمان لەبابەتەكانی پێشودا نوسیوە.وەرگێڕ.

لەهەندێ لەپێشینەی ئەهلی شامو غەیری ئەوانیش هاتوە کەجەماوەری زانستو زانیاری لەسەری کۆکن، ئەویش ئەوەیە کەئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی شەوی نیوەی شەعبان بیدعەیە، هەروەها کۆکن لەسەر ئەوەی کەئەو بەڵگەو شوێنەوارانەی کەلەسەر پلەو پایەی ئەنجام دانی ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەیەوە هەر هەموویان بێ هێزن، بەڵکو هەندێکیان دانراون، لەو زاناو پێشینانەی کەلەم بوارەدا وریایی‌و ئاگاداریان داوە: الحافظ کوڕی رجب کەلەکتێبەکەی خۆی دا(لطائف المعارف) هێناویەتی‌و ئاماژەی پێ کردوە، هەروەها غەیری ئەویش لەزانایان ئاماژەیان بەم ئاهەنگەو بیدعەیەتی ئەو ئاهەنگە کردوە.

پێویستە ئەوەش بزانین کەفەرمودەی بێ هێز تەنیا لەوبەندایەتیانەدا کاری پێ دەکرێت کەبنەڕەتێکی بونی ئەو بەندایەتیە بەبەڵگەی شەرعی هەبێت. بەڵام ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی شەوی نیوەی شەعبان هیچ بنەڕەتێکی ڕاستی نیە هەتاکو بەفەرمودەو بەڵگەی بێ هێز پاڵ پشتی بکرێت.

ئەم بنەماو ڕێسا باش‌و گرنگە ئیمامی بەڕێز: أبو العباس شیخی ئیسلام إبن تیمیة رحمه الله ئاماژەی پێ داوە منیش لێرەدا هەندێ لەوەی کەئەهلی زانستو زانیاری لەم بارەیەوە باسیان کردوە بۆتی ڕادەگوێزم ئەی خوێنەری بەڕێز، هەتاکو ڕاستی‌و ناڕاستی ئەم بابەتەت بۆ ڕون ببێتەوەو بەرچاو ڕۆشن بیت لەبەر دەم نەفامیەتو ئەفسانەو خوڕافیاتەکاندا. زانایان ڕحمەتو ڕەزای خوایان لێ بێت هەموویان لەسەر ئەوە ڕێکن کەلەسەر موسڵمانان پێویستە هەر کێشەو هەر جیاوازیەکیان کەوتە نێوان بیگێڕنەوە بۆ کتێبەکەی خوای بەرزو بێ هاوتاو بۆ سوننەتی ڕەسولی خوایﷺ، جاهەر دوکیان واتە قورئان‌و سوننەت یا یەکێکیان قورئان یاسوننەت هەر حوکمێکیان دەر کردو چارەسەری کێشەکەیان دانا دەبێ پێ ی ڕازی بن‌و شوێنی بکەون‌و مل کەچ بن لەئاستی دا، هەر شتێکیش پێچەوانەی حوکمی قورئان‌و سوننەت بێت پێویستە فڕێ بدرێتو کاری پێ نەکرێت مادام هیچ جۆرە بەندایەتیەکیان لەبارەوە نەهاتوەو بەڵگەی بەندایەتی کردنیان لەسەر نەبێتو بیدعە بێتو دروست نیە ئەنجام بدرێن جا چ جای ئەوەی بانگەشەی بۆ بکرێتو لای خەڵکی شیرین بکرێت هەروەکو خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزداو لەسورەتی (النساء)دا دەفەرموێ:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً﴾([201]). هەروەها خوای بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێ:﴿ وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ﴾([202]). هەروەها دەفەرموێ:﴿ فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا﴾([203]). ئایەتو فەرمودە لەم بوارو لەم

([201]) أ ـ سورة النساء: (٥٩).

ب ـ واتە: ئەی ئەو کەسانەی‌کەبڕواتان هێناوە گوێ ڕایەڵی‌و فەرمانبەرداری خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی بکەن‌و هەروەها فەرمانبەرداری بەرپرسان‌و سەر کردەو ئەو کەسانەی کەهەڵسوڕاندنی کارو بارەکانی ژیانتان لەدنیادا دەگرنە دەست، وەئەگەر لەهەر شتێکدا مل ملانێ‌و جیاوازی‌و ناخۆشیتان کەوتە نێوان بیگێڕنەوە بۆ حوکمی خوای گەورەو پێغەمبەری خواﷺ واتە بۆ قورئان‌و سوننەتی پێغەمبەرﷺ ئەگەر بڕواتان هەیە بەڕۆژی دوایی، ڕۆژی کۆکردنەوەو ڕاگرتن لەبەر دەم خوای باڵا دەستو کاربەجێ بۆ دادگایی کردن‌و لێپێچانەوە هەیە، دیارە ئەمەش واتەگێڕانەوەی کێشەکان بۆ قورئان‌و سوننەتو ڕازی بون بەحکمی خواو پێغەمبەری خوا باشترین چارەسەرو چاکترین چارە نوسێکە کە پڕیەتی لە خێرو بەرەکەتو فەڕی نەبڕاوە. وەرگێڕ.

([202]) أ ـ سورة الشوری: (١٠).

ب ـ واتە: ئەگەر لەهەر شتێکدا کێشەو جیاوازی‌و ناخۆشیتان کەوتە نێوان بۆ چارە سەریەکەی بگەڕێنەوە بۆ حوکمی خوای گەورە واتە بۆ قورئان‌و سوننەت. وەرگێڕ.

([203]) أ ـ سورة النساء: (٦٥).

ب ـ واتە: نەخێر، سوێند بە پەروەردگاری تۆ ئەی محمدﷺئەوانە ڕاست ناکەن کەبەدەم دەڵێن ئێمە بڕوامان هەیە، ئەوانە بڕوایان تەواو نیە هەتاکو لەهەمو کێشەو جیاوازی‌و دەمە قاڵێکیاندا نەگەڕێنەوە لای تۆو تۆ بەحاکم‌و دادوەری خۆیان دانەنێن‌و مەحکەمەی خۆیان هەمو لەلای تۆ نەکەن، چونکە ئەوان هەر سەر زارەکی دەڵێن بڕوامان هەیەو لەدڵدا و بەکردەوەش تاغوتو ستەمکاران بەحاکم‌و دادوەری خۆیان دەزانن، جا هەر کاتێك کێشەکانیان هێنایە لای تۆو مەحکەمەی خۆیان بەتۆ کردو بەو

واتایەدا زۆرن کەدەقانێکن لەڕوی واجب بونو پێویست بونی گەڕانەوە بۆ قورئانو سوننەت لەکاتی بونی کێشەو جیاوازی لەنێوان موسڵماناندا. هەروەها پێویست بونی ڕەزامەند بون بەو حوکمەی کەقورئانو سوننەت دەری دەکەن بۆ حەل کردنی کێشەو جیاوازیەکانو ئەمەش داخوازیەکە لەداخوازیەکانی ئیمانو باشترین بەندایەتی کردنێکە لەڕابردوو ئێستاو داهاتوشو باشترین چارە نوسێکە..

الحافظ کوڕی رجب رحمه الله لەکتێبەکەی خۆی (لطـائف المعـارف) دا لەمەسەلەیەداو دوای ئەوەی لەڕابردودا ئاماژەمان پێ کرد نوسیویەتی کەئەمە دەقەکەیەتی: ((سەبارەت بە بەشەوی نیوەی شەعبان شوێن کەوتوان لەخەڵکی شام، وەك خالد کوڕی معدان، مكحول، لقمان کوڕی عـامرو غەیری ئەوانیش، ئەم شەوەیان بەگەورە دادەناو بەندایەتیان تێدا دەکردو خەڵکانی تریش بەگەورە دانانو بەرزی ئەو شەوەیان لەوانەوە وەرگرتو چاویان لەوان کردو بەندایەتیان تێدا دەکردو بەشەوێکی پیرۆزیان دادەنا. هەروەکو دەڵێن: لەم بەپیرۆز دانانو بەندایەتی تێدا کردنەیان کاریگەری ئیسرائیلیاتەکانیان پێوە دیار بو واتە لەئیسرائیلیەکانەوە ئەم خوو کردەوەیان وەرگرتوەو لەناوو موسڵماناندا تەشەنەی کردوە. جاکەبەوڵاتانی ئیسلامدا بڵاو بۆتەوەو ناوبانگی دەرکردوە جیاوازی کەوتە نێوان خەڵکیەوە، ئەوە بو هەندێکیان ئەمەیان وەرگرتو قبوڵیان کردو ئەو شەوەیان بەگەورەو پیرۆز دانا، لەوانە تایەفەیەك لەخەڵکی بەسرەو غەیری ئەوانیش، بەڵام زۆرینەی زانایانی حیجاز ئەمەیان قبوڵ نەبو وبەرپەرچی ئەم کارەیان دایەوە لەوانە: عطاء، وإبن أبي مليكة. وە عبدالرحمن کوڕی زید کوڕی أسلم ئەمەی لەفیقهزانانی مەدینە ڕاگوێزاوە کەبریتیە لە قسەی هاوەڵەکانی مالكو غەیری ئەوانیش، ئەمەش قسەو ڕایەکەیانە کەگوتویانە ئەمە کارێکی بیدعەیە کەمەبەست لەبەگەورە گرتنی شەوی نیوەی شەعبانە، وەزانایانی خەڵکی شام لەم بەگەورە گرتنو زیندو کردنەوەی شەوی نیوەی شەعبانەدا جیاوازیان لەنێواندا هەبو کەدو قسەو دو ڕا هەبون کەبریتین لە:

یەکەمیان: گروپی ئەم ڕایە دەڵێن: زیندو کردنەوەی ئەم شەوە بەکۆمەڵو لەمزگەوتدا ڕێگە پێدراوە(مستحب) لەوانە: خالد کوڕی معدانو لقمان کوڕی عامرو غەیری ئەوانیش کەشەوی نیوەی شەعبان دەهات خۆیان گورج دەکردو جلو بەرگی جوانیان دەپۆشیو بوخریان هەڵ دەکردو خۆیان بۆن خۆش دەکردو چاویان بەکل دەڕشتو خۆیان دەڕازاندەوەو شەوەکەی لەمزگەوت دەمانەوەو زیندویان دەکردەوە. إسحاق راهوية لەم ڕایەیاندا لەگەڵیاندا ڕێك بوو پشتگیری دەکردنو دەی گوت: هەستانەوەو زیندو کردنەوەی شەوی نیوەی شەعبان لەمزگەوتو بەکۆمەڵ بیدعە نیە، وە حرب الكرماني ئەم ڕایەی لە(مسائل)ەکەی خۆی دا ڕاگواستوە.

دوەم: ئەمانەش دەڵێن: کۆبونەوە لەم شەوەدا لەمزگەوت بۆ نوێژ کردنو دوعاو پاڕانەوەو وتارو سەربردە تێدا خوێندنەوە بەمەبەستی زیندو کردنەوەی ئەو شەوە ناپەسەند(مكروه)ە، بەڵام ئەگەر یەکێك بەتەنیاو تایبەت بێت بەخۆیەوەو نوێژی تێدا بکات و مەبەستی زیندو کردنەوەی ئەو شەوە نەبێت ئەوە دروستەو هیچی تێدا نیەو ناپەسەند(مكروه) نیە. ئەمەش قسەو ڕای ئیمامی ئەوزاعیە کەئیمامو پێشەواو زاناوفەقیهی خەڵکی شام بو، دیارە ئەم ڕایەش لەڕاستیەوە نزیك ترە گەر خوای گەورە مەیلی لەسەر بێت.. تائەو شوێنەی کەدەڵێ: نەزانراوە کەئیمامی أحمد هیچ قسەیەکی لەسەر شەوی نیوەی شەعبان هەبێت. وەدو ڕیوایەت لەو پێشەوایەو لەبارەی زیندو کردنەوەی ئەو شەوە دەر هێنراون. لەدو ڕیوایەتەکانی ئەم ئیمامە لەزیندو کردنەوەی دو شەوی جەژن هاتوە:

---

حوکمەش ڕازی بون کەتۆ بۆیان دەبڕیەوەو هیچ دو دڵیو گومانێکیان لەو حوکمەدا نیە و بەتەواوی خۆ بەدەستەوە دەدەن ئەوە دیارە بڕوادارن. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٢٢٤. وە(المكتبة الشاملة/ التفاسير/ تفسير الطبري/ سورة النساء:٦٥). وەرگێڕ.

لەڕیوایەتێکیاندا دەڵێ: ڕێگە نەدراوە کەبەکۆمەڵ شەوەکەی زیندو بکەنەوە، چونکە نەلەپێغەمبەرەوەﷺ نەلەهاوەڵە بەڕێزەکانیەوە هیچ شتێك نەهاتوە.

وەلەڕیوایەتەکەی تردا دەڵێ: ڕێگە پێدراوە(إستحبها). ئەویش لەبەر ئەوەی کەعبدالرحمن کوڕی زید کوڕی الأسود کەیەکێکە لەشوێن کەوتوان کردویەتی. هەروەها زیندو کردنەوەی شەوی نیوەی شەعبان هیچ شتێك نەلەپێغەمبەرﷺونەلەهاوەڵە بەڕێزەکانیەوەرضي الله عنهمدەربارەی شەوی نیوەی شەعبان جێگیر نەبوەو نەهاتوە، بەڵام ئەوەی ئەوزاعی رحمه الله هێناویەتی کەدەڵێ: هیچی تێدا نیە کەبەتاك زیندو بکرێتەوە، هەروەها هەڵ بژاردنی ئەو ڕایە لەلایەن (الحافظ إبن رجب)ەوە نامۆو بێ هێزە(غریب وضعیف) ، چونکە هەر شتێك بەبەڵگەی شەرعی نەسەلمێندرێت و شەرعی نەبێت، بۆ موسڵمانان دروست نیە دای بتاشنو شتی تازە لەدین دا دابهێنن، جابەتاك بێت یان بەکۆمەڵ، بەدزی بێت یان بەئاشکرا ئەمەش بەپێ ی فەرمودەکانی پێغەمبەرﷺکەلەیەکێ لەو فەرمودانەی دا فەرمویەتی:{من عمل عملاً لیس علیه أمرنا فهو ردٌ}(٢٠٤). ئەمەو گشت بەڵگەکانی تر کەبەرپەرچی هەمو جۆرە بیدعەکانو تازەگەریو داهێنانو داتاشراوەکان لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا دەداتەوەو ئاگاداریو وریایی توند دەدەن بۆدور کەوتنەوە لێ یان.

پێشەوا أبوبکر الطرطوشي رحمه الله لەکتێبەکەی خۆی دا(الحوادث والبدع ) دا نوسیویەتی کەئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

(( إبن وضَّاح لەزیدی کوڕی أسلم ڕیوایەت دەکاتو گوتی: هیچ کامێك لەفیقهزانانی خۆمان نەدیتن کەلا لەشەوی نیوەی شەعبان بکەنەوە، نەلاشیان لەفەرمودەی مکحول کردۆتەوە، وەهیچ گرنگی یەکیان بەو شەوە نەداوەو نەبەپیرۆزو نەبەگەورە تریان لەشەوەکانی تر داناوەو هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ باقی شەوەکانی تردا بۆ دانەناوە)). هەروەها گوتراوە کە إبن أبي ملیکة گوتویەتی: زیاد النمیري دەی گوت: (( پاداشتو خێری شەوی نیوەی شەعبان وەك خێرو پاداشتی شەوی قەدر وایە))، جا گوتی: (( ئەگەر گوێم لێ ی بایەو دار دەست (گۆچان)م بەدەستەوە بایە لێم دەداو باشم دەکوتا)) ئەو زیادە چیرۆك نوس بو، مەبەست تەواو.(إنتهی المقصود.).

هەروەها زانای بلیمەت(العلامة الشوکانی رحمه الله)لە(الفوائد المجموعة)دا نوسیویەتی کەئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:( فەرمودەی ، یاعلي من صلَّی مائة رکعة لیلة النصف من الشعبان یقرأ في کلِّ رکعةٍ بفاتحة وقل هو الله أحد، عشر مراتٍ قضی الله له کلَّ حاجةٍ)(٢٠٥). ...تد. فەرمودەیەکی دانراوە.لەوشەکانی دا بەڕاشکاوی دەری خستوە کەئەنجام دەرەکەی چەندەی پاداشتو خێر دەست دەکەوێت، لەوەدا مرۆڤ هیچ گومانی نیەو یەکسەر بۆی دەرکەوێتو دەزانێت کەئەم گۆتەیە فەرمودەی پێغەمبەرﷺنیەو دانراوو داتاشراوە بەدەم فەرمودەوە. و پیاوەکانیشی واتە ڕاویەکانیشی نادیارو نەناسراون. هەروەها لەڕێگەی دوەمو سێ یەمەوە ڕیوایەت کراوە کەهەر هەمویان دانراونو ڕیوایەتکارەکانیان ونو نادیارن(مجهولون) .وەلە(المختصر)دا گوتویەتی: فەرمودەی نوێژی شەوی نیوەی شەعبان باتڵو بێ ناوەرۆكو پوچەڵە، هەروەها لەقەولێکی إبن حبان لەفەرمودەی علي هاتوە دەڵێ:(ئەگەر شەوی نیوەی شەعبان هات شەوەکەی هەڵبستنو زیندوی بکەنەوە،و ڕۆژەکەشی بەڕۆژو بن)، ئەم فەرمودەیەش بێ هێزە. وەلە( اللالئِ)دا گوتویەتی: ((سەد ڕکات نوێژ لەشەوی نیوەی شەعبان دا بەئیخلاسیەت دە هێندەی خێرو پاداشت وەر دەگرێت))و لەگەڵ درێژەو بەردەوامی پلەو پایەی ئەو شەوەو بەندایەتی کردن تیایدا ـ کەلە (الدیلمي)و

(٢٠٤) وتاکە یمان پێشتر ڕون کردۆتەوە. وەرگێر.

(٢٠٥) واتە: ئەی عەلی هەر کەسێك سەد ڕکات نوێژ بکات لەشەوی نیوەی شەعباندا و دە جار سورەتی فاتیحە و قل هو الله أحد بخوێنێت خوای گەورە هەر شتێکی بیەوێ بۆی جێ بەجێ دەکات. وەرگێر.

غەیری ئەویشەوە ڕیوایەت کراوە، ئەمەش دانراوە(موضوع).وەهەمو ڕاویەکانی لەهەر سێ ڕێگەکەوە بێ هێزو نادیارو ونن، هەروەها دەڵێ:( دوانزە ڕکات بەئیخلاسیەت سێ جارە) ئەمەش دانراوە(موضوع)، هەروەها (چواردە ڕکاتیش) دانراوە(موضوع).

کۆمەڵێك لەفیقهزانان بەم فەرمودەیە فریویان خواردوە وەك خاوەنی((الأحياء)و غەیری ئەویش، هەروەها ڕاڤەکاران(المفسرين)ی قورئانیش تێ ی کەوتون. وەڕیوایەت کراوە ـ مەبەستم لەشەوی نیوەی شەعبانەـ بەهەمو شێوە جیاکانیەوە هەمویان باتڵو بێ ناوەرۆکنو دانراون، وەپێچەوانەی ئەو ڕیوایەتەی (الترمذي) نیە لەفەرمودەی عائشة رضي الله عنها لەڕۆیشتنی پێغەمبەرﷺ بۆ (البقيع) و هاتنە خوارەوەی پەروەردگار لەشەوی نیوە بۆ ئاسمانی دنیا، خوای گەورە بەقەد خوری مەڕ لەخەڵکی خۆش دەبێت، ئەمەو پوختەی قسان لەسەر نوێژی ئەو شەوە ئەوەیە کەبیدعەیە، چونکە ئەو فەرمودەی عائشە بێ هێزیو پچڕان لەڕاویەکانی دا هەیە، هەروەکو فەرمودەی علی کەتۆزێك پێشتر باسمان کرد لەزیندو کردنەوەو هەستاندنەوەو زیندو کردنەوەی شەوی نیوەی شەعباندا، پێچەوانەو دژی ئەوە نیە کەئەو نوێژە ڕاست نیەو دانراوەو داتاشراوە، لەبەر ئەوەی یابەپێ ی ئەوەی کەبێ هێزی تێدایەو پێ یەوە دیارە هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد)) .

وەالحافظ العراقي گوتویەتی: ((فەرمودەی نوێژ کردن لەشەوی نیوەی شەعباندا بەزمانی پێغەمبەرەوەﷺهەڵ بەستراوەو دانراوەو درۆیە کەبەزمانی ئەوەوە کراوە ـ وەئیمامی النووي لەکتێبی(المجموع)دا نوسیویەتی: (ئەو نوێژەی کەبە نوێژی (سوننەتەکان ـ الرغائب) ناسراون دوانزە ڕکاتن لەنێوان نوێژی شێوان(المغرب)وو نوێژی خەوتنان (العشاء)دا، شەوی یەکەمی هەینی لەمانگی ڕەجەب،و نوێژی شەوی نیوەی شەعبان سەد ڕکات، ئەم دو نوێژە بیدعەیەکی ئاشکراو ناپەسەندن(بدعتان منكرتان)، بەوە فریو مەخۆن کەلەکتێبی(قوت القلوب)و( إحياء علوم الدين)دا هاتون. وەنەبەو فەرمودانە فریو بخۆن کەتیایاندا هاتوە، ئەوانە هەمویان ڕاست نینو باتڵن، وەنە بەوەش هەل بخەڵەتێن کەحوکمی گوماناویان لەهەندێ لەپێشەواکان(الأئمة)وەرگرتوە کەچەندان لاپەڕەیان لەکتێبەکانی خۆیاندا پڕ کردۆتەوەو بۆ تەرخان کردوە کەگوایە پەسەند کراون واتە ڕێگە پێدراون، نەخێر ئەوانە لەمە بەهەڵە داچونو پەسەند نینو بەڵگەی شەرعیان لەسەر نیە)).

شێخی پێشەوا أبو محمد عبدالرحمن کوڕی إسماعيل المقدسي کتێبێکی زۆرنایابو دەگمەنی لەسەر پوچەڵیو بێ ناوەرۆکی ئەو دو نوێژە نوسیوە، کارێکی چاکی کردوەو دەستەکانی خۆش بێتو خواچاکەی بۆ بکات، ئەمەو ئەهلی عیلم لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەو گفتاری زۆر باشیان هەیە. ئەگەر بێتو هەرچی لەم بارەوە دەستمان کەوتو خوێندمانەوەو بیستمان ڕای گوێزین زۆر درێژە دەکێشێت ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێت، بۆیە پێمان وایە ئەوەی کەهێناومانەوەو ئاماژەمان پێ کرد بەس بێتو قەناعەت بەو کەسانە بێنێت کەخوازیاری هەقو ڕاستیەکاننو هەقخوازن. هەروەها لەو ئایەتو فەرمودەو قسانەی ئەهلی زانستو زانیاریەکانی ڕابردو کەهێنامانەوە بۆ خوازیارانی هەقو ڕاستیەکان ڕون دەبێتەوە کەئاهەنگ گێڕانو یاد کردنەوە بەبۆنەی شەوی نیوەی شەعبان چ بەنوێژ کردنو چ بەهەر شتێکی تر بێت و ڕۆژو گرتن لەڕۆژەکەیدا لەلای زۆرینەی ئەهلی عیلم بیدعەیەکی ناپەسەندەو لەشەریعەتی پاکی ئیسلام دا هیچ پشکێکی نیە، بەڵکو لەو شتە تازە داهێنراوانەیە هەر لەدوای چەرخی هاوەڵە بەڕێزەکانەوە ﷺداهێنراونو خزیونەتە ناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە. خوازیارانی هەقو ڕاستی لەم بابەتەو غەیری ئەم بابەتەش

ئەم فەرمودەیەی خوای بەرزو بێ هاوتایان بەسە کەدەفەرموێ:﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُم ﴾([206]). هەروەها ئەو ئایەتانەی کەلەم بوارەداو لەم واتایەدا لەقورئانی پیرۆزدا هاتونو لەفەرمودەی پێغەمبەرﷺکەفەرمویەتی: {من أحدث في أمرنا هذا ماليس منه فهو ردٌ}. هەروەها ئەو فەرمودانەی کەلەم بوارەو لەم واتایەدا هاتون.

وەلە(صحيح)ی مسلم دا و لە أبي هريرەرضي الله عنه هاتوە کەگوتویەتی: پێغەمبەری خواﷺدەی فەرمو: {لاتخصُّوا ليلة الجمعة بقيام من بين الليالي، ولاتخصُّوا يومها بالصيام من بين الأيام، إلاَّ أن يكون في صوم يصومه أحدكم}([207]). ئەگەر تایبەتی کردنی بەشێك لەهەر شەوێك لەشەوەکان بەبەندایەتی کردن تایبەت بکرایە ئەوا شەوی هەینی لەهەمو شەوەکانی تر لەپێشتر بو بۆ تایبەت کردن بەبەندایەتی تێدا کردن بۆ خوای گەورە، چونکە شەوی هەینی چاکترینو بەفەڕ ترین شەوێکە لەوەتەی کەتیشکی ڕۆژ بەسەر زەوی دا هەڵاتوەو پەخش بوە بەدەقی فەرمودە ڕاستەکان کە لەپێغەمبەرەوەﷺهاتون. دەی مادام پێغەمبەرﷺئاگاداریو وریایی داوە لەتایبەت نەکردنی شەوی هەینی بەهیچ جۆرە بەندایەتیەك بۆ خوای گەورە بەدەر لەشەوو ڕۆژەکانی تر، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەشەوەکانی تری غەیری شەوو ڕۆژی هەینی لەپێشترن بەوەی کەنابێ هیچ جۆرە بەندایەتیەکان تێدا تایبەت بکرێتو زیندو بکرێتەوە بەهیچ بۆنەیەكو تایبەتیەکەوە، مەگەر بەبەڵگەی ڕاستو ڕەوان کەپەیوەست بێت بەتایبەتی کردنی جۆرێك لەبەندایەتیەکان.

دەی لەکاتێکدا شەوی قەدرو شەوەکانی مانگی ڕەمەزان دروستو شەرعیە تیایدا هەڵ بستیەوەو بەندایەتی تێدا بکرێتو زیندو بکرێتەوەو هەوڵی تێدا بدرێت، پیغەمبەرﷺخەڵکی لێ ئاگادار کردوەو هانی داون بۆ زیندو کردنەوەی ئەو شەوانە، وئوممەتی ئیسلامی بێدار کردۆتەوەو هانی داون کەئەو شەوانە هەستنەوەو بەعیبادەت زیندوی بکەنەوەو بەخودی خۆشی ئەنجامی داوەو زیندوی کردونەوە، هەروەکو لەهەردو فەمودە ڕاستەکاندا(الصحيحين)دا هاتوە، لەپێغەمبەرەوەﷺکەفەرمویەتی: {من قام رمضان إيماناً وإحتساباً، غُفِرَ ماتقدم من ذنبه، ومن قام ليلة القدر إيماناً وإحتساباً، غُفِر ماتقدم من ذنبه}([208]). جائەگەر شەوی نیوەی شەعبان یان شەوی یەکەم هەینی لەمانگی ڕەجەب، یاشەوی شەو ڕەویو سەرکەوتن شەرعی بوایە کەئاهەنگی تایبەتی تێدا بگێردرێت یاتایبەت بکرێت بەجۆرێك لەجۆرەکانی عیبادەت، ئەوا هیچ گومانی تێدا نەبو کەپێغەمبەرﷺئوممەتەکەی خۆی لێ ئاگادار دەکردو ڕێنومایشی دەکردن بۆ ئەنجامدانی ئەو ئاهەنگە یا ئەو جۆرە عیبادەتە، یا بۆ خۆی ئەنجامی دەدان هەروەکو چۆن شەوانی ڕەمەزانو شەوانی قەدری ئەنجام دەدا و ئێمەشی هان داوە کەئەنجامی بدەینو پاداشتەکەشی بۆ دیاری کردوین، دەی خۆ ئەگەر شتێکی ئەوا هەبوایە، ئەوا هاوەڵە بەڕێزەکانیرضي الله عنهمئەمەیان بۆ ئێمەی ئوممەتی ئیسلامی دوا خۆیان ڕادەگواستو پەردە پۆشیان نەدەکردو دایان نەدەپۆشی لەکاتێکدا ئەوان چاك ترینی خەڵکی بون، وبەئامۆژگاری ترینی خەڵکی بون لەدوای پێغەمبەران و ڕەزامەند ترین کەسانێك بون. هەروەکو پێش کەمێك لەهێنانەوەی قسەی

---

([206]) سورة المائدة: (٣).

([207]) واتە: شەوی هەینی تایبەت مەکەن بەبەندایەتی کردنێکەوە بەدەر لەشەوەکانی تر، هەروەها ڕۆژەکەشی تایبەت مەکەن بەڕۆژو گرتن تیایدا بەدەر لەڕۆژەکانی تری هەفتە، مەگەر یەکێك ڕۆژویەکی تایبەتی خۆی بگرێت و ڕۆژی شەممە یا پێنج شەممەی لەگەڵ دا گرتبێت وەك گێڕنەوەی ڕۆژوە چوەکانی مانگی ڕەمەزان، یاسێ ڕۆژەکانی ڕۆژنی کەمانگ تیایاندا پڕن( أيام التشريق ) واتە ڕۆژانی (١٣، ١٤، ١٥) یاهەر ڕۆژویەکی تری لەم جۆرانە بێت ئەو کاتە دروستە ڕۆژی هەینیش بەڕۆژو بیت. وەرگێڕ.

([208]) واتە: هەر کەسێك شەوەکانی ڕەمەزان هەستێتەوەو بەندایەتی بۆ خوا بکات، خوای گەورە لەهەرچی گوناحەکانی ڕابردوی هەیە خۆش دەبێت، هەروەها هەر کەسێك شەوی قەدەر هەستێتەوەو بەندایەتی بۆ خوا تێدا بکات بەئیمان بەئومێدەوە و زیندوی بکاتەوە خوای گەورە لەهەرچی گوناحی ڕابردوی هەیە خۆش دەبێت. شەوی قەدریش لەبەر ئەوەی دیاری نەکراوە بۆیە پێغەمبەرﷺ هەر دە شەوەکەی ڕەمەزانی زیندو کردۆتەوە چونکە کۆڕای زانایان لەو دە شەوەی کۆتایی ڕەمەزاندایە. وەرگێڕ.

زانایان زانیت بۆت دەرکەوت کەنەلەپێغەمبەرﷺونەلە هاوەڵە بەڕێزەکانیەوەﷺ هـچ شـتێك دەربـارەی پلـەو پایـەو فـەزڵی شەوی یەکەم هەینی مانگی ڕەجەب و نەلەشەوی نیوەی شەعبان نەهاتووەو نەچەسپاوە، هـەروەها زانیـت کەئاهـەنگ گێـڕان بەو بۆنەیەوە بیدعەو تازەگەریەو داهێنانە لەئاییني پیرۆزی ئیسلامدا، هـەروەها تایبـەتی کردنـی بـەجۆرێك لەعیبادەتـەکان، یائەنجام دانی جۆرێك لەبەندایەتی کردن تیایدا بیدعەیەکی ناپەسەندو خراپە( بدعة منكرة)، هەروەها شەوی بیستو حـەوتی مانگی ڕەجەبیش بەهەمان شێوە، کەهەندێ لەخەڵکی بڕوایان وایە کەشەوی شەو ڕەوی‌و سەرکەوتنە بـۆ ئاسمانـەکان(ليلـة الإسراء والمعراج)، بەهەمان شێوە دروست نیە تایبەتی بکرێت هەروەکو درست نیە کەئاهەنگیشی تێدا بگێڕدرێـت بـەگوێرەی بەڵگەکانی ڕابردو. ئەمە ئەگەر زانرا، ئەدی ئەگەر نادیار بێت دەبێ حوکمی چۆن بێت؟ڕاستیەکەی لەقسەی زاناکـان ئەوەیـە کەنازانرێت یاناناسرێت واتە کاتەکەی نادیارە. وەقسەی ئەوەی کە گوتویەتی: شەوی بیستو حەوتی ڕەجەب، قسەیەکەو بێ ناوەرۆك‌و پوچەڵەو هیچ بنچینەو بنەمایەکی نیەلەفەرمودەی ڕاستدا. ڕاستی کردوە ئەوەی کەگوتویەتی:

خير الأمور السالفات على الهدى            وشر الأمور المحدثات البدائع([209])

لەخوامان داوایە کەئێمەو هەمو موسڵمانان یارمەتی بداتو ڕێنومایمان بکاتو سەرکەوتوو سـەرفرازمان بکـات بـۆ دەسـت گرتن بەقورئان‌وسوننەتو پێدامەزراوو بەردەواممان بکات و هەمیشە بەئاگاو وریاو هۆشیارمان بکات، و بەرچاو ڕۆشن بین بۆ دور کەوتنەوە لەهەمو کارێکی پۆخڵو پێچەوانەی قورئان‌و سوننەت، خوای گەورە بەخشندەو میهرەبانە,,,

وصلّى الله وسلم على عبده ورسوله نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

([209]) واتە : باشترین‌و بەفەڕترین کارەکان ئەوانەن کە پێشنەکان دەیان کردو لەسەر ڕێگەی هیدایەتی خوایی بون، وەخراپترین‌وشەڕترین‌و قێزەون تـرین کـارێکیش کـاری داهێنان‌و تازەگەری‌و کارە بیدعیەکانن. وەرگێڕ.

## نامەی چوارەم

**بێدار کردنەوەیەکی گرنگ لەسەر درۆی ڕاسپاردەیەکی سەر بە شێخ أحمد خزمەتکاری حەرەمی شکۆدارو مەزنی پێغەمبەرﷺ**

لەعبدالعزیز کوڕی باز بۆ هەر کەسێك لەموسڵمانان کەئەو ڕاسپاردەیە دەخوێنێتەوەو دەی بینێ، خوای گەورە بە ئیسلام بیان پارێزێ، خوای گەورە ئێمەشو ئەوانیش لەشەڕو فیتنەی بوختان کەرانو داهێنەرانی نەفامی ستەمکار بپارێزێت.

سلام علیکم ورحمة الله وبرکاته، أمابعد:

وشەیەك یانوسراوەیەکم کەوتە دەست کەسەر بەشێخ أحمد خزمەتکاری حەرەمی پیرۆزی پێغەمبەری پایە بەرز ﷺ بو بەم ناونیشانە(هذه وصیة من المدینة المنورة عن الشیخ أحمد خادم الحرم النبوي الشریف)[210]..تیایدا گوتویەتی:

((شەوی هەینی بەخەبەر بومو قورئانم دەخوێند، دوای خوێندنی ناوە جوانەکانی خوای گەورە، جاکاتێ لەقورئان خوێندنو ناوە جوانەکانی خوای گەورە بومەوەو خۆم ئامادە کرد بۆ نوستن خاوەنی دیمەنو ڕوخساری درەوشاوەی پێغەمبەری خواﷺم بینی کەبەو ئایەتە قورئانیەو بەئەحکامە پیرۆزەکان ، ڕەحمەتو بەرەکەت بۆ هەمو جیهانیان گەورەمان محمدﷺ، فەرموی: ئەی شێخ أحمد، گوتم: لەخزمەتت دام ئەی ڕەسولی خوا، ئەی ئەو کەسەی لەهەمو دروست کراوەکانی خوا بەرز ترو بەڕێز تری، جاپێ ی گوتم:

ـ من شەرم دەکەم لەقاپی خوادا بەهۆی کردەوە خراپەکانی ئەو خەڵکە خراپ کارانەوە، وەچاوەڕوم نیەو ناتوانم بەرامبەر بەپەروەردگاری خۆم بوەستم، نە لەڕوی فریشتەکانیش، چونکە لەم ڕۆژی هەینیەوە بۆ ئەو ڕۆژی هەینیە سەدو شەست هەزار کەس مردونو لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەماونو لەدین دەرچون. ئەمجار هەندێ لەکردەوە خراپو سەرپێچیەکانی ئەو خەڵکەی بۆ باس کردم،و فەرموی:

ـ ئەم ڕاسپاردەیە بەزەیی خوای بەڕەحمو بەزەییە بۆ ئەو خەڵکە پێ یان بگەیەنە.

ئەمجار هەندێ لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی ئاماژە پێ کردن، تائەو شوێنەی فەرموی:

ئەم ڕاسپاردەیان پێ ڕابگەیەنە ئەی شێخ أحمد، وبڵێ ئەم ڕاسپاردەیە بەپێنوسی قەدەری خوا لە(اللوح المحفوظ)ەوە ڕاگوێزراوە، هەر کەسێك بینوسێتەوەو بۆ شارێکی ترو لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری بگوازێتەوە ئەوا کۆشکێکی لەبەهەشتدا بۆ دروست دەکرێت، وەهەر کەسێك نەی نوسێتەوەو نەی نێرێت ئەوا لەڕۆژی قیامەتدا لەتکا کردن(شفاعة)ی من بێ بەش دەبێتو بەر شیفاعەتی من ناکەوێت، وەهەر کەسێکیش بینوسێتەوە ئەگەر هەژار بێت خوای گەورە دەوڵەمەندی دەکات، یائەگەر قەرز دار بێت خوای گەورە قەرزەکانی بۆ پڕ دەکاتەوەو لەسەر نامێنن، یاخود گوناحبارو تاوانبار بو خوای گەورە لەگوناحەکانی ئەویشو لەگوناحی دایكو باوکیشی خۆش دەبێت بەبەرەکەتو بەفەڕی ئەو ڕاسپاردەیە، وەهەر کەسێك لەبەندەکانی خوا نەی نوسێتەوە خوای گەورە لەدنیاو لەقیامەتدا ڕوانی ڕەش دەکات.

هەروەها سێ جاران لەسەر یەك گوتی: ئەم ڕاسپاردەیە شتێکی ڕاستەو درۆی تێدا نیە، ئەگەر درۆ بکەم لەدنیا دەرچمو بەکافری دەمرمو لەدینی ئیسلام دەردەچم. هەر کەسێك بڕوای پێ بکات ئەوە لەئاگری دۆزەخ ڕزگاری دەبێت، هەر کەسێکیش بڕوای پێ نەبێت ئەوا کافر بوە)).

---

([210]) **واتە: ئەمە ڕاسپاردەیەکە لەشاری مەدینەوەو لەشێخ أحمد خزمەتکاری حەرەمی پیرۆزی پێغەمبەری خۆشەویستﷺ. وەرگێر.**

ئەمە پوختەی ئەو ڕاسپاردە درۆینـە بـو بـەزمانی پێغەمبـەرەوەﷺ، ئـەم ڕاسـپاردە درۆینـەمان چـەندان جـارو لەچەندان ساڵ لەمەوبەر بیستوە، بڵاو دەکرێتەوە لەنێوان ئەو کاتو ئـەو کاتـدا، لـەنێوان زۆرێـك لەخـەڵکی سـادەو ساکارو لەناو عەوامی خەڵك دا ڕەواجی پێ دەدرێت، لەهەر جارێـك بـۆ جـارێکی تـر وشـەو پیتـەکانی لێـك جیـاوازن‌و هەریەکەی بەجۆرێکە، درۆزنەکەی ئەو ڕاسپاردەیە دەڵێ: کەگوایە ئەو پێغەمبەری لەخەودا بینیوەو ئـەو ڕاسـپاردەی بەکۆل داداوەو پێ ی فـەرموە دەبـێ بـڵاوی بکەیتـەوە لـەناو خـەڵکی داو پـێ یـان ڕابگەیـەنیت، وەلـە کۆتـایی بـڵاو کراوەکەی دا کەئێمە ئاماژەمان پێ کردو بۆمان ڕاگواستی ئەی خوێنـەری ئـازیز بوختـان کەرەکـە گوتویـەتی کەئـەو لەکاتێکدا پێغەمبەری بینیـوە کـەخۆی بـۆ نوسـتن ئامـادە کـردوە: ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کەهێشتا نەخـەوتوەو لەحاڵەتی بەئاگایی دا واتە پێش ئەوەی بخەوێت پێغەمبەری بینیوە ! !

ئەو بوختانکەرە لەو ڕاسپاردەی خۆی دا گـەلێ شـتی بـێ بنـەمای هـەڵ بەسـتوە، ئـەو ڕاسـپاردەیە لـەدیار تـرین‌و ئاشکرا ترین درۆو دەلەسەو هەڵ بەستراوێکە، بێ بنەما ترین‌و بێ ناوەرۆك ترین کارێکە، بەویستی خوا لـەنزیك تـرین کاتدا لەوشەو درۆو دەلەسەکانی ئەو ڕاسپاردەیە وریات دەکەمەوە، هەروەکو لەساڵانی پێشودا ورییایم لەم بوارەیەوە دا بو، وەبۆ خەڵکیم ڕون کردبوەوە کەئەم کـارە قێزەونـە لـەڕونترین‌و ئاشـکرا تـرین درۆو دەلەسـەکانەو لـەبوختان‌و هەڵ بەستراوەکانە. کاتێ ئەم بڵاو کراوەی دواییەیانم بەرچاو کەوتو خوێندمەوە لەوەڵامدانەوەو نوسین لەسـەری دو دڵ بوم، نەم ویست لەسەری بنوسم، لەبەر ڕون‌و ئاشکرایی بێ ناوەرۆکی‌و پوچەڵی‌و بێ بایەخی ئـەو درۆو بوختانـە، و لەبـەر گـەورەیی جورئـەتی بوختانکەرەکـەی لەسـەر درۆو دەلەسـەو بوختـان کـردن، وەگومـانم نـەدەکرد کـەبێ ناوەرۆکی‌و بێ بایەخی ئەو بڵاو کراوەیە ئاوا ڕەواجی هەبێت لەلایەن کەسێك کەتۆزقاڵێك تێگەیشتن‌و بەرچـاو ڕۆشـنی هەبێت، یا هەر کەسـێك لەسـەر فیترەتـی سـاغ‌وپتەوو ڕاسـتەقینەوە هـاتبێ‌و گـۆش بوبێـت. کەچـی زۆرێـك لـەبرایان هەواڵیان پێ دام کەبەڕاستی ئەو ڕاسپاردە درۆینـە کـارێکی زۆری لەخـەڵکی کـردوەو ڕەواجێکـی زۆری لـەناو هەنـدێ لەخەڵکی دا پەیدا کردوەو لەناو خۆیاندا بڵاویان کردۆتەوەو بەکاریان هێناوەو ئامۆژگاریەکانیان جـێ بـەجێ کـردوەو هەندێکیش بەتەواوی براوایان پێ ی هەیە. لەبەر ئە هۆیانە وام بینی کەبەڕاسـتی پێویـستە لەسـەر مـەمانان‌و وێنـەی مەمانان کەلەسەری بنوسن‌و بەدرۆی بخەنەوەو بـێ سـەرەو بـەرەیی‌و درۆو بوختانـەکانی بـۆ خـەڵکی موسـڵمان ڕون بکرێنەوە، خەڵکی لێ ئاگادار بکریتەوە کەئەمە بوختانێکی گەورەیە بەدەم پێغەمبەرەوەﷺ دەکرێت هەتاکو خەڵکی فریو نەخۆن پێ ی. هەر کەسێك لەئەهلی عیلم‌و ئیمان، یاخود خاوەنی فیترەتی پاك بێت یا تۆزقاڵێـك عـەقڵ‌و ژیـری هەبێت بەوردی سەیری بکات‌و تێ ڕابمێنێت تێ دەگات کەئەم قسانە بێ ناوەرۆك‌و درۆو دەلەسەیەکی ڕوت‌و لەچـەند ڕوەیەکەوە کۆمەڵە بوختانێکن‌و بەس.

بۆ ئەم مەبەستەو دەربارەی ئەم بوختان‌و هەڵبەستنە، ولەبارەی ئـەم ڕاسـپاردەیە پرسـیارم لەچـەند خزمێکـی نزیکی شێخ أحمد کرد، لەوەڵامدا گوتیان: ئەم کارە درۆیەکەو بەدەم شێخ أحمـدەوە هـەڵ بەسـتراوەو ئـەو هـەرگیز شتی وای نەگوتوەو لەبنەڕەتەوە درۆیە بەدەمی ئەوەوە، وەشێخ أحمدی ناوبراو ماوەیەکی باشـە مـردوەو نـەماوە ، گریمان بڵێین شێخ أحمد، یان هەر کەسێکی تر لـەو گـەورە تـر، بڵـێ کـە پێغەمبـەریﷺلـە خەونـدا یـا لەبێـداری دا بینیوەو ئەو ڕاسپاردەو ئامۆژگاریانەی پێ ڕاگەیاندوە، بەدڵنیاییەوە دەزانین‌و لای هەمو کەسێك ڕونە کەئەمە درۆیەکی زەق‌و زلەو بێژەرەکەی درۆزنە، یا ئەوەی ئەو قسانەی پێ گوتـوە یـاپێ ی ڕاگەیانـدوە ئـەوە شـەیتان بـوە، و هـەرگیز ئـەو کەسە پێغەمبەرﷺنەبوە ئەویش لەچەند ڕوەیەکەوە کەلەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا دەیان گوشین:

١. پێغەمبەرﷺلەبێداری دا لەدوای وەفات کردنیەوە هەرگیز نابینرێت، هەر کەسێك لە نەفامە سۆفیەکان دعایە بکەن کەپێغەمبەرﷺی لەبێداری دا دەبینیێ، یاخود لەمەجلسی مەولود خوێندنەوەو هاوشێوەکانی دا ئامادە دەبێت ئەوا ئەو کەسانە خراپترینو بۆگەن ترین هەڵەیان کردوە، پەردەی بەسەر چاودا دراوەو ئەوپەڕی لێ تێکچونە، وکەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوەوو پێچەوانەی قورئانو سوننەتو کۆڕای ئەهلی عیلم وەستاوە، چونکە مردوان لەدنیادا هەرگیز لەگۆڕەکانیان نایەنە دەر، بەڵکو لەڕۆژی قیامەتدا دێنە دەرو تائەو کات لەگۆڕەکانیاندا دەمێننەوەو نایەنە دەر، جاهەر کەسێك پێچەوانەی ئەوە بوەستێتەوە ئەوە درۆی کردوە بەدرۆیەکی زۆر زلو ڕونو ئاشکرا، یاپەردەی ڕەشی بەسەر چاودا دراوەو هەڵەیەکی زلی پێ کراوە، ئەو ڕێگە ڕاستەو ئەو هەقەی نەناسیوە کەپێشینەی پیاو چاکان ناسی بویانو لەسەری دەڕۆیشتن، وەلەو ڕێگەیە لای داوە کەهاوەڵانو شوێنکەوتانیان بەچاکە لەسەری دەڕۆیشتن. خوای بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێ :﴿ ثُمَّ إِنَّكُمْ بَعْدَ ذَلِكَ لَمَيِّتُونَ ۞ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ﴾(٢١١). هەروەها پێغەمبەر ﷺفەرمویەتی:{أنا أول من تنشق عنه الأرض يوم القيامة، وأنا أول شافع وأول مشفع}(٢١٢). وەئایەتو فەرمودە لەم بارەو لەم واتایەدا گەلێك زۆرن.

٢. پێغەمبەرﷺ هەرگیز پێچەوانەی هەق قسە ناکات، نەلەژیانی داو نەلەدوای مردنی، وەئەم ڕاسپاردەیە لەچەند ڕوەیەکەوە پێچەوانەو دژایەتیەکی ڕونو ئاشکرای شەریعەتی محمدەﷺ ـ هەروەکو لەداهاتودا ڕونی دەکەینەوە ـ ئەوﷺلەخەودا دەبینرێت، وەهەرکەسێك لەخەودا لەسەر شێوەی وەسف کراوی خۆی بیبینێ ئەوە ئەوی بینیوە، چونکە شەیتان ناتوانێت خۆی بێنێتە سەر وێنەی پێغەمبەرﷺ هەروەکو فەرمودەی ڕاست لەم بارەوە هاتوە، بەڵام گرنگیوڕاستی کارەکە لێرەدا لەئیمانو بیرو باوەڕو عەقیدەو ڕاستگۆییو دادپەروەرییو زەبتو دیانەتو ئەمینیو دەست پاکیو زمان پاکی خەون بینەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، وەئایا پێغەمبەریﷺلەسەر وێنەو شێوەی خۆی بینیوە یان لەسەر شێوەی کەسێکی تر، ئەگەر فەرمودە لەپێغەمبەرەوەﷺو لەژیانی خۆی دا هاتبێ، بەڵام لەڕێگەی غەیری کەسانی بڕوا پێ کراوو متمانە پێ کراوەکانەوە بێت ئەوە کاری پێ ناکرێتو بەبەڵگە وەرناگیرێت، یان لە متمانە پێ کراوەکانەوە هاتبێت بەڵام پێچەوانەی ڕیوایەتێك بێت کەلەو متمانەدار تر بێت پتریش فەرمودەی لەبەر بن، چونکە متمانەدار ترو بڕوا پێ کراو ترو پێچەوانەیەك بەیەکەوە کۆ نابنەوە، بەڵکو یەکەمیان هەڵوەشاوە واتە لەکار دەکەوێتو هی دوەمیشیان هەڵوەشێنەرەوە دەبێتو کاری پێ دەکرێت هەر کاتێك مەرجەکانی تێدا هاتنە دی. خۆ ئەگەر نەتوانرا کۆ بکرێنەوەو نە هەڵوەشاوەش بو ئەوا وەك ڕیوایەتیکی کەسێك کەکەمترین فەرمودە لەبەرو ناداد پەوەر ترین کەس حساب دەکرێت ، ئەو کاتەش وەك فەرمودەیەکی ڕیزپەڕ یا نامۆ(شاذ) دادەنرێتو کاری پێ ناکرێت.

ئەدی بۆ ڕاسپاردەو ئامۆژگاریەك کەنە خاوەنەکەی ناسراوە کەلەپێغەمبەرەوەﷺڕای گواستوەو نەڕاستگۆییو نەدادپەروەرییو نەمتمانەو نەئەمینداریو دەست پاکیوزمان پاکی ئەو کەسە دیارەو دەزانرێ ئەوا لەسەر حاڵەتی خۆی وەك حەقیقەتێك وازی لێ دەهێنرێو لای لێ ناکرێتەوە.هەر چەندە هیچ شتێکیشی تێدا نەبێت کەپێچەوانەی شەریعەت بێت. ئەدی چۆنە ئەگەر ئەو ڕاسپاردەیە پڕی بێت لەزۆر شتی وا کەبەڵگەیە لەسەر پڕوپوچی و بێ

---

(211) أ ـ سورة المؤمنون (١٥ـ ١٦)

ب ـ واتاکە یمان لە پەراوێزی ژمارە(١٨٦)و لەبابەتی ئاگادار کردنەوە لەتازە داهێنراوەکان(البدع) و لەنامەی یەکەمدا نوسیوە. وەرگێر.

(212) واتاکە یمان لەڕابردودا لێك داوەتەوە. وەرگێر.

ناوەرۆکی و ناڕاستی ئەو ڕاسپاردەیە، و درۆیەکەو بەدەمی پێغەمبەرەوەﷺهەڵ بەستراوەو یاساو تەشریعێکی ئایینی وای تێدایە کەخوای گەورە پێ ی ڕازی نیەومۆڵەتی پێ نەداوە.

پێغەمبەرﷺفەرمویەتی: {من قال علي ما لم أقل فيتبوَّأ مقعده من النـــار}([213]). دەی ئەو بوختان کەرە قسەیەکی بەزمانی پێغەمبەرەوەﷺهەڵبەستوە کەئەو نەی فەرموە، ودرۆیەکی ئاشکراو ڕاشکاوانەو مەترسی داری بەدەم پێغەمبەرەوە گوتوە. ئای ئەو کەسە چەند شایستەیە بەو پەیمانە گەورەیە کەپێغەمبەر ﷺبەو کەسەی داوە کەلە ناو ئاگرەو لەهەمو کەس لەپێشترە بۆ ئەو شوێنە ئەگەر تۆبە نەکاتو پەشیمان نەبێتەوەو نەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە، درۆینەی ئەو وەسیتە بۆ خەڵکیو لەناو خەڵکی دا بڵاو نەکاتەوە کە دابویە پاڵ دین، ئەگەر وانەکات ناڕاستیەکەی بۆ خەڵکی ئاشکرا نەکاتو ڕای نەگەیەنێت ئەوا تۆبەی لێ وەرناگیرێت هەتاکو ئەو کاتەی خەڵکی نەزانن کەلەدرۆیەکەی خۆی پاش گەز بۆتەوەو خۆی بەدرۆ خستۆتەوە. بەگوێرەی فەرمایشتی خوای گەورە کەدە فەرموێ:﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلعَنُهُمُ اللّــهُ وَيَلْعَــنُهُمُ اللَّاعِنُونَ ﴿ إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾([214]).خوای پاكو بێگەرد لەم دو ئایەتە پیرۆزەدا بۆی ڕون کردوینەوە کە: هەر کەسێك هەقو ڕاستیەکان بشارێتەوەو پەردە پۆشیان بکات ئەوا تۆبەی لێ وەرناگیرێت، مەگەر دوای خۆ چاك کردنو بەخۆدا چونەوەو ڕو کردنە چاکەو چاکاریو ڕون کردنەوەی تۆبەکەیو جاڕدانی لەناو خەڵکی دا بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن کەتۆبەی بەڕاستی کردوە. خوای گەورە ئایینی بۆ خەڵکی سەر ڕوی زەوی تەواو کردوەو هیچ کەمو کوڕیەکی تێدا نیەو هیچ شتێکی نەماوە ڕای نەگەیاند بێت، وەنازو نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتون بەناردنی نێردراوەکەی خۆی محمدﷺ وەهەرچی سروشێکی بۆی کردوەو بۆی ناردوە هەموی لەشەریعەتی تەواوی خوای گەورە بوەو نەشی مراندوە هەتاکو هەمو بەرنامەکەی بەتەواوی ڕاگەیاندوە بۆ خەڵکی سەر ڕوی زەویو ڕونی کردۆتەوە هەروەکو خوای بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێ:﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْــتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا ﴾([215]).

بوختانکەری ئەو ڕاسپاردەیە لەسەدەی چواردە هەمدا هاتوە،و دەیەوێ بەرگێکی تازەی ئایین بەبەر خەڵکی دا بکات، هەر کەسێك دەست بگرێت بەشەریعەتەکەی ئەوا دەبێتە هۆی چونە ناو بەهەشتو ڕزگار بونی لەئاگری دۆزەخ، دەیەوێ ئەو ڕاسپاردەیە لەقورئان بەگەورە ترو باشتر دابنێت. تیایدا ئەو بوختانە گەورە دەکاتو دەڵێ: هەر کەسێك بینوسێتەوەو لەم شار بۆ ئەو شار یا لەم وڵات بۆ ئەو وڵات یا لەم شوێن بۆ ئەو شوێن بینێرێت، ئەوە لەبەهەشت دا کۆشکێکی گەورەی بۆ دروست دەکرێت، وەهەر کەسێکیش نەی نوسێتەوەو نەی نێرێتو بڵاوی

---

([213]) واتە: هەر کەسێك قسەیەك بەزمانی من هەڵ ببەستێتو من نەم گوتبێت، بائەو کەسە جێگەی خۆی لەناو ئاگری دۆزەخدا ئامادە بکات یاتەرخان بکات. وەرگێڕ.

([214]) أ ـ سورة البقرة (١٥٩ـ ١٦٠).

ب ـ واتە: ئەو کەسانەی کەئەو موژدەیەی دەرهەق بەڕاستی پێغەمبەرێتی محمد پێدرا بو و ڕونمان کرد بۆوە بۆیان لەترسی لەدەست دانی پلەو پایەیان دەشارنەوەو پەردە پۆشی دەکەن، وەهەقو ڕاستیەکانی بەرنامەی خوای گەورە کەوەك بەرنامەی ژیانی مرۆڤ ناردویەتیە خوارەوە بشارێتەوەو ڕاستیەکان نەڵێتو ڕونی نەکاتەوە دوای ئەوەی کەخوای گەورە لەکتێبەکەی خۆی دا بۆی ڕون کردونەوە هەرگیز تۆبەی لێ وەرناگیرێت، ئەو جۆرە کەسانە خوای گەورە نەفرەتیان لێ دەکات، هەروەها نەفرین کارانیش وەك فریشتەکانو مرۆڤەکانیش نەفرەتیان لێ دەکەن. مەگەر ئەو کەسانەی کەبەڕاستی تۆبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و چاکە بکەنو تۆبەکەیان بۆ خەڵکی ڕون بکەنەوەو لەناو خەڵکی دا جاڕی بدەنو خۆیان بەدرۆ بهێننەوە و ددان بە پێغەمبەرێتی محمد دا بهێننو بەتەواوی بڕوا بهێنن کردەوەی چاك بکەنو چاکەکاری لەزەوی دا بڵاو بکەنەوە ئەوە ئەو کاتە خوای گەورە تۆبەکەیان لێ وەر دەگرێت، خوای گەورە لێ بوردەو بەخشندەیە کی بێ ئەندازەیە و تۆبەی ڕاستەقینەی تۆبەکاران وەردەگرێت. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٦٣ـ٦٤. وەرگێڕ.

([215]) أ ـ سورة المائدة: (٣).

ب ـ واتاکەیمان لەبابەتەکانی پێشودا لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

نەکاتەوە ئەوا لەشەفاعەتی پێغەمبەرﷺبێ بەش دەبێت لەرۆژی قیامەتدا، دیارە ئەمەش شتێکی ڕونو ئاشکرایە کەلەخراپترینو پیس ترین درۆکانەو ڕونترین بەڵگەیەکیشە لەسەر درۆیەتی ئەو ڕاسپاردەیەو بێ شەرمیو کەمی حەیای ئەو بوختانکەرو درۆزنە، گەورەییو زۆری جورئەتی ئەوکەسە بێ شەرمە لەسەر درۆ کردنو درۆزنی ، چونکە هەر کەسێك قورئان بنوسێتەوەو لەم وڵات بینێرێت بۆ ئەو وڵاتو لەم شوێن بۆ ئەو شوێن ئەو پلەو پایەی بەدەست ناکەوێت مادام بەتەواوی کار بەقورئانی پیرۆز نەکات، ئەی کەواتە چۆن نوسەری ئەو بوختانە گەورەیەو گواستنەوەی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئەو دەست کەوتەگەورەی دەست دەکەوێت، لەکاتێکدا ئەگەر قورئان نەنوسێتەوەو لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر یالەشوێنێکەوە بۆ شوێنیکی تر نەی گوازێتەوەو بڵاوی نەکاتەوە لەشەفاعەتی پێغەمبەرﷺبێ بەش نابێت بەمەرجێ بڕوادار بێتو بڕوای بەپێغەمبەرێتی ئەو هەبێت، بەشەریعەتەکەی ئەویش کار بکاتو شوێن کەوتەی بەرنامەیەکی تر نەبێت، ئەمە یەکێکە لەبوختانەکانی ئەو ڕاسپاردەیە، و بەتەنیا بەسەو بەڵگەیە لەسەر بێ ناوەرۆکیو پوچەڵی ئەو ڕاسپاردەیەو درۆزنی نوسەرو بڵاو کەرەوەکەی. وبەڵگەیە لەسەر پیسیو بۆگەنیو گەمژەو گێلیو دوری ئەو کەسە لەو زانستو زانیاریو بەرنامەو ڕێنومایيو ئەوهێدایەتەی کەپێغەمبەرﷺهێناویەتی. بێجگە لەوەی کەباس کرا لەو ڕاسپاردەیەدا گەلێ شتی تر هەن کەهەمویان بەڵگەو نیشانەن لەسەر بێ بنەماییو درۆو هەڵبەستنی ئەو ڕاسپاردە درۆینە، ئەگەر بوختان کەرەکەی پتر لەهەزار سوێندیش بخوات کەدرۆ ناکاتو لەقسەکانی دا ڕاست دەکات، و ئەگەر دوعای گەورەترین سزاو تۆڵە لە خۆی بکات کەگوایە ڕاستگۆیەو لەو وسیەتەی دا ڕاست دەکات، نەخێر ڕاست ناکاتو درۆ دەکاتو قسەکانی هیچیان ڕاست نینو درۆزنە، بەڵکو سوێندم بەخوا لەگەورە ترینو قێزەون ترین کارە پوچەڵو درۆینەکانە. ئێمە خوای پاکو بێگەردو ئەو فریشتانەی کەئێستا لامان ئامادەنو ئەو کەسانەی لەموسڵمانان کەئەو بڵاو کراوەیە دەکەوێتە دەستیانو دەی خوێننەوە دەکەینە شاهید - شاهیدیەك کەلەرۆژی قیامەتدا پێ دەگەینەوە پەروەردگارمان - کەئەو ڕاسپاردەیە درۆیەو هەڵ بەستەو بەدەم پێغەمبەرەوەﷺهەڵ بەستراوە، خوا سەرشۆڕی بکات بەو درۆو بەو کارەیو ئەوەندەی شایستەیە خوای گەورە بەو کارە سەر لێشێوینیەی خۆی بیگرێت. ئەو ڕاسپاردەیە بێجگە لەوەی کەئاماژەمان پێ کردن چەند کارێکی خراپو درۆو هەل بەستی تری تێدان کەلەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا دەیان نوسین: یەکەم: تیایدا:(لەم هەینی یەوە بۆ ئەو هەینی یە سەدو شەست کەس مردون بەبێ ئیمانو لەئیسلام دەرچون) ئەمەش لەزانستە پەنهانیەکان(الغیب)ە. وەپێغەمبەرﷺدوای مردنی سروش(وحي) بۆ هاتنی وەستاوە، هەر لەژیاندا ئەو غەیبی نەدەزانیو ئاگای لەشتەغەیبیەکان نەبو، ئەدی چۆن دوای مردنی کارە غەیبیەکان دەزانێتو ئەم هەواڵە غەیبیانە بەو ڕادەگەیەنێت. بەپێ ی ئەم فەرمودەیەی خوای گەورە کەدەفەرموێ:﴿ قُل لاَّ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ اللّهِ وَلا أَعْلَمُ الْغَيْبَ ﴾ (٢١٦). هەروەها دەفەرموێ:﴿ قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ ﴾(٢١٧). هەروەها لەفەرمودەی ڕاستدا هاتوە لە پێغەمبەرەوە ﷺکە فەرمویەتی:{يُذاد رجالٌ عن حوضي يوم القيامة، فأقول:

---

(216) أ- سورة الأنعام: (٥٠).

ب- واتاکەیمان پێشتر نوسیوە. وەرگێڕ.

(217) أ- سورة النمل: (٦٥).

ب- واتە: ئەی محمد پێ یان بڵێ: ئەوەی لەئاسمانەکانو لەزەوی دا هەن کارە غەیبیو شتە پەنهانیەکان نازانن و ئاگاداری نین بێجگە لەخوای پەروەردگار. وەرگێڕ.

يارِبي، أصحابي أصحابي، فيقال لي: إنك لاتدري ماأحدثوا بعدك، فأقول كما قال العبد الصالح:﴿ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّـــا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾([218]).

دووەم: لەو کارانەی کەبەڵگەو نیشانەن لەسەر پوچەڵیو درۆینەی ئەو ڕاسپاردەیە ئەوەیـە کەتیایـدا دەڵـێ:( هـەر کەسێك بینوسێتەوەو دابەشی بکات ئەگەر هەژار بێت دەوڵەمەند دەبێت، یاقەرزدار بێت خوای گەورە قـەرزەکانی بـۆ پڕ دەکاتەوە، یاخود ئەگەر گوناحبار بێت خوای گـەورە لـەگوناحو تاوانـەکانی خۆشـیو دایـكو باوکیـشی دەبـورێو خۆش دەبێت بەبەرەکەتی ئەو ڕاسپاردەیە) تاکۆتایی. گومانی تێدا نیە کەئەمە گەورە ترین درۆیەو ڕونترینو ئاشـکرا ترین بەڵگەو نیشانەیە لەسەر درۆی بوختانکەرەکەی، بەڵگەیە لەسەر بێ شەرمیو کەم حەیایی خاوەنەکەی بەرامبەر بەخوای گەورەو بەبەندەکانی خوادا، چونکە ئەو سێ شتانە تەنیا بەنوسینەوەی قورئانی پیرۆزیش وەدەست نایـەن، ئەدی چۆن بەنوسینەوەی ڕاسپاردەیەکی ئاوەها درۆینەو هـەڵ بەسـتراو دێنـە دی؟!!ئـەو پوچـەڵو پیـسە دەیـەوێ پەردەی ڕەش بەسەر چاوی موسڵماناندا بدات، وبەو ڕاسپاردەیەو پەیوەسـت و گیرۆدەیـان بکـاتو بـە نوسـینەوەی ئەو وەسیەتە درۆینە سەرقاڵیان بکات و بەپلەو پایەی پوچەڵی ئـەو وەسـیەتە دەسـت خـەڕۆیان بکـاتو لـەقورئانو سوننەت لایان بداتو ڕێگەی ڕاستیان لێ بکات بەشەوە زەنگ و واز لەهەمو هۆکارەکانی عیبادەتو بەندایەتی کردنـی ڕاستەقینە بهێنن کەخوای گەورە بۆ بەندەکانی خـۆی وەك ڕێ وڕەسمێکی شـەرعیانەی بەندایـەتی کـردن بـۆ بەنـدەکانی خۆی دارشتوە، بەو پڕو پاگەندە پوچـەڵەی گەیـشتن بەدەوڵەمەنـدیو پـڕ کردنـەوەی قـەرزەکانو تـەماحی دنیـا دانـە بـەر، ولەگوناح خۆش بون گیرۆدەو سـەر سڕو سـەرقاڵیان دەکـاتو ڕێگـەی ڕاسـتەقینەی خوایـان لەبەرچـاو لـیخنو ون دەکـاتو لەمێشکیاندا دەسرێتەوە. سیناریۆی ئەم شانۆگەریەش شەیتان دەی گێڕێت، پەنا بەخوا دەگرین لـەهۆکارو ڕێگاکـانی سـەر شۆڕیو گوێ ڕایەڵی بۆ هەواو ئارەزوەکانی نەفسو شەیتان.

سێ یەم: لەو کارانەی کەبەڵگەو نیشانەن لەسەر پوچەڵیو درۆیی ئەو ڕاسپاردەیە ئەوەیە کە تیایدا دەڵـێ:( هـەر کەسێك لەبەندەکانی خوا نەی نوسێتەوە خوای گەورە لـەدنیاو لەقیامەتـدا ڕوانـی ڕەش دەکـات). گومـانی تێـدا نیـە کەئەمەش بوختانێکی ترو قێزەون ترین درۆیەکی ترەو یەکێکە لەو بەڵگـەو نیـشانانە کـەبێ بنـەماییو پوچـەڵی ئـەو ڕاسپاردەیە دەخاتە ڕوو بێ ئابڕوییو درۆزنیو بوختانی خاوەنە بێ شەرمو سـوکایەتی یەکـەی دەسـەلمێنێ. چـۆناو چۆن دەچێتە عەقڵی کەسێکەوە کەئاقڵو ژیر بێـت، بەنوسـینەوەی ئـەو وەسـیەتەی کەپڕیـەتی لـە درۆو دەلەسـەو بوختــان و لەلایــەن کەســێکی نادیــارو نەناســراو لەســەدەی چــواردە هــەم دا نوســراوەتەوە، و بوختــانی بــەدەمی پێغەمبــەرەوەﷺکــردوەو دەڵــێ: ئــەوەی نــەی نوســێتەوە لــەدنیاو لەقیامەتــدا ڕوی ڕەش دەبــن، وهــەر کەســێك بینوسێتەوە دەوڵەمەند دەبێت دوای ئەوەی هەژارو دەست کورت بو، وەرزگـاری دەبێـت لەقـەرزەکانی دوای ئـەوەی ئەو هەمو قەرزانەی لەسەر کەڵەکە ببون، خوای گەورە لەگوناحەکانی خۆش دەبێت!!!

---

([218]) أ ـ سورة المائدة: (١١٧).

ب ـ واتـای فەرمودەکە : لەڕۆژی قیامەتدا خەڵکانێکی زۆر هەن دێن بۆ سەر حەوزی من بەڵام دەردەکرێنو ڕاو دەنرێن منیش دەڵێم : ئەی پەروەردگارم ئەوانـە هـاوەڵانی منن، ئەوانە هاوەڵانی منن بۆ دەریان دەکـەن پـێم دەگـوترێ: ئـەی محمـد تـۆ نـازانی ئـەوان لـەدوای تـۆ چیان بەسـەر دینەکـەت هێنـاوەو چۆنیان شێواندوەو چ داهێنـانو تـازەگەریەکیان لەدینەکەت دا دروست کردوە، ئەوانە لەهاوەڵانی تۆ نەماون. منیش ئەوەی بەندە چاکەکەی خوا کەمەبەست لەعیسای کوڕی مەریەمە گوتی دەی لێم کەبریتیـە لەم ئایەتە پیرۆزەی خوای گەورە : واتـای ئایەتەکە :﴿ ئەی پەروەردگارا ئەوەندەی لەناویاندا بوم بەسەریانەوە شاهیدمو ئاگـادارم بەسـەریانەوە، دوای ئـەوەی گیانـت لـێم وەرگرتەوەو مراندتم تۆ بۆ خۆت بەسەریانەوە چاودێر بویتو هەر خۆت دەزانی چیان کردوەو چیان ئـە نجام داوەو هـەر خـۆت بەسـەر هـەمو شـتێکەوە شـاهیدو زانـاو دانـای.

وەرگێڕ.

پاكو بێگەردی بۆ خوا لەو بوختانە گەورەیە، !بەڵگەكانو واقیعیش گەواهی درۆی ئەو بوختانكەرەن. هەروەها لەگەورەییو بێ ئەندازەیی جورئەتی ئەو كەسە لەبەرامبەر خوای گەورەو بێ شەرمیو كەم حەیایی لەبەر دەم خوای تاكو تەنیاداو لەلای خەڵكی، دەی ئەو هەمو ئوممەتو ئەوهەمو خەڵكەی كەئەو ڕاسپاردەیان نەنوسیوەتەوە كەچی ڕوشیان ڕەش نەبوە، لەلایەكی تریشەوە خەڵكێكی زۆر كەهەر خوا دەزانێت چەندە دەبن نوسیویانەتەوەو بڵاویشیان كردۆتەوە كەچی قەرزەكانیشیان هەر لەسەر ماونو پڕ نەبونەوەو لەوانەیە هەتاكو ئێستاش هەر هەژارو دەست كورت بو بنو قەرزەكانیان پتر لەسەر كەڵەكە بو بێت، پەنا دەگرین بەخوای گەورە لەگومڕا بونی دڵو كەڵەكە بونی گوناحو تاوانەكان. ئەو پاداشتو سیفاتانەی لەو وەسیەتە درۆینەدا هاتوە لەهیچ شوێنێكی شەریعەتی خوادا نەهاتوە بۆ ئەوكەسانەی كەباشترینو پایە بەرز ترین كتێب كەقورئانی پیرۆزە بنوسنەوە، ئەدی چۆن بۆ یەكێك دەبێت كەئەو ڕاسپاردە درۆینە بنوسێتەوە كەپڕیەتی لەدرۆو دەلەسەو بوختانو كۆمەڵێك ڕستەو وشەی كوفری. پاكو بێگەردی بۆ خوای تاكو تەنیا چەندە میهرەبانو بەسۆزو خۆڕاگرە لەبەرامبەر كەسێكدا كەوا چەندە بەجورئەتە لەدرۆ كردن لەبەر دەم خوای پەروەردگاری جیهانیانداو دەتوانێ ئەو هەمو درۆو دەلەسەو بوختانانە بكاتو چەندە بێ شەرمو بێ ئابرۆیە.

چوارەم: یەكێكی تر لەو كاروبارانەی كەبەڵگەو نیشانەن لەسەر ئەوەی كەئەو ڕاسپاردەیە لەپوچەڵ ترینو گەورە ترین درۆیەكانە ئەوەیە كەتیایدا دەڵێ:(هەر كەسێك بڕوا بەو ڕاسپاردەیە بكات ئەوا لەئاگری دۆزەخ ڕزگاری دەبێت، وەهەر كەسێكیش بڕوای پێ نەكات ئەوە كافر بوە). ئەمەشیان دیسان گەورە ترین جورئەتو جەسوریە لەدرۆ كردن دا، لەسوكو ڕێسوا ترین درۆو دەلەسە بێ سەرو بەریەكانە، ئەو درۆزنی بوختانكەرە بانگی هەمو خەڵكی دەكات كەبڕوا بەو بوختانو درۆیە زلەی ئەو بكەن، وەپڕو پاگەندەی ئەوە دەكات كەئەگەر بڕوای پێ بهێنن لەئاگری دۆزەخ ڕزگاریان دەبێت و ئەوەشی بڕوای پێ نەهێنێ ئەوا پێ ی كافر دەبێت. وەڵڵاهی ئەو درۆزنە گەورە ترین درۆو بوختانی بەرامبەر بەخوای تاكو بەتەنێ كردوە، وەڵڵاهی ئەوەی گوتویەتی ڕاست نیەو درۆ دەكاتو ڕاستیەكەی ئەوەیە هەر كەسێك بڕوای بەو ڕاسپاردە درۆینە هەبێت ئەوە شایستەی ئەوەیە كەكافر بێتو نەك ئەوەی بڕوای پێ نەبێت، چونكە ئەوە بوختانە، درۆیە و هیچ بنچینەو بنەمایەكی نیەو زۆر زۆر لەڕاستیەوە دورە، ئێمە دەڵێین خوا شاهیدە كەئەو قسە پڕو پوچانە هەموی درۆنو بوختانكەرەكەشی درۆزنە(كــذاب)، دەیەوێ یاساو شەریعەتێك بۆ خەڵكی دابڕێژێت كەخوای گەورە مۆڵەتی لەسەر نیەو پێ ی ڕازی نیەو شتێك بخاتە دینەكەیانەوە كەنامۆیە بەو دینەو هەرگیز شتی وا بۆگەنی تێدا نیەوماڵی قەڵبیش سەر بەخاوەنەكەیەتی. چونكە خوای گەورەو بەتەنێ ئایینی بەكاملی ناردۆتە خوارو بۆ ئەم ئوممەتەی تەواو كردوە بەچواردە سەدە پێش ئەوەی ئەو بوختانو درۆیە بەدەر بكەوێت. دەی كەواتە هۆشیارو وریاو بەئاگا بن ئەی خوێنەرانی ئازیزو ئەی برایانی خۆشەویست، وریا بن هەرگیز بڕوا بە وێنەی ئەم درۆو دەلەسەو هەڵ بەستراوانە مەكەن، و بوار مەدەن ئەم جۆرە شتە پڕوپوچو درۆو دەلەسەو بوختانانە لەناو ئێوەدا ڕەواج پەیدا بكەن، چونكە هەق ڕۆشنەو دەدرەوشێتەوەو بەپەردەی ڕەشی درۆزنان بەری ناگیرێت(٢١٩)، هەقو ڕاستیەكان بەبەڵگەو نیشانەكانی خۆی بدۆزنەوەو بەدوای دا بگەڕێنو داوای بكەن، لەئەهلی عیلمو زانست پرسیار بكەن لەهەر شتێك كەگرفتتان لێ پەیدا بو، بەسوێندی درۆزنان فریو مەخۆن، ئیبلیسی نەفرەت لێكراو سوێندی بۆ باوكە ئادەمو دایكە حەوا خوارد كەئەو بەڕاستی ئامۆژگاری كارێكی دڵسۆزە بۆ ئەوان وەك كەسێكی

(219) كورد دەڵێ: سەگ دەوەڕێو كاروانیش ڕادەبورێ. (دەماودەم)

دڵسۆزو خـەمخۆر خـۆی نیـشان دا، کەچـی لەگـەورە تـرین خائینـانو لـەدرۆزن تـرین درۆزنـان بـو، هـەروەکو خـوای گـەورە لەسورەتی(الأعراف)دا لەبارەی شەیتانەوە بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:﴿ وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِــنَ النَّاصِــحِينَ﴾([220]).
دەی کەواتـە وریـاو ئاگـادار بـن لـەو ئیبلیـسە نـەفرین لێکـراوەو لەشـوێن کەوتـەکانی لـەدرۆزنانو بوختـان کـەرانو چەواشەکارانی پشتیوانانی شەیتان، چەندانو چەندان جـار ئیبلـیسو شـوێنکەوتوانی بـڕوای دڵسۆزانەی درۆزنانـەی خۆیان دەر بڕیوەو چەندان پەیمانو بەڵێنی ساختەو ستەمکارانەی درۆینەی خۆیان، وچەندان قسەو گفتاری ڕازاوەو بریقەداریان بۆ خەڵکی دەربڕیوە بۆ سەر لێشێواندنو لەڕێگە لادان و مل شکاندنی خەڵکی سادەو ساکارو ساویلکە.

خوای بەرزو بـێ هاوتـاو بەتـەنێ مـنو ئێـوەش لەشـەڕو بـەڵای شـەیتانو شـەیتانیەکان بپارێزێـت، وەلـە فیتنـەو ئاشـوبی سـەر لێـشێواوانو دڵ ڕەشـی دڵ ڕەشـانو لەپـەردەی ڕەشـی پەردەپۆشـانی دوژمنـانی خـواو بوختـانی بوختانکەرانو درۆزنانو چەواشەکاران لامان بداتو پەنامان بدات، ئەوانـەی کەدەیانـەوێ نـورو ڕۆشـنایی بەرنامەکـەی خوا بەفوی دەمیان بکوژێننەوەو ئایینی خوا لەخەڵکی چەواشە بکەنو پـەردەی ڕەش بەسـەر چـاوی موسـڵمانان دا بـدەن، خەیاڵیان خاوە خوای گەورە نوری خۆی تەواو دەکاتو دینی خۆی دەگەیەنێتە جێو ئایینو بەرنامـەو یاسـاو ڕێسای خـۆی سەردەخات، کاروانی ئیسلامو موسڵمانان هەر دەگاتە شوێنی خۆی، هەر چەندە دوژمنانی خـوا لەشـەیتانو شـەیتانیەکان و شوێن کەوتوانیان لەکافرانو بێباوەڕانو مولحدان پێ یان ناخۆش بێتو هەزاران فرو فێڵو تەڵەکە بازیو کەمینیش بنێنەوە.

بـەڵام سـەبارەت بـەوەی کەئـەو چەواشـەکارو درۆزنـە باسـی کـردوە لەوەسـیەتنامەکەی خـۆی دا لەخراپـەو خراپەکاری(منكرات) ئەوە ئەمرێکی واقعەو قورئانو سوننەتی بەڕێزی پێغەمبەرﷺئاماژەیان بەو خراپەکاریـە داوەو ئاگاداریو وریایی توندیان لەبارەی ئـەو خراپـەو خراپەکاریـە داوەو ئامۆژگاریمـان دەکـەن کـەلێ یـان دور بکەوینـەوە ، ئـەو قورئانو سوننەتەی پڕیەتی لەهیدایەتو ڕێنومایی تەواوی بۆ مرۆڤەکان ، لەخوا دەپاڕێینەوە کەحاڵی موسڵمانان چاك بکاتو یارمـەتیو ڕێنوماییمـان بکـات بـۆ شـوێن کـەوتنی هـەقو ڕێگـای ڕاسـتەقینەی قورئـانو سـوننەت بگـرینو بـەردەوامو پـێ دامەزراومان بکات لەسەریو تۆبە لەهەمو تاوانوگوناحەکان بکەینو بگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە(الله) گیـان. کەخوایـەکی پاكو بێگەردو بەخشندەو لێ بوردەو بەسۆزو بەزەیەوەو بەسەر هەمو شتێك دا زاڵەو بەتوانایە.

بـەڵام سـەبارەت بـەوەی کەباسـی مەرجـەکانی هـاتنی ڕۆژی دوایـی دەکـات، ئـەوە لەفـەرمودە پیرۆزەکـانی پێغەمبـەرﷺهـەمو مەرجـەکانی ڕۆژی دوایـی ڕون کراونـەوەو ئاشـکرا کـراون، وەقورئـانی پیرۆزیـش ئامـاژەی بەهەندێکیانی کردوە. هەر کەسێك کەبیەوێ زانیاری تەواوی لەم بارەوە دەست بکەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بـۆ لای کتێبو سەرچـاوەکانی سـوننەتو کتێبـەکانی ئـەهلی عـیلمو ئیمـان و سـەیریان بکـات. هـیچ پێویـست ناکـات بـۆ زانـین و ڕونکردنەوەی ئەو جۆرە ئاریشانە بگەڕێنەوە بۆ ئەو جۆرە کەسە درۆزنو چەواشەکارانە تا ڕێگەیان لـێ چەواشـە بکـەنو لـە دینی خوا لایان بدەنو پەردەی ڕەشیان بەسەر چاو دا بـدەن، هـەقو ناهـەق، ڕاسـتیو ناڕاسـتیان لـێ تێکـەڵ بکـەن، ئیـدی خوامان بەسە کەباشترینو بەهێزترینو پیرۆزترین پاڵ پشتێکە.

ولا حول ولا قوة إلاَّ بالله العليّ العظيم، الحمدلله رب العالمين، وصلى الله وسلم على عبده ورسوله الصادق الأمين، وعلى آله وأصحابه وأتباعه بإحسان إلى يوم الدين.((مجموع الفتاوى المجلد الأول (١٧٨ــ ٢٠٠)) .

---

([220]) أ ـ سورة الأعراف: (٢١).

ب ـ واتە : شەیتانی نەفرەت لێکراو سوێندی بۆ باوکە ئادەمو دایکە حەوا خوارد کەبەڕاستی ئەو بەتەنگ ئەوانەوەیەو بۆ خێرو چاکەی ئەوانەو لەئامۆژگاری کارانە بۆیان درۆیان لەگەڵ دا ناکات. وەرگێڕ.

## حوكمی جادو گەران و نهێن بازەكان( الكهانة )و شوێن هەڵگرەكان و ئەو شتانەی كە پەیوەستن پێ یانەوە

الحمد لله وحده، والصلاة والسلام على من لانبيَّ بعده، وبعد:

لەبەر ئەوەی قۆڵ بڕان و جادوگەران لەم دواییانەدا، لەوانەی كەپڕوپاگەندەی نوژدارێتی(الطب) دەكەن و چارەسەری نەخۆش یەكان لەڕێگەی جادوگەری واتە سیحربازی و نهێن بازی یەوە(الكهانة)دەكەن بەشێوەیەكی بەر بڵاو لەهەندێ لەوڵاتانی موسڵماناندا بڵاو بوەتەوەو تەشەنەیان كردوەو سادەو ساویلكەیی خەڵكیان قۆستۆتەوە لەوانەی كەنەزانی و نەفامی بەسەریاندا زاڵ بوە. بۆیە بەپێویستم زانی كەلەڕێگەی ئامۆژگاریەوەو لەبەر خاتری خوای گەورەو بۆ بەندەكانی خوا ڕونی بكەمەوە كەئەم پیشە بۆگەنە چ مەترسیەكی گەورەی بۆ سەر ئیسلام و موسڵمانان هەیە لەبەر ئەوەی كەئەم كارە خراپ و قێزەونە پەیوەندی بەغەیری خواوە هەیەو پێچەوانەی فرمانی خواو فرمانی پێغەمبەرەكەیەتی ﷺ.

منیش پشتیوان بەخوای بەرزو بێ هاوتاو بەتەنێ دەڵێم: بەپێ ی ڕێك كەوتن واتە كۆڕای زانایانی ئیسلام تیمار كردن و چارەسەری نەخۆشیەكان كارێكی دروستەو پێچەوانەی شەریعەت و بەرنامەی خوا نیە، مرۆڤ كەنەخۆش بو دەتوانێت بچێتە لای دكتۆری هەناو یا نوژداری برینساز یا دكتۆری ڕشتە دەمارەكان(جملة العصبية)یا هەر بابەتێكی تر بێت بۆ ئەوەی كارە پشكنینیەكانی بۆ بكات و جۆری نەخۆشیەكەی بۆ بدۆزێتەوەو چارەسەری بەو دەرمانانە بۆ بكات كەلەگەڵ نەخۆشیەكەی دا گونجاون واتە چارەسەری نەخۆشیەكەی دەكات و ئەو دەرمانانەش بەگوێرەی شەریعەتی خوا حەڵاڵ و ڕێگە پێدراو بن بەگوێرەی ئەو زانست و زانیاری و پیسپۆڕیەتیەی كەنوژدارەكە هەیەتی، چونكە ئەمە دەست گرتنە بەهۆكارە ئاساییەكان(العادية)و پێچەوانەی پشت بەستن نیە بەخوای گەورە، خوای گەورەو پاك و بێگەرد دەردی ناردوە دەرمان و چارەسەریشی لەگەڵدا ناردوە جا زانین و شارەزاییەكەی لە هۆشیاری و وریایی و زانینی مرۆڤ خۆیەتی و نەفامی و نەوانین و نەشارزاییەكەشی لەنەزانین و نەفامیەوەیەتی، بەڵام خوای گەورە شیفای بەندەكانی بەوە دانەناوە كەلێ ی حەرام كردون واتە چارەسەر كردنی نەخۆشیەكان بە داوو دەرمان و چارەسەریە حەرامەكان دروست نیە شیفای ئەو نەخۆشیە نادات.

بەهیچ شێوەیەك دروست نیە نەخۆش بچێتە لای پێش بین و نهێن بازەكان(الكهنة) ئەوانەی كەپڕو پاگەندەی غەیب زانی دەكەن كەبەهۆی ئەو غەیب زانیەوە دەتوانن نەخۆشیەكان و هۆكارەكانیان بدۆزنەوە، هەروەكو دروست نیە بڕوایان بەوە هەبێت كەدەیڵێن و هەواڵیان پێ دەدەن، چونكە ئەوەی ئەوانە دەیڵێن تەنیا تفەنگ بەتاریكیەوە نانە، یان جنۆكەكان لایان ئامادە دەبن و ئەوەی بیانەوێ لی یان وەردەگرن و پشت بەجنۆكەكان دەبەستن، ئەوانە حوكمیان حوكمی كوفرو سەر لێشێواویە، ئەگەر پڕوپاگەندەی زانستی پەنهان زانی(علم الغيب) بكەن. مسلم لە(صحيح)ەكەی خۆی دا ڕیوایەتی كردوە كەپێغەمبەرﷺفەرمویەتی: {من أتى عرَّافاً فسأله عن شيءٍ لم تُقبَل له صلاة أربعين يوماً}([221]). وەلە أبی هریرەوە رضي الله عنهئەویش لەپێغەمبەرەوەﷺكەفەرمویەتی: {من أتى كاهناً فصدَّقه بما يقول فقد

([221]) واتە : هەر كەسێك بچێتە لای پێش بین و جادو گەران و شوێن هەڵگران و دەربارەی شتێك داوایان لێ بكەن ئەوا بۆ ماوەی چل ڕۆژ نوێژیان لێ وەرناگرێت. دیارە ئەم جادو گەری و پێش بینی ودەم وەردان لەغەیب زانیە گەلێك جۆری هەن كەئاماژە بەهەندێكیان دەكەین وەك :( قاوە گرتنەوە كەبەزۆری ئەمە ژنان ئە نجامی دەدەن لەگەڵ دەست خوێندنەوە كە بە زۆریش لەلایەن ژنە دۆمەكانەوە ئە نجام دەدرێت ، هەروەها هەندێ كەسی نەفس نزم و تەمبەڵ و تەوەزەل و ناكاراو كار تەكەر باڵندە بەكار دەهێنن بۆ كاری یانەسیب كەناوی هەندێ ئەشیا لەچەند وەرەقەیەك دەنوسن باڵندە بەكار دەهێنن كەدەنوك لەو كاغەزانە دەدات و یەكێك هەڵ دەگرێت جاچی تێدا بو یان تێدا نەبو ئەوە بەختی كابرایەو برێكی باشیش پارە لەكابرا دەكێشێتەوە ئەوانە قۆڵ بڕن و ماڵی خەڵكی بەناهەق دەخۆن و ورگیان پڕ دەكەن لەئاگر، هەروەها ئەستێرە گرەوەكان

كفر بما أنزل على محمدﷺ}(٢٢٢). وەهەر لەحاكمەوە بەفەرمودەیەكی ڕاستەوە بەم شێوەیە هـاتوە: { من أتى عرَّافاً أو كاهناً فصدَّقه بمايقول فقد كفر بما أُنزل على محمدﷺ}(٢٢٣).

**وەلە**عمران **كوڕی** حصينﷺ**فەرمویـەتی:** {ليس منَّا من تَطيَّر أو تُطيِّر له، أو تَكهَّنَ أو تُكهِّن له، أو سّحّرّ أو سُحِرَ لـــه، ومن أتى كاهناً فصدقه بما يقول فقد كفر بما أُنزِل على محمدﷺ}(٢٢٤). **لەم فەرمودە پیرۆزانەدا هاتوە كەچونە لای ئـەو جادوگەرو نهـێن بـازو شـوێن هەڵگرانـەوهاو وێنـەكانیانو داوای شـتێكیان لێ بكرێـتو بڕواشـیان پـێ بكـەنو ەوعـدو پەیمانیان لەسەر ئەو كارە بێ شەرعیانەی كەدو چاریان بـوە وەك چـاك كردنـەوەی نـەخۆشو بـۆ دۆزینـەوەی شـتە دزراوەكانو ون بوەكانیانو كارە غەیبیەكانی تـر كەتایبـەتن بـەخوای گەورەوتـەنیا لەدەسـەڵاتی ئـەودان. پێویـستە لەسەر خاوەن دەسەڵاتو حكومەتو كار بەدەستانو ئەهلی پاراسـتنو خـەڵات(الحِسْبة)و غـەیری ئـەوانیش كـەتواناو دەسەڵاتیان هەیە قەدەغەی ئەو جادو گەرو فاڵچیو شوێن هەڵگرو نهێن بازانە بكەنو هـەروەها قەدەغـەی خـەڵكیش بكەن كەنەچنە لایانو پەنایان بۆ نەبەنو بەبەلاش پارەو سـامانی خۆیانیـان نـەدەنێو بەگـەرویان دا نەكـەن، ئەوانـە قۆڵ بڕو جادوگەرن بامالْو سامانی خۆیان بەفیڕۆ نەدەنو بەگـەروی ئـەو سـتەمكارانەیان دانەكـەن، دەبـێ بەتونـدی بەرپەرچی یان بدرێتەوەو قەدەغەیان بكەن، نەیەڵن خەڵكی بچنە لایانو پەنایان بۆ بەرن، نـابێ بـەوە هـەڵ بخڵـەتێن كەلەهەندێ شتدا قسەكانیان بەڕاست دەردەچنو نەبەوەی كەخەڵكێكی زۆر دەچـنە لایـان، ئـەو خەڵكانـەی وا بـەزۆر دەچنە لایان نەفامو نەزانن، نابێ چاو لەوانە بكرێتو فریو بەهەڵپەی ئەو خەڵكە نەزانانە بكرێتو چاو لـەوان بكرێـت، چونكە پێغەمبەریﷺخوا قەدەغەی كردوە بچنە لای ئەو جادو گەرو فاڵچیوقاوە گرانەو بڕوا بەقسەكانیان بهێنرێـت ، بەهۆی ئـەوەی كەخراپـەو فەسـادیەكی زۆر لـەكارەكانیان دەكەوێتـەوەو مەترسـیەكی بەرجەسـتەو چارەنوسـێكی ڕەش لەئــەنجامی كارەكانیــان دەتەنێتــەوە. چــونكە ئەوانــە خراپــەكارو تاوانبــارو درۆزنــن، هــەروەكو لــەواتای فەرمودەكاندا بەئاشكرا كوفرو كافر بونی ئەو جادوگەرو فاڵچیانەو ئەو نهێن بـازە گومڕایانـە هـاتوەو دەردەكـەوێت، چونكە ئەوان پڕو پاگەندەی غەیب زانی دەكەنو ئەوەش كوفرە، بۆ خۆشـیان نـاتوانن هـیچ بكـەنو كـەس بگەیەننـە ئاواتو مەبەستی خۆیان بەپشت بەستن بەجنۆكەكان نەبێت ئەویش لەهەزاران یەك. هـەروەها بەبەندایـەتی كـردن بـۆ جنۆكەكان لەغەیری خوا. دیارە ئەمەش گومانی تێدا نیە كەكوفرو هاوبـەش پەیـدا كردنـە بـۆ خـوای پـاكو بێگـەرد،**

---

بەهەمان شێوە، دیسان بەختنامە گرتنەوە كە پڕی خشتەیەك پیتیان نوسیوە و بەو كەسەی بەختەكەی بۆ دەگرنەوە دەڵێن پە نجەت لەسەر هەر پیتێك دابنێت بـەگوێرەی ئـەو پیتە لێكدانەوەی بەختی ئەو كابرایە دەخوێننەوە كەكۆمەڵێك شتی هەڵیتو پەڵیتیان تێدا نوسیوەو لەخۆوە بۆیان دارشتون. زۆر جاری وایە كابرای توشی چـەندان گێـژاوی دەرونیو بەقوڵ دا چونی خەیاڵانی كاكی بەكاكی سەری تێدا شێتو وڕ دەبێتو دەكەوێتە بنی دەریای بێ بنی خەیاڵاتو هەمیشە مەراق خواردنوسـەر لێ دەر نـەكردنو توشـی گرێ دەرونی بێ كۆتاو بێ ئە نجام دەكەن، دیارە ئەوانەش هەر قـۆڵ بـڕنو پـارەو پـول لەخـەڵكی سـاویلكەو كـەم هـۆش دەكێـشنەوەو مـاڵی خـەڵكی بـەتاڵان دەبـەنو ئـاگر لەورگیاندا دەخۆن.، هەروەها دەڵێن زۆر جاری وا هەیە لەدوای خوێندنـەوەی مـەولود نامـە بیدعەییەكانـدا شـێخەكان یـان هەنـدێ مـەلا بـێ بەرپرسیارەكان ژنو ژاڵیـان لێ دەهاڵێنو بەخت بۆ خەڵكی دەخوێننەوە والله أعلم ، دیارە ئەمانەش هەر قۆڵ بڕنو ماڵی خەڵك بەناهەق دەخۆنو بەم كارەیان شـەیتان لـەخۆیان ڕازی دەكـەنو خـوای گـەورە لەخۆیان دەرە نجێن. ئەمەو سەدان جۆری تر لەم كارە ناشەرعی و قۆڵ بڕی و جادوگەریانەی تر كەناكرێ ئاماژە بەهـەموانیان بكـەینو باسـیان لێـوە بكـەین، ئـەو كەسـەش كەسە ئەلفێكی بەسە. وەرگێڕ.

(222) أ ـ رواه أبو داود وخرجه أهل السنن الأربع وصححه الحاكم.

ب ـ واتە: هەر كەسێك بێتە لای پێش بینو جادو گەرانو بڕواشی هەبێت بەوەی كەدەیڵێن ئەوا بڕوای نیە بەو بەرنامەیەی كەبۆ محمدﷺهاتۆتە خوار. وەگێڕ.

(223) واتە: هەر كەسێك بچێتە لای عەرافێك یاكاهنێكو داوای شتێكی لێ بكاتو بڕواشی هەبێت بەوە هەبێت كەدەیڵێن ئەوا بڕوای نەماوە بەو بەرنامەی كـەبۆ محمـدﷺ هاتۆتە خوار. وەرگێڕ

(224) أ ـ رواه البزار بإسناد جيد.

ب ـ واتە: هەر كەسێك بـاڵندەچێتیو فاڵچێتیو ئەستێرە گروەییو هەلفریوێنی بۆ خەڵكی بگرێتەوە یابۆی بگیرێتەوە، یا پێش بینیو نهێن بـازی بۆ خەڵكی بكات یـان بۆی بكرێت، یان جادو لەخەڵكی بكات یان جادوی لێ بكرێت، وەهەركەسێك بێتـە لای پـێش بـینو نهـێن بـازێـكو بڕواشـی هـەبێت بـەوەی كـەدەیڵێت ئـەوە بـڕوا نـەماوە بـەو بەرنامەو شەریعەتەی كەبۆ محمدﷺهاتۆتە خوار. وەرگێڕ.

هەروەها ئەوانە کەبڕواشیان پێ دەکەن لەو پڕو پاگەندەیەی دەیکەن لەغەیب زانیو ئەو قسانەی کەدەیڵێن بەڕاستی بزانن، ئەوانە هیچ جیاوازیەکیان نیە لەگەڵ ئەو جادوگەرو قاوەچیو قۆڵ بڕانە وەك ئەوان کافردەبنو هاوبەش پەیدا کەرن، وەهەر کەسێك ئەو کارە بکاتو بچێتە لایان ولەوەی کەدەیان دەنێ ئەوە پێغەمبەرﷺلەوانەبێ بەریە،و بەهیچ شێوەیەك دروست نیە بابای موسڵمان بڕوا بەوانە بکاتو مل کەچ بێت بەوەی کەپڕوپاگەندە دەکەن کەگوایە چارەسەریان دەکەن لەوەی کەچاو بەستەکێ یان لێ دەکەن بەو شتە تەلسمانەی کەلێ یان دەکەن یابەمسو قورقوشم تواندنەوە([225]) و سەدانو هەزاران شتی تری لەم جۆرە نەفامیو خورافیاتانە کەلەناو خەڵکی سادەو نەفام و ساویلکەدا باون ئەمانە هەموویان لەکاری نهێن بازیو غەیب زانی دانو چاو بەستەکێو پەردەی ڕەش دادانە بەسەر چاوی خەڵکی نەزانو نەفام. جاهەر کەسێك بەکردەوەی ئەوانە ڕازی بێت ئەوا هاوبەشو هاوکاری کردنە بۆ ناهەقو ناڕاستیو کوفری ئەوانەو دەست گیرۆیی کردنیانە لەسەر ئەو کارە کوفریو هاوبەش پەیدا کردنەی ئەوان ولەتاوانو گوناحی ئەوان بەشدارەو هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ئەوان. هەروەها بۆ هیچ موسڵمانێك دروست نیە بچێتە لایانو پرسیار یاداوای ئەوەیان لێ بکات کەئایا کوڕەکەیان یاخزمە نزیکەکەی کەی ژن دێنێ یان نا، یان ئایا خۆشەویستیو ئەمەکداری(الوفاء) یاناحەزیو دوژمنایەتیو لێك جیا بونەوەو ئەو جۆرە شتانە لەنێوان ژنو مێردو هەردو خانەوادەی ژنو مێردەکەدا دەبێو ڕو دەدات یاخود نا؟ یائایا مێردەکەی ژنێکی تر دێنێ یان نا؟چونکە ئەمانە لەکارە غیبیەکانو کەس نازانێت تەنیا خودای گەورەو پاکو بێگەردو بەتەنێ نەبێت، جادوگەریش (السحر) لەکارە حەرامو قەدەغە کراوو کوفریەکانەو بەهیچ شێوەیەك دەم تێوەردانو لەسنور تێ پەڕاندن بۆ هیچ کەسێك دروست نیە. هەروەکو خوای گەورەو باڵا دەستو کار بەجێ لەبارەی هەردو فریشتەکەدا لەسورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ:﴿ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ﴾([226]). ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەجادوگەری (السحر)کوفرە. جادوگەران

---

([225]) هەروەها وەك ئەو خوو نەریتە نەفامانەی کەلەناو ئێمەی کوردەواریدا باو بوو تاکو ئێستاش ڕەگو ڕیشەی هەر ماوە وەك پشکۆ لەئاوی ساردا کوژاندنەوەو خوێ ی سور کراوە لەئاگرد کردنو مس بەسەردا تواندنەوە. بەتایبەتی جاران وا بابو دەیان گوت منداڵەکەمان ترساوە، ئێواران کەگاڕان دەهاتەوە ناو ئاوایی ئافرەتێك خوێ ی لەسەر ئاگر سور دەکردەوە، یامسی دەتواندەوە، یا پشکۆی دەهێناو لەسەر ڕێ ی گاڕانی ئاوایی منداڵەکەیان دەهێناو دەفرێکیش ئاوی سارد لەسەر سەری منداڵەکەو یەکێ لەو شتانەی لەسەرەوە باسمان کردن و ئامادەیان کردوە لەئاوە ساردەکەیان دەکرد، ئەوەی کەمس یا پشکۆ یاخوێ سور کراوەکەو دەفرە ئاوەکەی بەدەستەوە بو بەیەکێکی تری کەلەگەڵی دابو دەگوت: فلان کەس بلێ ئەوە چی دەکەیت؟ ئەویش دەی گوت: ئەوە چ دەکەیت؟ لەوەڵامدا لەگەڵ تێ کردنی شتەکە لەناو ئاوە ساردەکە دەی گوت: ئەوە ترسی لەفلان کەس دەردەکەم. بەمەشیان دەگوت: ترس لێ دەرکردن. گوایە دوای ترس لێ دەر کردنەکە ترسەکەی لێ دەردەچوو چاك دەبووەوە. جائەگەر ئەو شتەی کەلەئاوەکەی دەکرد مس بوایە ئەوا وێنەی ئەو شتە دەردەچو کەمنداڵەکە لێ ی ترساوە. ئەی لەم چاو بەستەکێ یەو لەو نەفامیە شتێ نەلەشەرع داو نەلە زانستی خوادا نەبێتو هیچ بنەمایەکی نەبێت کەی ئەوە ڕاستەو ڕەوایە مەگەر لێرەدا جنۆکەو شەیاتینیەکان ئامادە بنو بەم کارە خەڵکەکە چەواشە بکەن، هەندێ جاریش قەدەری خوا وایە ئەو چاك بونەوەو شیفایە لەگەڵ قەدەری خوادا ڕێك دەکەوێتو نەخۆشەکە چاك دەبێتەوە جاهەر نەخۆشیەکی هەبو بێت. خۆ ئەگەر ئەو کارەشیان نەکدبایە ئەو نەخۆشە لەهەمان ساتو کاتو زەمینەدا چاك دەبووەوە. جابۆیە ئەو خەڵکەی کەئاگایان لە زانستی غەیبی خوایی نیە وادەزانن بەو کارە نەفامیەی ئەوان چاك بوەتەوە!! وەرگێڕ.

([226]) أ ـ سورة البقرة: (١٠٢).

ب ـ واتە: هیچ کەسێکیان فێری جادو نەدەکرد هەتاکو پێ یان دەگوت: ئێمە تەنیا بۆ تاقی کردنەوەی ئێوە هاتوین نەکەن کوفر بکەن کەمەبەست لەهاروتو ماڕوت گوایە دو فریشتە بون دابەزیونە سەر زەوی بۆ فێر کردنی سیحر، ئەوەی ئەو جادوەیان لێوە فێر دەبون ژنو مێردیان لێك دەکردن. وەئەوانەی کەلێ یانەوە فێر دەبون نەیان دەتوانی هیچ سودو زیانێك بەکەس بگەیەنن مەگەر بەمۆڵەتو بەئیزنی خوا بوایەو پێشتر لەعیلمی خوادا نوسراوە، جولەکەو سەرپێچی کاران دەیان زانی هەر کەسێك فێری سیحر ببێتو بەکاری بێنێنێت لەناو خەڵکی داو فڕوفێڵو حیلەبازیان لێ بکەن لەقیامەتدا بەشی لەبەهەشتدا نیەو هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نیەو مایە پوچە، دەی ئەوە خراپترین شتێکە، خراپترین مامەڵەیەکە کەتیایدا مایە پوچ دەردەچنو خراپترین شتێکە کەنەفسی خۆیان پێ فرۆشتوە واتە سیحرو سیحر بازی خراپترین شتێکە کەگیانی خۆیان پێ فرۆشتوەو لەبری بەهەشت دۆزەخیان بۆ خۆیان کڕیوە، ئەگەر کەمێ تێگەیشتنو زانستو زانیاریان هەبایە نەفامو گەوجە نەبانایە، خوای گەورە لێرەدا نەفی زانستی لێ کردنو بەنەزانو نەفامی لەقەڵەم دان.وەرگێڕ. بەسود وەر گرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب١ل٤٣ـ ٤٦، وەلە(المكتبة الشاملة/ التفاسير/ تەفسیری الطبري سورة البقرة الآیة١٠٢.)

هەمیشە ژن‌و مێردان لەیەکتری دەکەن‌و ئاژاوە لەنێوانیاندا دەنێنەوە. هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جادو(السحر) بەخودی خۆی هیچ کاریگەریەکی نیە نەلەخێرو نەلەشەڕ، بەڵکو بەئیزن‌و مۆڵەت‌و بەویستی کەونی‌و قەدەری خوای گەورە نەبێت واتە زیان‌و سود ناگەیەنێت مەگەر بەویستی کەونی‌و قەدەری خوا، چونکە خوای پاك‌و بێگەرد خۆی خێرو شەڕی دروست کردون‌و هێناونیەتە بون، ڕێگەی خێرو شەڕیشی بۆ خەڵکی ڕون کردۆتەوە مرۆڤ خۆی سەر پشکە بەکامیاندا دەڕوات، ئەگەر ڕێگەی خێر بگرێت بەرەو بەهەشت دەچێت‌و ئەگەریش ڕێگەی شەڕ بگرێت بەرەو دۆزەخ مل دەنێت.

بەهۆی ئەو درۆزن‌و بوختانکەرانەوە زیان‌و مەترسیەکان لەناو کۆمەڵگای موسڵمانانندا گەلێك زۆرو بەهێز بوەو تەشەنەی کردوە ئەوانەی کەئەو زانست‌و زانیاریانەیان کەمەبەست لەجادوو جادوگەریە لەهاوبەش پەیدا کەرانەوە بۆماوەتەوە بەهۆی ئەو زانستە جادو گەریە چاو بەسەتەکێ لەخەڵکی دەکەن‌و پەردەی ڕەش بەسەر چاوی خەڵکی نەفام‌و کەم عەقڵەکان داداوەو ڕاستی‌و هەقیان لەبەر چاو چەواشە کردون. بزانن ئێمە هی خواین‌و هەر دەگەڕێینەوە بۆ لای خواو خوامان بەسەو باشترین پاڵ پشتێکە بۆ ئێمەی موسڵمان ئەگەر بەڕاستی‌و بەنیاز پاکیەوە بەرنامەکەی خوا بگرین‌و شوێن کەوتەی قورئان‌و سوننەت بین. هەروەها ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کەئەوانەی جادو گەری فێر دەبن تەنیا ئەوەی لێ فێر دەبن کەزیان بەخشەو زیان دەگەیەنێت‌و سود بەخشەکان فێر نابن، ئەوان جادو گەرن واتە سیحربازن‌و لای خوا هیچ بەش‌و پشکێکیان نیە واتە هیچ بەشێکیان لەبەهەشت دانیەو دۆزەخین و لەڕۆژی قیامەتدا هیچ بەڵگەو بڕو بیانویەکیان نیەو پشتیوانێکیان نیەو بێزراون. ئەوانە خۆیان بەنرخێکی کەم فرۆشتوەو خۆیان هەرزان فرۆش کردوەو کاڵایەکی بێ بەهاو سوك‌و ڕێسوایان هەڵ بژاردوە کەبریتیە لە جادو واتە (السحر)، بۆیە خوای گەورە زەمیان دەکات‌و دەفەرموێت:﴿ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ﴾[٢٢٧]. وشەی(الشراء) لێرەدا مەبەستی فرۆشتنە(البيع).

داوای ساغ‌و سەلامەتی‌و پارێزی لەشەڕی ئەو جادوگەرو پێش بین‌و نهێن بازو باقی قۆل بڕانی تر لەخوای گەورە دەکەین، ، هەروەها داوا لەخوای پاك‌و بێگەرد دەکەین کەهەمو موسڵمانان لەشەڕو فیتنەی ئەوانە بپارێزێت‌و کاربەدەستان‌و دەسەڵاتدارانی موسڵمانان سەربخات‌و یارمەتیان بدات بۆ ئاگاداری‌و وریا بونەوەو ڕابون لەو شەڕەنگێزانەو حوکمی خوای گەورەیان بەسەر دا بچەسپێنن‌و جێ بەجێ بکەن تابەندانی خوا لەزیان‌و کردەوە چەپەڵ‌و پیسەکانی ئەو پیس خۆرانە پارێزراوو سەلامەت بن، خوای گەورە بەخشندەو بەبەزەیی و سەخیە. خوای گەورەو بێگەرد ڕێگە چارەی بۆ بەندەکانی خۆی داناوە کەخۆیانی پێ لەشەڕی ئەو شەڕخوازو شەڕەنگێزانە بپارێزن‌و خۆیان لەتەڵزگەی جادوی ئەو جادو گەرو قۆڵ بڕانە پێ بپارێزێت. هەروەها خوای گەورە بۆ موسڵمانانی ڕون کردۆتەوە کەخۆیان بەو ڕێگە چارەیە چارەسەر بکەن ئەگەر هات‌و توشی تەلیسمی سیحری ئەو سیحر بازانە بون‌و پێ یان کەوتنە ناو داوی ئەوانەوە. خوای پاك‌و بێگەرد ئەو ڕێگە چارەیەی وەك سۆزو بەزەیی‌و چاکە کردنێك لەگەڵ بەندەکانی خۆی داو تەواو کردنی نازو نیعەمەتەکانی خۆی بەسەر موسڵمانانندا داناوە.

والەخوارەوە بەویستی خوا ئەو کارە دروست‌و ڕێگە پێدراو شەرعیانەتان بۆ ڕون دەکەینەوە کەخۆتانی پێ لەمەترسیەکانی جادوی جادوگەران بپارێزن پێش ئەوەی توش بن‌و پێتان بکەوێتە داوی جادوی ئەو جادوگەرو قۆل

---

([227]) أ ـ سورة البقرة: (١٠٢).

ب ـ واتاکەیمان لە پەراوێزی (٢٢٦) دا ڕون کردۆتەوە. وەرگێڕ.

**بڕو حیلەبازانەوە. هەروەها بۆ چارەسەر کردن دوای ئەوەی کەتوشی جادو لێکردنەکە یا چاوەزارەکە بون کەلەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا گردیان دەکەینەوە:**

**١ـ گرنگترین ئەو کارە دروستو شەرعیانەی کەخۆی پێ لەمەترسی جادوی جادوگەرانو چاوپیسان دەپارێزیت پێش ئەوەی توشی ببیت. باشترینو گرنگترینو بەسود ترین ئەوکارانەش بریتیە لە شورا دروست کردن بەدەوری خۆتدا بەهۆی ئەو ویردە شەرعیو دوعاو پاڕانەوەکانو پەنا گرتنە پێشینە چاکەکانمان**(التعوذات المأثورة) **لەوانەش:**

- **خوێندنی ئایەتی کورسی**(آية الكرسي) **دوای هەمو نوێژێکی فەرزو دوای خوێندنی ویردە شەرعیەکانو دوای سەلام دانەوە. هەروەها خوێندنی لەکاتی نوستندا. ئایەتی کورسی گەورە ترین ئایەتە لەقورئانی پیرۆزداکە لەفەرمودەی خوای پاکو بێگەردە:**﴿ اللّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاء وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ﴾([228]). **هەروەها خوێندنی:**﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ **وە**﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ﴾**وە**﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ﴾ **لەدوای هەمو نوێژێکی فەرز، وەخوێندنی ئەم سێ سورەتی دواییەیان سێ جار بخوێندرێت لەسەرەتای ڕۆژو لەدوای نوێژی بەیانی، وەلەسەرەتای شەوو لەدوای نوێژی شێوان**(المغرب).
- **هەروەها خوێندنی دو ئایەتی کۆتایی سورەتی**(البقرة) **لەسەرەتای شەودا کەبریتیە لە:**﴿ آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾([229]). **هەتاکو کۆتایی سورەتەکە. لەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەرﷺهاتوە کەفەرمویەتی:**{من قرأ آية الكرسي في ليلة لم يزل عليه من الله حافظ ولايقربه شيطان حتى يصبح}([230])، **هەروەها لەفەرمودەی ڕاستو لە پێغەمبەرەوەﷺهاتوە کەفەرمویەتی:**{من قرأ الآيتين من آخر سورةالبقرة في ليلة كفتاه}([231])، **واتاکەی ئەوەیە کەلەهەمو خراپەیەکو خراپەی خراپەکاران دەیپارێزێتو ئەو ویردانەی بەسن. ئەو دو ئایەتەی بەسن کەلەهەمو شەڕێکو خراپەیەك بیپارێزن.**
- **زۆر خۆ پەنا گرتن بە**{أعوذ كلمات التامات من شر ماخلق}([232]) **لەشەوو ڕۆژداو لەکاتی دابەزینو مانەوە لەخانوو ماڵو بیابان و دەشتو چۆڵەکانو لەئاسمانو لەدەریادا، هەروەها لەفەرمودەی ڕاستو**

---

([228]) **أ ـ سورة البقرة: ( ٢٥٥ ).**

**ب ـ واتە : لە( الله ) بەولاوە هیچ خودایەکی تر نین بەهەق بپەرسترێت، هەمیشە زیندوەو هەر بوەو هەر دەمێنێتو هەمیشە ڕاوەستاوە، پێویستی بەهیچ کەسێك نیەو هەمو کەسو هەمو شتێك پێویستیان بەئەوەو بونو مانی ئەم بونەوەرە بەئەو بەندە، نەدەخەوێ و نەوەنەوز دای دەگرێت، هەرچی لەئاسمانەکانو لەزەوی دا هەیە هەموی هی ئەون، هەمو بونەوەرێك لەژێر فەرمانودەستی ئەو دان، کەس نیە بتوانێت داوای تکاکردن واتە شەفاعەت بۆ کەسێکی تربکات،مەگەر کەسێك نەبێت کەخوای گەورە خۆی مەیلی لەسەر بێتو بیەوێت و ویستی لەسەر بێت، دیارە ئەوەش بۆ ئەو کەسانە نیە کەسەرا پای ژیانیان گوناحو تاوانەو لەبێباوەڕیو سەر لێشێواوی دا بردۆتە سەرو ڕێگەی دژی خوای گرتبێتە بەر، خوای گەورە ئاگای لەهەمو شتێکی ئەم جیهانە هەیە ئەوەی بوەو ئەوەشی لەداهاتودا دەبێت، کەس نیە ئابلۆقەی زانیاری خودا بداتو پەی پێ بەرێت، مەگەر شتێك نەبێت کەخۆی بیەوێت، زانستو تواناو دەسەڵاتی خوا هەمو لایەکی ئاسمانەکانو زەوی گرتۆتەوە. وەنەبێت ئەو زانینو ئاگاداریەشی هیچ زەحمەتو قورسیەکی بۆ خوا تێدا بێت، تابلێیت بەرزو خاوەن تواناو گەورەیە. تەفسیری گوڵشەن ب١ل١٠٢ـ١٠٣. وەرگێڕ.**

([229]) **أ ـ سورة البقرة: ( ٢٨٥ ).**

**ب ـ پێشتر واتاکەیمان ڕون کرۆتەوە. وەرگێڕ.**

([230]) **واتە : هەر کەسێك لەشەواندا ئایەتی کورسی بخوێنێت ئەو شەوە نەشەیتانو نەهیچ خرا پەکارێکو دەست پیسو زیان بەخشێك ناتوانێت لێ ی نزیك بێتەوەو خوای گەورە ئەو کەسە دەپارێزێت هەتاکو بەیانی بەسەردا دێت. وەرگێڕ.**

([231]) **واتە : هەر کەسێك ئەم دو ئایەتەی کۆتایی سورەتی ( البقرة ) لەشەودا بخوێنێت ئەوەی بەسە تاکو بەیانی خوای گەورە دەی پارێزێت لەشەڕی هەمو شەڕ خوازو زیانبەخشێك لەدز لەمارو مێرو دو پشكو هەمو حەشەراتو شەڕەنگێزێك. وەرگێڕ.**

([232]) **ئەی پەروەردگارا من خۆم پەنا دەگرم بەهەمو وشە تەواوەکان لەشەڕو خرا پەکاری هەمو دروستکراوەکانی تۆ. وەرگێڕ.**

لەپێغەمبەرەوەﷺهاتوە کەفەرمویەتی: { من نزل منزلاً فقال: أعوذ بكلمات الله التامات من شرِ ماخلق. لم يضرُّه شئ حتى يرتحل من منزله ذلك }([233]).

- هەروەها لەوانە ئەوەیە کەموسڵمان لەسەرەتای ڕۆژو سەرەتای شەودا ئەوە بخوێنێو بڵێ: {بسم الله الذي لايضر مع اسمه شئٌ في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم}([234]). بۆ ڕاستیو دروستی هاندان لەم بوارەدا لەلایەن پێغەمبەرەوەﷺو ئەم خوێندنی ویردە هۆکارێکە بۆ سەلامەت بونو ڕزگار بونی ئەو کەسە لەهەمو خراپەو خراپەکاریەك لەو شەوەدا یا لەو شوێنەدا.

ئەم ویردو خۆ پەنا گرتنانە (الأذكار والتعوذات) لەگەورەترینو باشترین هۆکارێکن بۆ خۆپاراستن لەشەڕی جادو (السحر)و غەیری جادوشو لەشەڕی شەڕەنگێزانو خراپەکاران بۆئەو کەسەی کەبەڕاستیو بەئیمانێکی پتەوەوەو بڕوا بون بەخواو متمانەی تەواو بەخواو پشت بەستن پیٚ یو بەسینگێکی فراوانەوەلەبەریان بکاتو لەکاتی پێویستی دا بیان خوێنێتو خۆی پیٚ لەشەڕو جادوی جادو گەرانو چاو پیسان بپارێزێت، لەبەر ئەوەی بەڵگەو نیشانەی ڕاستی لەسەر هاتون. هەروەها بەهێزترینو گەورە ترین چەکێکن بۆ لادانو بەرپەرچ دانەوەی جادو دوای توش بون بەجادوو چاو لێدان، بەمەرجێ زۆر مل کەچو گوێ ڕایەڵی خوای گەورە بێتو بەتەقوا بیتو بەدڵێکی پڕ لەبڕواو نیاز پاکی بۆ خوای گەورە لەبەری بپاڕێیتەوەو داوای لیٚ بکەیت، کەهەر خوای پاكو بێگەرد خاوەنی تواناو دەسەڵاتەو زیانو خراپەو بەڵاو موسیبەتەکانت لەسەر لادەباتو بەتەنیا ڕو بکاتە ئەوو ڕو نەکاتە کەسی ترو لەکەسی تر داوا نەکات.

- ولەدوعا چەسپاوەکان کەلەپێغەمبەرەوەﷺهاتوە بۆ چارە سەر کردنی جادو(السحر) وشتی تریش، پێغەمبەرﷺدوعای بۆ هاوەڵەکانی پیٚ دەکرد ئەویش ئەم دوعایەیە { اللهمَّ ربَّ الناس أذهب البأس، واشف أنت الشافي لاشفاء إلاَّ شفاؤك، شفاء لايغادر سقماً }([235]). سیٚ جار لەسەر یەك ئەم دوعایە بخوێنرێت.
- هەروەها لەو دوعایانە ئەو دوعایەی کەجبرائیل بۆ پێغەمبەریﷺدەکرد کەبریتیە لە{بسم الله أرقيك من كلِّ شئٍ يؤذيك، ومن شر كلِّ نفسٍ أو عينٍ حاسد الله يشفيك بسم الله أرقيك}([236]). ئەم دوعایەش سیٚ جار دوبارە دەکرێتەوە.
- ولەچارە سەر کردنی جادو دوای توش بون: وەهەروەها بۆ ئەو کەسەی کەلەژنەکەی خۆی دەگیرێتو ناتوانێت لەگەڵی دا جوت ببێت، ئەویش ئەوەیە کەحەوت گەڵای درەختی(سدر الأخضر ــ تاوگ) دێنیتو بەبەرد یابەهەر شتێکی تر جوان دەی کوتیتو دوایی لەقاپێکی دەکەیت، و ئەوەندە ئاوەی بەسەردا دەکەیت کەبەشی خۆ پیٚ شوشتن بکات، ئەمجار ئایەتی کورسیو(قل يا أيُّها الكافرون)و (قُل هوالله أحد)و(قُل أعوذ برب الفلق)و(قُل أعوذ برب الناس)ی لەسەر دەخوێنیت. هەروەها ئایەتەکانی جادو(السحر) کەلەسورەتی(الأعراف)دان کەبریتین لە﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ۝فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ۝فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَانقَلَبُواْ

---

[233] واتە : هەر کەسێك لەشوێنێك، لەدەشتێك، لەچۆلێكو لەهەر شوێنێکی تر دابەزێتو بمێنێتەوەو بڵێ: ئەی پەروەردگاری من خۆم پەنا دەگرم بەتۆ بەهەمو وشە تەواوەکانت لەشەڕو شەڕەنگێزیو خراپەی هەمو دروست کراوەکانی تۆ. ئەوە هەتا لەو شوێنە دەڕوات هیچ شتێك زیانی پیٚ ناگەیەننو ناتوانن لیٚ ی نزیك ببنەوە. وەرگێڕ.

[234] واتە : بەناوی خوای گەورە کە لەگەڵ ناوی ئەودا هیچ شتێکدا زیانی پیٚ ناگات نەلەزەوی داو نەلە ئاسمانەکاندا ، ئەو خوایە بیسەرو بیناو زانایە بەهەمو شتێك، بەواتا هەر کەسێك لەشەوانو لەڕۆژاندا ناوی خوا بێنێتو ویردەکان بخوێنێت هەرگیز زیانی پیٚ ناگاتو خوای گەورە دەیپارێزێت. وەرگێڕ.

[235] واتە : ئەی پەروەردگاری هەمو خەڵکی ئەو نەخۆشیە چارەسەر بکەو لەسەری لابەرە، و شیفای بۆ بێنە هەر تۆ شیفا هێنەریو هیچ شیفایەك نیەو کەس ناتوانێت شیفای نەخۆشان بێنێت تەنیا تۆ نەبیت ئەی پەروەردگارا ، شیفایەك کەهەرگیز نەخۆش جیٚ نەهێڵێت واتە جارێکی تر توشی ئەو نەخۆشیە نەبێتەوە. وەرگێڕ.

[236] واتە : بەناوی خوا دوعات بۆ دەکەم کە بت پارێزێت لەهەر شتێك کەزیانت پیٚ بگەیەنێت وەلە شەڕی هەمو نەفسێك یا لەشەڕی هەمو چاوێکی حەسود بت پارێزێت، خوای گەورە شیفات بۆ بێنیٚ، بەناوی خواوە دوعات بۆ دەکەمو داوای شیفات بۆ دەکەم. وەرگێڕ.

صَاغِرِينَ﴾([237]).**هەروەها ئایەتەکانی جادو کەلەسورەتی** (یونس) **دان و لەفەرمودەکانی خوای پاكو بێگـەردن:**﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ ائْتُونِي بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ۝ فَلَمَّا جَاء السَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَى أَلْقُواْ مَا أَنتُم مُّلْقُونَ۝ فَلَمَّا أَلْقَواْ قَالَ مُوسَى مَا جِئْتُم بِهِ السِّحْرُ إِنَّ اللّهَ سَيُبْطِلُهُ إِنَّ اللّهَ لاَ يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ۝ وَيُحِقُّ اللّهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ﴾([238]). **هەروەها ئایەتەکانی جـادو کەلەسـورەتی**(طه) **دان:**﴿ قَالُوا يَا مُوسَى إِمَّا أَن تُلْقِيَ وَإِمَّا أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى۝قَالَ بَلْ أَلْقُوا فَـإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى۝ قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ الْأَعْلَى۝وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوا إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى﴾([239]). **جائەگەر ئەو سورەتو ئایەتانەی سەرەوەی لەسەر خوێندران سێ جار لێ ی دەخورێتەوەو باقیەکەی تریشی خۆی پێ دەشۆرێت، بەویستی خوا نەخۆشیەکە لادەچێت**(إنشاء الله) **وەئەگەر پێویستی کرد جارێکی ترو چەند جاری تر دوبارەوو چەند جارە دەکرێتەوە تائەو کاتـەی دەردەکـە لەنەخۆشـەکە دەچـێتە دەرو بەیارمەتی خوا چاك دەبێتەوە.**

- **وەهەروەها لەچارەسەریەکانی جادوکەسودی لێ بینراوە، هەوڵ دانە بـۆ دۆزینـەوەی جێگـای جـادو کردنەکـە یائـەو شوێنەی کەجادوەکەی لێ شاردراوەتەوە لەزەوی دایە، لەچیاوشاخو دۆڵ دایەو لەهەر شوێنێکی تـردا بێـت، جائەگـەر زانـراو دۆزرایەوەو دەرهێنراو لەناو برا ئەوا جادوەکە بـەتاڵ دەبێتـەوەو نەخۆشـەکەش چـاك دەبێتـەوە. ئەمـەو هـەر کـارێکی تـری شەرعی کەبتوانرێت ئەنجام بدرێت کەخۆی پێ لەجادوو جادوگەری پێ بپارێزرێتو چارەسەری پێ بکرێت، دەتوانرێت بـەکار بهێنرێتو خوای گەورە هاودەمو دۆستو یارمەتیدەرو خاوەنی سەرخستنو پشتیوانێکی بەهێزو بەتواناو بەدەسەڵاتە.**

**بەڵام چارەسەر کردنی ئەم نەخشیانە بەجادوو کاری جادوگەری کەیریتیە لەخۆ نزیك کردنەوە لەجنۆکـەکان بـەهۆی قوربانی بۆ کردنو سەربڕینو هەرشتێکی تری لەم جۆرەکارانە لەپێناو ئەوەی ئـەوانیش بەهانایانـەوە بـێن، بێگومـان**

([237]) أ ـ سورة الأعراف: (١١٧ـ ١١٩).

ب ـ واتە :ئێمـەش سـروشمان بـۆ موسـا کـرد دەی نـۆش گوچـانەکەی خـۆت هـەڵ بـدە، هەرکەگۆچـانەکەی هەڵـدا بـو بـەماریكو هەرچـی مـارە سـاختەییەکانی ئـەو جادوگەرانەی هەڵ لوشینو قوتی دان ، وفڕو فێڵی جادوگەرانی فرعەونی هەمو پوچەڵ کردنەوە کەئەو هەمو مارانەیان بەسـاختەو لەشێوەی مـاردا بـەجادو دەهێنـاو دەبـرد، ئیدی ئەو ساتو کاتە هەق سەر کەوتو ناهەق پوکایەوەوهەرچی فڕوفێڵو حیلەبازی کرد بویان خوای گەرە پوچەڵی کردنەوە، لەو گۆڕەپانەدا کەهەمو خـەڵکی میسری تێـدا کۆ ببوەوەو لە پێش چاوی ئەو هەمو حەشامەتە جادوگەرانی فرعەونو فرعەون شکستیان خواردو سەرشۆڕو ڕیسوا بـونو هیـچیان بـۆ نەمایـەوەو سـەریان شـۆڕ کـرد.تەفسیری گوڵشەن ب١ل٤٠٢. وەرگێڕ.

([238]) أ ـ سورة يونس: (٧٩ ـ ٨٢).

ب ـ واتە : فرعەون بەجێگرو سەرکردەکانی گوت: دەی زوو بە پەلە هەمو جادوگەرانی ئازاو لێزانو بلیمەتو بەجەرگەکانم بۆبـانگ بکـەنو بیـان هێـننو هـەر ئێـستا کۆیان بکەنەوە بۆم، جاکەهەمو جادوگەران کۆ بونەوە لەمەیدانو لەڕۆژی زینە کەڕۆژی نەورۆزو سەرەتـای بەهار بوە والله أعلم بەموسایان گوت جایان تۆ دەست پێشخەری بکە یان ئێمە دەس پێشخەری دەکەین، موسا گوتی: بەڵکو ئێوە دەست پێ بکەنو چیتان هەیە هەڵی بدەنو جادوی خۆتـان بکەن.

ئینجا جادوگەرانی فرعەون هەرچی پەتی هەیان بو هەڵیانداو بون بەمارموسا پێ ی گوتن : ئـەوەی ئێـوە کردتـان جـادو بـو هـەر ئێـستا خـوای گـەورە جادوەکـەتان هـەڵ دەوەشێنێتەوەو پوچەڵی دەکاتەوە، بێگومان چاك بزانن خوای گەورە کردەوەی خرا پەکاران وەر ناگرێتو پوچـەڵیان دەکاتـەوەو سـەرکەوتویان ناکـات. ئینجـا هـەروەکو خـوا لەسورەتی شوعەرادا دەفەرموێ: موسا دار وەکازەکەی هەڵداو بو بەمارێکی گەورەی نێرو گشت مارە درۆینـەکانی ئـەوانی قوتـدان کەبەچاوبەسـتی کـرا بـون بـەمار. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٥٣٦. وەرگێڕ.

([239]) أ ـ سورة طـه: (٦٥ـ ٦٩).

ب ـ واتە :جادوگەرانی فرعەون گوتیان: موسا تۆ لە پێشدا داروەکازەکەت هەڵ بدە یان ئێمە لە پێشدا شتەکانی خۆمان هەڵ دەدەین، موسا پێ ی گوتن: نەخێر ئێوە لە پێشدا شتەکانی خۆتـان هەڵ بدەن. ئینجا جادوگەرانی فرعەون هەرچی پەتو گوریسو داردەستەکانی خۆیان هەبو هەڵیان داو بون بەماری درۆینەو بەهێزی جادوی خۆیـان دەیان هێناو دەیان بردن، موسا لێرەدا ترسا وەیزانی ئەو مارانەی بەجادوی خۆیان دەیان جوڵاندن بەڕاستی هەمویان بونە مارو دێنو دەچن. هـەروەکو گوتمـان موسـا سـەلامی خوای لێ بێت وەکو هەمو مرۆڤێك کاتێ ئـەو مارانـەی دیـتن تێکیـان دەهاویـشتو بـەملاو بـەولادا دەڕۆیـشتن ترسـی لـەدڵ نیـشت.خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ئێمـەش بەسـروش بەموسامان گوت: مەترسە، گومانت نەبێت هەر تۆ سەر دەکەویت بەسـەر ئـەو جادوگـەرە درۆزنانـە، بـۆ دەترسـی خـۆ هـیچ پێغەمبـەرێکی مـن نەترسـاون. دەی ئـەو گۆچـانەی وابەدەستی ڕاستتەوەیە هەڵی بدەو دەبێتە حەزیایەكو هەرچی ماری درۆینەی لەو گۆڕپانەدا دروستیان کردوە هەر هـەموان قـوت دەداتو هـەڵیان دەلوشـێت، چـونکە دڵنیابـە ئەوانە هیچ نین بەڵکو لەکردەوەی ساختانەی دەستی جادوگەرەکانی فرعەوننو فڕوفێڵی جادوگەرانەیە، وجادوگەران بەهەر شوێنیکدا بڕۆن هەرچی بیکەن هـەموی فڕوفێڵـەو جادوەکانیان بۆ ناچێتە سەرو بەدرۆ دەردەچنو کارەکانیان بەڕاست ناگەڕێت. ئینجا موسا گۆچانەکەی هەڵداو بو بەحەزیایەکی گـەورەو هەرچـی مـاری درۆینـەی جادوگـەرانی فرعەون هەبو هەموی قوت دانو هەڵی لوشین. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٢٧٩٤ـ٧٩٥.

ئەمانە کارێکی خراپو شەڕەنگێزیو کوفرینو بەهیچ شێوەیەك دروست نین، چونکە ئەمانە لەکارو کردەوەکانی شەیتانن‌و لەهاوبەش پەیدا کردنی گەورەن(الشرك الأكبر) پێویستە موسڵمانان لێ یان ئاگادارو وریا بن، هەروەها دروست نیە پەنا ببرێتە بەر نهێن بازەکان(الكهنة)و شوێن هەڵگران(العرافين)و قوڵ برو جادوگەران(المشعوزين)و داوای چارەسەریو ڕزگار بون لەنەخۆشیەکانو تەنگو چەڵەمەوکێشەو ئاریشەکانیان لێ بکرێت،و گێڕۆدەی قسەکانیان بیتو ئەوەی پێت دەڵێنو بۆت نەخشە دەکێشن بەقسەیان بکرێت، چونکە ئەوانە بڕوایان نیەو ئەوانە درۆزننو تاوانکارو تاوانبارنو دەم لەغەیب زانیەوە دەکوتنو چاو بەستەکێ لەخەڵکی دەکەنو خەڵکی چەواشە دەکەن، ئەوەتە پێغەمبەری خۆشەویستﷺ ئاگاداری کردوینەوە کەهەرگیز بەلایاندا نەچینو داوای هیچ شتێکیان لێ نەکەینو بڕواش بەقسەکانیان نەکەین هەروەکو پێشترو لەسەرەتای ئەم نامەیەدا ئاماژەمان پێ کرد. لەفەرمودەی ڕاستیو لەپێغەمبەرەوەﷺهاتوە کەدەربارەی جادو دەرکردن(النشرة) پرسیاری فەرموی:{هي من عمل الشيطان} (٢٤٠). وەمەبەست لە(النشرة) کردنەوەو بەتاڵ کردنەوەی جادو(السحر) ودەرکردنی جادوە لەجادو لێکراو(المسحور)واتە چارە سەر کردنی جادو بەجادو مەبەستی پێغەمبەرﷺئەوەیە کەئەهلی نەفامیەت ئەنجامیان دەداو داوایان لەسیحربازەکان دەکردکەسیحرەکەیان بۆ بەتاڵ بکاتەوە، یاخود بریتیە لەبەتاڵ کردنەوەی سیحر بەسیحر لەلایەن جادوگەرێکی ترەوە.

بەتاڵ کردنەوەی جادو بە ویردو دوعاو خۆپەنا گرتنە شەرعیەکان (التعوذات الشرعية) و دەرمانو دەرمانسازیە دروستو شەرعیەکان ئەوە هیچی تێدا نیەو کارێکی باشەو دروستە هەروەکو پێشتر باسمان کرد. ناودارو بلیمەت إبن القيمو شێخ عبدالرحمن کوڕی حسن ڕەحمەتی خوایان لێ بێت لە(فتح المجيد) دا نوسیویانەو ئاماژەیان بەمە کردوە، هەروەها گەلێکی تر بێجگە لەوان زانایانو بیریارانو ئەهلی عیلم لەسەر ئەم بابەتەیان نوسیوەو لەسەری دواونو ئاماژەیان پێ کردوە.

لەخوای گەورەمان داوایەکەموسڵمانان سەر بخاتو لەهەمو خراپەیەك بیان پارێزێتو سەلامەتیان بکاتو دینەکەیان بپارێزێتو زانستو زانیاریان کاتو هەمیشە هۆشیارو بەرچاو ڕۆشن بنو فێری فیقهو زایاریان بکات لەدینەکەیاندا،، سەلامەتو پارێزراویان بکات لەهەمو دژایەتیو پێچەوانەیەکی شەریعەتو بەرنامەکەی خۆی.

وصلى الله وسلم على عبده ورسوله محمد وعلى آله وصحبه.(٢٤١)

---

(240) أ ـ الإمام أحمد وأبوداود بإسناد جيد.

ب ـ واتە : ئەوە لەکاری شەیتانە . وەرگێر.

(241) مجموع الفتاوى، المجلد الثالث (٢٧٤ـ ٢٨١).

## ئاگادار کردنەوە لەدروست کردنی مزگەوت لەسەر گۆڕەکان

پرسیارم لێ کرا ئایا دروستە مزگەوت لەسەر شوێنی هاوەڵانی ئەشکەوت(أَصحاب الكهف) دروستە بکرێت؟

**لەوەڵامدا گوتم:**

بسم الله الرحمن الرحيم، والحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله، أماً بعد:

چاوم بەو نوسینە کەوت کەلەگۆڤاری(رابطة العلوم الإسلامية)دا لەژمارە(٣)و لەژێر سەر دێڕی( أخبار المسلمين في شهر - هەواڵی موسڵمانان لەمانگێك دا) کەوتو خوێندمەوە، بینیم کەتیایدا نوسراوە:

پەیوەندی زانستە ئیسلامیەکان(رابطة العلوم الإسلامية) لەشانشینی ئەردەنی هاشمی دا نیازی وایە کەمزگەوتێك لەسەر ئەو ئەشکەوتەدا دروست بکات کەتازە لەگوندی ڕەحیب(الرحيب) دۆزراوەتەوە، کەبریتیە لەو ئەشکەوتەی کەیارانی ئەشکەوتی تێدا خەوت بون کەلەقورئانی پیرۆزدا ناویان هاتوە... تەواو.

لەبەر واجب بونی ئامۆژگاریو لەبەر خاتری خواو بۆ بەندەکانی خوا، بەباشم زانی کەوشەیەك یاوتارێك لەهەمان گۆڤاردا ئاڕاستەی پەیوەندی زانستە ئیسلامیەکان لەشانشینی ئەردەنی هاشمی بکەمو بڵاوی بکەمەوە کەناوەرۆکەکەی ئامۆژگاریە بۆ پەیوەندی(رابطة)لەجێ بەجێ کردنی ئەو کارەی کەبەتەویایە بیکات لەدروست کردنی مزگەوتێك لەسەر ئەشکەوتی ناوبراو. ئەمەشم لەبەر هیچ شتێك نەکردوە تەنیا لەبەر ئەوە نەبێت کەدروست کردنی مزگەوت لەسەر گۆڕی پێغەمبەرانو پیروپیاوچاکانو شوێنەوارەکانیان بەهیچ شێوەیەك لەشەریعەتی ئیسلامی تەواوو کامڵ دا نەك هەر نیە، بەڵکو قەدەغەو حەرامەو ئاگاداری توندو وریایی تەواو دەربارەی دراوەو هەر کەسێك بیکات نەفرەتی لێ کراوە، وەلەبەر ئەوەی یەکێکە لەهۆکارەکانی هاوبەش پەیدا کردنو زێدە ڕەوی لەمافی پێغەمبەرانو پیاوچاکاندا، واقیعیش شاهیدی ڕاستیەتی ئەوەیە کەشەریعەتی ئیسلامی هێناویەتی،و بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کەئەم بەرنامەو شەریعەتە لەخواوەیەو بەڵگەو نیشانەیەکی براوەو درەوشاوەیە لەسەر ڕاستگۆیەتی پێغەمبەریﷺ خوا لەسەر ئەو بەرنامەو شەریعەتەی کەلەخواوە هێناویەتیو هەموشی بەتەواویو بێ کەمو کوڕی ڕاگەیاندوەو بۆ ئوممەتەکەی ڕون کردۆتەوە.

هەرکەسێك بەوردی لەئەحواڵی جیهانی ئیسلامیو ئەو هەمو نەهامەتی هاوبەش پەیدا کردنو زێدەڕەوییەی کەتوشی هاتوە بەهۆی دروست کردنی مزگەوت لەسەر گۆڕو گڵکۆیەکانو بەگەورەو پیرۆز دانانیانو پڕ فەرش کردنو ڕازاندنەوەو خزمەتکارو مجێور(سدنة) بۆ دانانیان بکۆڵێتەوەو سەرنجیان بدات دەزانێت کەئەمانە گشتیان لەهۆکارەکانی هاوبەش پەیدا کردنن. لەئیشە باشەکانی ئیسلام ئەوەیە کەئەم هۆکارانەو دروست کردنی مزگەوت لەسەر گۆڕو گۆڕستانەکانو گڵکۆومەزاری پێغەمبەرانو پیروپیاو چاکان قەدەغەو حەرام کردون. ئەو بەڵگانەی کەلەم بوارەوە هاتون ئەوانەن کەهەردو شێخەکان واتە(البخاري ومسلم) ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێت لەعائشەوە ڕیوایەت دەکەن کەگوتویەتی: پێغەمبەرﷺی خوا فەرمویەتی:{لعن الله اليهود والنصارى، اتخذت قبور أنبياءهم مساجد}([242]).عائشة گوتی: پێغەمبەرﷺموسڵمانانی قەدەغە کردوە کەوەك جولەکەو دیانەکان نەکەنو مزگەوت لەسەر گۆڕو گڵکۆی خۆشەویستانو دۆستانی خوا دروست نەکەن ، هەروەها لەفەرمودەی ڕاست(الصحيحين) ڕیوایەت کراوەکە أم سلمة و ام حبيبة رضي الله عنها باسی کەنیسەیەکیان بۆ پێغەمبەرﷺگێڕایەوە کەلەحەبەشە بینی

([242]) واتە: خوای گەورە نەفرەتی لەجولەکەو دیانەکان کرد لەبەر ئەوەی مزگەوتیان لەسەر گۆڕی پێغەمبەرانیا ن دروست کرد} وەرگێر.

بویان چەندان وێنەی تێدا هەڵواسراوو کێشرا بون پێغەمبەرﷺفەرموی: {أولئك إذا مات فيهم الرجل الصالح بنوا على قبره مسجداً وصوَّروا تلك الصور أولئك شرار الخَلْق عند الله}([243]). وەلەفەرمودەی ڕاست (صحيح) مسلم و لەجندب کوڕی عبداللهرضي الله عنهدەگێڕنەوە کەگوتویەتی: گوێم: لەپێغەمبەرﷺبو بەپێنج ساڵ پێش وەفات کردنی دەی فەرمو: {إنِّي أبرأُ إلى الله أن يكون لي منكم خليل، فإنَّ الله قد اتَّخذني خليلاً كما اتخذ إبراهيم خليلاً، ولو كنت متخذاً من أمتي خليلاً لأتَّخذت أبابكر خليلاً ، ألآ وإن من كان قبلكم كانوا يتخذون القبور أنبياءهم وصالحيهم مساجد فإني أنهاكم عن ذلك}([244]). فەرمودە لەم بوارو لەم واتایەدا گەلێك زۆرن. زۆر لەپێشەواو زانایانی موسڵمانان لەهەر چوار ڕێبازگە(المذاهب) کان و غەیری ئەوانیش لە بارەی حەرامیو قەدەغە بونی دروست کردنی مزگەوت لەسەر گۆڕو گلكۆکان نوسیوەو ئاگاداریو وریایی توندیان داوەو قەدەغەیان کردوە کەمزگەوتو نوێژگە لەسەر گۆڕو گۆڕستانەکان دروست بکرێن ئەویش بەگوێرەو بەکار کردن بەسوننەتی پێغەمبەرﷺ و وەك ئامۆژگاریەك بۆ ئوممەتەکەی تازۆر وریابن پێ یان تێ ی نەکەوێت کەپێشتر جولەکەو دیانەکانو هاوشێوەکانیان لەو سەر لێشێواویەدا تلیان دەخواردو تێ ی کەوتبون.

ئەوەی پێویستە لەسەر پەیوەندی زانستە ئیسلامیەکان(رابطة العلوم الإسلامية) لەئەردەنو غەیری ئەوانیش لەموسڵمانان لەهەر کوێکە هەن ئەوەیە کەدەست بگرن بەسوننەتەوە، ولەسەر ڕێبازو ڕێڕەوی پێشەوایان بڕۆنو لەو شتانە سڵ بکەنەوە کەخواو پێغەمبەرەکەی هێڵی سوریان لەسەر داناوەو وریاییو ئاگاداریان لەبارەوە داوە ئالەوەدا بەختەوەریو سەرفرازیو چاکخوازی بەندەکان هەیەو بەو هۆیەوە سەرکەوتوو سەرفرازو ڕزگار دەبن لەدنیاو لەقیامەتدا. زۆرێك لەخەڵکی لەم بارەوە گیرۆدە بون واتە بەدروست کردنی مزگەوت لەسەر گۆڕەکان هەروەکو خوای گەورە لەچیرۆکی یارانی ئەشکەوت دا دەفەرموێت:﴿ قَالَ الَّذِينَ غَلَبُوا عَلَى أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا﴾([245]). ئەو کەسانەی کەئەمڕۆ مزگەوت یا خانوو قەفەز لەسەر گۆڕەکان دروست دەکەن ئەم فەرمودەیەی خوای گەورە بەبەڵگەو بەبەهانەو بەپاسو دەهێننەوە.

لەوەڵامی ئەوانەدا دەگوترێ: خوای پاكو بێگەرد هەواڵی سەرکردەو کاربەدەستانو دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەمان بۆ دەگێڕێتەوە کەئەو قسەیان کردوە دەربارەی یارانی ئەشکەوت ، خوای گەورە کەئەو قسەیەی ئەوان بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە مەبەستی ڕێز لێنانو ستایش کردنی ئەو کارەی ئەوانو پێ ڕازی بونی خوای پەروەردگار نیە بەو کارەی ئەوان، بەڵکو لەدەروازەی ڕەخنە گرتنو زەم کردنو عەیب لێ گرتنو ڕازی نەبون بەو کارەیانو ئاگاداریو وریایی دان بۆ دور کەوتنەوەو قەدەغە کردنە لەو کارەی کەدەیان کردو ئاگاداریو وریا کردنەوەی ئێمەو بەرەی دوا ڕۆژی ئێمەیە لەدوبارە نەکردنەوەی ئەو کارە خراپو بێ شەرعیو شیرکیانە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەئەو پێغەمبەرەیﷺکەئەو ئایەتەی بۆ هاتۆتە خوار زانا ترین کەسێك بوە لەشی کردنەوەو لێك دانەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە کەئوممەتەکەی لێ قەدەغە کردون کەمزگەوت لەسەر گۆڕو گلکۆیەکانیان دروست نەکەنو بەتوندی ئاگاداری

---

([243]) واتە : ئەوانە ئەگەر پیاو چاکێکیان لێ بمردایە لەسەر گۆڕەکەی مزگەوتێکیان لەسەر دروست دەکرد، دوایش وێنەکانیان دەکێشان و بەدیوارەوە هەڵیان دەهاوەسی، ئەوانە خراپترینی دروست کراوەکانی خوان. وەرگێڕ.

([244]) من ئەستۆپاکی خۆم لەلای خوای گەورە دەر دەبڕم کەلەئێوە خۆشەویستم هەبێت، خوای گەورە منی بەخۆشەویست وەرگرتوە هەروەکو چۆن ئیبراهیمی بەخۆشەویست وەرگرتوە، ئەگەر بهاتبا لەئوممەتی خۆم خۆشەویستم بگرتایە ئەوا أبوبکرم بەخۆشەویست وەردەگرت، پێتان بڵێم ئەو گەلو قەومانەی کەلە پێش ئێوەدا ڕۆیشتن لەسەر گۆڕی پێغەمبەرانو پیاو چاکانیان مزگەوتیان دروست دەکرد، من لەو کارە حەرامو شیرکیەتان لێ قەدەغە دەکەمو هەرگیز شتی وانەکەن. وەرگێڕ.

([245]) أ ـ سورة الكهف : ( ٢١ ).

ب ـ واتە : ئەوانەی زۆرینەی خەڵکی بون یان ئەوانەی خاوەن قسەو کاربەدەست بون گوتیان با مزگەوتێك لەسەر گلکۆکانیان واتە لەسەر ئەشکەوتەکە مزگەوتێك دروست بکەین. وەرگێڕ.

کردون کەهەرگیز کاری وانەکەن، نەفرەتو سەرکۆنەی ئەو ئەکەسانەی کردوە کەئەم کارانە ئەنجام دەدەن. دەی ئەگەر دروست بوایە ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ئاوا پێ ی لەسەر دانەدەگرت و وا توند نەدە بو لەبەرامبەر ئەم کارە خراپەو ئەو کەسەشی کەئەنجامی دەدات تاگەیوەتە ئەو ڕادەیە کەنەفرەت لەو کەسە بکات کەئەنجامی دەدات، وەهەواڵی پێ داوین کەئەوانە لەخراپترین کەسانێکن لەلای خوای گەورە، دیارە ئەمەش بەسە بۆ کەسێك کەتۆزێك ژیری هەبێتو خوازیاری ڕاستیەکانو هەقخواز بێت. گریمان دروستکردنی مزگەوت بۆ ئەو کەسانەی کەلەپێش ئێمەدا ژیایون دروست بوبێت ، ئێستا بۆ ئێمە دروست نیە چاو لەوان بکەین ومزگەوت لەسەر گۆڕوگڵکۆیەکانمان دروست بکەین، بۆ؟ چونکەشەریعەتی ئیسلامی ئێمە لەشەریعەتەکانی پێش خۆی تەواو ترو کامڵ ترەو گشتگیریەو دوایین شەریعەتەو هەمو شەریعەتەکانی پێش خۆی هەڵوەشاندونەوە، پێغەمبەریﷺ ئێمەش کۆتا پێغەمبەرەو شەریعەتو بەرنامەکەشی تەواوو بێ کەمو کوڕی یەو هیچ ناتەواویەکی نیە. قەدەغەی کردوین کەمزگەوت لەسەر گۆڕەکانمان دروست بکەین و بۆمان دروست نیە پێچەوانەی ئەوﷺبوەستین، بەڵکو پێویستە لەسەرمان کەشوێن ئەو بکەوینو دەست بەو بەرنامەیەوە بگرینو واز لەهەمو شتێك بهێنین کەپێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامو فەرمایشتو فرمانەکانی پێغەمبەرەکەمانن ولەو کارانە دور بکەوینەوە کەلەشەریعەتەکانی پێش ئێمەدا هاتونو پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامو سوننەتی پێغەمبەرنﷺ. وەشوێن عاداتو نەریتەکان نەکەوینو ڕێبازی شەریعەتی خۆمان بگرین چونکە هیچ شەریعەتو بەرنامەیەکی تر نیە لەئیسلام کامل تروتەواو تربێت، هیچ هیدایەتو ڕێنومایییەکیش نین لەهیدایەتو ڕێنومایی پێغەمبەری خوا باشترو بەفەڕ تر بێت.

داوا لەخوا دەکەین کەئێمەو هەمو موسڵمانان یارمەتی بداتو سەرمان بخات لەسەر ئەو دینە پاکەو جێگیرو پێ دامەزراومان بکات لەسەر دینەکەی خۆیو دەست گرتن بەو شەریعەت پاکەی پێغەمبەر محمدﷺبەکردەوەو بەگفتار، دیارو نادیارو لەهەمو کاروبارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، ئەو خوایەی کەبیسەروبیناو بێ هاوتاو بەتەنێ یە.

وصلى الله وسلم على عبده ورسوله محمدﷺ وآله وصحبه ومن اهتدى بهداه إلى يوم الدين([246]).

---

([246]) أ ـ مجموع الفتاوى م١( ٤٣٣ـ ٤٣٦ ).

ب ـ بەڵێ ، دروست کردنی مزگەوت دروست کردن لەسەر گۆڕەکان دروست نیە، هەروەها دروست کردنی قەفەزو خانو و جێگەی تێدا حەوانەوەو مانەوە لەسەر گۆڕەکان بەمەبەستی پیرۆزی ئەو گۆڕو ئەو پیرو چاکانە یان هەر گۆڕێکی سادەی تر بێت دروست نیە ،بەگوێرەی ئەو ئایەتو فەرمودانەی کەلەسەرەوە باس کران . هەروەها هەڵ بەستنی گۆڕەکان بەچیمەنتۆو بەگەچ و بەهەر شتێکی تر بێت دروست نیە. هەروەها نوسین لەسەر کێڵو قەدی گۆڕەکان، یا ئاغەڵ لەدەور دروست کردنو دا پۆشینی ڕوبەرێکی زۆر لەو زەویە کەبۆ گۆڕستان تەرخان کراوە، دیارە ئەمەش دەبێتە داگیر کردن( الغصب )و بێ بەش بونی مردوی خەڵکی تر لەو زەویە.ئەوەی شەرعیە لەسەر گۆڕەکان بکرێت چاندنی دارو درەختو سەوزاییە ، هەروەکو لەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەرداﷺهاتوە کەجارێکیان پێغەمبەرﷺلەگەڵ هاوەڵە بەڕێزەکانیﷺبەلای گۆڕستانێك دا تێ پەڕین فەرموی: تەڵاشە خورمایەکم بۆ بێنن، هاوەڵانیشﷺ بۆیان هێنا ئەویش کردی بەدو بەشەوەو هەر بەشەی لەسەر گۆڕێك چاند. هاوەڵان گوتیان:

ـ ئەی ڕسولی خوا حیکمەت چی بو لە کارەی کەکردت؟

ـ ئەوانە یەکێکیان بەهۆی دوزمانیو فیتنەییەوە لەناو خەڵکیو ئەوی تریان بەهۆی ئەوەی خۆی لەمیز پاك نەدەکردەوە ئێستا بەو هۆیەوە سزا دەدرێن بۆیە ئەو دو تەڵاشە خورمایەم لێ چاندن هەتاکو تەڕاییان تێدا بمێنێت ئەوانە لەسزایان کەم دەبێتەوە.

ئیدی بۆیە چاندنی دارو درەختو سەوزایی لەسەر گۆڕەکان شتێکی چاکەو لەسزایان کەم دەکاتەوە والله أعلم. وەرگێڕ.

## ناشتنی مردوان لەناو مزگەوت دا

بسم الله والحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله ومن اهتدى بهداه، أما بعد:

ڕۆژنامەی(الخرطوم)م دەست کەوت کەلەڕۆژی ٤/١٧/ ١٤١٥ك دەرچوەو هەڵم گرتو خوێندمەوە دیتم وتارێکی تێدا بڵاو کرا بوەوە دەربارەی ناشتنی بەڕێز(محمد الحسن الإدريسي) لەتەنیشت باوکیەوە لەناو مزگەوتی (أم درمان) ...تد.

لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئامۆژگاری موسڵمانانی پێویست کردوە، هەروەها ڕون کردنەوەو شی کردنەوەی بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامی خوای گەورەو دەست گرتن بەو شەریعەتە پاکو بێگەردەو دور کەوتنەوەو لەخراپەوقەدەغە کردنی خراپەو خراپەکاری واتە فرمان کردن بەچاکەو قەدەغە کردنی لەخراپەی لەسەر موسڵمانان پێویست کردوە، بۆیە بەباشم زانی کەڕون کردنەوەو ئاگاداریەکی بەسود لەسەر حەرامیو قەدەغە کردنی ناشتنی مردوان لەناو مزگەوتەکاندا بنوسمو بەبرایانی موسڵمانمی ڕابگەیەنم.

بەڵێ، ناشتنی مردو لەناو مزگەوتەکاندا لەشەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا قەدەغەو حەرامەو بەهیچ شێوەیەك دروست نیە، بەڵکو ئەم کارە هۆکارێکە لەهۆکارەکانی سەر هەڵدانو پەیدا کردنی هاوبەش پەیدا کردن، ولەکارو کردەوەکانی جولەکەو دیانەکانە کەخوای گەورە هەمیشە سەرکۆنەو زەممیان دەکاتو پێغەمبەریشﷺنەفرەتی لێ کردون، هەروەکو لەهەردوفەرمودە ڕاستەکاندا هاتوە کەلەعائشەوە رضي الله عنها، ولەپێغەمبەرەوەﷺدەگێڕێتەوە کەفەرمویەتی: {لعن الله اليهود والنصارى، اتخذوا قبور أنبياءهم مساجد}([247]) . وەلەفەرمودەی ڕاستی مسلم داو لەجندب کوڕی عبدالله،و لەپێغەمبەرەوەﷺ کەفەرمویەتی: {ألا وإنَّ من كان قبلكم كانوا يتخذون قبور أنبياءهم وصالحيهم مساجد، ألا فلا تتخذوا القبور مساجد إنِّي أنهاكم عن ذلك}([248]). فەرمودە لەم بوارو واتایەدا زۆرن.

هەروەها ئەوەی لەسەر موسڵمانان پێویستە لەهەر شوێنێك بن حکومەتو گەل دەبێ خۆیان لەخوای خۆیان بپارێزن ، وریاو ئاگادار بن لەوەی کەخواو پێغەمبەری خواﷺ ئەم کارەیان حەرامو قەدەغە کردوە، بامردوەکانیان لەدەرەوەی مزگەوتەکانو لەشوێنێکی تری تایبەت بەگۆڕستان بنێژن، هەروەکو چۆن پێغەمبەرﷺو هاوەڵەکان مردوەکانیان لەدەرەوەی مزگەوتەکانداو لەشوێنی تایبەت بەگۆڕستاندا دەناشت. ئابەم شێوەیە پێویستە لەچاکەو چاکە کردنو خواپەرستیەکانو بەندایەتیەکاندا شوێنیان بکەوین.

هێنانەوی بەڵگەو پاساوی ناشتنی مردوەکان لەناتو مزگەوتدا بەناشتنی پێغەمبەرﷺو هەردو هاوەڵە خۆشەویستەکەی أبوبكرو عمر رضي الله عنهما لەمزگەوتی پێغەمبەرداﷺهیچ بەڵگەو پاساوێك نیەو وەرناگیرێت، چونکە ئەوان لەناو مزگەوتی پێغەمبەرﷺنەنێژراون، بەڵکو یەکەم جار کەپێغەمبەرﷺوەفاتی کرد لەماڵەکەی خۆی داو لەهۆدەو ژوری عائشە خاتون رضي الله عنها دا نێژرا، دوایش کە هەردو هاوەڵە بەڕێزەکانی وەفاتیان کرد لەتەنیشت پێغەمبەرەوەﷺنێژران. کاتێ مزگەوتی پێغەمبەرﷺلەشاری مەدینە لەلایەن ولید کوڕی عبدالملك ئەمەویەوە لەسەرەتای سەدەی یەکەمی کۆچیەوە فراوان کراو چاك کرا حوجرەکەی عائشة کەهەر سێکیانی تێدا نێژرا بو کەوتە ناو مزگەوتەکە، لەو کاتەشدا زانایانی ئیسلام و ئەهلی عیلم بەرهەڵستی ئەو کارەیان کرد، بەڵام دوایی

---

([247]) واتە: نەفرەتی خوا لەجولەکەو دیانەکان کەمزگەوتیان لەسەر گۆڕی پێغەمبەرانو پیاو چاکیان دەکرد.وەرگێڕ.

([248]) لەپەراوێزی( ٢٤٤ )دا واتاکەیمان لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

بینرا کەئەمە ڕێگە لەفراوان کردنی مزگەوتەکە ناگرێتو کارەکەش ڕونو ئاشکرایەو هیچ گومانێکی تێدا نیە(لایشتە). واتە مەبەستی تەنیا فراوان کردنی مزگەوتەکە بوە نەك شتی تری خراپ خوا نەخواستە.

بەمە بۆ هەمو موسڵمانێك ڕون دەبێتەوە کەپێغەمبەرﷺو هەردو هاوەڵە بەڕێزەکانی رضي الله عنهما لەناو مزگەوتەکەدا نەنێژراونو بەبیانوی فراوان کردنەوە خستیاننە ناو مزگەوتەکەوە. ئەمە بەڵگە نیە لەسەر دروست بونی ناشتنی مردوان لەناو مزگەوتەکاندا، چونکە ئەوان هەروەکو گوتمان لەناو مزگەوتەکە دانین، بەڵکو ئەوان لەماڵی پێغەمبەرﷺلەژوری عائشةدا رضي الله عنها نێژراون، وەئەم کارەی ولیدیش بەڵگە نیە بۆ هیچ کەسێكو دروست نیە بەبەڵگە وەر بگیرێت، بەڵکو حوجەو بەڵگە لەقورئانو سونەتو لەکۆڕای پێشینەی ئوممەتﷺوەردەگیرێتو کاری پێ دەکرێت. خوای گەورە بمان گێڕێت لەشوێن کەوتەی ئەوان بەچاکە.

بۆ ئامۆژگاریو بۆ ئەستۆپاکی ئەم ئامۆژگاریو وریا کردنەوەیەم لەڕۆژی ١٤/٥/١٤١٥ك نوسیەوە، خوای گەورە هاودەمو سەرخەرو یارمەتی دەرە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد، وآله وصحبه وإتباعهم بإحسان[٢٤٩].

## ڕون کردنەوەی ئەو کوفرو سەر لێشێواویەی هەر کەسێك بڵێ: دەرچون لەشەریعەتی محمدﷺدروستە

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خاتم الأنبياء والمرسلين نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين. أمابعد:

وتارێکم بینی لەڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)داو لەژمارەی(٥٨٢٤)و لەڕۆژی ٥/٦/ ١٤١٥ك بڵاو کراوەتەوە، نوسەرێك نوسیویەتی کەخۆی بە(.....) ناساند بو لەژێر ناونیشانی (تێگەیشتنی هەڵە ـ الفهم الخاطئ).

پوختەو ناوەرۆکی وتارەکەی: ئینکار کردنی ئەوەی کەلەئاییینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕونو ئاشکرایە لەزەرورەتو بەدەقو کۆڕا(الضرورة، وبالنص والإجماع)، کەئەمە تەواوی نامەو بەرنامەو پەیامی پێغەمبەرە بۆ تەواوی مرۆڤەکانی سەر ڕوی زەوی، هەروەها پڕو پاگەندە کردنی ئەو نوسەرە کەهەرچی یاهەر کەسێك دوای محمدﷺنەکەوێتو گوێ ڕایەڵی نەکاتو بەجولەکەیی یابەدیانێتی(نصرانياً) بمێنێتەوە ئەوا ئەو کەسە لەسەر دینی هەقە، ئەوجار دەم درێژی کردۆتە سەر خوای گەورەو پاكو بێگەردو لەحیکمەتی خوای گەورە لەسزا دانو عەزاب دانی کافرەکانو سەر پێچی کاراندا ئەو کارەی بەخراپەکاریو هەوەنتە داناوە.

---

([249]) أ ـ مجموع الفتاوى م٨ ( ٣٢٦ـ ٣٢٧ ).

ب ـ بەداخەوە لەوڵاتی ئێمەشدا ئەم سیفاتە بێ شەرعیە هەیە زۆرێك لەمزگەوتەکانمان چ لەشارو گوندو لادێکاندا مردویان لەناو مزگەوتدا ناشتوە نمونەی هەرە دیاریش کەمن دیبێتمو شارەزا بم لەشاری سلیمانیو لەمزگەوتی گەورەدایە کە پڕیەتی لەگۆڕو مەزاری مردوان. هەروەها لەشاری هەولێریش بەهەمان شێوەو لەباقی شارەکانی تریشدا لەم جۆرانە هەن. ساڵی ١٤٢٧ك ـ٢٠٠٦لەدایك بون بو لەگەڵ بەڕێز کاك عبدالمجید بادلیانی ولەگەڵ کاك محمد چۆمانی برینسازی بەیتەری چوینە گوندی ناوەندی قەد پاڵی چیای هەڵگوردی سەر بەناحیەی چۆمان، نوێژمان لەمزگەوتی گوندەکەدا کرد سەیرم کرد لەلای ڕاستی مزگەوتەکەو نزیك مینبەری مزگەوتەکە گۆڕێك هەبو کەدیار بو تۆزێك پۆشتەشیان کردبو. لەکاك محمد چۆمانیم پرسی :

ـ کاك محمد ئەو گۆڕە چی یە لەو مزگەتەدایە؟

ـ ئەوە پیاو چاك بوە هەر لەوێ بوە خەڵکی گوندیش مزگەوتیان لەسەر دروست کردوە.

ـ باشە ئەدی نازانن ئەوە دروست نیەو حەرامە؟ ئاخر ئەوە لەکارو کردەوەی جولەکەو دیانەکانە، بۆ ئێمە دروست نیە چاو لەوان بکەینو لاسایان بکەینەوە. ئاخر ئەوەتە پێغەمبەرﷺنەفرەتی لەوانە کردوە کەئەم کارە دەکەن کەمەبەست لەجولەکەو دیانەکانە، پێغەمبەری ئێمە ئێمەی قەدەغە کردوە ئەم کارە دوبارە بکەینەوە، هەر کەسێك لەموسڵمانان ئەو کارە بکات ئەوە ئەویش بەر ئەو نەفرەتە دەکەوێت وەك جولەکەو دیانەکان حساب دەکرێتو حەشری لەگەڵ ئەواندایە چونکە { من تشبه بقوم فهو منهم} واتە هەر کەسێك خۆ بەهەر گەلو کەسو کۆمەڵێك بچوێنێت ئەوە لەوانە. هەروەها ئەو فەرمودانەی سەرەوەشم بۆ خوێندنەوە. ئەدی باشە ئەو مامۆستایە بەڕێزەی نوێژو وتارەکانی هەینیەکانتان بۆ دەخوێنێ ئەم ڕاستیەی نەزانیوە، و بۆ تێ ی نەگەیاندونو بۆی باس نەکردونو قەدەغەی نەکردون؟ سەیرم کرد گۆڕەکە دەکەوتە پێش ڕیزی نوێژ کەرانو سوژدە بەران کەواتە ئەمە مەترسیدار تریشەو سەر دەکێشێ بۆ کوفرو هاوبەش پەیدا کردنی گەورە خوا پەنامان بدات. ناشتنی مردو لەناو مزگەوتدا بەهیچ شێوەیەك دروست نیە. وەئەگەر لەدەری مزگەوتەکانیش گۆڕ هەبو هەر موسڵمانێك کەویستی نوێژ بکات دەبێ ئەو گۆڕە بخاتە دوای خۆیەوە یاهەر نەبێت لەتەنیشتیەوە بێتو لەجێگای سوژدە بردنیەوە دور بێت و بکەوێتە پشت جێگەی سوژدەوە. وەرگێڕ.

ئەو نوسەرە هەستاوە بەشێواندنو تێك دانی دەقە شەرعیەکانو لەجێگەو شوێنی خۆی لای داونوبەگوێرەی هەواو ئارەزوەکانی خۆی لێکی داونەوەو پشتی لەبەڵگە شەرعیەکانو دەقە ڕاشکاوو ڕونو ڕاستو ڕەوانەکان کردوە کەبەڵگەو نیشانەی ڕاستن لەتەواویو گشتگیری بەرنامەو پەیامی پێغەمبەرﷺداو بەڵگەن لەسەر ئەو کەسەی کەدەیان بیستیٚو دەیان زانێتو شوێنیان ناکەوێتو بەقسەیان ناکات. وەخوای گەورەهیچ دینێکی تر بێجگە لەدینی ئیسلام لەکەس وەرناگرێتو قبوڵی نیە. ئەمەو چەندان بەڵگەو بورهانی تری ڕاشکاوانەو ڕاستو ڕەوانی تر کەپشتی تیٚ کردون، بۆ ئەوەی بەو وشە بریقەدارانەی خەڵکی نەفام هەڵ بخڵەتێنیٚ.

ئەوەی ئەو نوسەرە کردویەتی کوفرێکی بەئاشکراو ڕاشکاوانەیە، وهەڵ گەڕانەوەیە لەئیسلام،و بەدرۆ خستنەوەی خوای پاکو بێگەردو پێغەمبەریﷺ خوایە هەروەکو هەر کەسێك لەئەهلی عیلمو ئیمان ئەو وتارە بخوێنێتەوە ئەو ڕاستیەی بۆ دەردەکەوێت.

جائەوەی پێویستە لەسەر سەرپەرشتیارانو دەسەڵاتداران کەئەو کەسە بۆ دادگایی کردن بنێرێت بۆ ئەوەی تۆبەی پیٚ بکەنو بەپیٚ ی شەریعەتی خوای پاکو بێگەرد چەندی حوکم بەسەر دادەدات دەبیٚ حوکم بدرێت.

خوای پاکو بێگەرد بەتەواوی بەرنامەو پەیامی پێغەمبەریﷺڕون کردۆتەوەو لەسەر جنۆکەو مرۆڤەکانیشی پێویست کردوە کەشوێنی بکەون، هەر کەسێك لەموسڵمانان تۆزە زانستو زانیاریەکی هەبێت لەکیس خۆی نادات‌و شوێنی دەکەوێت، هەروەکو خوای باڵا دەستو کار بەجیٚ دەفەرموێت:﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ [٢٥٠]. هەروەها دەفەرمویٚ:﴿ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ ﴾[٢٥١]. هەروەها دەفەرمویٚ:﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾[٢٥٢]. هەروەها دەفەرمویٚ:﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[٢٥٣]. هەروەها خوای باڵا دەستو کار بەجیٚ دەفەرمویٚ:﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ﴾[٢٥٤]. هەروەها خوای گەورە دەفەرمویٚ:﴿ وَمَا

---

[250] أ ـ سورة الأعراف: (١٥٨).

ب ـ واتە: ئەی پێغەمبەرﷺبەخەڵکی سەر ڕوی زەوی بڵیٚ: من نێردراوی خوام بە پێغەمبەرایەتی بۆ لای ئێوە بەگشتی واتە بۆ سەرجەم مرۆڤەکانی سەر ڕوی زەوی، ئەو خوایەی کەخاوەنی موڵکی زەویو ئاسمانەکانە، هیچ خودایەکی تر نین بەهەق بپەرسترێتو هەر ئەوە کەژیانو مردنی بەدەستەو دەژیەنیٚو دەمرێنیٚ، دەی کەواتە ڕو هەر لەو بکەنو بڕوا تەنیا بەو خوایەو بە پێغەمبەرەکەی بهێننو کە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوارەو بڕوای تەواوی بەخواو بەفەرمایشتەکانی هێناوە، تەنیا شوێن ئەو پێغەمبەرە بکەون گویٚ ڕایەڵیو پەیڕەوی بکەن بۆ ئەوەی لەدنیاو لەقیامەت سەرکەوتوو سەرفراز بنو هیدایەتی تەواو بدرێن. وەرگێڕ، بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٣ل٤١٤.

[251] أ ـ سورة الأنعام: (١٩).

ب ـ واتە: هەر ئەو خودایە ئەم قورئانەی بۆ ناردومە خوار تا منیش بەئێوەی ڕابگەیەنمو ئێوەی پیٚ ئاگادارو وریا بکەمەوە لەناخۆشیو چەرمەسەریەکانی ڕۆژی دوایی، هەروەها تاکو بەم قورئانە ئەو کەسانەش ئاگادارو وریا بکەمەوە کەئەم ئایینی ئیسلامەیان پێشتر پیٚ گەیوە کەچی یاخیو سەرکەش بونو شوێنی نەکەوتون لەو سزایە سەختو بەسفتو سویٚ یەی ڕۆژی دوایی. تەفسیری گوڵشەن ب١ ل٣٢٢. وەرگێڕ.

[252] أ ـ سورة آل عمران: (٣١).

ب ـ واتە: ئەی محمدﷺ پیٚ یان بڵیٚ: ئەی خەڵکینە ئێوە ئەگەر ڕاست دەکەن خواتان خۆش دەوێت ئەوا شوێن من بکەون خواش ئێوەی خۆش دەوێت لەکوناحەکانتات خۆش دەبێت، خوای گەورە لیٚ خۆش بوو بەخشندەو لێبوردەو بەبەزەییە. وەرگێڕ.

[253] أ ـ سورة آل عمران: (٨٥).

ب ـ واتە: هەر کەسێك بێجگە لەئاایینی ئیسلام بڕوا بەهەر ئاایینێکی تر بیهنێت لیٚ ی وەرناگیرێتو لەڕۆژی دوایی دا لەزیانمەندانە. وەرگێڕ.

[254] أ ـ سورة سبأ: (٢٨).

ب ـ واتە: ئەی محمدﷺئێمە تۆمان بە پێغەمبەر ناردوە بۆ هەمو خەڵکی سەر ڕوی زەوی بەگشتی بەمزگێنی دەر بەبەهەشت بۆ ئەو کەسانەی کەبڕوا بەخواو بە پێغەمبەرەکەی دەهێننو شوێن تۆ دەکەون، وبەترسێنەر بەدۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کەبڕوا ناهێننو شوێن تۆ ناکەون. وەرگێڕ.

أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴾([255]). هەروەها خوای بالاْ دەستو كار بەجێ دەفەرموێ:﴿ فَإنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ}([256]). هەروەها خوای پاكو بێگەرد دەفەرموێ:﴿ تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا ﴾([257]).

وەئیمامی بوخاری و مسلم لەجابرەوە ڕیوایەت دەكەن كەپێغەمبەرﷺفەرمویەتی:{أعطيتُ خمساً لم يُعْطَهنأحد قبلي: نُصِرْتُ بالرعب مسيرة شهر، وجُعِلَت لي الأرض مسجداً وطهوراً فأيُّما رجل من أمَّتي أدركَتْهُ الصلاة فليُصل، وأحِلَّت لي المغانم و لم تحل لأحد من قبلي، وأعطيت الشفاعة، وكان النبي يُبْعَثُ إلى قومه خاصة وبُعِثت إلى الناس عامَة}([258]).

ئەمە ڕاگەیاندنێكی ڕونو ئاشكراو تەواوو گشتگیری پەیامی محمدﷺدەگەیەنێت بۆهەمو گرۆهی بەشەر، هەروەها ئەوە دەگەیەنێت كەپەیامو شەریعەتی پێغەمبەرﷺهەمو پەیامو شەریعەتەكانی پێش خۆی هەڵ وەشاندونەوە، وەهەر كەسێك شوێن محمدﷺنەكەوێتو گوێ ڕایەڵی نەكات ئەوە كافرەو سەرپێچی كارەو شایستەی سزای خوایە، خوای بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێت:﴿ وَمَن يَكْفُرْ بِهِ مِنَ الأَحْزَابِ فَالنَّارُ مَوْعِدُهُ ﴾([259]).هەروەها دەفەرموێت:﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ}([260]). هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَ مَن يَعْصِ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ

([255]) أ ـ سورة الأنبياء: (١٠٧).

ب ـ واتە: تۆمان نەناردوە ئەی محمد ﷺمەگەر بەڕەحمەت بۆ خەڵكی سەر زەوی بەگشتی. وەرگێڕ.

([256]) أ ـ سورة آل عمران: (٢٠).

ب ـ واتە: ئەی پێغەمبەرﷺئەگەر بێ باوەڕان لەگەڵتدا كەوتنە دەمەقاڵێو مل ملانێوە پێ یان بڵێ: منو ئەو كەسانەی كەلەگەڵ مندا باوەڕیان هێناوە ڕومان كردۆتە خوای گەورەو هەر ئەو دەپەرستینو هیچ هاوەڵێكی بۆ دانانێین، هەروەها بەخاوەن كتابەكان واتە جولەكەو دیانەكانو بەبێباوەڕانی عەرەب بڵێ: دوای ئەوەی كەڕێگای ڕاستو دینی خواتان بۆ ڕون كرایەوە ، ئایا بڕوا دەهێنن؟ جاكەبڕوایان هێنا ئەوە ڕێگای ڕاستیان گرتۆتە بەرو هیدایەت دراون، خۆ ئەگەر پشتیان هەڵ كردو یاخی بون و بڕوایان نەهێنا ئەوا هیچ زیانێك بەتۆ ناگەیەنن، تۆ تەنیا ڕێگا نیشاندانتان لەسەرەو بەس خوای گەورە خۆی بیناو داناو بیسەرەو ئاگای لەهەمو شتێك هەیەو ئاگادارە بە هەمو كارو كردەوەكانی بەندەكانی .وەرگێڕ. تەفسیری گوڵشەن ب١ل١٢٤.

([257]) أ ـ سورة الفرقان: (١).

ب ـ واتە: بەرزیو پیتو فەڕیو پیرۆزی بۆ ئەو خوایەی كەجیاكەرەوەی هەقو ناهەق، ڕاستیو ناڕاستی واتە قورئانی پیرۆزی بۆ سەر بەندەكەی خۆی كە پێغەمبەرەﷺ ناردۆتە خوار بۆ ئەوەی بۆ خەڵكی سەر ڕوی زەوی ببێتە ترسێنەرو ورياكەرەوەو گێڕانەوەيان لەسەر لێشێواویو ئەو گومڕاییەی كەتێ ی كەوتونو بڕوا هێنان بەتاكیەتی خواو خوا پەرستی بەتەنێ. وەرگێڕ.

([258]) واتە: خوای گەورە پێنج شتی بەمن بەخشیوە كەبەكەسی تر لە پێش خۆم نەدراون كەلەم خاڵانەی خوارەوەدا گردیان دەكەینەوە:

- بەوە سەركەوتنم بەدەست هێناوە كەبۆ ماوەی مانگە ڕێیەك خوای گەورە ترسی منی لەدڵی دوژمنەكانم خستوە، واتە مانگە ڕێیەك دوژمنانی خواو ئایینی پیرۆزی ئیسلام پێغەمبەرو موسڵمانان ترس لەدڵی كافرەكاندا دەهاتو دەچوو لەترسان ئۆقرەیان نەدەگرتو ئیسراحەتیا ن لەبەر هەڵ دەگیراو ناچار خۆیان لەبەر دەم موسڵماناندا ڕانەدەگرت. دەبەزینو پێغەمبەرو موسڵمانان سەردەكەوتن.
- خوای گەورە زەوی بۆ من كردوە بەجێگەی نوێژ واتە نوێژگەو پاكو پاك كەرەوە ئەوەیە لەكاتی نەبونی ئاوو هەندێ حاڵەتی ناچاری زەروری دەست نوێژ بەخۆڵ هەڵ دەگیرێتو دروستەو، هەروەها لەكاتی لەش پیس بون چ شەیتانی بونو چ جوت بون( الجنابة أو الجماع ) یش دا واتە( تیموم ) كردن. لەكوێ باباى موسڵمان كاتی نوێژی بەسەردا هاتو كەوتە كاتی نوێژەوە بانوێژەكەی بكات.
- دەست كەوتی جەنگو غەزاكانم بۆ حەڵاڵ بوە كەلە پێشتر بۆ كەسی تر لە پێغەمبەرانو گەلەكانی پێش مندا حەڵاڵ نەبو.
- تكاكردنو شەفاعەتم لەڕۆژی قیامەتدا پێ بەخشراوە، كەبەهیچ پێغەمبەرو نێردراوێكی تری پێش خۆم نەدراوە.
- پێغەمبەرانی پێش خۆم بۆ خەڵكی سەر ڕوی زەوی بەگشتی نەنێردراون، بەڵكو پێغەمبەر هەبوە تەنیا بۆ سەر گەلەكە خۆی یان خێزانەكەی خۆی نێردراوە، بەڵام من نێردراوم بۆ هەمو خەڵكی سەر ڕوی زەوی بەگشتی. وەرگێڕ.

([259]) أ ـ سورة هود: (١٧).

ب ـ واتە: هەر كەسێك بڕوا بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرﷺنەهێنێ ئەوە جێگەی بەمسۆگەری لەئاگری دۆزەخ دایە. وەرگێڕ.

([260]) أ ـ سورة النـور: (٦٣).

ب ـ واتە: ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانەكانی پێغەمبەرو بێ گوێ یی دەكەن با وریاو ئاگادار بنو واز لەو كارە بۆگەنەیان بهێنن وخۆ لەخوا بپارێزنو لەوە بترسن كەهەر لەدنیا توشی ناخۆشیو دوچاری بەڵای سەختیان بكات، یاخود لەڕۆژی دوایی دا دوچارو توشی سزایەكی سەختو پڕ سفتو سوێ یان بكات .وەرگێڕز

يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ}([261]). **هەروەها دەفـەرموێ:**﴿ وَمَن يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَـــوَاء الـــسَّبِيلِ﴾([262]). **ئەمەو ئايەت لەم بارەوە گەلێك زۆرن.**

**خوای پاكو بێگەرد گوێ ڕایەڵی خۆی بەگوێ ڕایەڵی پێغەمبەرەوە ﷺلكاندوە، وڕونـی كردۆتـەوە كەهـەر كەسـێك بڕوا بەغەیری ئایینی ئیسلام بهێنێت ئەوە زیان مەندەو هیچ چاكەو چاكەكاریو فەرزەكانو قوربانیو خێـرو خێراتـی** (الصرف والعدل)**ی لێ وەرناگیرێت. ئەوەتە خوای بەرزو بێ هاوتاو بەتەنێ دەفـەرموێت:**﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًـــا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ ([263])**.هەروەها دەفەرموێ:**﴿ مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللّهَ ﴾([264]).
**هەروەها لەئایەتێكی تردا دەفەرموێ:**﴿ قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْـــتُمْ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا ﴾([265]). **هـەروەها دەفـەرموێ:**﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِـــدِينَ فِيهَا أُوْلَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ﴾([266]).

**ئیمامی مسلم لە**(صحيح)**ەكەی خۆی دا ڕیوایەتی كردوە كەپێغەمبـەرﷺفەرمویـەتی:**{والذي نفسي بيده ، لايسمع بي أحدمن هذه الأمة يهودي ولانصراني ثم يموت و لم يؤمن بالذي أرسلتُ به ، إلاَّ كان من أهل النـــار}([267]). **پێغەمبـەری خواﷺبەكردەوەو بەقسە پوچەڵ بونو دروست نەبونی هەر ئایینێكی تری بێجگە لەئایینی ئیسلام ڕون كردۆتـەوە، واتە هەر كەسێك هەر ئایینێكی تر بگرێتو لەسەر ڕێبازێكی تر بڕوات بێجگە لـەئایینی ئیـسلامو بـڕوای پـێ نـەهێنێت ئەوە مایە پوچەو ئەو ڕێبازو ئایینەی لێ وەر ناگیرێت، بەهەمو توانایەكیـەوە دژایـەتی جولەكـەو دیانـەكانی دەكـرد، هەروەكو دژایەتی كافرەكانی تری دەكـردن، هەركـەسو گـەلو قـەومێكیش ئەگـەر بـڕوای نـەهێناباو لـەژێر بەیـداخی ئیسلام بژیایایە، دەبوایە سـەرانە**(جزيـــة) **ی بـدا بایـە ئـەمجار وازی لێ دەهێنـا، بـۆ ئـەوەی نەبنـە ڕێگـر لەبـەر دەم گەیشتنی بانگەوازی ئیسلام بۆ باقی خەڵكانی تر لەكافرو موشریكەكانی تر، وەبۆ ئەوەی هـەر كەسـێك بیـەوێت بێتـە**

---

([261]) **أ ـ سورة النساء: (١٤).**

**ب ـ واتە: هەر كەسێك لەخواو لە پێغەمبەریﷺخوا یاخی ببێت و سەرپێچی فەرمانەكانیان بكات و پێ لەسنورەكانی خواو پێغەمبەرەكەی تێ بپەڕێنێت خـوای گەورە دەیخاتە ناو ئاگرێكی سەختەوەو بەهەمیشەیی تێ ی دا دەمێنێتەوەو سزایەكی بەسفتو سوێو بەژانی هەیە. وەرگێڕ.**

([262]) **أ ـ (سورة البقرة: ١٠٨).**

**ب ـ واتە: هەر كەسێك بڕوا بون بەكوفر بگۆڕێتەوە، ئەوە بێ گومان ڕێگەی ڕاستی گوم كردوەو سەری لێشێواوە. وەرگێڕ.**

([263]) **أ ـ سورة آل عمران: (٨٥).**

**ب ـ واتاكەیمان لەڕابردوا لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.**

([264]) **أ ـ سورة النساء: (٨٠).**

**ب ـ واتە: هەر كەسێك گوێ ڕایەڵیو فەرمانبەرداری پێغەمبەرﷺ بكات ، ئەوە گوێ ڕایەڵیو فەرمانبەرداری خوای كردوە. وەرگێڕ.**

([265]) **أ ـ سورة النـــور: (٥٤).**

**ب ـ واتە: ئەی محمدﷺبەو دو ڕوانە بڵێ: بۆ سوێند بەدرۆ دەخۆن ، گوێ ڕایەڵو فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەكـەیﷺبكـەن، جائەگـەر تـۆ پێت ڕاگەیانـدنو ئەوان بەقسەی تۆیان نەكردو پشتیان لەو بەرنامەیە كرد ئەوە تۆ هیچت لەسەر نیەو ئەركی سەر شـانی خـۆت جـێ بـەجێ كـردوە، چـونكە ئـەوەی لەسـەر پێغەمبـەرە تـەنیا ڕاگەیاندنەو بەس ئەویشی ئەنجام داوە، وە پێ یان بڵێ: ئەی بێباوەڕانو ئەی دو ڕوەكان ئەوەی لەسەر شانی ئێوەش پێویستە ئەوەیە كـە پێتان ڕاگەیەنـدرا دەبـێ ئـەنجامی بدەن، جائەگەر گوێ ڕایەڵی بكەنو ئەنجامی بدەن كەبڕوا هینانو ئەنجام دانی بەرنامەكەی خوایـە ئـەوە ئێـوە بـەرەو هیدایـەتو ڕێگـەی سـەركەوتنو سـەر فـرازی دەڕۆن ، وەبە پێچەوانەش زیانمەند تەنیا هەر خۆتـانو پێغەمبەری خوا هیچی لەسەر نیە تەنیا ڕاگەیانـدنی تـەواوو ڕون نـەبێت. وەرگێـڕ، بەسـود وەرگـرتن لەتەفسیری گوڵـشەن ب٢ل٩٠٩.**

([266]) **أ ـ سورة البينة: (٦).**

**ب ـ واتە: ئەوانەی كەكافر بونو بڕوایان بە پێغەمبـەرو ڕێبازەكـەی نـەهێنا لـەخاوەن كتێبـەكانو بـت پەرستەكان ئیمانیـان بـەقورئان نـەهێناو نەكەوتنـە شـوێن محمدﷺبە پێچەوانەوە دژایەتیو دوژمنایەتیەكی سەر سەختیان كرد لەگەڵ پێغەمبەرو ڕێبازەكەیو موسڵمانانـدا ، ئەوانە بەڕاستیو بێگومان جێگەو شـوێنی حەوانـەوەیان ناو ئاگری دۆزەخەو نەمرن تیایداو هەتا هەتایە تیایدا دەمێننەوە، ئەوانە خراپترینی دروستكراوێكن. وەرگێڕ، بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٦٣٩.**

([267]) **واتە: سوێندم بەو كەسەی كەگیانی منی بەدەستە لەتاكە كەسێك لەم ئوممەتە نابیسترێت كەجولەكەیەك یا دیانێك (اليهودي والنصراتي) بڕوا بەو بەرنامەیەی كەمن هێناومە نەكاتو بەبێ باوەڕی بمرێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە جێگەو شوێنی حەوانەوەی لەناو ئاگری دۆزەخدایە بەهەمیشەیی. وەرگێڕ.**

ناو بازنەی ئیسلامو موسڵمان بێت بەبێ ترس بڕوا بهێنێتو موسڵمان ببێت بێ ئەوەی توشی ڕێ لێ گرتنو قەدەغە کردن یاکوشتن ببێت لەلایەن قەومەکەی خۆیەوە.

بوخاریو مسلم لەأبی هریرەوە‌ﷺ‌ریوایەت دەکەن کەگوتویەتی:[بينما نحن في المسجدخرج رسول الله ﷺفقال:{ انطلقوا إلى اليهود}، فخرجنا معه حتى جئنا المدراس، فقام النبيﷺفناداهم فقال:{ياَمعشر اليهود، أسلموا تسلموا}فقالوا: قد بلَّغت ياأبا القاسم، فقال لهم رسول اللهﷺ{ذلك أريد، أسلموا تسلموا} فقالوا: قد بلَّغت يا ابا القاسم، فقال لهم رسول اللهﷺ:{ذلك أريد} ثم قالها الثالثة....](268)الحديث..

مەبەست لەم فەرمودەیە ئەوەیەکە: پێغەمبەرﷺچو بۆ لای خەڵکی(الديانة) لەجولەکەکان لە(بيـــت مدراســـهم)و بانگی کردن بۆ ئیسلامو داوای موسڵمان بونی لێ کردن، وپێ ی گوتن:{أسلموا تسلموا ـ واتە موسڵمان بن سەلامەت دەبن} و چەندان جار لێ ی دوبارەو چەند بارە کردنەوە. هەروەها نامەیەکی بۆ هرقلی ڕۆمی ناردو تیایدا داوای لێ کرد کەبڕوا بەئایینی ئیسلام بێنێتو موسڵمان بێت، وپێ ی ڕاگەیاند ئەگەر موسڵمان نەبیت ئەوا ئۆباڵی تاوانی خۆشیو ئەوانەشی وا لەژێر ڕکێفی تۆدان دەکەوێتە ئەستۆ کەدەبیە هۆی موسڵمان نەبونی ئەوانیشو ناهێڵی موسڵمان بن. بوخاریو موسلم لەهەردو فەرمودە ڕاستەکانی خۆیاندا(الصحيحين) ڕێوایەتیان کردوە کەهرقل داوای نامەکەی پێغەمبەریﷺکردوەو خوێندویەتیەوە بینی وا تیایدا نوسراوە:

{بسم الله الرحمن الرحيم، من محمد رسول اللهﷺإلى هرقل عظيم الروم: سلام على من اتَّبع الهُدى، أما بعد: فإني أدعـــوك بدعايـــة الإسلام. أسلم تسلم، وأسلم يؤتك الله أجرك مرتين، فإن توليت فإن عليك إثم الأريسيين، و:﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ سورة آل عمـــران: (٦٤)(269).. بەڵام دوای ئەوەی پشتیان هەڵ کردو بڕوایان نەهێناو بەدەنگ بانگەوازی پێغەمبەرەوەﷺنەهاتنو نەهاتنە ناو بازنەی ئیسلامەوە پێغەمبەرﷺشەڕی لەگەڵ دا کردن وسەرانە(جزية)ی خستنە سەر.

(268) أ ـ رواه البخاری ومسلم.

ب ـ واتە: [أبي هريرة ﷺدەگێڕێتەوەو دەڵێ: لەکاتێکدا ئێمە لەمزگەوتدا لەگەڵ پێغەمبەرداﷺدانیشت بوین پێغەمبەرﷺهاتە دەرو فەرموی: {بادەرچین بۆ لای جولەکەکان} ، ئێمەش لەگەلیدا دەرچوین تاگەیشتینە ماڵی (المدراس)، لەوێ پێغەمبەرﷺهەستاو پێ ی فەرمون:{ئەی کۆمەڵی جەلەکەکان، موسڵمان بن سەلامەت دەبن} ئەوانیش لەوەڵامدا گوتیان: تۆ کاری خۆت گەیاند ئەی باوکی قاسم، دیسان پێغەمبەرﷺ پێ ی فەرمونەوە: {من تەنیا ئەوەم لەئێوە دەوێت، موسڵمان بن سەلامەت دەبن} ، دیسان ئەوانیش گوتیان: تۆ ئەرکی سەرشانی خۆت گەیاند ئەی باوکی قاسم، پێغەمبەرﷺدیسان پێ ی فەرمونەوە:{ ئەوەی لەئێوەم دەوێ هەر ئەمەیە} دیسان بۆ جاری سێ یەم فەرمویەوە]

(269) أ ـ رواه البخاري ومسلم في صحيحيهما.

ب ـ واتە: بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لە محمدﷺ پێغەمبەری خوا بۆ هرقل گەورەی ڕۆم، سەلام لەسەر ئەو کەسە بێت کەڕێگەی ڕاست دەگرێتە بەرو شوێن هەق دەکەوێت، لەدوایی دا: من داوات لێ دەکەم بەداواو بانگەشەی ئیسلام، موسڵمان ببە پارێزراو دەبیت، موسڵمان ببەو بڕوا بەئایینی ئیسلام بهێنە خوای گەورە دو جار یا دو هێندە پاداشتت دەداتەوە، خۆ ئەگەر بڕوا نەهێنیو پشت لەئیسلام هەڵ بکەیت ئەوا ئۆباڵی تاوانی خۆتو هەمو ئەوانەشی والەگەڵ تۆدانو لەژێر ڕکێفی تۆدان دێتە ئەسۆی تۆ، ئەمجار ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە کەئەمە واتاکەیەتی: ﴿ئەی محمدﷺبەخاوەن کتێبە ئاسمانیەکان کەبریتین لەجولەکەو دیانەکان بڵێ: دەی وەرن بائێمە لەسەر ئەو قسەو وشە هاوبەشەی کەلەنێوا نماندا هەیەو هەمومان لەسەر یەك خاڵ کۆدەکاتەوە گرد ببینەوەو کاری پێ بکەینو لەسەری بڕۆین ئەویش ئەوەیە کەتەنیا الله بپەرستینو یەکتا پەرست بینو تەنیا لەسەر بەرنامەو شەریعەتی ئەو بڕۆینو هیچ شتێکی تری لەگەڵ دا نە پەرستینو هاوەڵی بۆ پەیدا نەکەیەن، وەهیچ کەسێکمان ئەوی ترمان بەخاوەن شەریعەت بەرنامەڕێژو خاوەن فرمان نەزانین کەشایستەی مل بۆ کەچ کردن بێت و بیگەیەنینە ئەو ڕادەیەی بگاتە پلەی هاوەڵ بۆ خوای گەورە دانانوکڕنۆش لەخوا بەولاوە بۆ کەسی ترو بۆ هیچ شتێکی تر نەبەین، جا ئەگەر بڕوایان نەهێناو پشتیان لەو ئایینە پاکە کرد و هەر لەسەر بەرنامەو ملهوڕی خۆیان مانەوە ئەو کات پێ یان بڵێ: دەی ئێوە شاهید بن کەئێمە موسڵمانینو بڕوای تەواومان بەو قسەو گفتارانەی کەکردمان هەیەو لەسەری دەڕۆین هەتاکو لەدنیادا ماوینو هەمیشە مل کەچو فەرمان بەردارو گوێ ڕایەڵینو لەخوادا بەولاوە هیچ کەسو هیچ شتێکی تر نا پەرستینو هەرگیز هاوەڵی بۆ دانانێین.﴾ وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن بال١٣٧. وەلە(الكتبة الشاملة/ التفاسير/ تفسير الطبري / سورة آل عمران:٦٤.)

وەبۆ دڵنیایی بون لەسەر لێشێواویو ئەو ڕاستیەی کەئەوان لەسەر دینی پوچەڵو بێ بنەماو باتڵن دوای هەڵ هەڵوەشاندنەوەی دینەکەیان بەهاتنی دینی محمدﷺ، خوای گەورە فرمانی بەموسڵمانان کردوە کەهەمو ڕۆژێو لەهەمو نوێژەکاندا واتە ڕۆژی پێنج جار لەهەمو ڕکاتێکدا لەخوێندنی سورەتی فاتیحەدا داوای هیدایەتو ڕێنومایی ڕێگای ڕاستی لێ وەرگیراو(صراط المستقيم المتقبل) لەخوا بکەن کەبریتیە لەئیسلامو ڕێگەی قورئانو سوننەت بەتێگەیشتنی پێشینەی پیاو چاکان، وەداوای دور خستنەوە لەڕێگەی خوا لێ تورە بوان (المغضوب عليهم)و ڕێگەی لێ تورە بوان و سەرلێشێواوان کەبریتین لەجولەکەو دیانەکانو هاوشێوەکانیان لەخوای گەورە بکەن، کەخۆشیان دەزانن کەلەسەر ڕێگەی ناهەقو باتڵنو کەچی هەر سورو مکوڕیشن لەسەری. هەروەها داوا لەخوا بکەن کەلەڕێگەی سەر لیشێواوانیان دور بخاتەوە(والضَّالِّين) کەبەندایەتی بەناشیانەو بێ علیمو زانست دەکەنو پروپاگەندەی ئەوەش دەکەن کەئەوان لەسەر هەقنو ڕێگەی هیدایەتیا گرتوەو خۆیان پێ لەهەموان ڕاست ترەکەچی لەڕاستیدا گومڕانو ڕێگەیان لێ تێك چوەو سەر لێشێواون، کەبریتین لە: دیانەکان(النصارى)و هاوشێوەکانیان لەگەلانو ئوممەتەکانی تر کەبەندایەتی بە نەفامیەتو نەزانیو دور لەزانست دەکەن. باموسڵمانان بەو پەڕی دڵنیاییەوە دڵنیا بن کەهەمو ئاینو ڕێچکەکانی تر بێجگە لەئایینی پیرۆزی ئیسلام هەمویان پوچەڵو باتڵن، وەهەر کەسێك پەرستشیو بەندایەتی خوا بکات لەغەیری ئیسلام ئەوە گومڕاو سەر لێشێواوەو لێ ی وەرناگیرێتو لەکۆتایی دا بەسەر چاوی خۆی دادەدرێتەوە. هەر کەسێك ئەمە بیرو باوەڕی نەبێت ئەوە لەموسڵمانان ناژمێردرێت، بەڵگەو نیشانەش لەم بابەتو لەم بوارەدا گەلێك زۆرن لەقورئانو لەسوننەتدا.

دەی کەواتە لەسەر خاوەنی ئەم وتارو ئەم نوسینە پێویستە کەپەلە بکات بۆ تۆبە کردنو پەشیمان بونەوە لەو نوسینەی کەنوسیویەتیو تۆبەیەکی ڕاستەقینە بکات(التوبة النصوحة)، بەدوای ئەم نوسینەدا خێرا وتارو نوسینێك بنوسێت کەتۆبەکەی خۆی تێدا ڕابگەیەنێتو ئاشکرای بکات بۆ خەڵکیو پەشیمان بونەوەی خۆی تێدا ڕبگەیەنێت. وەهەر کەسێکیش تۆبەی ڕاستەقینە بکاتو بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە، ئەوا خوای پاكو بێگەرد تۆبەیەکەی بەدڵنیاییەوە لێ وەردەگرێتو لێ ی خۆش دەبێت، هەروەکو خوای پاكو بێگەرد دەفەموێت:﴿ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾(٢٧٠).هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ۞ يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا ۞ إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾(٢٧١). هەروەها بەپێ ی فەرمودەی

(270) أ ـ سورة النور: (٣١).

ب ـ واتە: هەموتان بگەڕێنەوە بۆ لای خواو تۆبە بکەن ئەی بڕواداران تاکو خوای گەورە سەربەرزو سەرفرازو سەرکەوتوتان بکات. وەرگێڕ.

(271) أ ـ سورة الفرقان: (٦٨ـ ٧٠).

ب ـ واتە: ئەوانەی کەلەخوای گەورە بەولاوە هیچێکی تر نا پەرستنو داوای بەدیهێنانی هیچ شتێك لەکەسێکی تر ناکەن جگە لەخوای تاكو تەنیا، هەروەها هیچ کەسێك ناکوژن کەبەناهەق بێتو خوای گەورە حەرامی کردبێت، هەروەها زینا ناکەنو خۆیان لەداوێن پیسیو بەد ڕەوشتی دەپارێزنو دەست درێژی ناکەنە سەر ناموسی خەڵکی. هەر کەسێك ئەو کردەوە خراپانە بکات کەباس کران ئەوە توشی سزای خوای گەورە دەبێتەوە دیارە ئەو کەسانەی کەئەم کارە خراپو قێزەونانە ئەنجام دەدەن دوچاری سزای خوای گەورە دەبنو سزاکەشیان دو چەندانەو چەند هێندانە دەبێتو بەسوکیو سەر شۆڕیو ڕیسوایی هەتا هەتایە تێ ی دا دەمێنێتەوە، تەنها ئەوانە توشی ئەو سزا توندو تیژە نابن کەبەدڵنیاییەوە تۆبە دەکەنو دەگەڕێنەوە لای خواو جارێکی تر ناگەڕێنەوە سەر ئەو گوناحو خراپەکاریانە، ئەوانە خوای گەورە تۆبەکەیان لێ قبوڵ دەکات ئەگەر بەڕاستیو بەدڵ تۆبە بکەن. نەك هەر ئەمە بەڵکو هەمو خراپەکانیشیان بۆ بەچاکە دەگۆڕێت، ئاخر خوای گەورە زۆر بەخشندەو بەبەزەییو لێ بوردەو میهرەبانە. تەفسیری گوڵشەن ب٢ل٩٣٤. وەرگێڕ.

**پێغەمبەر ﷺ کەفەرمویەتی:** {الإسلام يهدم ماكان قبله، والتوبة تهدم ماكان قبلها}[٢٧٢] **وەفەرمایشتی ﷺ کە فەرمویەتی:** {التائب من الذنب كمن لاذنب له}[٢٧٣]

**لەخوای گەورەم داوایە کەڕاستیەکانو هەقمان وەك خۆی نیشان بداتو شوێن کەوتنیشمان پێ ببەخشێت، وەناڕاستیو باتڵیشمان بەناهەقو باتڵ نیشان بداتو دور کەوتنەوەشمان لێ ی پێ ببەخشێتو منەتی ڕێنومایی پێ بەخشینی تۆبەی ڕاستەقینە بە ئێمەو بە نوسەری ئەم وتارە لەسەر بکات. وەهەمومان لەسەر لێشێواویو گومڕاییو ئاژاوە گێڕیو فیتنەکانی شەیتانی نەفرین لێکراو بپارێزێتو پەنامان بدات، هەر خۆی خاوەنو هاودەمی ئەو پەنا گرتنەیەو بەسەر هەمو شتێکدا زاڵو بەتوانایە.**

وصلى الله وسلم على نبينا محمد، وعلى آله وصحبه، ومن تبيعهم بإحسان إلى يوم الدين[٢٧٤]

---

([272]) **واتە : بڕوا هێنان بەئاپینی ئیسلام هەمو کردەوە خرا پەکانی پێش خۆی هەڵ دەوەشێنێتەوەو تۆبە کردنیش هەمو کردەوە خرا پەکانی پێش خۆی هەڵ دەوەشێنێتەوەو خوا ی گەورە لەهەموان دەبورێتو دەیان بەخشێت. وەرگێڕ.**

([273]) **واتە : تۆبە کردو لەگوناحەکان وەکو ئەوە وایە کەهەرگیز گوناحو تاوانی نەکرد بێت**

([274]) **مجموع الفتاوى م٨( ١٩٦ـ ٢٠٠١. )**

## پرسیارەکان و بیرو باوەڕ( العقیدة ) و وەڵامەکانیان

**پرسیاری یەکەم:** لەهەندێ لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا سەرپێچی یەکی زۆری هەمە چەشنە دەکرێت و بڵاو بوەتەوە، هەندێکیان پەیوەندیان بەگۆڕ پەرستیەوە هەیەو هەندێکیش بەگۆڕو گڵکۆکانەوە هەیە، هەندێکیشیان پەیوەندیان بەسوێند خواردن و بەئیمان و بەنەزرەوە هەیە. جا حوکمەکانی ئەم سەرپێچیانە لەحوکمێکەوە بۆ حوکمێکی تر دەگۆڕێت، هەیانە حوکمەکەی هاوبەش پەیدا کردن و دەرچونە لەبازنەی ئایینی ئیسلام، هەندێکی تریان هەیە حوکمی سوك ترو کەم ترە. خۆزگایەکو بەڕێزتان بتان فەرموایەو حوکمەکانی ئەو کێشەو مەسەلانەتان بۆ موسڵمانان ڕون بکردایەتەوەو ئامۆژگاری تریشت بۆ تەواوی موسڵمانان بکردایە وەك ترساندن و دەست گرتن و گێڕانەوەیەك لەو سەرپێچیانەو ئەو هەمو ئاسانکاری و شلی نواندنەی کەبۆ ئەو هەمو سەرپێچیانەو ئەو هەمو سستی و کەمتەر خەمیەی لەئاستیاندا دەکرێت.

**وەڵام:** الحمد لله، وصلى الله وسلم على رسول الله، وعلى آله وأصحابه ومن اهتدى بهداه. أمابعد:

شتێکی حاشا هەڵ نەگرە کەزۆرێك لەموسڵمانان کارو بارە شەرعیەکانیان لەگەڵ کاروبارە شیرکی و داهێنراوەکان لەدەوری گۆڕەکان لێ تێکەڵ بوە، هەروەکو زۆرێك لەخەڵکی بەدڵنیاییەوە بەهۆی نەفامی و نەزانی و لاسایی کردنەوەی کوێرانە دەکەونە ناو بازنەی هاوبەش پەیدا کردنی گەورەوە(الشرك الأكبر)، بۆیە پێویستە لەسەر ئەهلی عیلم و زانا بەڕێزەکانی ئیسلام لەهەمو شوێنێك و لەهەمو وڵاتێکدا دینەکەیان بۆ خەڵکی ڕون بکەنەوە، وڕاستەقینەی یەکتا پەرستیان بۆ ڕون بکەنەوەو تێ یان بگەبەنن، هەروەها حەقیقەتی هاوبەش پەیدا کردن بۆ خەڵکی ڕون بکەنەوەو بەچاکی لێ یان حاڵی بکەن، هەروەکو پێویستە لەسەر ئەهلی عیلم کەهۆکارو فاکتەرەکانی هاوبەش پەیدا کردن و داهێنان(البدعة) و جۆرە بڵاو بوەکانی ناو کۆمەڵگای موسڵمانان بۆ موسڵمانان بەتەواوی ڕون و ئاشکرا بکەنەوە بۆ ئەوەی لێ ی ئاگادارو وریا ببنەوەو بەرچاو ڕۆشن بن و خۆیانی لێ دور بگرن، بەپێ ی فەرمودەی خوای بەرزو بێ هاوتا کەدەفەرموێ:﴿ وَإِذَ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلاَ تَكْتُمُونَهُ ﴾([275]).**هەروەها دەفەرموێت:**﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلعَنُهُمُ اللّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ ۞ إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾([276]). **هەروەها پێغەمبەر:** ﷺفەرمویەتی:{من دلَّ على خيرٍ فله مثل اجرُ فاعلـه}([277]). **هەروەها**

---

([275]) أ ـ سورة آل عمران: ( ١٨٧ ).

ب ـ واتە: خوای گەورە پەیمانی لەخاوەن کتێبە ئاسمانیەکان واتە جولەکەو دیانەکان وەرگرتوە کە ئەو زانیاریانەی دەربارەی پێغەمبەری کۆتا زەمانﷺهاتوە و لەکتێبەکانیاندا بۆی باس کردون کە پێغەمبەرێك لەکۆتا زەماندا دێت دەبێ بۆ خەڵکی باس بکەن هەر کاتێك ئەو پێغەمبەرەﷺهات دەبێ دەست بەجێ بڕوای پێ بهێنن و شوێنی ئەو بکەون چەنکە ئەوە کۆتا پێغەمبەرەو ئایینەکەشی کۆتا ئایینەو ئایین و بەرنامەکانی تر هەمویان هەڵ دەوەشێنەوەو و پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکانی تری پێش خۆشی هەڵ دەوەشێتەوە. دیارە لێرەدا مەبەست لەزاناو شارەزایانی ئایینی ئەوانە کەدەبێ ئەو زانیاریانە بەخەڵکی ڕابگەیەنن، بەڵام ئەوان نەك هەر ڕایان نەگەیاند بەڵکو خۆشیان بڕوایان پێ نەبوو ئەو زانیاریانەی دەربارەی محمدﷺهەمو شاردەوەو کپیان کردەوە و ئەو پەیمانەیان بەدەست کەوتێکی کەمی دنیایی گۆڕیەوە ، ئەو پەیمانەی کەلەڕێگەی موساو عیساوە لەتەورات و لەئیتجیلدا وەرگیرا بو ئەویش لەبەر دو هۆ بو ئەو تاوانە گەورەیان ئە نجام دا کەبریتی بون لە:

١ـ تاسەرۆك و سەرکردەوو بەرپرسە ملهوڕەکانیان لێ یان ڕازی بن. پێم وایە ئەگەر بڵێین ئێستاش زۆرێك لەمەلاو شارەزا ئایینیەکانی موسڵمانانیش هەمان هەڵوێستی ئەوانیان دوبارە کردۆتەوە بۆ هەمان مەبەستی ناوبراوی ئەوان بەهەڵە دا نەچوین.!!

٢ ـ تا پلەی سەرۆکی و دەم ڕاستی ئایینیان لەکیس نەچێت .

دیارە ئەم کردەوەیەش خوای گەورە بەخراپترین و بێزراو ترین کردەوە ناوی دەبات و دەفەرموێت: ئەمە خراپترین کردەوەوگۆڕینەوەو خراپترین جۆری کڕینێکە. تەفسیری گوڵشەن ب١ل١٨٢.وەرگێڕ.

([276]) أ ـ سورة البقرة: ( ١٥٩ـ ١٦٠ ).

ب ـ واتە: ئەوانەی کەئەو موژدەو ئەو زانیاریانەی دەربارەی هاتنی محمدﷺ لەکتێبەکانی کاتی خۆیاندا کەتەورات و ئینجیلن هاتوەو پێ یاندراوە لەجیاتی ئەوەی ئەو ڕاستیانە ڕا بگەیەنن لەبەر خاتری ماڵی دنیاو پلەو پایەی دنیای خۆیان شاردیانەوە ئەوانە خوای گەورە نەفرەتیان لێ دەکات و لەڕەحمەتی خۆی دەریان دەکات و دوریان دەخاتەوە، هەروەها هەمو نەفرەت کەرانیش نەفرەتیان لێ دەکەن کورد گۆتەنی( تف و نەعلەتیان لێ دەکەن )، تەنها ئەوانە نەبێت کەلەو کردەوە خراپانەی خۆیان

پێغەمبەرﷺفەرمویەتی: {من دعا إلى هدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه لاينقص ذلك من أجورهم شيئاً، ومن دعا إلى ضلالة كان عليه من الإثم مثل آثام من تبعه، لاينقص ذلك من آثامهم شيئاً}[٢٧٨]. وەلەهەردو فەرمودە ڕاستەکانداو لەمعاويةرضي الله عنههاتوە کەپێغەمبەرﷺفەرمویەتی: {من يرد به خيراً يفقّهه في الدين}[٢٧٩].. ئەمەو ئایەتو فەرمودە لەم بواری بانگ کردنو بانگەشە کردن بۆ بڵاو کردنەوەو گەشە پێدانی زانستو زانیاری و هەڵ نانی خەڵکی بۆ ئەم مەبەستەو وریا کردنەوەو ئاگادار کردنەوەی خەڵك لەپشت هەڵ کردن لەزانستو زانیاریو پەردە پۆش کردنو حەشار دانی زانستو زانیاری گەلێك زۆرن.

**بەڵام ئەوەی بەهۆی گۆڕەکانەوە کەوتونەتە داوی شەیتانو هاوبەش پەیدا کردنو بیدعەکانەوە لەزۆرێك لەوڵاتەکان:** ئەوە کارێکی ئاشکراو بەرچاوەو پێویستە هەڵوێستەی لەئاستدا بکرێتو بەهەند وەر بگیرێتو چاوەدێری بکرێتو بۆ موسڵمانان ڕون بکرێتەوەو ئاگاداری لێ بدرێتو خەڵکی لێ هۆشیارو وریا بکرێتەوە، لەوانە دوعاو پاڕانەوە لەبەر گۆڕو چاكو پیرەکانو هانا بۆ بردنیانو داوای چاك بونەوەی نەخۆشەکانیان لێ دەکەن، هەروەها داوای سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانیان لێ دەکەن....تد. ئەمانە هەمویان لەهاوبەش پەیدا کردنی گەورەن(الشرك الأكبر)، کەنەفامەکانی سەردەمی نەفامیەت لەسەری دەڕۆیشتنو ئەنجامیان دەدا. هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾[٢٨٠].هەروەها خوای پاكو بێگەرد دەفەرموێ:﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ}[٢٨١].هەروەها خوای پاكو بێگەرد دەفەرموێ:﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ﴾[٢٨٢].واتە خوای گەورە فرمانمان پێ دەکاتو ئامۆژگاریمان دەکات. هەروەها دەفەرموێت:﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء }[٢٨٣]ئایەت لەم بوارو لەم واتایەدا گەلێك زۆرن.

بەندایەتی کردن کەجنۆکەو مرۆڤەکانی لەپێناودا دروست کراونو فرمانیان پێ کراوە کەتەنیا خوا بپەرستنو خوای پاكو بێگەرد بەیەکتا بزانن‌و تەنیا ئەو بپەرستن‌و بەندایەتیەکانیان تەنیا تایبەت بەو بکەن‌و گوێ ڕایەڵی

---

پەشیمان دەبنەوەو دەگەڕێنەوە لای خوای خۆیانو ڕێگەی ڕاست دەگرنە بەر و ئەو پە یمانو موژدەیە ڕادەگەیەننو پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری کۆتا زەمان ئاشکرا دەکەنو خۆشیان بەتەواوی بڕوای پێ دەهێنن، و ڕو دەکەنە چاکەکاری وئە نجامدانی ئەرکەکانی سەر شانی خۆیان ، خودای گەورە دەفەرموێت: من لەوانە خۆش دەبمو دەیان بورم، چونکە من زۆر تەوبە وەرگرو خاوەن بەزەییەکی بێ ئەندازەو لەبن نەهاتوم. تەفسیری گوڵشەن ب١ ل٦٤. وەرگێڕ.

(277) أ ـ رواه مسلم في صحيحه.

ب ـ واتە : هەر کەسێك ڕێگەی خۆش بکات بۆ چاکە و کاری خێر، یادەست گیرۆیی و ڕێ خۆش کەر بێت بۆ چاکەکاران و کاری خێر ئەوە پاداشتو ئەجری بکەرەکەی هەیە واتە ئەو کەسەی کەچاکەکەو کارە خێرەکە ئە نجام دەدات بەقەد ئەو چاکەو خێری بۆ دەنوسرێت. وەرگێڕ.

(278) أ ـ رواه مسلم.

ب ـ واتە : هەرکەسێك بانگەشەو بانگەواز بۆ ڕێگەی هیدایەتو ڕێگەیی خوایی بکاتو بانگی خەڵکی بکات بۆ ئیسلام ئەوا هەر کەسێك شوێنی ئەو بکەوێتو بەدەم بانگەوازەکەی ئەو هاتبن خێرو پاداشتی هەمو ئەوانەی دەگاتێ هەتا دنیا دنیایەو بێ ئەوەی لەخێرو پاداشتی هیچیان کەم بکاتەوە، هەروەها بە پێچەوانەوە ئەوەی بانگەشە بۆ خراپەکاریو ڕێگەی سەر لێشێواویو شەیتان دەکات ئەوە لەگوناحو تاوانی هەمو ئەوانە بەشدارە کەشوێن ئەو کەوتونو وەڵامی بانەگەوازەکەی ئەویان داوەتەوە هەتا دنیا دنیایەو بێ ئەوەی لەگوناحی هیچیشیان کەم بکاتەوە. وەرگێڕ.

(279) پێشتر واتاکەیمان نوسیوە. وەرگێڕ.

(280) أ ـ سورة البقرة: (٢١).

ب ـ پێشتر واتاکەیمان لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

(281) أ ـ سورة الذاريات: (٥٦).

ب ـ واتاکەیمان لەبابەتەکانی پێشودا شی کردۆتەوە. وەرگێڕ.

(282) أ ـ سورة الإسراء: (٢٣).

ب ـ واتاکەیمان لەبابەتەکانی پێشودا لێك داوەتەوە؟ وەرگێڕ.

(283) أ ـ سورة البينة : (٥).

ب ـ پێشتر واتاکەیمان نوسیوە. وەرگێڕ.

تەواویان تەنیا بۆ خوای پاكو بێگەرد بێتو ئەو بەندایەتیو گوێ ڕایەڵیەی كەفرمانیان پێ كراوە لەنوێژو لەڕۆژوو لەزەكاتو حەج كردنو سەر بڕینو قوربانی وهەمو جۆرە بەندایەتیەكانی تر دەبێ تەنیا بۆ خوا بن، هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ۞ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾[٢٨٤]. (النسك) واتە بەندایەتی بۆ كردن. لەوانەش سەربڕینو قوربانی بۆ كردن، هەروەكو خوای پاكو بێگەرد دەفەرموێ:﴿ إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ ۞ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾[٢٨٥]. **هەروەها پێغەمبەرﷺفەرمویەتی:** {لعن الله من ذبح لغير الله}[٢٨٦].**هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ:**﴿ وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾[٢٨٧]. **هەروەها دەفەرموێ:**﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِندَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾[٢٨٨].**هەروەها خوای گەورە لەسورەتی(فاطر)دادەفەرموێ:**﴿ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ۞ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴾[٢٨٩].

خوای پاكو بێگەرد لەم ئایەتانەدا بۆی ڕون كردوینەوە كەنوێژ كردنو سەربڕین بۆ غەیری خواو دوعاو پاڕانەوە لەبەر مردوانو بتەكانودرەختەكانو دارو بەردەكان، ئەمانە هەمویان هاوبەش پەیدا كردنن بۆ خوای گەورە(الشرك بالله)و كافر بونەبەخوای گەورە. وەهەمو ئەوانەی كەلەبەریان دەپاڕێنەوەوداوای شتیان لێ دەكەن لەپێغەمبەرانو لەفریشتەو دۆستانی خوا یاجنۆكە یابتەكانو هەر شتێكی تر بێت ئەوان هیچ دەسەڵاتێكیان نیەو ناتوانن وەڵامتان بدەنەوەو هیچ قازانجو سودێك بەوانە بگەیەنن كەداوایان لێ كردونو لەبەریان پاڕاونەوە، بەڵێ ئەوانە ناتوانن داواكانیان بۆ جێ بەجێ بكەنو لەداوا كارەكان بێ دەسەڵات ترن.. بێجگە لەمەش ئەو داواو لەبەر پاڕانەوەی ئەوان

---

(284) أ ـ سورة الأنعام : (١٦٢ ـ ١٦٣).

ب ـ واتاكە یمان پێشتر لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

(285) أ ـ سورة الكوثر : (١ ـ٢).

ب ـ واتە : ئێمە نازو نیعمەتو خێرو بەرەكەتێكی زۆرمان پێ بەخشیوی، چونكە (الكوثر) سیغەی موبالەغەیە وبەواتای یەكجار زۆر، دیارە نكۆڵی لەوە ناكرێت كەخوای گەورە خێرو بەرەكەتێكی زۆری بەسەر پێغەمبەرﷺ و موسڵماناندا ڕشتوە كەلەژماردن نایەن ئەوەتە پلەی مەزنی پێغەمبەرێتی پێ بەخشیوە، قورئانی پیرۆزی بۆ ناردۆتە خوار، فریشتەكان ڕێزی دەگرنو سەڵاواتی لەسەر لێ دەدەنو داوای ڕەحمەتی بۆ لەخوای گەورە دەكەن.هەروەها ڕۆژی پێنج جار لەنوێژەكاندا ناوی دەهێنرێتو لەگەڵ ناوی خوادا ناوی بەرزو بڵند ڕادەگیرێت. هەروەها لەقامەت كردندا بۆ نوێژە فەرزەكان و لەكاتی خوێندنی تەحیاتی یەكەمو دوەمو گەلێ نازو نیعمەتو خێرو بەرەكەتی تر.دەی كەواتە تۆش شوكرانە بژێری خوای خۆت بكەو بەندایەتی بۆ خوا بكەوو نوێژەكانت تەنیا بۆ ڕەزا مەندی خوابكەوو سەربڕینو قوربانیەكانیشت با تەنیا بۆ خوا بن.تەفسیری گوڵشەن ب٣ل١٦٥٥ـ ١٦٥٦. وەرگێڕ.

(286) أ ـ رواه مسلم في صحيحه ، من حديث أمير المؤمنين علي بنأبي طالبرضي الله عنه.

ب ـ واتە : نەفرینی خوا لەو كەسەی كەسەربڕینو قوربانی بۆ غەیری خوا دەكات. وەرگێڕ.

(287) أ ـ سورة الجن : (١٨).

ب ـ واتاكە یمان لەڕابردودا لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

(288) أ ـ سورة المؤمنون : (١١٧).

ب ـ واتە :

(289) أ ـ سورة فاطر : (١٣ ـ ١٤).

ب ـ واتە : ئەو زاتەی كەئەو هەمو جیهانو شەوو ڕۆژو زەویو ئاسمانەكانو هەمو ئەو شتانەشی وا لەناویاندایە بەدی هێناوە ئەو پەروەردگارەتانە كەخاوەنی هەمو جیهانو جیهانیانە. ئەی ملهوڕانو ئەی بێباوەڕان ئەوانەی ئێوە دەیان پەرستنو هاوریان دەكەنێ، خاوەنی هیچ نین تەنانەت خاوەنی خودی خۆشیان نینو خاوەنی بێ نرخ ترین شتێك، كەوەك ئەو توێكڵە تەنكو سفتەی كەبەدەوری دەنكە خورماوەیە كە پێ ی دەگوترێت( قطمير)، دەی خۆ ئەوانەی كەئێوە دەیان پەرستنو هاواریان دەكەنێ ئەگەر بانگیان بكەنو داوایان لێ بكەن ئەو بانگو هاوارەی ئێوە نابیستنو گوێ یان لەئێوە نیە، چونكە ئەوان مردونو گیانیان لەبەر نەماوە، خۆ ئەگەر گریمان گوێشیان لێتان بو و قسەشتان ببیستن، ئەوانە هەرگیز ناتوانن وەڵامتان بدەنەوەو داواكاریەكانتان جێ بەجێ بكەن. چونكە ئەوان بێ توانانو هیچیان لەدەست نایە.

ئەوانە لەڕۆژی قیامەت كەگیانیان بەبەر داكرایەوە و توانای قسەكردنیان گەڕایەوە خۆ لەئێوە بێ بەری دەكەنو ئەستۆ پاكی خۆیان لەلای خوای گەورە دەنوێنن لەوەی كەئێوە لەدنیادا بۆ ئەوانتان دەكرد لەو پەرستنو بەندایەتی بۆ كردنو هاوار كردنەتان بۆ ئەوانو بەو كردەوەی ئێوە ڕازی نین.. ئەی پێغەمبەرﷺ! هیچ كەسێك ئەوەی ڕاستو تەواوە ئاشكرای ناكاتوهەواڵت ناداتێ، وەك ئاشكرا كردنو هەواڵ پێدانی خاوەن زانینو وزانیاریەكی تەواو واتە وەك پسپۆڕێك. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٢ ل١١٣٤.

لەغەیری خوا کوفرو هاوبەش پەیدا کردنە، هەروەکو خوای گەورەی پاکو بێگەرد بۆی ڕون کردوینەوە کەئەو داوا لێکراوانەو پاڕانەوەکەی ئەوان نابیستن، خۆ گریمان ئەگەر گوێشیان لێ بێت خۆ ناتوانن وەڵامیان بدەنەوەو داواکاریەکانیان بۆ جێ بەجێ بکەن، چونکە لەتوانای ئەوان دا نیەو ئەو دەسەڵاتە مافی ئەوان نیەو تەنیا لەجیاکاریو تایبەتمەندیو دەسەڵاتەکانی خوای پاکو بێگەرد دایە.

دەی کەواتە پێویستە لەسەر هەمو موکەللەفێك لەجنۆکەو لەمرۆڤەکان سڵ لەم کارە قێزەونە بکەنەوەو ئاگادارو وریا بنو پوچەڵیو بێ بنەمایی ئەو کارە ناشەرعیو قێزەونە حەرامە بۆ خەڵکی ڕون بکەنەوە، هەروەها ئەوەش ڕون بکەنەوە کەئەو کارە پێچەوانەی ئەو بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامانەیە کەپێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) هێناویانە لەبانگەشەکانیاندا بۆ یەکتا پەرستیو تەنیا خوا پەرستی(توحید الله)، نیاز پاکیو ئیخلاسیەت تەنیا بۆ خوای گەورە لەپەرستشیو بەندایەتی کردندا هەروەکو خوای پاکو بێگەرد دەفەرموێت:﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ ﴾([290]). هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾([291]). وەمحمدﷺ سێزدە ساڵی ڕەبەق لەمەککە مایەوەو تەنیا بانگی خەڵکی دەکرد بۆ لای خواو پاکو بێگەردو بۆ یەکتا پەرستیو دامەزراندنی بیرو باوەڕی ئیسلامی(العقيدة الإسلامية) لەسەر بنچینەو بنەمایەکی کۆنکریتیانەی یەکتا پەرستی(التوحيد) و خەڵکی ئاگادارو وریا دەکردەوە، لەهاوبەش پەیدا کردن و هاوەڵ بۆ خوای گەورە دانان، وەواتاو داخوازیەکانی(لا إلة إلاَّ الله)ی بۆ خەڵکی ڕون دەکردەوە،چەندان لەدڵەکان وەڵامیان دایەوەو موسڵمان بون، زۆرینەی خەڵکیش ملهوڕو کەللە ڕەقو یاخیو سەر کەش بون لەئاست بانگەشەکەی داو پشتیان هەڵ کردو لەبڕوا هێنانو گوێ ڕایەڵیو شوێن کەوتنی پێغەمبەرﷺ، دوای ئەو سێزدە ساڵە ناچار ما بەفەرمانی خوا کۆچ بکات بۆ شاری مەدینەو لەوێ درێژەی بەبانگەوازەکەی داو دەستی کرد بەبڵاو کردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەناو کۆچ بەرانو پشتیوانانداو بانگەشە کردنەکەی بەردەوام بو هەمیشە ڕو لەفراوان بون دابو، وەلەڕێ ی خوادا تێکۆشا، بۆ ساتێکیش نەدەسرەوت، چەندان نامەی بۆ پاشاو سەرکردەو دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی کافرو بێباوەڕەکان نوسی وتیایدا ناوەڕۆکی بانگەشەکەی بۆ ڕون کردنەوەو ئاماژەی بەو هەمو هیدایەتو سەر بەرزیە کرد کەلەو ئاییندا هەیە بۆ هەر کەسێك کەبڕوای پێ هەبێتو دەستی پێوە بگرێت.

لەگەڵ هاوەڵە بەڕێزەکانی داﷺلەپێناو بڵاو کردنەوەی ئایینی ئیسلامدا ئارامی گرتو ئارامی گرت تائەنجام خوای گەورە سەرکەوتنی پێ بەخشین، وئایینی خوا دەرکەوتو خەڵکان پۆل پۆل دەهاتنە ناو ئایینی خواوەو بڕوایان پێ دەهێنا، وئیدی یەکتا پەرستی خوا لەجیهاندا بڵاو بوەوەو هاوبەش پەیدا کردن لەمەککەو لەمەدینەو لەباقی شوێنەکانی تری دورگەدا لەسەر دەستی پێغەمبەرﷺنەما، هەروەها دوای خۆشی لەسەر دەستی هاوەڵە بەڕێزەکانی دا قەڵاچۆ کرا، ئەوجار هاوەڵانی پیغەمبەرﷺدەستیان کرد بەتێکۆشان لەڕێ ی خواداو بانگەوازەکەیان پەرە پێداو تاگەیاندیانە ڕۆژ هەڵاتو ڕۆژ ئاواو بەجیهاندا بڵاویان کردەوە، تائەنجام خوای گەورە بەسەر دوژمنەکانیاندا زاڵی کردنو ئایینی ئیسلامی لەجیهاندا بەسەر هەمو ئایینو ڕێبازو بەرنامە پوچەڵو دەست کردەکاندا سەر خست، وزەوی خستنە ژێر دەستو جێگیری کردنو ئایینی پیرۆزی ئیسلامی بەسەر هەمو ئایینەکانی تردا زاڵ

---

([290]) أ ـ سورة النحل: (٣٦).

ب ـ واتاکە یمان لە پێشتردا لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

([291]) أ ـ سورة الأنبياء: (٢٥).

ب ـ پێشتر واتاکە یمان نوسیوە. وەرگێڕ.

کرد، هەروەکو خوای گەورە لەقورئانە پیرۆزەکەی خۆی دا پەیمانی بەموسڵمانان دابو، هـەروەکو دەفـەرموێت:﴿ هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾(٢٩٢).

وەلە بیدعەو هۆکارەکانی تری هاوبەش پەیدا کردن: ئەو هەمو کارە بێ شەرعیانەی کەلەلای گۆڕو گڵکۆکانـدا دەیکەن لەنوێژ کردنو قورئان خوێندن، و دروست کردنی مزگەوتو قەفەزو گومبەت لەسەر گۆڕەکان، گومـانی تێـدا نیە کەئەمانە هەر هـەمویان داهێنـانو تازەگـەریو کـاری خـراپنو هۆکـارێکن لـەهۆکارەکانی هاوبـەش پەیـدا کردنـی گەورە(الشرك الأكبر)، ئالەبەر ئەمە لەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەرەوەﷺهـاتوە کەفەرمویـەتی:{ لعـــن الله اليهـــود والنصارى، اتخذوا قبور أنبياءهم مساجد}(٢٩٣). هـەروەها لەفـەرمودەی ڕاسـتی مـسلمو لەجنـدب کـوڕی عبـداللهرضي الله عنهو لەپێغەمبـەرەوەﷺهاتوە کەفەرمویـەتی:{ألا وإنَّ من كان قبلكم كانوا يتخذوا قبور أنبياءهم وصالحيهم مساجد، ألا فلا تتخذوا القبور مساجد، فإنِّي أنهاكم عن ذلـــك}(٢٩٤). پێغەمبـەرﷺلـەم دو فەرمودەیـەی ڕابـردودا واتاکـەی بـۆ ڕون کردوینەوەو دەفەرموێ: جولەکەو دیانەکان لەسەر گۆڕی پێغەمبەرانو پیاو چاکانیان مزگـەوتیان درووست دەکـرد، بۆیە ئوممەتەکەی لێ ئاگادارو وریا کردونەوە کەخۆ بەوان نەچوێننو وەك ئەوان مزگەوت لەسەر گۆڕی پیاو چاکانیان دروست نەکەنو مردو لەناو مزگەوتەکاندا نەنێژن.

هەروەها نوێژ لەلای گۆڕەکان نەکەن، ولای گۆڕەکان بەچۆك دا مەیەنو قورئان لەسەر گۆڕەکان مەخوێنن، چونکە ئەمانە هـەمویان لـەهۆکارەکانی هاوبـەش پەیـدا کـردنن، لەوانـەش دروسـت کردنـی خـانوو قەفـەزو دروسـت کردنـی گومبەت لەسەریانو پەردە بەسەر گۆڕ دادان ئەمانە هەموی هۆکـارێکن لـەهۆکارەکانی هاویـەش پەیـدا کـردنو زێـدە ڕۆیی لەمافی خاوەنی ئەو گۆڕانە، هەروەکو دەبینین چۆن ئەو جولەکەو دیانانە تێ ی کەوتون. هەروەها نەفامـەکانی ئەم ئوممەتی ئیسلامەش تێ ی کەوتونو چاو لـەوان دەکـەنو هـەتا وای لێ هـاتوە خـاوەن گـۆڕو پـیرو چاکەکانیان دەپەرستنو سەر بڕینو قوربانیان بۆ دەکەنو هانایان بۆ دەبەنو هاواریان دەکەنیو نەزریان بـۆ دەکـەن(٢٩٥) ، ئـەم

---

(292) أ ـ سورة التوبة : (٣٣).

ب ـ واتاکە یمان لەبابەتەکانی تری پێشودا نوسیوە. وەرگێڕ.

(293) أ ـ متفق علي صحته من حديث عائشة رضي الله عنها.

ب ـ واتە : نەفرەت لەجولەکەو دیانەکان کەمزگەوتیان لەسەر گۆڕو گڵکۆی پێغەمبەرانو پیاو چاکانیان دروست دەکرد. وەرگێڕ.

(294) واتە : ئایا دەزانن ئەو گەلو قەومانەی کەلە پێش ئێوەوە ڕۆیشتن گۆڕو گڵکۆی پێغەمبەرانو پیاو چاکانیان دەکرد بەمزگەوت، واتە مزگەوتیان لەسەر دروست دەکـردن، بەڵام من لەئێوەی قەدەغە دەکەمو نابێ لەسەر گۆڕەکان مزگەوتو خانوو قەفەزدروست بکەنو نابێ گۆڕەکانتان هەڵ ببەستن بەگەچو چیمەنتۆو ئەو جۆرە شتانە. وەرگێڕ.

(295) بەڵێ گەلی کوردی موسڵمانی ئێمەش وەك باقی گەلانی موسڵمانی جیهانی لەم دێوەزمەی خورافیاتو شتە بێ سەرەو بەرەو بێ بنەما شـەیتانیانە ڕزگـاری نـەبوەو پـێ ی تێ خلیسکاوەو تێ ی کەوتوەو تێوەی گلاوە، لەهەر ناوچەیەکی ئەم کوردستانی موسڵمان نشینی گـەورەی ئێمـەدا کۆمەڵـە مـەزارو گڵکـۆو گـۆڕە پـیرو پیـاو چـاکێك هەیـە جـا یالەناو مزگەوتەکانی شارە گەورەکانو شارو شارۆچکەکانو گوندو لادێ نشینەکاندا هەن وەك مزگەوتی گەورەی سـلێمانیو چـەند مزگـەوتێکی شـاری هـەولێرو بـاقی شـارو شارۆچکەکانی تریا لەگۆڕستانو لەچیاو لەسەر لوتکە شاخەکانو پێدەشتەکاندا هەن. یەکێ لەوانە شێخ زەردە کەگۆڕومەزارەکەی لەسەر لوتکەی چیای سـەر گونـدی قولـەی کانی مارنە لەدەشتی بیتوێن خەڵکان دەچنە سەریو لەبەری دەپاڕێنـەوە گوایـە ئـەو کەسـەی منـداڵی نـابن یـاکوڕی نابێـت کەبـچێتە سـەریو داوای لێ بکـات منـداڵی دەبـن، مەرجیش ئەوەیە دەبێ سەربڕینێك واتە بزنێك مەڕێك یاهەر شتێکی تری لەدەستی دێت بۆی سەر بڕێتو خوێنی بۆ بڕێژێ دەنـا هیـچی بـۆ نـاکـات!! یـان چاکەسـورو مامۆسـتا کەلەبناری کۆسرەتن ساڵانە چەندە لەنەفامو بێ ئاگا لەدینەکەیانو بەسۆزو ڕەحمەتو بەزەیی خوا دەچنە سەریو مەڕێك یا هەر حەیوانێکی تر دەبەن لەگەڵ خۆیانو لـەوێ سەری دەبڕنو دەی خۆنو دەی بەخشنەوە. من لەبەر ئەوەی کوڕم نەبون چەندان کەس سەر کۆنەیان دەکردمو پێ یان دەگوتم :

ـ کوڕە پیاوی چاك بە لەکەرێ شەیتانی وەرە خوارو هەستە وەرە لەگەڵم بابچینە سەر شێخ زەرد باکوڕێکت ببێتو خوێنێکیشی بۆ بڕێژە.

ـ دیارە منیش ڕاستی شیركو کافر بونی ئەم مەسەلەیەم بۆ ڕون دەکردنەوەو پێم دەگوتن کەئەمە هاوبەش پەیدا کردنی گەورەیەو پێ ی کافر دەبی. بەڵام ئەوان بڕوایان بەقسەکانی من نەدەکرد چونکە دیارە ماوەیەکی گەلێك زۆرە ئەم خورافیاتو چەواشەکاریە شەیتانیە لەخانەو شانەی مێشکیاندا کەڵەکە بوەو قەدی گرتوەو قەتماغەی بەستوەو وەك بو بەبەردەکانی (المتحجرات)ی لێ هاتوەو هەتا هەل دەکەنرێتو بەتەواوی پاك دەکرێتەوەو ساڵانێکی دورو درێژو پشویەکی قوڵو درێ خایەنی دەوێت، یەکێك لەوانە کەخۆی پێشتر چو بو پێ ی گوتمە :

ڕاستیەش لەوەوە دەزانرێت لەو هەمو شین بابەڕۆو قوڕ پێوانو زنجیر لەخۆ دانوهاتو هاوارەی کەلەلای گۆڕی(الحسين)و لای گۆڕی (البدوي)و شێخ عبدالقادری گەیلانی،و إبن عـــربيو غەیری ئەوانیش ئەنجامی دەدەنو دەکرێت ئەمانە هەمویان جۆرێکن لەجۆرەکانی هاوبەش پەیدا کردنی گەورە.

هەروەکو لەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەرەوەﷺهاتوە کەهەڵ بەستنوگەچ کردنی گۆڕەکان، دانیشتن لەسەریان، دروست کردنی خانوو نوسین لەسەر گۆڕەکانی حەرامو قەدەغە کردوە، ئەم کارەش شتێك نیە تەنیا ئەوە نەبێ کەبەگەورە دانانو پیرۆزی خاوەنی گۆڕەکەیە واتە هەڵ بەستن بەچیمەنتۆو گەچو خانوو گومبەت لەسەر گۆڕ دروست کردن هۆکارێکن لەهۆکارەکانی هاوبەش پەیدا کردنی گەورە(الشرك الأكبر)

دەی کەواتە ئەوەی لەسەر شانی موسڵمانان بەگشتی پێویستە- بەحکومەتو بەگەلەوە - وریایی بونو سڵ کردنەوە لەوهاوبەش پەیدا کردنەو لەو بیدعەو سەرپێچیانە. و گەڕانەوە بۆ لای خواو بەرنامەو شەریعەتی خوای گەورەو پرسیار کردن لەئەهلی زانستو زانایانی ناسراوو خاوەن بیرو باوەڕی پاکو ڕاست(العقيدة الصحيحة) ودەست گرتوو شوێن کەوتەی پێشینەی ئەم ئوممەتەو لەو بنچینەو بنەمایانەی کەکارو باری دینەکەیانی لەسەر دامەزراو بەڕیا کراوەو لەسەری دەڕۆیشتنو لەو زانا بەڕێزە متمانە پێکراوانە پرسیار بکەن بۆ ئەوەی خودای خۆیان لەسەر بەرچاو ڕۆشنیو زانستیانەی ڕاستەقینە بپەرستن. بەکار کردن بەم ئایەتە پیرۆزەی خوای گەورە کەدەفەرموێ:﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلاَّ رِجَالاً نُّوحِي إِلَيْهِمْ فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾([296]). هەروەها لەفەرمودەی پێغەمبەرﷺ:{ من يرد الله به خيراً يفقه في الدين}([297]).

---

- ئەبابە تۆ بەهەڵە داچویت، ئەدی ئەو نیە من لەوساڵانەدا چومە سەری و خوێنم بۆ ڕشتو ئێستا لەسایەی ئەو شێخ زەردەوە خوا کوڕێکی پێداوین. ناویشم ناوە شێخ زەرد بەناوی ئەو چاکەمەوە کردوەو شوێنیم بزر نەکردوە. دیار بو شێخ زەردی لەم وێنەیە لە دەڤەرەکەدا زۆر بون!!!

- نە برای خۆم ئەمە وانیەو لەسایەی ئەو شێخە بەڕێزەوە نەبوە، دیارە ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین کەئەو بەڕێزە ئینشائەللا پیاوی چاك بوەو خوا پلەی بەرز تر بکاتەوە، بەلام ئەو کارەی کەبەڕێزتان کردوتانە ئەو شێخە بەڕێزە خۆی پێ ڕازی نیەو ڕۆژی قیامەت لەو کارەی تۆ و هاو وێنەکانی تۆ بێ بەریەو ئەستۆ پاکی خۆی دەر دەبڕێت، سەربارى ئەمەش ئەم پیاو چاکە خۆ گوێ ی لەتۆ نبوەو لەکەسشی نابێت چونکە ئەو ئێستا گیانی لەبەر نەماوەو ناتوانێت وەڵامی کەس بداتەوەو نەسود بەکەس بگەیەنێتو نەزیان.. بەلام ئەوەی کەجەنابت دەفەرموی: ئەو لەگەڵ قەدەری خوا ڕێك کەوتوە، خۆ ئەگەر نەش چوبایە بۆ سەر ئەو گۆڕە خوای گەورە ئەو کوڕەی هەر دەدایە. بەلام شەیتان لێرەدا ڕۆڵ دەبینێتو دێتە بن گوێ ی چەندان هەزاری وەکو تۆ و هانتان دەدات بۆ ئەوەی بێنە سەر ئەو پیرو چاکانەو لێ یان بپاڕێنەوە چونکە ئەو دەزانێت کەخوای گەورە ئەو نیازەی هەتە هەر بۆت دێتو پێت دەبەخشێت بەلام ئەو شەیتانە سیناریۆیەکت بۆ دەسازێنی تا پێشتر لەکاتی پی بەخشینی ئەو بەخششەی کەتۆ لەخوات دەوێت بێتە سەر مەزارەو لەگەڵ قەدەری خوا ڕێك بکەوێت تا ئێوەی لەدینی خوا بێ ئاگا وابزانن ئەوە بەهۆی ئەو پیرو پیاو چاکە بودەستت هێناوە بەلام لەڕاستی دا ئەمە وانیەو تەنیا لەخوای گەورەوەیە و بەس.

ئەمەو گەلێ نمونەی تر لەوانە چاکەسورو مامۆستا کە پێش کەمێك ئاماژەم پێ کرد، لەساڵەکانی حەفتاکاندا بو کەئەو کات ئەو هۆشیاریە ئاپینیەم نەبو، هەر چەندە ئەو کاتەش بڕوام بەو شتانە نەبو وەك هیدایەتێکی فیتری خوایی، بەلام لەلایەن خزمو خۆیش و دۆستو بنەماڵەکەمانەوە فشارم لەسەر بو ئە نجام ڕازیان کردمو بردیانم بۆ سەر گۆڕی ئەم چاكو سورو مامۆستیایەو بردیانەمە سەر گۆڕەکەی و چەند ڕکات سوننەتیان پێ کردم لەناو ئاغەڵی گۆڕەکەداو دوایی پێیان گوتمە: دەی بەردێك بێنەو بەکێلی گۆڕەکەی دابێنە کەگرتی ئەوا واتای وایە کوڕێکت دەبێت. منیش هەمویم بەقسە م کردنو بیانوم بڕین. بەردەکە گرتیو ئێستاشی لەگەڵ دا بێت هیچم نەدی. بەوانەم گوتەوە کەبردیانم : کوا ئەدی بۆ هیچی نەداینی. لەوەڵامدا دەیان گوت: ئاخر تۆ بڕوات پێ نەبو بۆیە کوڕت نەبو!! ئای لەو نەفامیە شەیتان کارەکانیان بۆ دەڕازێنێتەوەو لەهەمو شوێنێکدا وەڵامیان بۆ ئامادە دەکاتو بۆیان دەسازێنێ.

یان هەیە دەڵێن ئەوە چاکی قۆخە ڕەشێ یە، جارێکیان لەگەڵ مامۆستا عبدالرقيب دا چوین بۆ سەردانی گۆڕشتانی گوندی ئەستریلان کەدەکەوێتە پشت ناحیەی چوارقوڕنە لەدەشتی بیتوێن لەقەزای ڕانیە، لەو گۆڕستانەدا کێلێکی کونەو دەری تێدا بو لەخەڵکەکەم پرسی ئەو چی یە ئەو کێلە کونە؟ گوتیان ئەوە کێلی کۆکە ڕەشێ یە، هەرکەسێك کۆکە ڕەشەی گرت ئەگەر هاتە سەر ئەو گۆڕەو دەسرۆکەی ملی خۆی یا جامانەکەی لەو کونە هاویشت ئەوا دەست بەجێ کۆکەڕەشەکەی چاك دەبێتەوە. ئەمەو سەدان بگرە سەدانو هەزاران نمونەی تری لەم جۆرانە کەخەڵکی موسڵمانی ئێمەی پێوە گیرۆدە بونو شەیتان کارەکانی بۆ ڕازاندونەوە تالەڕۆژی قیامەتدا بەتەنیا نەچێتە دۆزەخ ئەو هەمو خەڵکە لەگەڵ خۆی دا ڕۆپێچەك بدات بۆ ناو ئاگری دۆزەخ، بێ ئاگا لەوەی کەشەیتان دوژمنێکی سەر سەختی ئەوان هەروەکو خوای گەورە پێ ی ڕاگەیاندوین :﴿ إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ سورة فاطر: (٦).

([296]) أ- سورة النحل: (٤٣).

شتێكی ئاشكراو بەڵگە نویستە كەبەندەكان هەروا بەگاڵتەو بێ سود دروست نەكراون، بەڵكو بۆ كارو بۆ حیكمەتێكی زۆر گەورەو مەبەستێكی پیرۆز دروست كراون، ئەویش بریتیە لەتەنیا پەرستن‌و بەندایەتی بۆ كردنی خوای تاك‌و تەنیاو هیچ شتێكی تری لەگەڵ دا نەپەرسترێت و هاوبەشی بۆ پەیدا نەكرێت. هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾(٢٩٨). هیچ رێگاو هیچ پەنایەكی دیكەنین شێوازو چۆنیەتی ئەو پەرستش‌و بەندایەتیەی لێ فێر بێت‌و بزانیت تەنیا لەكتێبە گەورەو پیرۆزەكەی خواو سوننەتی پاكی پێغەمبەرﷺنەبێت. هەروەها زانینی ئەوەی كەخوای گەورەو پێغەمبەرەكەی فرمانیان پێ كردوین لەجۆرەكانی بەندایەتی‌و پرسیار كردن لەئەهلی عیلم‌و زانا بڕوا پێكراوەكانی ئیسلام لەهەر شتێك كەگومانی تێدا دروست بو، ئیدی بەم جۆرە پەرستشی‌و بەندایەتی كردنی خوای پاك‌و بێگەرد دەزانیت، ئەو بەندایەتیەی كەخوای گەورە بەندەكانی لەپێناودا دروست كردون‌و بەو شێوەش ئەنجام بدرێت كەخوای گەورە بۆی یاسا ڕێژو كردوین. ئائەوە تاكە رێگەیەكە بۆ ڕەزا بونی خوای پاك‌و بێگەردو بردنەوەی ڕێزو كەرامەتی خوا، و ڕزگار بون لەتوڕەیی‌و سزای خوای گەورە. خوای گەورە موسڵمانان سەر بخات بۆ هەر كارێك كەڕەزامەندی خوای گەورەو لەدینەكەی خۆی شارەزایان بكات، چاكەكاران‌و داد پەروەرەكانیان لەسەر بكاتە گەورەو بەرپرس‌و سەركردەودەم ڕاست‌و ڕیش سپی‌و بەرپرسەكانیان بۆ چاك بكات، وەزانایانی موسڵمان سەركەوتو بكات بۆ ئەنجام دان‌و ڕاگەیاندنی ئەوەی لەسەر شانیانە لەڕاگەیاندن‌و بەڵگەكانی دینی خواو فێر كردن‌و ئامۆژگاری‌و ئاراستە كردنی موسڵمانان، خوای گەورە بەخشندەو میهرەبان‌و سەخیە.

وەلەجۆرەكانی هاوبەش پەیدا كردن(الـــشرك)،سوێند خواردن بەغەیری خوا: وەك سوێند خواردن بەپێغەمبەران‌و پیاو چاكان‌و بەسەری فلان، بەگیانی فلان، سوێند بەئەمانەت‌و بەشەرەف‌و بەناموس، لەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەرﷺهاتوە كەفەرمویەتی:{ من كان حالفاً فليحلف بالله، أو ليصمت}(٢٩٩). هەروەها لەفەرمودەیﷺهاتوە كەفەرمویەتی:{من حلف بالأمانة فليس منا}(٣٠٠). هەروەها لەفەرمودەیەكی تردا ﷺفەرمویەتی: {لاتحلفوا بآبائكم ولا بأمهاتكم ولا بالأنداد، ولا تحلفوا بالله إلاَّ وأنتم صادقون}(٣٠١).. فەرمودە لەم بوارەدا گەلێك زۆرن.

سوێند خواردن بەغەیری خوا لە هاوبەشی پەیداكردنی بچوك (الشرك الأصغر)ە وسەربۆ هاوبەشی پەیدا كردنی گەورە(لشرك الأكبر) دەكێشێ ئەگەر لەو سوێند خواردنەی دا مەبەستی پێ گەورەیی و پیرۆزی ئەو سوێند پێ خوراوەبێ، وەك بە گەورە دانانی خوای گەورە یاخود بیروباوەڕی وابێت بێجگە لە خوا ئەو سوێند پێخوراوە سودو

---

ب ـ واتە : ئەگەر خۆتان نازانن لەزانایان‌و خاوەن كتێبكان پرسیار بكەن تابۆتان دەر بكەوێت خوا لەهیچ كاتێك دا فریشتەی نەكردوە بە پێغەمبەر. لەكۆڕی زانایانی ئیسلامی خاوەن بیرو باوەڕی پاك‌و خاوێنی ئیسلامی‌و متمانەو باوەڕ پێ كراو بپرسن لەهەر كێشەو لەهەر شتێك لەحوكمەكانی ئیسلام كەلاتان ڕون و ئاشكرا نەبو. تەفسیری گوڵشەن ب٢ل٦٧٤. وەرگێڕ.

(297) واتە : هەر كەسێك خوای گەورە هیدایەتی بدات‌و بیەوێ خێرو بەرەكەتی بەسەردا بڕیژێت ئەوا لەدین‌و ئەحكامەكانی شەریعەتەكەی خۆی زاناو شارەزای دەكات. وەرگێڕ.

(298) أ ـ سورة الذاريات : ( ٥٦ ).

ب ـ واتاكە یمان لەڕابردودا نوسیوە. وەرگێڕ.

(299) أ ـ متفق على صحته.

ب ـ واتە : هەر كەسێك لەئێوە سوێندی خوارد با سوێند بەخوا بخوات دەنا بابێ دەنگ بێت‌و سوێند بەهیچ شتێكی تر نەخوات. وەرگێڕ.

(300) واتە : هەر كەسێك سوێند بەئەمانەت بخوات ئەوە لەئێمە نیە واتە موسڵمان نیە. وەرگێڕ.

(301) واتە : سوێند بەباب‌و دایك‌و بەبتەكان مەخۆن، وەسوێند بەخواش مەخۆن مەگەر بەڕاستی سوێندی پی بخۆن.وەرگێڕ.

قازانجی پێدەگەیەنێت یاخود پێیوابێ ی وابێ کە ئەو سوێند پێ خوراوە شایەنی ئەوە یە کەداوای لێ بکرێت و هانا ی بۆ ببرێت. وەلە لقەکانی تری ئەم بابەتە ئەوەیە کەبڵێ ی (ماشاء الله وشاء فلان) واتە ئەگەر ویستی خوا و ویستی فڵان کەسی لە سەربێت (لولا الله وفلان ــ ئەگەر خواو فڵان کەسی نەبوایە) یا(هذا من الله وفلات ــ ئەمە لە خواو لە فڵانکەس دەزانم، دیارە ئەمانەش هەموویان هاوبەشی پەیداکردنن بۆ خوای گەورە و لە هاوبەشی بچوکن بەگوێرەی فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) {لاتقولوا ماشاء الله وشاء فلان، ولكن قولوا ماشاء الله ثم شاء فلان}ــ بەمە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەر بڵێین (لولا الله ثم فلان، اوهذا من الله ثم فلان ـــ ئەگەر خوا نەبوایەو دوایەش فڵان کەس نەبو بابە سەبەب) واتە لەناوهێنان فڵان کەسی مەبەست تەنیا بۆ هۆکارێك بێت و بەس (تسبب) ودەنا شتەکە یا کارەکە لەخواوەیە ئەو کەسەش دەبێتە سەبەبی بونی ئەو شتە.

لەپێغەمبەرەوەﷺچەسپاوە کەپیاوێك پێ ی گوت: (ماشاء الله وشئت ـ ئەگەر خواو تۆ بتەوێت)، ﷺپێ ی فەرمو: {أجعلتني لله نداً ؟! قُل: ماشاء الله وحده) ئەم فەرمودەیە ئەوە دەگەیەنێ ئەگەر بڵێ ی: ئەگەر خوا خۆی بەتەنیا ویستی لەسەر بێتو باشترو تەواو ترە، وەئەگەر بشلێ ی ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت ئەمجار دوایی تۆش ویستو ئارەزوت لەسەر بێت هیچی تێدا نیەو ڕێگە پێدراوە. بەکۆی هەمو فەرمودەکانو بەڵگەکان. خوای گەورە پشتگیرو یاریدە دەرو سەرخەرە.

## پرسیاری دووەم:

**هەندێ لەخەڵکان هەن پاڕانەوە بەبڕوا بون واتە ئیمان بەپێغەمبەرﷺ و خۆشەویستیو گوێ ڕایەڵی پێغەمبەرﷺ تێکەڵ دەکات، لەگەڵ پاڕانەوە لەبەر خودی خۆیو پلەو پایەی(جاە) پێغەمبەرﷺ، هەروەکو پاڕانەوە بەدوعاکانی پێغەمبەرﷺلەژیانی داولەدوای مردنی تێکەڵ بەیەکتری دەکەن، وەلەئەنجامی ئەم تێکەڵی یەدا دەبێتە هۆی چەواشە کردنو لێ تێکەڵ بونی شەرعیەکان بەناشەرعیو قەدەغە کراوەکان، ئایا هیچ ڕونکردنەوەیەك هەیە بتوانێت ئەو چەواشەکاریو پەردە پۆشیانە لاببات، بەسەر چاوی ئەو خاوەن هەواو ئارەزوانەی کەپەردە بەسەر چاوی موسڵمانانندا دەدەن لەم جۆرە کێشانەدا بدرێتەوە؟**

## وەڵام:

گومانی تێدا نیە کەزۆرێك لەخەڵکی جیاوازی لەنێوان پاڕانەوەی مەشروعو پاڕانەوەی نامەشروع یاقەدەغە کراودا ناکەن بەهۆی نەفامیو کەمی ئامۆژگاریکارانو ئەو کەسانەی کەوریاو ئاگاداریان بکەنەوەو ڕێنومایيو سەر پەرشتیان بکەن بۆ دۆزینەوەی هەقو ڕاستیەکان، دیارە شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە کەجیاوازیەکی زۆر گەورە لەنێوان ئەم دو چەمکانەدا هەیە، پاڕانەوەی شەرعی ئەوەیە کەخوای گەورە پێغەمبەرانی پێ ناردونو کتێبەکانی لەپێناودا ناردونەتە خوارو هەردو جیهانی جنۆکەو مرۆڤەکانی لەپێناودا دروست کردون کەبریتیە لە بەندایەتی بۆ کردنو پەرستشی خوای پاکو بێگەردو خۆشەویستی خوای گەورەو خۆشەویستی پێغەمبەرﷺ، هەروەها خۆشەویستی گشت پێغەمبەرانو بڕواداران، وەبڕوا بون بەهەمو شتێك کەخوای گەورەو پێغەمبەرەکەی هەواڵیان پێ داوین لەزیندو بونەوەو هەستانەوەو بەهەشتو ئاگری دۆزەخو باقی شتەکانی تر کەخوای گەورەو پێغەمبەرەکەی هەواڵیان پێ داوین کەهەقو ڕاستن.

ئەوانە هەموویان هۆکاری شەرعین بۆ چونە ناو بەهەشتو ڕزگار بون لەئاگری دۆزەخ، بەختەوەری و سەرفرازی لەدنیاو لەقیامەتدا، لەو هۆکارانەش دوعاو پاڕانەوەو داوا کردن لەخوای گەورەو پاكو بێگەرد، و پاڕانەوە بەناوە

جوانـەکانیو بەسـیفاتە بـەرزەکانیو بەخۆشەویـستی خـوا، بـڕوا بـون بەهـەمو کـردەوە چـاکەکان کـەبۆ بەنـدەکانی داڕشتونو کردونی بەهۆکارو دەربازێك بۆ ڕەزامەند بونی خۆی، بردنـەوەی بەهەشـتەکەی بەکەرامـەتو ڕێـزی خـۆی. هەروەها ڕزگـار بـونو سـەرکەوتن بەسـەر هـەمو ناخۆشـیو تـەنگو چـەڵەمەکانو ئاسـانکاریو هێنانـە پێـشی کـارو بارەکان لەدنیاو لەڕۆژی دوایی دا هەروەکو خوای گەورەو بەرزو بێ هاوتـا دەفـەرموێ: ﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّـهَ يَجْعَـل لَّـهُ مَخْرَجًا۝وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ﴾ ([302]). هەروەها خوای گـەورە دەفـەرموێ:﴿ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْـرِهِ يُسْرًا﴾ ([303]).هەروەها خوای باڵا دەستو کار بەجێ دەفـەرموێ:﴿ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَـهُ أَجْـرًا﴾ ([304]).هەروەها دەفەرموێ:﴿ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ﴾([305]). هەروەها خوای پاکو بێگەرد دەفەرموێ:﴿ إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ ﴾([306]).هەروەها دەفەرموێ:﴿ يِا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إَن تَتَّقُواْ اللّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَاناً وَيُكَفِّـرْ عَـنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ﴾([307]). ئایەتەکان بـریتین لـە زانـست و هیدایـەت و جیاکردنـەوەی ڕاسـتی و ناڕاستیو هەق و ناهەق لەیەکتری، ئایەت لەم بوارو لەم واتایە دا گەلێك زۆرن.

وە لەبـەر پاڕانـەوە شـەرعییەکان، پاڕانـەوە لەبـەر خـوای پـاکو بێگـەرد پاڕانـەوە بـە خۆشەویـستی پێغەمبەرﷺ وبڕوا پێ بـونیو شـوێن کـەوتنی شـەریعەتەکەی: چـونکە ئەمـە لەگـەورە تـرین کـارە چـاکەکان و باشترین نزیك بونەوەیە لە خوای گەورە .

بەڵام پاڕانەوە بەپلەو پایەو شان و شەوکەتی پێغەمبەرﷺ وبەخودی خۆیو بە هـەقی پێغەمبـەرﷺ، یـاخود بـە شـانو شـەوکەوتی غـەیری ئـەویش لەپێغەمبـەرانو پیـاو چـاکان یابـەخودی خۆیـانو بەهـەقی پێغەمبـەران و شـێخ ومشایەخو پیاو چاکان لەداهێنان(بدعة) خراپەکانن کە هیچ بنچینەو واتایەکیان نیـە، بـەڵکو هۆکـارێکن لـە هاوبەشـی پەیداکردن، چونکە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ نزیکترین وزاناترو شـارەزا تـرین کەسـێك بـون بـۆ پێغەمبـەر ﷺو هـەقی پێغەمبەر ﷺئەو کارەیان نەکردوە، ئەگەر ئەم جۆرە پاڕانەوەیە، دەی ئەگەر ئەم جۆرە پاڕانەوەیـە چـاکەو خێـری تێدا بایە ئەوان لەپێش ئێمەدا دەیان کردو بەئێمەشـیان دەگـوت بیکـەنو پـێ یـان ڕادەگەیانـدین تاپیـادەی بکـەین.

---

([302]) أ ـ سورة الطلاق: (٢-٣).

ب ـ واتە: هەر کەسێك تەنیا و بەدڵسۆزی پشتو پەنای بەخوای گەورە بێتو خۆی لەخوای خۆی بپارێزێتو گوێ ڕایەڵی تەواوی بۆ خوای گەورە هەبێت و بە پێ ی فەرمانەکانی خوا ژیانی بەرێتە سەر ، ئەوا خوای گەورە دەروی خێری لێ دەکاتەوەو دەرگاکانی ژیانی بۆ واڵا دەکاتەوەو لەشوێنی واوە ڕزقو ڕۆزی بۆ دەنێرێت هەر بۆخۆشی نازانێت لەکوێوە بۆی هاتوەو بەجۆرێکی وا بۆی هەڵ ناژمێردرێت. وەرگێڕ.

([303])أ ـ سورة الطلاق: (٤).

ب ـ واتە: هەر کەسێك بە پێ ی فرمانەکان خواو پێغەمبەری خوا بجوڵێتەوەو سەرتا پای ژیانی بە پێ بەرنامەکەی خوا بەرێت بـەڕێوەو لـەخوای خـۆی بترسێتو خـۆی لەخوا بپارێزێت ئەوا خوای گەورە دەروی خێری لێ دەکاتەوە لەدنیاو لەقیامەتدا ئاسانکاری تەواوی بۆ دەکاتو سەر بەرزو سەرفراز دەبێت. وەرگێڕ.

([304]) أ ـ سورة الطلاق: (٥).

ب ـ واتە : هەمان واتای ئایەتەکانی پێش خۆی و خوای گەورە ئەجرو پاداشتێکی زۆری دەداتەوە. وەرگێڕ.

([305]) أ ـ سورة الحجر: (٤٥).

ب ـ واتە: خۆ لەخوا پارێزان دەخرێنە بەهەشتەوە کە پڕیەتی لەچەندان باخو باخاتێکی خۆش خۆش و چەندان ڕوبارو جۆبارو کانیاو سەرچاوەی خۆشیو بەلەزەتیا بەژێردا دەڕاوت. وەرگێڕ.

([306]) أ ـ سورة القلم: (٣٤).

ب ـ واتە: ئەوانەی بەتەواوی خوای خۆیان دەپەرستن و خۆلەخوای خۆیان دەپارێزن و فرمانەکانی خوا جێبەجێ دەکـەن ئەوانـە بێگومانـە کەلەلایـەن پـەروەردگاری خۆیانەوە بەهەشتێکی پڕ لە باخ وباخاتێکی ڕازاوەی قەشەنگیان بۆ تەرخان کراوە . وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتە فسیری گوڵشەن ب١ل١٥٠٩.

([307]) أ ـ سورة الأنفال: (٢٩).

ب ـ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتـان هێنـاوە لەخوا بترسنو ملکەچی بڕیارو فەرمانە کانی بن، ئەگەر ئێوەش وا بن خودا هیدایەت دەخاتە ناو دڵتان تا بتوانن چاکەو خراپە لە یەك جیا بکەنەوە .وەرگێڕ.

لەکاتی ئیمامی عمردا رضي الله عنه موسڵمانان توشی وشکە ساڵیو گرانی هاتن هیچ نەچون بۆ لای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ و لەبەری نەپاڕانەوەو نەك هەر ئەوە بەڵکو لای گۆڕەکەشی لەبەر خوا نەپاڕانەوە، بەڵکو بەمامی پێغەمبەروﷺ بەدوعای مامی پێغەمبەر ﷺ عباسی کوڕی عبدالمطلب لەبەر خوا پاڕانەوە کەبارانیان بۆ ببارێنێت، ئیمامی عمروﷺ لەسەر مینبەر لەبەر خوا پاڕایەوەو گوتی:(اللهم إنّاً كنا إذا أجدبنا نَتَوَسَّل إليكَ بنبينا فتسقينا، وإنــاً نتوسَّل إليكَ بعمِّ نبينا فاسقنا، فيسقون)(٣٠٨).

ئەمجار ئیمامی عمر رضي الله عنه فەرمانی بەعباس کرد کەبۆیان لەبەر خوا بپاڕێتەوە تاخوای گەورە بارانیان بۆ ببارێنێت، ئەویش دوعای بۆ کردنو موسڵمانانی دڵنیا کردەوە کەدوعایان بۆ دەکات. ئەوە بو خوای گەورە دوعای لێ قبوڵ کردنو بارانی بۆ باراندن. هەروەها چیرۆكو بەسەر هاتی سێ کەسەکەی ناو ئەشکەوتەکە، ئەم بەسەر هاتە لەهەردو فەرمودە ڕاستەکانی (الصحيحين)دا جێگیرو چەسپاوو دڵنیایە کەپوختەکەی ئەمەیە:(سێ کەس لەگەلانی پێش ئێمە لەشاخو چۆڵێك دەمێننەوەو باران ناچاری کردن بچنە ناو ئەشکەوتێكو تیایدا مانەوە، بەتەقدیری خوا گابەردێکی زلی گەورە دەرگای ئەشکەوتەکەی لێ گرتنو لەهێزو توانای ئەواندا نەبو لای بەرن. ناچارمان ڕێگە چارەیەك بدۆزنەوە هەتا خوای گەورە ڕزگاریان بکات. بیریان کردەوەو گوتیان هیچ شتێك لێرەدا ڕزگارمان ناکات تەنیا ئەوە نەبێت بەکردەوە چاکەکانی خۆمان لەبەر خوای گەورە بپاڕێینەوە. ئەوە بو هەر کەس بەکردەوەی چاکی خۆی لەبەر خوا پاڕانەوە.

یەکەمیان: بەڕێز گرتنو چاکە کردنو گوێ ڕایەڵی دایكو باوکی لەبەر خوا پاڕایەوەو ئەوی تریشیان بەپاکیو داوێن پاکی خۆی لەزینا کردن لەکاتێکدا توانای کردنی هەبو لەبەر خاتری خوا نەی کردوە، وەسێ یەمیشیان بەدەست پاکیو گێڕانەوەی ئەمانەت بۆ خاوەنەکەی لەبەر خوا پاڕایەوەو خوای گەورەش قبوڵی کردنو بەردەکەی بۆ لادانو لەئەشکەوتەکە هاتنەدەر. دیارە گومانی تێدا نیە کەئەم چیرۆکە بەڵگەیەکی بەهێزو گەورەیە لەسەر پاڕانەوە لەبەر خوای گەورەو کردن بەهۆکارێك(الوسيلة) بەکردەوە چاکەکانی مرۆڤ خۆی، کەگرنگترینی هۆکارەکانە بۆ ڕزگار بون لەماتەمینیو ناخۆشیو تەنگو چەڵەمەکانو ئاریشەکانو ڕزگار بونو سەلامەت بون لەناخۆشیەکانی دنیاو ڕۆژی دوایی.

بەڵام پاڕانەوە بەشانو شەوکەتی فڵان کەسو بەهەقی فڵانو فیسارە کەس، یا بۆ خاتری فڵان کەسو فیسارە کەس، ئەوانە بیدعەو خراپەکارینو یەکێکە لەهۆکارەکانی هاوبەش پەیدا کردن(الشرك). بەڵام داوا کردن لەمردوانو لەبەر پاڕانەوەو هانا بردن بۆیان ئەوانە هاوبەش پەیدا کردنی گەورەن(الشرك الأكبر)و بەهیچ شێوەیەك دروست نین.

هاوەڵان رضي الله عنهم داوایان لەپێغەمبەر ﷺ دەکرد کەدوعایان بۆ بکاتو هانایان بۆ لای خوا بۆ بەرێت کاتێك توشی وشکە ساڵیو گرانی دەهاتن،و داوای تکا کردنیان لێ دەکرد لەهەر شتێك کەسودی هەبایە بۆیان لەکاتێك کەپێغەمبەر ﷺ زیندو بو و لەناویاندا بو، بەڵام کاتێك پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردو لەناویاندا نەمان ئیدی تەواو داوای هیچ شتێکیان لێ نەدەکردو هانایان بۆ نەدەبردو نەدەهاتنە لای گۆڕەکەیو داوای تکا کردنیان لێ نەدەکردو هیچ شتێکیان داوا لێ نەدەکرد. چونکە ئەوان بەرچاو ڕۆشن بونو دەیان زانی کەلەدوای مردنی ﷺ ئەم کارە دروست نیە، بەڵکو

---

(308) أ ـ رواه البخاري في صحيحه.

ب ـ واتە: ئەی پەروەدگارا ئێمە لەکاتو سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر توشی وشکە ساڵیو گرانی دەهاتین داوامان لەو دەکرد کەدوعامان بۆ بکات و بەدوعای ئەو لەبەرت دەپاڕاینەوەو تۆش بارانت بۆ دەباراندین، ئێستا پێغەمبەر ﷺ لەناوماندا نەماوە، بەدوعای مامی پێغەمبەر ﷺ لەبەرت دەپاڕێینەوە بارا نمان بۆ ببارێنە . خوای گەورەش بارانی بۆ باراندن. وەرگێڕ.

ئەوە تەنیا لەپێش مردنیﷺبو. بەڵام لەرۆژی قیامەتدا کاتێك بڕواداران ڕوی تێ دەکەنو داوای تکا کردنی لێ دەکەن لەقاپی خوا کەوا دادگاییان بکاتو بارودۆخەکە ببڕێتەوە. و بچنە بەهەشتەوە، ئەویش دوای ئەوەی دەچنە لای ئادەمو نوحو إبراهیمو موساو عیسا (علیهم الصلاة والسلام) هەمویان ڕێنومایییان دەکرد بۆ لای هی دوا خۆی هەتا گەیشتە پێغەمبەری ئێمە محمدﷺهاتنە لایو داوای شەفاعەتیان لێ کردو ئەویش فەرموی:{أنا لها أنا لها}، چونکە خوای گەورە هەر لەدنیادا ئەو پەیمانەی پێ داوە، جا پێغەمبەرﷺیەکسەر دەچێتە کڕنۆش بردن لەبەر هەردو دەستی خوای گەوردا، و سوپاسو ستایشی زۆری خوا دەکاتو لەبەری دەپاڕێتەوە سەری هەر لەسوژدە دا دەبێت کەپێ ی دەگوترێت: (سەرت بەرز بکەوەو بڵێ، گوێت لێ دەگیرێت، داوا بکە پێت دەبەخشرێت، تکا بکە تکایەکەت وەردەگیرێت.

ئەم فەرمودەیە لە(الصحیحین)دا هاتوەو چەسپاوەو پێ ی دەگوترێت فەرمودەی تکا کردن(الشفاعة)ی بەناوبانگ. ئەوەیە(المقام المحمود) واتە جێگەوپلەو پایەی سوپاس کراو، جێگەو پلەو پایەی بەرز. کەخوای گەورە لەفەرمودەیەکی خۆی داو لە سورەتی (الإسراء)دا باسی کردوەو دەفەرموێ:﴿ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا ﴾ ([309]).

وصلى الله عليه وسلم، وعلى آله وأصحابه وأتباعه بإحسان، وجعلنا الله من أهل شفاعته، إنه سميع قريب.

**پرسیاری سێ یەم: تێ بینی نەزانی و نەفامیو تێنەگەیشتنو حاڵی نەبونی زۆرێك لەو کەسانەی کەلەسەر ئیسلامیش حسابن لەواتای(لا إله إلاَّ الله)، ئەمەش دەبێتە ئەگەری پێچەوانە بون و دژایەتی چەمکی (لا إلە إلاَّ الله)، یا کەم و کوڕی کردن لە قسەو کردارەکانی دا، کەواتە واتای (لاإله إلاَّ الله) و داخوازیەکانی چینو مەرجەکانی چین؟**

**وەڵام:** گومانی تێدا نیە کەچەمكو وشەی( لا إله إلاَّ الله) بنچینەو بنەمای ئایینە، وپایەی یەکەمە لەپایەکانی ئیسلام، لەگەڵ شایەتمانی محمد نێردراوی خوایە(أشهد أن محمداً رسول الله)هەروەك و لە فەرمودەی ڕاست و لەپێغمبەرەوە هاتوە کە دەفەرموێت (بنى الاسلام على) .

هەروەها لە هەردو فەرمودە ڕاستەکاندا (الصحيحين) هاتوە، لە إبن عباس رضي الله عنـــهما کاتێ پێغەمبەر ﷺ معاذيﷺبۆ یەمەن ناردو پێ ی گوت:{إنك تأتي قوماً من أهل الكتاب، فادعهم إلى أن يشهدوا أن لا إلـــه إلا الله وأني رسول الله، فإن أطاعوك لذلك فأعلهم أن الله افترض عليهم خمس صلوات في اليوم و الليلة، فإن اطاعوك لذلك فأعلمهم أن الله افترض عليهم صدقة تؤخذ من أغنيائهم، فتردَّ على فقرائهم }([310]).ئەمەو فەرمودە لەم بابەتەدا گەلێك زۆرن.

واتای چەمکی(لا إلــه إلاَّ الله) ئەوەیە کەهیچ خوایەکی تر نیە کەبەهەق بپەرسترێت بێجگە لەخوای پاكو بێگەرد(الله)و ئەم چەمکە خوداوەندی بەهەق بێجگە لەخوای گەورە ڕەت دەکاتەوە.و تەنیا بۆ خودای گەورەی دەچەسپێنێ، هەروەکو خوای گەورە لەسورەتی حەجدا دەفەرموێ:﴿ ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ ﴾([311]).هەروەها خوای پاكو بێگەرد لەسورەتی(المؤمنون)دا دەفەرموێت:﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًــا آخَـــرَ لَا

---

([309]) أ ـ سورة الإسراء: ( ٧٩ ).

ب ـ واتە: تا خوای گەورە لەرۆژی قیامەتدا جێگەو پلەو پایەی بەرزت پێ ببەخشێتو زۆر زۆر ڕێزت بگیرێتو باست بکرێت. هەندێ لەزانایان دەڵێن مەبەست لە( مقاماً محموداً ) تکاکردنە بۆ خەڵکیو هەندێکیش دەڵێن مەبەست لەشەو نوێژە کەلەسەر پێغەمبەرﷺواجب کراوەو هەندێکیش دەڵێن سوننەت بوە لەسەری نەك واجب.هەر بۆ زیادە خێری بوە، هەندێکیش دەڵێن سەرتا لەسەری پێویست بوەو دوایی سوننەتو پێویستیەکەی لەسەر نەماوە. تەفسیری گوڵشەن ب ٢ل٧٢٤ـ ٧٢٥.

([310]) أ ـ الحديث متفق عليه .

ب ـ واتە : واتاکە یمان لەبابەتەکانی پێشتردا شی کردۆتەوە. وەرگێڕ.

([311]) أ ـ سوره الحـج. ( ٦٢ ).

ب ـ واتە :هەر خوا( الله ) خوای ڕاستو هەقە، ئەو هەمو شتانەی کەئەو بت پەرستو بێ باوەڕانە بەخودای خۆیانیان دەزاننو داوای سودو قازانجو لادانی زیانو حەل کردنی کێشەوئاریشەکانیان لێ دەکەن هەر هەمویان بێ نرخو پوچەڵو بێ سودو بێ کەڵکن، هەر خوای گەورە بەرزو داناو گەورەیە. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب٢ل٨٥٥.

بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِندَ رَبِّهِ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾([312]). هەروەها لەسورەتی(البقرة)دا دەفەرموێ:﴿ وَإِلَهُكُمْ إِلَـهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ﴾ ([313]). وەلەسورەتی (البيّنة)دا دەفەرموێ:﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء ﴾([314]). ئەمەو ئایەت لەم بوارو لەم واتایەدا زۆرن.

ئەم چەمکو ئەم وشە بەنرخو گەورەیە هیچ سودێکی نیە بۆ ئەو کەسەی کەتەنیا دەیڵێتو گوێ دەکاتو واتاکەی نازانێ، تەنیا بەم گۆکردنەی لەبازنەی هاوبەش پەیدا کردن(الشرك) نایباتە دەر هەتاکو بەتەواوی لەواتای ئەو چەمکە نەگاتو نەزانێ داخوازیەکانی چینو چی لێ دەوێت، ئەمجار دەبێ بڕوای تەواویشی پێ هەبێتو کاریشی بەتەواوی پێ بکاتو گشت داخوازیەکانی جێ بەجێ بکات. واتە چەمکی(لا إله إلاَّ الله) چی داوا لێ دەکات دەبێ بەبێ کەمو کوڕی هەموان جێ بەجێو ئەنجام بدات. دوڕوەکان لەبەر چاوی موسڵماناندا دەیان گوتو دەیڵێن، تەنیا بۆ چەواشە کردنی موسڵمانان دەنا نەبڕوایان پێ ی هەیەو نەکاریشی پێ دەکەن، ئەوانە جێگەیان بنکی بنەوەو تەختی بنەوەی ئاگری دۆزەخە. بۆ؟ چونکە ئەوان نەبڕوایان پێ ی هەیەو نەکاریشی پێ دەکەن.

هەروەها جولەکەکانیش ئەم چەمکی(لا إله إلاَّ الله)بەدەم دەڵێن کەچی نەبڕوایان پێ ی هەیەونەکاریشی پێ دەکەن لەهەمو کەس بێ باوەڕ ترن چونکە بڕوایان پێ ی نیە، هەروەها گۆڕ پەرستانو دۆستانی خوا پەرست لەبێباوەڕانی ئەم ئوممەتی ئیسلامە بەدەم دەیڵێن بەڵام بەقسەو بەکردەوەو بیروباوەڕیان پێچەوانەی ئەم چەمکە پیرۆزەنو بەپێچەوانەی مەفهومەکەی دەجوڵێنەوە. کەواتە ئەم جۆرە گوتنانەیان هیچ سودێکی نیە بۆیانو هیچ دابیان ناداو بەهەندێش نابنە موسڵمان، چونکە ئەوان بەدەم لەبەر چاوی خەڵکی دەیڵێن بەڵام بەقسەو بەکردەوە دژایەتی دەکەنو بیرو باوەڕیان پێ ی نیە.

---

([312]) أ ـ سورة المؤمنون: (١١٧).

ب ـ واتاکەیمان پێشتر نوسیوە. وەرگێڕ.

([313]) أ ـ سورة البقرة: (١٦٣).

ب ـ واتە: خوای ئێوە تەنیا خوایەکەو لەویش بەولاوە هیچ خوایەکی تر نین کەبەهەق بپەرسترێت، کەزۆر بەبەزەیی و میهربانو بەخشندەیەلەگەڵ بەندەکانی خۆی دا.وەرگێڕ.

([314]) أ ـ سورة البينة: (٥).

ب ـ واتاکەیمان پێشتر نوسیوە. وەرگێڕ.

## مەرجەکانی چەمکی (لا إله إلاَّ اللهُ):

**هەندێ لەزانایان و ئەهلی علم هەشت مەرجیان بۆ داناوەو لەم دو دێڕە هۆنراوەیەدا کورتیان هەڵێناون:**

علم يقين وإخلاص وصدقك مع     محبة وانقياد والقبول لها

وزيد ثامنها الكفران منك بما     سوى الإله من الأشياء قد الها(٣١٥)

**ئەم دو دێڕە هۆنراوەیە هەمو مەرجەکانی تێدا کۆبونەتەوە کەبەم شێوەیەی خوارەوە ڕیز بەندیان دەکەین:**

**یەکەم:** زانست(العلم) واتە تێگەیشتن لەواتای ئەو چەمکە پیرۆزەو لەواتای وشەکانی بگەیت نەك نەزانو نەفام بیت لەئاستی داو تەنیا توتیانە وشەکانی بڵێیتەوەو تێ ی نەگەیت چت گوتوە. واتاکەشی بەم جۆرەیە هەروەکو پێشتریش شیمان کرد بوەوە. هیچ پەرستراوێکی تر نین کەبەهەق بپەرسترێت جگە لە(الله)داهێنەری زەویو ئاسمانەکانو ئەوەشی کەتیایاندایە . دەی کەواتە هەمو پەرستراوێکی دیکە بێجگە لەخوای پاكو بێگەرد لەسەر ڕوی زەوی دەپەرسترێن هەر هەمویان پوچەڵنو ناهەقو باتڵن.

**دوەم:** دڵنیا بونێکی پێچەوانەی گومان(اليقين المنافي للشك): گومانی تێدا نیە کەئەو کەسەی کەئەم چەمکی (لا إلــه إلاَّ الله) دەڵێت دەبێ بەتەواوی دڵنیا بیت کەهیچ خودایەك یا پەرستراوێکی تر نیە بەهەق بپەرسترێت جگە لە(الله) خواو پەروەردگاری جیهانیان.

**سێ یەم:** نیاز پاکی(الإخلاص) بێ گومان دەبێ بەندە نیاز پاکی تەواوی بۆ خوای پەروەردگاری پاكو بێگەری هەبێت، کەدەبێ هەمو بەندایەتیو پەرستشیەکانی بۆ خوای پەروەردگار(الله) گیان بێتو بەس. خۆ ئەگەر خوانەخواستە بەشێك لەو بەندایەتو پەرستشیانەی بۆ غەیری خوای پاكو بێگەرد لەپێغەمبەرانو دۆستانی خوا یابۆ فریشتە یابتێك یا جنۆکەیەك یان هەر شتێکی تر ئەنجام بدات ئەوا ئەو کەسە هاوبەش پەیدا کەرەو ئەو بەندایەتیو پەرسشتیانەی هیچ سودێکی بۆ نیەو دابی نادات. بەم کارەشی ئەم مەرجەی هەڵوەشاندۆتەوە کەبریتیە لە مەرجی نیاز پاکی(الإخلاص).

**چوارەم: ڕاستگۆیی(الصدق)**:واتاکەی ئەوەیە کەدەبێ ئەو کەسەی کەئەم چەمکە دەڵێت دەبێ ڕاستگۆ بێت لەقسەکانیداو بەکردەوەش بیسەلمێنێ واتە قسەی دەمیو ناو دڵی یەك بنو لەناخی دا بەکردەوە ڕەنگ بداتەوە، دڵی لەگەڵ زمانی یەك بیّو زمانیشی لەگەڵ دڵی دا یەك بێت، ئەگەر بەدەم بیڵێتو دڵی ئاگای لێ نەبێتو هۆش وگۆشی لەسەر نەبێتو دڵی بڕوای پێ نەبێت ئەوە هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێت بەمەش کافر دەبێت وەك باقی دوڕوەکانی تر.واتە دەبێ بەدڵ بڕوای پێ هەبێتو بەکردەوەش بیسەلمێنێو ئەنجامی بدات، خۆ ئەگەر پێچەوانە بو ئەوە دیارە هەر بۆ چەواشە کاریەو بڕوای بەم پرینسیپە نیە، گوتنیشی هیچ سودێکی پێ ناگەیەنێتو بەم کردەوەیەش کافر دەبێتو ناچێتە ناو بازنەی ئیسلامەوە، وەك هەمو دوڕوەکان وایە.

**پێنجەم: خۆشەویستی(المحبة)**: واتا خوای گەورەی خۆش بوێت، ئەوەی کەبەدەم گوتی دەبێ بەدڵیش ئەو خۆشەویستیەی هەبێت بۆ خوای گەورە. بەڵام ئەگەر تەنیا بەدەم بیڵێتو درۆ بکاتو خوای خۆش نەوێتو لەدڵ دا بڕوای پێ نەبێت ئەوە پێ ی کافر دەبێتو وەك دوڕوەکان ناچێتە ناو بازنەی ئیسلامەوەو بەموسڵمان ناژمێردرێت. بەڵگەش ئەم فەرمودەیەی خویە کەدەفەرموێ:﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُــورٌ رَّحِــيمٌ

(315)

﴾([316]). هەروەها خوای پاكو بێگەرد دەفەرموێ:﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللّهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلّهِ﴾([317]). ئەمەو ئایەت لەم بوارەدا گەلێك زۆرن.

**شەشەم:مل كەچی**(الإنقیاد): **بەهەمو واتاكانیەوە**. واتا بڕوا هێنان بەخوایەتی خواو پەروەردگاریەتی خوای گەورەو بڕوا بون بەئامانجەكانی شەریعەتەكەیو بڕوات وابێت كەهەر ئەو شەریعەتە لەسەر هەقە هەمو شەریعەتو بەرنامەو ڕێچكە دەست كردەكانی تر بێ بایەخو پوچەڵن. ئەگەر بەدەم بیڵێو كەچی خوا بەتەنیا نەپەرستێتو بەندایەتی تەنیا بۆ خوا نەكاتو مل كەچی بەرنامەو شەریعەتەكەی خوا نەبێت، بەڵكو لوت بەرزو خۆ بەزل زان بو لەئاستی دا، ئەوەگومانی تێدا نیەكە ئەو كەسە موسڵمان نیە وەك ئیبلیس(الشیطان)وهاوەڵەكانی یەتی.

**حەوتەم: قبول كردن**(القبول): **بەهەمو واتاكانیەوە**. واتە قبوڵ كردنو ڕازی بون بەهەمو ئەو شتانەی كە دەلالەت لەنیاز پاكی پەرستشیو بەندایەتی كردن بۆ خوای گەورە بەتەنهایی دەكەن، دور كەوتنەوەو واز هێنانو دەست بەردار بون لەهەمو پەرستشیو بەندایەتی كردنێك بۆ غەیری خوای پەروەردگار، وەپێویستە پێ ی ڕازی بێتو پێشیەوە پابەند بێت.

**هەشتەم: بڕوا نەبون بەبەندایەتیو پەرستشی بۆ هەمو شتێكی تر جگە لەخوای پەروەردگار**

**واتە**: بێ بەری بونو ئەستۆپاكی لەئاست بەندایەتی بۆ كردنو پەرستشی كردن بۆ غەیری خوای بەتەنیو بڕوای وابێت كەهەمویان پوچەڵنو باتڵن تەنیا پەرستشو بەندایەتی كردن بۆ خوای گەورە نەبێت. هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾([318]). هەروەها لەفەرمودەی ڕاستی پێغەمبەرەوەﷺهاتوە كەفەرمویەتی:{من قال لا إله إلاَّ الله، وكفر بما يُعْبدُ من دون الله ـــ حرم ماله ودمـــه، وحـــسابه علـــى الله}. وەلەڕیوایەتێكی تردا هاتوەﷺ فەرمویەتی:{مَن وحَّد الله، وكفر بما يُعبد من دوت الله ـــ حرم ماله ودمه}([319]).

---

([316]) أ ـ سورة آل عمران: (٣١).

ب ـ واتاكە یمان لەڕابردودا نسیوە. وەرگێڕ.

([317]) أ ـ سورة البقرة: (١٦٥).

ب ـ واتە: ئەو خەڵكانەی كەلەگەڵ خوادا هاو وێنەو هاوەڵ دادەنێنو گوێ ڕایەڵیو بەندایەتیان بۆ دەكەنو خۆشیان دەون بەقەد خۆش ویستنی خوای گەورە. بەڵام ئەوانەی كەبڕواداری ڕاستەقینەن خۆشەویستی ئەوان بۆ خوای گەورە بەتین ترو بەهێز ترو گەورە ترە چونكە ئەوان دەزانن، تەنیا پەرستنو گوێ ڕایەڵی خوای گەورە لەهەمو شتێكی ترو كەسێكی ڕاست ترەو هەر ئەوەیان دێتەوە ڕێگە لەڕۆژی قیامەتداو خوای گەورە پاداشتیان دەداتەوەو ڕەنجیان بەفیڕۆ ناڕوات.

بەداخەوە لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا زۆرینەی خەڵكی كەوتونە ئەو داوەو هاو وێنەو هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار داوە بزانن یان نا، ئاگایان لێ بێت یان نا، گوێ ڕایەڵیو خۆشەویستیان گەلێك لەخوای گەورە پتر بۆ ئەو هاوەڵو هاو تایانە هەیە، ئەوەندەی گوێ ڕایەڵی ئەوانەن چارەگیش بۆ خوای پەروەردگاریان نیە ئەو هاوەڵانە وەك سەركردەو حیزبو گروپ و لایەن بێت یان بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامی دەست كردی دنیایی، یا ماڵی دنیاو باوەش كردن بەدنیادا بێت. سەیر لەوەدایە ئەوانە خۆش بەموسڵمانی تەواو دەزاننو نوێژ دەكەنو ڕۆژو دەگرنو زەكات دەدەنو حەج دەكەنو گەر تەنیا پێ یان بڵێیت بڕوات بێ هێزە خۆت لەگەڵ دەگۆڕنەوە. كەچی ئەو بەرگریەی لەبەرنامەو حیزبو سەركردەو بەرپرسەكەی دەكات، ئەسڵەن بەملیۆنان سوكایەتی بەخواو بە پێغەمبەرەكەی ﷺبكرێت یا بەقورئانەكەی بكرێت هەر گوێشی لێ نیە، وەك نەبای دیبێتو نەباران، چونكە قورئانەكە بەبەرنامەی خۆی نازانێتو بەرنامە عەلمانیە جیهانگەراییەكە بەبەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامی ژیانی خۆی دەزانێت پێ یان وایە ئیسلام لەژێر سایەی چەمكو بیرو بۆچونەكانی ئەواندا دەحەوێتەوەو دەسازێ نەك ئەوان لەژێر سایەی ئیسلامدا سەربەرزو سەرفرازو دەسازێن. خوا پەنامان بدات. ئەوانە حاڵیان لەحاڵی دوڕوەكان چاك تر نابێت ئەگەر تۆبە نەكەنو نەگەڕێنەوە لای خواو بەرنامە پیرۆزەكەی خوای گەورە. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب١ل٦٥.

([318]) أ ـ (سورة البقرة: ٢٥٦).

ب ـ واتاكە یمان پێشتر شی كردۆتەوە.وەرگێڕ.

([319]) أ ـ أخرجهما مسلم في صحيحه.

ب ـ واتە: هەر كەسێك بڵێ: ( لا إله إلاَّ الله )وبڕوای نەبێت بەهەرچی دەپەرسترێ جگە لەخوای گەورە بەدیهێنەری زەویو ئاسمانەكان، سەرو ماڵو خوێنی لەموسڵمانان حەرام دەبێتو حسابەكەشی لای خوایەو هەر ئەو دەزانێت پاداشتی بداتەوە، وەلەڕێوایەتێكی تردا ﷺفەرمویەتی: هەر كەسێك خوای گەورە بەیەكتا واتە بەتەنیا

جائەوەی لەسەر هەمو موسڵمانێك پێویستە ئەوەیە کەدەبێ بەوردی چاودێریەوە هەمو مەرجەکانی ئەم چەمكو پرینسیپە بهێنێتە دی. کەی موسڵمان واتای ئەم چەمکەی زانیو لێ ی حاڵی بوو بەردەوام بو لەسەریو هەمو داخوازیەکانی هێنانە دی ئەوە موسڵمانی تەواوەو خوێنوسەرو ماڵی حەرام دەبێت، ئەگەر درێژەی ئەم مەرجانەش نەزانێت، چونکە ئەوەی مەبەستە هەق ناسینو بونی زانستو زانیاریە بەهەقو ئەمجار کار پێ کردنە بەهەق، ئەگەر بڕوادار درێژەی مەرجەکانی داوا لێ کراویش بەتەواوی نەزانێت.

**تاغوت:** واتە هەر شتێك بێجگە لەخوا بپەرسترێت ئەوە پێ ی دەگوترێت تاغوت(الطـــاغوت) هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِـــالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾([320]). **هەروەها دەفەرموێ:**﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ ﴾([321]). وەهەر کەسێك بەمە ڕازی نەبێت واتە بەپەرستراوەکانی غەیری خوا وەك: پێغەمبەرانو پیاو چاکانو فریشتەکان ـ ئەو کاتە ئەوانە تاغوت نین، بەڵکو تاغوت شەیتانە کەداوای لەو خەڵکە کردوە کەئەوانە پەرستنو جوان جوانیش ئەو کارەی بۆ ڕازاندونەوە. داوا لەخوای گەورە دەکەین کەئێمەشو هەمو موسڵمانان لەهەمو خراپەو خراپەکاریەك بپارێزێت.

بەڵام جیاوازی لەنێوان ئەو کردەوانەی کەپێچەوانەو دژی ئەم چەمکەن واتە چەمکی(لا إلـــه إلاَّ الله) و ئەو شتانەی کەپێچەوانەو دژی تەواویەتی(کمالها الواجب) ئەویە کەهەر کردەوەیەك یاگفتارێكو قسەیەك یابیرو باوەڕێك کەخاوەنەکەی دەخاتە هاوبەش پەیدا کردنی گەورەوە(الشرك الأكبر) ئەوە بەتەواوی(بالكلية) دژو پێچەوانەی ئەم چەمکەیە، وەك دوعاو پاڕانەوە لەمردوانو لەفریشتەکانو لەبتەکانو لەدارو درەختەکانو لەبەردەکانو ئەستێرەکانو هەسارەکانو هاو شێوەکانیان. هەروەها سەربڕینو قوربانیو نەزر بۆ کردنیانو کڕنۆش بۆ بردنیانو گەلێ کاری تری نابەجێ ی لەم جۆرانە.

ئەمانە هەمویان بەتەواوی دژو پێچەوانەی یەکتا پەرستین، دژی ئەم چەمكو وشەیەنو بەتاڵی دەکەنەوە. کەچەمکی(لا إله إلاَّ الله)یە لەو شتانەش حەڵاڵ کردنی ئەو شتانەی کەخوای گەورە حەرامی کردونو لەڕیزی حەرام کراوە دیارو ناسراوەکانی داناون لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بەزەرورەتوبەکۆڕا. وەك زیناو خواردنەوەی مەیو مژادە سەرخۆش کەرەکانو توڕە کردنو ئازار دانی دایكو باوكو سو خواردن(الربا)و ئەم جۆرە شتانە، هەروەها لەوانە داپۆشینو شاردنەوەی ئەو شتانەی کەخوای گەورە واجبی کردون لەقسەو گفتارو کردەوە دیارەکان لەئاییندا بەزەرورەتو بەکۆڕا. وەك پێنج فەرزە نوێژەکان،زەکات، ڕۆژوی ڕەمەزان، چاکە کردن لەگەڵ باوكو دایكو گوتنی هەردو شەهادەتەکانو هاوشێوەکانیان.

بەڵام ئەو قسەو گفتارو کردەوانەی کەچەمکی یەکتا پەرستیو بڕوا بێ هێز دەکەنو پێچەوانەو دژی واجب بونی کەمالیەتی ئەم چەمکەن گەلێك زۆرن. لەوانە هاوبەش پەیدا کردنی بچوك، سو خواردن، سوێند خواردن بەغەیری خوا، وەگوتنی(ماشاء الله وشاء فلان ـ ئەگەر خواو فلان ویستیان لەسەر بێت )، یابڵێ ی: ئەوە لەخواو لەفلانەوەیەو

---

بپەرستێتو بەندایەتیو گوێ ڕایەڵیو خۆشەویستی تەنیا بۆ ئەو بێت، هیچ کەسو لایەنو بەرنامەو شتێکی تر نەکاتە هاوەڵو هاو شێوەو هاو وێنەی خوا ئەوە ئەو کەسە سەرو ماڵو خوێنی لەخەڵکی حەرام دەبێت. وەرگێڕ.

([320]) أ ـ سورة البقرة: (٢٥٦).

ب ـ واتکەیمان پێشتر لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

([321]) أ ـ سورة النحل: (٣٦).

ب ـ لەبابەتەکانی پێشودا واتاکەیمان شی کردۆتەوە. وەرگێڕ.

لەم جۆرە شتانە، وەهەروەها هەمو سەرپێچیەکانی تر ـ هەر هەمویان یەکتا پەرستی بڕوا بێ هێز دەکەن، و دژو پێچەوانەی کەمالیەتی واجب بونی ئەم چەمکەن، جائەوەی لەسەر بڕوادارانی موسڵمان پێویستە ئەوەیە کە زۆر وریاو ئاگادارو بەرچاو ڕۆشنو زانیار بن لەئاست هەمو ئەو شتو کارو کردەوەو قسەو گفتارانەی کەدژو پێچەوانەی چەمکی یەکتا پەرستی خواو بڕوا بون بەخواو هەڵ دەوەشێننەوە یاخود لێ ی کەم دەکەنوەو بێ هێزی دەکەنو لەپاداشتەکەیان کەم دەکەنەوە. وە بڕوا بون لەلای ئەهلی سوننەتو جەماعەت بریتیە لە قسەو گفتارو کردەوە(قول وعمل)بەگوێ ڕایەڵیو بەندایەتی کردن پتر دەبێتو بەسەر پێچی کردن کەم دەکات.

بەڵگە لەسەر ئەمە زۆرن، کەزانایانو ئەهلی علم لە کتێبە عەقیدەییو تەفسیرو فەرمودەکاندا ڕونیان کردۆتەوە، هەر کەسێك حەزی لێ یە زانیاری پتری دەست بکەوێت بابگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبو سەرچاوانەو سەیریان بکات سوپاس بۆ خوا زانیاری تەواوی دەست دەکەوێت. لەو بەڵگانەش فەرمودەی خوای گەورە کەدەفەرموێ:﴿ وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَذِهِ إِيمَانًا فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾([322]). **هەروەها** فەرمودەی خوای پاكوبێگەرد:﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾([323]). **هەروەها دەفەرموێ:**﴿ وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى﴾([324]). وەئایەت لەم بارەوە گەلێك زۆرن.

**پرسیاری چوارەم:** لەڕۆژگاری ئەمرۆدا توێژینەوەو کتێبو نوسراوو سەرچاوە دەربارەی سەلماندنو بونی خوا(الله) وددان نان بەپەروەرگاریتی خوای گەورە بەبێ بەڵگەو نیشانە وەرگرتنو ناچاربونو پابەند بون پێ یەوە، لەپێداویستیو داخوازیەکانی یەکتا پەرستی خودایەتی خوایە. کەلەئەنجامدا نەزانیو نەفامیو حاڵی نەبون لەیەکتا پەرستیەتی خوای گەورەو سستی و کەمتەر خەمی لێ دەکەوێتەوە. خۆزگایەکو بەرێزتان تیشکێکتان خستبایە سەر بایەخو گرنگیەتی یەکتا پەرستی خوایەتی(الإلهية) لەو ڕووەوەی کەیەکتا پەرستی بنچینەو بنەمای ڕزگار بونو خولگەو کلیلی بانگەوازو بانگەشەی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) بوە، هەروەها بۆ سەر بنەڕەتو ئەسڵیەتی ئەو پەرستشیو بەندایەتی کردنەی کەبۆ غەیری خوا دەکرێتو ئەنجام دەدرێت.

**وەڵام:** شتێکی بەڵگە نەویستو بێگومانە کەخوای گەورە پێغەمبەرانو نێردراوانی خۆی ناردونو کتێبەکانی ناردونە خوار بۆ ئەوەی هەقو ڕاستیەتی بۆ بەندەکانی خۆی ڕون بکاتەوەو بانگیان بکات بۆ نیاز پاکیو ئیخلاسیەت

([322]) أ ـ سورة التوبة : (١٢٤).

ب ـ واتە : هەر کاتێك سورەتێکی قورئان بهاتایە خوارەوە هەندێك لەدو ڕوەکان بۆ گاڵتە پێ کردن لەناو خۆیاندا بەیەکتری یان بەهەندێ لەموسڵمانانیان دەگوت: پێمان بڵێن هاتنە خوارەوەی ئەم سورەتە بڕوای کامتانی پتر کردوە؟!! دوایی خوای گەورە بۆ لەدەمدانەوەی ئەو بێباوەڕانە دەفەرموێت: بەڵێ ئەوەی بڕوای هەبێت لە بڕواکەیانی پتر کردوەو لەدڵو درونو هەستی دا هەست بەخۆشی ئەو پتر بونە دەکاتو هەموکات بەهاتنە خوارەوەی قورئان کەیف خۆشو شادمان دەبنو دڵنیایی ودامەزراویو ئۆقرەیان لەدڵدا جێگیر دەبێتو دڵو دەرون خۆشو ئاسودە دەبنو مزگێنی دەری بەهەشتیان لەڕودا دەر دەکەوێت. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٥٠٨. وە(المكتبة الشاملة/ التفاسير/ تفسير القرطبي/ سورة التوبة :١٢٤. ) وەگێڕ.

([323]) أ ـ سورة الأنفال: (٢).

ب ـ واتە : بەدڵنیاییەوە بڕوادارانی ڕاستەقینە ئەگەر ناوی خوایان لابرێتو بەسەریاندا بخوێندرێتەوە دڵەکانیان ڕادەچڵەکێتو دەهەژێت، وەئەگەر بڕیارو فرمانەکانی خوایان واتە ئایەتەکانی قورئانیان بەسەردا بخوێندرێتەوە بڕوایان پترو بەهێز ترو پتەو تر دەبێتو سەر لەنوێ دەمە زەرد دەبێتەوە واتە یەکسەر بڕوای پێ دەکەنو چونکە دڵنیان ئەوە لەخواوەیە و هەر حوکمێکیان بەسەر دا بدات دەست بەجێ بڕوای پێ دێننو جێ بەجێ ی دەکەنو لەگەل ئەوانەی لەکەلەڕابردودا بۆیان هاتبوە خوار بۆیە بڕواکەیان پتر دەبێت ، هەروەها لەگشت کاروبارێکی ژیانیاندا تەنیا پشت بەخوای پەروەردگاری خۆیان دەبەستن. تەفسیری گوڵشەن ب١ل٣١، وە(المكتبة الشاملة/ التفاسير/ سورة الأنفال:٢. ) وەرگێڕ.

([324]) أ ـ سورة مريم : (٧٦).

ب ـ واتە : خوای گەورە بڕوا و هیدایەتی ئەو کەسانە پتر دەکات کەبڕوای ڕاستەقینەیان هەیەو ڕێگەی هیدایەتیان گرتوە تەنیا خوای گەورە دەپەرستنو خۆیان لەگوناحو سەرپێچیەکان دەپارێزن. وەرگێڕ.

لەپەرستشو بەندایەتی کردن بۆ خوای گەورە(ﷲ) و بۆ هیچ کەسو شتێکی تر ئەنجامی نەدەنو هەمو بەندایەتیەکان تایبەت بکەن بەخوای گەورە، چونکە زۆربەو زۆرینەی خەڵکی سەر ڕوی زەوی دەزانن‌و بڕوایان وایە کەخوای گەورە پەروەردگارو بەدیهێنەرو ڕۆزی دەری ئەوانە، کەچی لەلایەکی ترەوە لەپەرستنی خواو خوایەتی خوادا بەهەڵەدا چون‌و پێ یان هەڵخلیسکاوەو هاوبەشیان لەبەندایەتی بۆ کردن‌و پەرستشی خوادا پەیدا کردوە، ئەویش بەئەنجامدانی بەندایەتیەکان یان هەندێك لەبەندایەتیەکانیان بۆ غەیری خوا ئەنجام دەدەن بەنەزانی‌و نەفامی یا بەلاسایی کردنەوەی کوێرانەی باوكو باپیران‌و پێشینە سەر لێشێواوەکانیان. هەروەها ئەوانەی لەسەرەتای ئەم ئوممەتی ئیسلامە ئەنجامیان دەدا، کاتێ کە پێغەمبەرﷺ داوای لێ کردن کەواز لەو بت پەرستی‌و نەفامیە بهێنن‌و تەنیا خوای گەورە بپەرستن بەڵام ئەوان ئینکاری ئەم بانگەوازەیان کردو لوت بەرزو خۆ بەزل زان بون‌و داوا کەیان قبوڵ نەکرد. هەروەکو خوای گەورە دەربارەی ئەوان لەسورەتی(ص)دا بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾([325]). **هەروەها لەسورەتی**(الصافات)**دا دەفەرموێ:**﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ﴾([326]). **هەروەها لەسورەتی**(الزخرف)**دا دەفەرموێ:**﴿ا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ﴾([327]). ئایەت لەم بوارو لەم واتایەدا گەلێك زۆرن.

دەی کەواتە لەسەر زانایانی موسڵمان‌و بانگەواز کارانی هیدایەت پێویستە کەڕوی ڕاستەقینەو پڕشنگداری یەکتا پەرستی خوایەتی(الأُلوهية)بۆ خەڵکی ڕون بکەنەوە، هەروەها جیاوازی نێوان یەکتا پەرستی خوایەتی‌و یەکتا پەرستی پەروەردگارێتی‌و ناوە جوان‌و سیفەتە بەرزەکانی خوای گەورەیان بۆ ڕون بکەنەوە. چونکە زۆرێك لەموسڵمانان ئەم ڕاستیە نازانن‌و لێ ی حاڵی نین.

کافرەکانی قوڕەیش‌و غەیری ئەوانیش لەعەرەبەکان‌و زۆربەی ئوممەتانی تریش دەزانن کەخوای گەورە بەدیهێنەرو ڕۆزی دەریانە، بۆیە خوای گەورە لەسەر ئەم ڕەفتارەیان لێ یان ناڕازیەو لێ یان توڕە بوە، چونکە هەر ئەو خوایە گەورە بەتەنیا شایستەی بەندایەتی بۆ کردن‌و پەرستشە هەر ئەوە بەدیهێنەرو ڕۆزی دەرو بەتواناو زاڵە بەسەریاندا لەهەمو ڕویەکەوە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ﴾([328]). هەروەها خوای باڵا دەستو کار بەجێ فرمان بەپێغەمبەرەکەیﷺ دەکات کەبەو کافرو بێباوەڕانە بڵێ: کێ ڕۆزیتان دەدات کەدەفەرموێ:﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ والأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيَّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الأَمْرَ ﴾. ئەمجار خوای گەورە لەسەر وەڵامی ئەوان دەفەرموێ:﴿ فَسَيَقُولُونَ اللّهُ فَقُلْ أَفَلاَ تَتَّقُونَ﴾([329]). ئایەت لەم بوارەدا زۆرن کەخوای گەورە ناڕەزایی بەرامبەریان دەردەبڕێت

---

([325]) أ ـ سورة ص: (٥).

ب ـ واتە: واز لەهەمو خوایەکان بهێنین‌و تەنیا خوایەك بپەرستین، بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرو سەمەرەیە. وەرگێڕ.

([326]) أ ـ سورة الصافات: (٣٥).

ب ـ واتە: ئەو بێباوەڕو یاخییانەی کەگیرۆدەی سزای خوا دەبن لەدۆزەخدا ئەگەر لەدنیادا پێ یان بگوترابە هیچ خوایەك نین کەبەهەق بپەرسترێت جگە لەخوای گەورە ئەوانە لوت بەرزیان دەنواندو ملهوڕ دەبون‌و پشتیان هەڵ دەکردو گوێ یان پێ نەدەداو بڕوایان نەدەهێنا. وەرگێڕ. تەفسیری گوڵشەن ب٣.

([327]) أ ـ سورة الزخرف: (٢٣).

ب ـ واتاکەیمان لەڕابردوادا لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

([328]) أ ـ سورة الزخرف: (٨٧).

ب ـ واتە: ئەگەر لێ یان بپرسیت لەو بێباوەڕو موشریکانە کێ ئێوەی دروست کردوە؟ دەڵێن خوای پەروەردگار. وەرگێڕ.

([329]) أ ـ سورة یونس: (٣١).

ب ـ واتاکەیمان لەبابەتەکانی پێشتردا ڕون کردۆتەوە. وەرگێڕ.

کەئەوان بڕیاری ئەوەیان داوە ددان بەوە دادەنێن کە(الله)خوای پاكو بێگەرد پەوەردگارو بەدیهێنـەرو ڕۆزی دەریانـە، و بەدیهێنەرو دروستکەری ئاسمانەکانو زەویو هەڵسوڕێنەری کاروبـاری بونـەوەرە، کەچـی لەلایـەکی تـرەوە ئینکـاری یـەکتا پەرستی خوا دەکەن واتە ئینکاری بەتەنها پەرستنو بەندایـەتی کـردن بـۆ خـوای گـەورە دەکـەنو بونەتـە مـازو چـنی کـون لەکۆش.. هەروەها بەڵگەن لەسەر باتڵیەتی پـەرستنو بەندایـەتی کـردن بـۆ غـەیری خـواو هـەر شـتێکی تـر کەبێجگـە لـەخوا بپەرستریێت.

وە هەر بەم جۆرەش خوای گـەورە و پـاكو بێگـەرد فرمـانی بەبەنـدەکانی کـردوە کـەبڕوایان بـەناوە جوانـەکانو سـیفاتە بـەرزەکانی خـوا هـەبێت، وەبـەپاكو بێگـەردی ڕابگـرنو دوری بگـرن لەوێـچواندن بەدروسـتکراوەکانی خۆی(مشابهة الخلق) خوای گەورە دەفەرموێ:﴿وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا﴾([۳۳۰]). هەروەها لەسورەتی( الحـشر)دا دەفەرموێ:﴿ هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ﴾([۳۳۱]). هـەتا کۆتـایی سـورەتەکە. وەهـەروەها دەفەرموێ:﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ۝ اللَّهُ الصَّمَدُ۝ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ۝ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾([۳۳۲]). هەروەها خوای پـاكو بێگـەرد دەفەرموێ:﴿ فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾([۳۳۳]). هەروەها دەفەرموێ:﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ الـسَّمِيعُ البَـصِيرُ﴾([۳۳٤]). ئەمەو ئایەت لەم بوارەدا گەلێك زۆرن.

ئـەهلی عـیلم ڕونیـا کردۆتـەوە کەیـەکتا پەرسـتی پـەروەردگارێتی پێویـستی بەیـەکتا پەرسـتی خودایـەتی هەیـە کەبریتیە لە بەتاك دانانی خوای گەورە لەبەندایەتی بۆ کردنو پەرستشی داو تـەواو کـەری یـەکترینو هیـچیان بـەبێ هیچیان نابنو وەرناگیرێن، بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤەکان کەهیچ لایەکیان فەرامۆش نەکـەنو چـونکە لایـەکیا بـەبێ

---

([330]) أ ـ سورة الأعراف: (۱۸۰).

ب ـ واتە: خوای گەورە چەندان ناوی جوانی هەن، دەی ئەی بڕواداران بەو ناوە جوانانەی خوا لەبەر خوا بپاڕێنەوەو داوای لێ بکەنو بیکەن بەهۆکارو بەر کوڵی دوعاو پاڕانەوەکانتان لەخوای گەورە، خوای پاكو بێگەرد وەڵامتان دەداتەوە خۆتان بەو ناوە جوانو سیفەتە بەرزانەی خوا بڕازێننەوە. وەرگێڕ.

([331]) أ ـ سورة الحشر: (۲۲).

ب ـ واتە: ئەو خوایەی کەهیچ خوای تر نین بەهەق بپەرسترێت جگە لەو کەزانایە بەهەمو زانیاریە پەنهانو ئاشکراکان واتە زانیاریە غەیبو ئاشکراکان، خوایـەکی زۆر بەبەزەیی و بەخشندەو میهرەبانە لەگەڵ دروستکراوەکانی خۆی دا بەتایبەت لەگـەڵ بەنـدە بـڕوادرو خواناسـەکانی خـۆی دا. خـوا ئـەو خوایەیـە کەلـەخۆی زیـاتر هـیچ خوایەکی دیکە نیە کەبەهەق بپەرسترێت، ئەو خودایە هەر خۆی غەیب زانەو ئاگای لەهەمو شتێك هەیە لەم بونەوەردا کەخۆی دروستی کـردوەو غـەیبو ئاشـکراکانی ئاگـا لێ یە لەهەر کونو قوژبنێکی ئەم بونەوەرەدا ، خوایەکی بەبەزەییو بەخشندەو میهرەبانە بۆ هەمو دروستکراوەکانی خۆی. وەرگێڕ.

([332]) أ ـ سورة الإخلاص: (۱ ـ ٤).

ب ـ واتە:. ئەی پێغەمبەرﷺبەو بێباوەڕو هاوبەش پەیداکەرانە بڵێ: ئەو خودایە تـاكو تەنهایـەو بـێ وێنـەو بـێ هاوتـاو بـێ هاوشـێوەیەوبەدەرە لەهـەمو کـەمو کوڕیەكو خودایەکی بەدەسەڵاتو زاڵە بەسەر هەمو شتێکدا، ئەو خوایە بەدەسەڵاتو بەتوانایە، زاڵە بەسەر هەمو شتێکداو بێ نیازە لەهـەمو شـتێكو لەهـەمو تەنگانـەو لێ قەومانێکدا هەر ڕو لەو دەکرێتو داوای هەمو شتێ هەر لەو دەکرێتو کەسێکی تر نیە دەسەڵاتی لەو پتر بێت هەمو شتێك پێویستیان بەئەوەو مل کەچی ئەون، خـوا وەك هـیچ شتێك نیە نەمنداڵی هەنو نەماڵو خێزان نەك وەکو جولەکەکان کەدەڵێن عوزەیر کوڕی خوایەو نەوەك دیانەکان دەڵێن عیسای مەسیح کوڕی خوایە، خوا لەئەزەلەوە هـر بـوەو هەر دەبێتو هەرگیزاو هەرگیز مردنی بەسەردا نایەو دورە لەوەی کەلەدایك ببێتو باوکی هەبێت واتە نەلەدایك دەبێتو نەکەسیشی لێ دەبێت، خوا هیچ وێنەو هاوشێوەیەکی نیەو بێ هاوتاو بەتەنێ یە، هیچ شتێك نیە لەم گەردونەدا لەبونو دروست بونو لەسیفاتو لەڕەوشتدا لـەو بـچێت، هەرچیەکی مرۆڤـ بـیری لێ بکاتـەوە ئـەو خوایـە لـەوە بەدورەو پێچەوانەی ئەوەیە، ئاخر خوایەك ئەم هەمو گەردونو بونەوەرو هەرچی وا تیایەتی دروستی کرد بێت چۆن دەبێت خوا لەناو دروستکراوەکانی هاو وێنەو هاوشێوەی هەبێت هەرگیز شتی وانابێت.. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب۳ل۱٦٦۲.

([333]) أ ـ سورة البقرة: (۲۲).

ب ـ واتە:. هاوشێوەو هاووێنە بۆ خوا دامەنێن، لەکاتێکدا ئێوە ئاگاتـان لێ یەو دەزانن. کەس مەکەن بەهاوتـای خوای گەورە، چونکە ئێوە ئەگەر تۆزێك تیـڕا بمیـنن دەزاننو بۆتـان دەردەکەوێت کەئەو خوایە تـاكو تەنیاو بێ هاوتـاو هاوشانو بەتەنی یە. و لەو زیاتر کەسێكو شتێکی تر نیە کەشایستەی پەرستن بێـت بەهـەقو پـەنای بـۆ ببردرێت، جائەو کەسە زیندو بێت یان مردوو بێ گیان بێت، بتێك بێت یان گۆڕی پیاو چاکێك بێت. وەرگێڕ.

([334]) أ ـ سورة الشوری: (۱۱).

ب ـ واتە: خوا تـاكو تەنیایەو هیچ شتێ لەوێنەو شێوەی ئەو دا نیەو هەرگیز نابێت نەلـەبونی داو نەلەدەسـەڵاتو توانـاداو نەلـە زانـستو زانیاریـدا بـەڵکو هـەمو کەسێك زانستوزانیاری لەو وەردەگرنو نەزانو نەفامن، نەلەمەبەستو حیکمەتدا ئەو خوایە هەمیشە بیسەری قسەو گفتاری بەندەکانیـەتی، بـەڵێ بینـاو خـاوەن دیدەیـەو هەمو شتێك دەبیستێو دەبینێتو هیچێکی لێ گومو ون نابێت. تەفسیری گوڵشەن ب۳ل۱۲٦٥. وەرگێڕ.

ئەوی تریان هیچ واتایەکوسودێکی نیەو لێ ی وەرناگیرێت. هەر بۆیە خوای گەورە لەکافرو بێباوەڕەکان توڕە بوە چونکە تەنیا لایەنی پەروەردگاریێتیان گرتوە.

هەروەها لەیەکتا پەرستی ناوە جوانو سیفاتە بەرزەکانیشدا بەهەمان شێوە پێویستە بەندایەتیو پەرستشیەکان لەناوەجوانو سیفاتە بەرزەکانیدا تەنیا بۆ خوای گەورە بکرێن. چونکە خوای گەورە لەخودی خۆی دا کاملو تەواوە لەناوەجوانو سیفاتە بەرزەکانی دا. هەر خۆی نازونیعمەتی بەسەر بەندەکانی خۆی دا ڕشتوە، دەی کەواتە هەر ئەو شایستەیە بە بەندایەتی کردنو پەرستشی یەکان، دەبێ تەنیا ئەو بپەرسترێتو تەنیا گوێ ڕایەڵی ئەو بکرێتو لەهەمو ئەو شتو قەدەغە کراوانە بگەڕێتەوە کەخوای گەورە لێ ی حەرامو قەدەغە کردون.

بەڵام یەکتا پەرستی لەبەندایەتی کردندا دو جۆریان هەیە، هەر کەسێك بەزانستیانەو بەکردەوە بیان هێنێتە دیو ئەنجامیان بداتو لەسەریان بەردەوام بێت ئەوا ئەم یەکتا پەرستیەی هێناوەتە دیو دەی گرێتەوە.

ئەهلی عیلم ئەم واتاو مەبەستانەیان لەکتێبە عەقیدەییەکانو لەتەفسیرەکاندا ڕون کروەتەوەو شرۆڤەو شیان کردۆتەوە وەك تەفسیری(إبن جرير، إبن كثير، البغوى)و غەیری ئەو تەفسیرانەش، هەروەها لەکتێبە سوننیەکانی وەك(عبدالله إبن إمام أحمد)و کتێبەکانی یەکتا پەرستی(التوحيد) وەك کتێبی(إبن خزيمة)وەبلیمەت عثمان بن سعد الدارمي وغەیری ئەو زانایانی پێشینەرحمهم الله لەکتێبەکانی خۆیاندا بەرپەرچی بشر المريسى یان داوەتەوە. لەوانەی ئەم کارە چاکەیان کردوە شێخی ئیسلام إبن تيمية‌و قوتابیە بلیمەتەکەی إبن القيم ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێت کەلەکتێبەکەی خۆیاندا ئاماژەیان پێ کردوە.

هەروەها پێشەوایانی بانگەوازو بانگەشەی ئیسلامی لەسەدەی هەژدەهەمو بەدواوە وەك شێخی پێشەوا محمد کوڕی عبدالوهاب رحمه الله وکوڕەکانیو قوتابیەکانیو شوێن کەوتوانی یان ڕۆڵێکی گرنگو بەرچاویان لەم بوارەدا بینیوە ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

وەباشترین کتێبو چاکترین دانراوێ کەلەم بوارەدا دانراوە کتێبی(فتح المجيد)ە کەئەسڵەکەی بریتیە لە(تيسير العزيز الحميد) کەهی یەکەمیان لەنوسینو دانانی شێخ عبدالرحمن کوڕی حسن ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت، هی دوەمیان لەنوسینو دانانی (شێخ سليمان کوڕی عبدالله آل الشيخ رحمه الله)

هەروەها باشترین کۆکراوەکانیش کەلەم بوارەدا کۆکراونەوە بەشەکانی یەکەمی (الدرر السنية) کەشێخی بلیمەت عبدالرحمن کوڕی قاسم رحمه الله کۆی کردۆتەوە، کەتیایدا فتواکانی پێشەوایانی بانگەواز خوازی وەك آل الشيخ وغەیری ئەویش لەزانایانی سەدەی دوانزەهەمو دواتریش لەعەقیدەو لەئەحکامەکان کۆکردۆتەوە. ئامۆژگاریتان دەکەم کەئەم کتێبانەو غەیری ئەم کتێبانەش لەکتێبەکانی زانایانی سوننە زۆر بەوردیو بەسەلیقە بخوێننەوەو پێ یاندا بچنەوە، چونکە سودو کەڵکێکی زۆریان هەیەو زانیاری باشیان لێ وەردەگرن.

هەروەها لەوانە کۆمەڵە نامە سەرەتاییەکانی پێشەوایانی بانگەواز خوازی وەك آل الشيخ و غەیری ئەویش ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، وەبەرپەرچ دانەوەکانی شێخان: شیخ عبدالرحمن کوڕی حسن، وشێخ عبداللطيف کوڕی عبدالرحمن، وشێخ عبدالله أبا بطين، وشێخ سليمان کوڕی سمحان، وغەیری ئەوانیش لەپێشەوایانی ڕێگای هیدایەتو پشتیوانانی یەکتا پەرستی(أنصار التوحيد) کەسودێکی یەکجار زۆریان تێدایەو زۆر بەکەڵکنو گومانو تەمی سەر دڵودەرونو بەرچاوەکان ڕادەماڵن، وبەرپەرچی خاوەنەکانیان دەداتەوە واتە بەرپەرچی هەمو ئەو کەسانە دەدەنەوە کەهەمیشە دڵ ڕەشنو خەریکی دروست کردنی گومانن لەدڵی موسڵمانانو خۆڵ کردنە چاوی

موسڵمانانەوە. ڕەزاو ڕەحمەتی فراوانی خوا لەهەر هەموویان بێتو لەبەهەشتی بەرینی خۆی دا نیشتەجێ یان بکات و ئێمەش لەشوێن کەوتوانی ئەوان بگێڕێت بەچاکە.

هەروەها لەو سەرچاوە زانیاریانە ئامادە کردنی گۆڤاری (البحــوث الإســـلامية ـ توێژینەوە ئیسلامیەکان) کەلەسەرۆکایەتی گشتی کارگێڕیەکانی توێژینەوە زانستیەکانو فتواو بانگەشەو ڕێنومایییەکان دەری دەکات کەبەڕاستی چەندان وتاری باشو گەورەو بەپێزو بەسودی زۆری تێدا بڵاو دەکرێنەوە لەبواری بیروباوەڕ(العقيـــدة) وئەحکامە شەرعیەکان.

هەروەها لەو کتێبو سەرچاوە زانیاریانە بەرگەکانی یەکەمی فەتوا، ووتارەکانی من کەپەیوەندن بەعەقیدەوە، کەسوپاسو ستایش بۆ خوا چاپ کراونو ئێستا وا لەژێر دەستی خوێندکارانو زانایانی زانستو زانیاریەکان دان، خوای گەورە سود بەخشیان بکاتو موسڵمانان سودیان لێ وەربگرن، ئەمانەو گەلێ کتێبو سەرچاوەی تر کەسوپاس بۆ خوا خراونەتە بەر دەست لەکتێبو نامیلکەو سەرچاوەکانی ئەهلی سوننەتو جەماعەت.. خوای گەورە پاڵ پشتویارمەتو یارمەتی دەرو سەر خەرە([335])..

**پرسیاری پێنجەم: تکامان وایە کەحوکمی پەیوەست بون بەپیاو چاکانو بەندایەتی بۆ کردنیانمان بۆ ڕون بکەنەوەو ئاگاداریو وریا کردنەوەیان لەبارەوە بدەیت.**

**وەڵام:** دۆستانی خواو پیاو چاکان بڕوا دار بون، کەبریتی بون لەپێغەمبەران (عليهم الـصلاة والـسلام)و شوێن کەوتوانیان بەچاکەو، ئەوانە بەڕاستی ئەهلی تەقواو بڕوا بون، ئەوانە گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا بون. ئەوانەهەموویان دۆستانو خۆشەویستانی خوا بون چ عەرەب بوبنو چ غەیری عەرەب بوبن، سپی پێست بوبن یا ڕەش پێست، دەوڵەمەند بو بن یا هەژار، حاکمو سەر کردە بو بن یاخەڵکی هاووڵاتی،پیاوان بو بن یائافرەت،بەپێ ی فەرمودەی خوای گەورە کەدەفەرموێ:﴿ أَلا إِنَّ أَوْلِيَاء اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ ۞الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴾ ([336]). ئائەوانە هەموویان دۆستانو خۆشەویستانی خوان کەگوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوایان دەکردو خۆیان لەتوڕەییو بیمو خەشمی خوا دەپاراستو مافی خۆیان پێ دەداو لەهەمو ئەو شتانە دور دەکەوتنەوە کە خوای گەورە لێ ی قەدەغە کرد بون. ئەوانە ئەو خۆشەویستو دۆستانەی خوان کەلەم فەرمودەی خوای گەورەدا ناویان هاتوە:﴿ وَمَا كَانُواْ أَوْلِيَاءهُ إِنْ أَوْلِيَآؤُهُ إِلاَّ الْمُتَّقُونَ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ﴾([337]).

---

([335]) مجموع الفتاوى م٧( ٤٥ـ ٦٦ )

([336]) أ ـ سورة يونس: ( ٦٢ ـ٦٣ ).

ب ـ واتە: دڵنیا بنو باش بزانن کەئەوانەی لەخوا نزیکنو خۆشەویستانی خوان لەڕۆژی دوایی دا هیچ ترسێکیان نیە خەمو پەژارەو دڵ تەنگی هەرگیز ڕویان تێ ناکات، ئەوانە ئەوانە بون کەخۆشویستو دۆستانی خوان کەلەدنیادا هەمیشە خوایان پەرستوەو هیچ هاوەڵ و هاو شێوەو هاو وێنەیان بۆ بڕیار نەداوەو لەهەمو خرا پەو خرا پەکاریو گوناحێك خۆیان پاراستوەو هەمیشە یەکتا پەرست بونو لەسەر ڕێگای قورئانو سوننەت بە پێ ی تێگەیشتنی پێشینە پیاو چاکان ڕۆیشتون لەهەمو بوارەکانی ژیانیاندا. وەرگێڕ.

([337]) أ ـ سورة الأنفال: ( ٣٤ ).

ب ـ واتە: ئەوانە شایستەی کەعبەی پیرۆزن نین واتە کافرو بێباوەڕەکان چونکە ئەوانە بت دەپەرستنو هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن، ئەوەی شایستەی کەعبەو زیارەتی کەعبەو سەر پەرشتی کەعبە بێت تەنیا باوەڕ دارانو خۆلەخوا پارێزانن کەخۆشەویستو دۆستانی خوان کەتەنیا خوا دەپەرستنو هاوەڵ بۆخوا دانانێنو واز لەخرا پەو خرا پەکاری دەهێننو تەنها خوا دەپەرستن . بەڵام ئەوانە بەشێکی زۆریان ئەم ڕاستیە نازانن واتە ئەوە نازانن کەئەوان شایستە کەعبەو سەرپەرشتیو خزمەت کردنی کەعبە نین. چونکە کەعبەی پیرۆز جێگەو شوێنی خوا ناسینە، نەك جێگەی بت پەرستی فیتنەو ئاژاوەگێڕی. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب١ل٤٤٢ـ ٤٤٣.

دۆستان‌و خۆشەویستانی خوا ئەهلی قۆڵ بڕ فێڵبازان و بانگەوازکارانی خەوارقە شـەیتانیەکان‌و کەشـف‌و کەرامەتـە درۆینەکان نین، بەڵکو بریتین لەوانەی کەبڕوای تەواویان بەخواو بەپێغەمبەری خوا هەیەو وەبـریتین لـەگوێ ڕایـەڵانی خواو پێغەمبەری خوا ـ هەروەکو پێشتر باسمان کرد ـ جا گەیشتبنە پلەی کەرامەت یان نەگەیشت بن.

وەهاوەڵانی پێغەمبەرﷺخۆ لەخوا پارێز ترین کەسانێك بون لەناو خەڵکی داو باشترینی خـەڵکی سـەر ڕوی زەوی بون دوای پێغەمبەران، کەچی زۆرینەیان ئەو خەوارقانـەیان بەدەسـت نـەهێناوە کەبەکەرامـەت نـاوی دەبـەن، چـونکە ئەوان بڕوایان هەبوو خۆپارێزیوزانستی یان بەخواو بەدینەکەی خـوا هـەبو ، بۆیـە خـوای گـەورە دڵو دەرونـی بـەم دین‌و بڕواییشەوە دەوڵەمەند کرد بو لەبری کەرامەت هیچ بیریان لەوە نەدەکردەوەو پێویستیشیان پێ نەبو. ئەوەتـە خوای پاك‌و بێگەرد لەمافی فریـشتەکاندا دەفـەرموێ:﴿ لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ ﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ ﴿وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّي إِلَهٌ مِّن دُونِهِ فَذَلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ كَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ﴾(٣٣٨). بۆیـە بـەهیچ شـێوەیەك بـۆ هـیچ کەسـێك دروسـت نیـە کەپێغەمبـەران یافریـشتەکان‌و غـەیری ئەوانیش لەپیاو چاکان‌و خۆشەویستانی خوا بپەرستێت ونەزرو قوربانی‌و سەربڕینیان بۆ بکـەن، و نـابێ داوای شـیفا هێنانی نەخۆش‌و سەرخستنیان لێ بکرێت، یا هەر بەندایەتیـەکی تریـان بـۆ بـۆ بکـەن، بـەگوێرەی فـەرمودەی خـوای گەورە کەدەفەرموێ:﴿ وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾ سورة الجن: (١٨). هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَقَـــضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ﴾ سورة الإســـراء: (٢٣). واتـا فـەرمانمان پـێ دەکـات‌و ئامۆژگاریمـان دەکـات کەئـەم کارانـە نەکەین‌و لێ یان دور بکەوینەوە. هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ} سورة البينة: (٥). ئەمەو ئایەت لەم بوارە زۆرن.

هەر بەم شێوەیەش دروست نیە بەدەوری گۆڕو گڵکۆی پیاو چاکان‌و دۆستانی خواو غەیری ئەوانیشدا بخولێتەوە واتە تەواف بکەن، چونکە تەواف کردن تەنها تایبەتە بەکەعبەی پیرۆزی ماڵی خواو تەواف کـردن بـۆ غـەیری کەعبـە دروست نیە. هەر کەسێك بەدەوری گۆڕەکاندا بخولێتەوە واتـە تـەواف بکـات بەمەبەسـتی لێ نزیـك بونـەوەو بـەپیرۆز دانان‌و بەگەورە زانینی خاوەنی گۆڕەکە ئەوە هاوبەشی بۆ خوا پەیدا کردوە، هەروەکو چۆن ئەگەر نوێژیان بۆ بکـات یان هانایان بۆ بەرێت‌و قوربانی‌و سەر بڕینیان بۆ بکات هاوبەش پەیدا کردنە بەهەمان شێوەش ئـەو تەوافـە هاوبـەش پەیدا کردنە، بەگوێرەی فەرمودەی خوای گـەورە کەدەفـەرموێ:﴿قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَـــاتِي لِلّـــهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴿لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾ (٣٣٩).

بـەڵام داوا کـردن لەیـەکێکی تـری زینـدوی بـەتوانای ئامـادە بـو کـەهاناو یارمـەتیت بـدات لـەو کـارو کردەوانـەی کەلەتوانایدا هەیە ئەنجامیان بدات شتێکی ئاساییەو هاوبەش پەیدا کردن نیە، بەڵکو دروستە، وەك فەرمودەی خوای گەورە لەچیرۆکی موسادا عليه الصلاة والسلام کەدەفـەرموێ:﴿ فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِن شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَـــدُوِّهِ ﴾(٣٤٠).

---

(338) أ ـ سورة الأنبياء: (٢٧ـ ٢٩).

ب ـ واتە: واتاکەیمان لەبابەتەکانی ڕابردوا لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

(339) أ ـ سورة الأنعام: (١٦٢ـ ١٦٣).

ب ـ واتاکەیمان پێشتر نوسیوە. وەرگێڕ.

(340) أ ـ سورة القصص: (١٥).

ب ـ واتە: پیاوەکەی کەخزمی موسا بو کەلەگەڵ پیاوێکی تری قیبتیەکانی میسری شەڕی بـو هانـای بـۆ موسـا بـردو داوای یارمـەتی لێ کـرد چـونکە پـێ ی نـەدەوێرا کەیارمەتی بدات لەدژی نەیارەکەی ئەو پیاوە قیبتیەی کەشەڕیەتی لەگەڵی داو زۆرانبازیانە. وەرگێڕ.

وەبەتەواوو گشتگیریەتی فەرمودەی خوای گەورەکەدەفەرمویّ:﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى ﴾([341]) . هەروەها لەفەرمودەی پێغەمبەرداﷺهاتوە کەدەفەرمویّ: {والله في عون العبد ماكان العبد في عون أخيه}([342]). ئەمەو ئایەتو فەرمودە لەم بارەوە زۆرن، ئەمە کارێکەو هەمو موسڵمانان لەسەری کۆڕان([343]).

**پرسیاری شەشەم:** دەڵێن پیاوێك لەپیاوە خاوەن شانسو پلەو پایەکان، دەچنە مەککە بەبێ هۆیەکانی گواستنەوە واتە بێ ئەوەی سواری فڕۆکەو ئوتومبیلو شتێ ببن دەچنە مەککەو حەجی خۆیان دەکەن، وەدەڵێن ئێمە لەسەر تەرمەکانی ناو حەرەم لەمەککە ئامادە دەبین، کەلەڕاستی دا ئەوان لەشوێنێکی زۆر دورن لەمەککەوە، ئایا ئەوانە هیچ شتێکیان بۆ ڕام بوە بۆ نمونە بایان بۆ ڕام(مسخر)بوبێتو هەڵیان بگرێتو بیان گوازێتەوە بۆ شوێنی تری مەبەست؟ تکایە ئامۆژگاریتان ئاراستەی موسڵمانان بکەن.

**وەلاّم:**

ئەم کارانە درۆنو هیچ بنچینەو بنەمایەکیان لەشەریعەتی ئیسلامدا نیە، وبریتیە لەکارە پڕوپوچو بێ ناوەرۆکەکانو خورافیاتەکان کەهەندێ کەسی سوکەڵەو بودەڵەی فێڵبازی باتڵ لەهەندێ لەسۆفیەکان پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کەکەشفو کەرامەتیان هەیەو دەتوانن بەبێ ئەوەی سواری سەیارەو فڕۆکەو کەشتیو هۆیەکانی تری گواستنەوە ببن، بچنە مەککەو حەج بکەن، دیارە گومانی تێدا نیە کەئەمە خورافیاتێکی ئاشکراو درۆو دەلەسەکانیانە. دەش بێ هەندێ لەوانە پەیوەندیان بەجنۆکەکانەوە هەبێتو لەپێناو بەندایەتی کردنیاندا بۆ جنۆکەکانو شەیاتینیەکان جنۆکەکان یارمەتیان بدەنو هەڵیان بگرنو بیان گوازنەوە بۆ مەککەو شوێنەکانی تر کەمەبەستیانە. هەروەکو شێخی ئیسلام أبو العباس إبن تيمية رحمه الله و غەیری ئەویش لەئەهلی عیلم باسی ئەمەیان کردوە لەکتێبو نوسراوەکانی خۆیاندا.

بەکورتی، ئەو باسو خواسانە لەوانەیە لە خورافیاتو شتە پوچەکان بێت کەهەندێ لەسۆفیەکانو هاوشێوەکانیان لەوانەی کەدەڵێن خۆشەویستانو دۆستانی خوانو کەرامەتیان هەیە بەلاّم لەڕاستی دا ئەوان لەوەدا درۆ دەکەنو هیچ بنەمایەك لەقسەکانیاندا نیە، ئەوانە یان لەدۆستان و لایەنگرانی شەیتاننو شەیاتینیەکان هەڵی یان دەگرنو دەیان گوازنەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، چونکە ئەوانە بەندایەتی بۆ شەیتان دەکەنو گوێ ڕایەڵی شەیتانن، جاکاتێ بەندایەتیو گوێ ڕایەڵی بۆ شەیتان دەکەن ئەویش یارمەتیان دەدات لەگواستنەوەیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر([344]).

**پرسیاری حەوتەم:**

لای ئێمە خەڵکانێکی زۆر هەن گیرۆدەن بەڕێگەی تەیجانی(الطريقة التيجانية)، من لە بەرنامەکەی ئێوە(نور على الدرب)دا بیستم کەئەو ڕێگەیە داهێنراوە(مبتدعة) و دروست نیە شوێنی بکەویت، بەلاّم ئەندامانی خێزانەکەی من ویردی شێخ أحمد تەیجانیان هەیە، کەبریتیە لە(صلاة الفاتح) دەڵێن: ئەم سلاّوانە بریتیە لەسلاّوات لەسەر محمد ﷺ

---

([341]) أ ـ سورة المائدة: (٢).

ب ـ واتە: هەمیشە لەسەر چاکە کردنو خۆ لەخوا پارێزی یارمەتی یەکتری بدەنو دەست گیرۆیی یەکتری بکەنو دەست بار لەگەڵ یەکتری بگرن بۆ ئەوەی خوای گەورە کاروبارەکانتان بەشێوەیەکی باشو ڕێكو پێك بۆ ببات بەڕێوە. وەرگێڕ.

([342]) واتە: خوای گەورە بەردەوام لەیارمەتی بەندەکانی دایە مادام بەندەکانی بەردەوام بن لەیارمەتی براکانیانو دەستگیرۆییو دەست بار لەگەڵ یەکتری دەگرن. وەرگێڕ.

([343]) مجموع الفتاوى م٦(٤١٣ـ ٤١٥).

([344]) مجموع الفتاوى م٦(٤١٣ـ ٤١٥).

ئایا ئەم(صلاة الفاتح)ە ڕاستە کەسڵاواتە لەسەر محمدﷺ یان نا؟ وەئەوان دەڵێن: هەر کەسێك ئەم (صلاة الفاتح)ە بخوێنێو دوایی وازی لێ بێنێ ئەوە ئەو کەسە کافر بوە، هەروەها دەڵێن: ئەگەر توانات نەبو بیخوێنی و وازت لێ هێنا لەبەر ئەوەی توانات نەبو ئەوە هیچت لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر توانات هەبێت بیخوێنیو ئەنجامی بدەیتو بەقەستی وازت لێ هێنا ئەوە پێ ی کافر دەبی. من بەباوكو دایکم گوت: ئەو کارە دروست نیە بۆ دەیکەن؟ بەڵام ئەوان لەوەڵامدا پێ یان گوتم: تۆ وەهابی شەتمانی، تکایە ئامۆژگاریيەك لەم ڕووەوە ئاڕاستەی موسڵمانان بکەن بەڵکو هۆشیار ببنەوەو خوای گەورە هیدایەتیان بدات.

**وەڵام:**

ڕێگەی تەیجانی(الطريقة التيجانية) هیچ گومانی تێدا نیە کەڕێگەیەکی داهێنراوە(مبتدعـــة). بەهیچ شێوەیەك بۆ موسڵمانان دروست نیە شوێن هیچ ڕێگایەکی داهێنراو بکەون جاچ تەیجانی بێتو چ هەر ڕێگەیەکی تر بێت، بەڵکو پێویستە لەسەر موسڵمانان کەهەمیشە دەست بگرن بەو ڕێگەو بەرنامەیەی کەپێغەمبەرﷺ هێناویەتیو شوێن قورئانو سوننەت بکەون کەڕێگەی ڕاستەقینەی محمدەﷺو بنچینەو بنەمای بیروباوەڕی ئیسلامی لەسەر دامەزراوە ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾([345]). واتا ئەی محمد بەخەڵکی بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت شوێن من بکەون خوا خۆشی دەونو لێ تان خۆش دەبێتو لەگوناحەکانتان دەبورێت، چونکە خوای گەورە بەخشندەو لێ بوردەیە.. هەروەها دەفەرموێ:﴿ اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ﴾([346]). هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ ([347]). هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾([348]). وە(السبل) واتە کوێرە ڕێگا تازە داهێنراوەکانی بیدعەو هەواو ئارەزوەکانو گومانە دروستکراوەکانو شەهواتە حەرامەکان، خوای گەورە لەسەری پێویست کردوین کەشوێن ڕێگەی ڕاست بکەوین، ئەم ڕێگە ڕاستەش ئەو ڕێگەیەیە کەقورئانی پیرۆزو سوننەتی چەسپاوو ڕاستی پێغەمبەرەکەیﷺ ڕێنومایی دەکەن، ئائەم ڕێگایەیە کەپێویستە شوێنی بکەوین و بەری نەدەین. بەڵام ڕێگای تەیجانی یا شاذلی یا قادری یا نەخشیو هەر ڕێگایەکی تر غەیری ئەم ڕێگا ڕاستەو دروستە دروست نیە شوێنی بکەویتو لەدروست کردنی دەستی خەڵکنو تازە گەریەکی قبوڵ نەکراوە، مەگەر ئەوەی کەشەریعەتی خوا ڕێگەی پێ دابێت کەکاری پێ بکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کەشەریعەتی خوا ڕێگەی پێداوە نەك ڕێگەی فلانیو غەیری فلانی. بەگوێرەی ئایەتەکانی ڕابردو. هەروەها بەگوێرەی فەرمودەی خوای باڵا

---

([345]) أ ـ سورة آل عمران: (٣١).

ب ـ واتە: ئەی محمدﷺبەکافرو هاوبەش پەیدا کەرانو بێباوەڕان بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن خواتان خۆش دەوێت شوێن من بکەون خوا خۆشی دەونو لەگوناحەکانتان خۆش دەبێتو دەتان باتە ناو بەهەشتەوە، چونکە خوای گەورە بەخشندەو لێ بوردەیە. وەرگێڕ.

([346]) أ ـ سورة الأعراف: (٣).

ب ـ واتە: تەنیا شوێن ئەو بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامە بکەون کەلەخواوە بۆتان هاتوە کەبریتیە لەقورئانی پیرۆزو لەو بەرنامە بترازێ شوین هیچ بەرنامەو ڕێبازێکی تر مەکەونو هاناو پەنایان پێ مەگرنو هاواریان مەکەنێو هەرگیز بەدۆستو پاڵ پشتو خۆشەویستانی خۆتانیان مەزانن، چونکە ئایینی ڕاستەقینە تەنیا ئەم ئایینی ئیسلامەیەو بەس، بەڵام ئێوە کەم بیر دەکەنەوەو هەرگیز پەندو ئامۆژگاری وەرناگرن. وەرگێڕ. بەسود وەرگرتن لەتەفسیری گوڵشەن ب١ل٣٧٢.

([347]) أ ـ سورة الحشر: (٧).

ب ـ واتاکە یمان لەڕابردودا نوسیوە. وەرگێڕ.

([348]) أ ـ سورة الأنعام: (١٥٣).

ب ـ واتاکە یمان لەبابەتەکانی پێشودا لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

**دەستو کار بەجێ کەدەفـەرموێ:**﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾([٣٤٩]). **هەروەها دەفـەرموێ:**﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾([٣٥٠]). **هـەروەها بـەگوێرەی فەرمودەی پێغەمبەرﷺکەفەرمویەتی:**{من أحدث في أمرنا هذا ماليس منه فهو رد}([٣٥١]). **هـەروەها فـەرمودەیﷺ:**{ من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد}([٣٥٢]). **هەروەها فەرمودەی پێغەمبەرﷺلـەوتاری هـەینی دا فەرمویـەتی:**{أما بعد: فإنَّ خير الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمدﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل بدعة ضلالة}([٣٥٣]). **فەرمودەش لەم بوارەدا زۆرن.**

**وە**(صلاة الفاتح) **سەلاواتە لەسەر پێغەمبەرﷺهەروەکو باسیان کردوە وایە، بەڵام بەو شێوەو بەو چۆنیتەو بەو گۆ کردنە لەپێغەمبەرەوەﷺریوایەت نەکراوەو نەهاتوە بەو شێوەی ئەوان دەیڵـێن:**(اللهم صل وسلم على سيدنا ونبينا محمد الفاتح لما أغلق، والخاتم لما سبق، والناصر الحق بالحق) **بـەڵێ ئـەم شـێوە گـۆتنو گۆکردنـە لەفـەرمودە ڕاسـتەکاندا کەپێغەمبەرﷺلەسیفەتی سلاوات لێدان لەسەر خۆی باسی کردونو ڕونی کردونەوە لەکاتێکدا کەهاوەڵە بـەڕێزەکانی لەم بوارەوە پرسیاریان لێ کرد، ئەوەی مەشروعو دروستە بۆ ئوممەتی ئیسلامی کەسەلاوات لەسـەر پێغەمبـەرﷺلێ بدەن، بەو شێوازو بەو دارشتەیەی کەبۆی دارشتنو چۆنیەتەکەی کەئەو کات فێری کردن بێ ئەوەی هیچێکی لێ زیـاد بکرێتو شتی تازەی بخرێتە سەرو تازەگەری تێدا بکرێت. لـەو بەڵگانـەش ئـەوەی کەلەهـەردو فـەرمودە ڕاسـتەکاندا جێگیرو چەسپاوە کەلەکعب کوڕی عجرەوەرضي الله عنهریوایەت کـراوە، کەهاوەڵـەکانی گوتیـان: ئـەی ڕەسـولی خـوا، خـوای گەورە فرمانی پێ کردوین کەسلاوات لەسەر تۆ لێ بدەین، چۆن ئەو سلاواتەت لەسـەر لێ بـدەین؟ فـەرموێ:**{قولوا: اللهم صلِّ على محمد، وعلى آل محمد، كماصليت على إبراهيم، و آل إبراهيم، إنَّك حميد مجيد، اللهم بارك على محمد، وعلى آل محمد، كما باركت على إبراهيم وآل إبراهيم، إنَّك حميد مجيد}([٣٥٤]). **وەلـەو بەڵگانـە ئـەو فەرمودەیەیـە کەلەفـەرمودە ڕاسـتەکانی** البخاري**و** مسلم **تۆمـار کـراوە لەفـەرمودەی** أبي حميد الساعديرضي الله عنه**ئـەویش لەپێغەمبەرەوەﷺکەفەرمویـەتی:**{قولوا:اللَّهم صلِّ على محمدﷺوعلى أزواجه وذرِّيته، كما صليت على إبراهيم، وبارك على محمد، وعلى أزواجه وذرِّيته، ، كما باركت على إبراهيم، وآل إبراهيم، إنَّ حميد مجيد}([٣٥٥]).

---

([349]) أ ـ سورة الأحزاب: (٢١).

ب ـ واتە: پێغەمبەری خواﷺلەهەمو بوارەکانی ژیانی دا پێشەنگو پێشڕەوی ئێوەیە دەی ئەی موسڵمانینە ئێوەش هـەموتان چـاو لـەو بکـەنو بیکەنـە سەرمەشقی ژیانی خۆتـان لەهەمو بوارەکانی ژینتاندا بۆ ئەو کەسەی کەخوازیاری ڕەزامەندیو لێ بوردەو بەخشندەیی خوای گـەورەو ڕۆژی دواییـەو زۆر یـادو زیکـری خـوا بکـاتو هەمیـشە زمانی بەویردو یا دی خواوە تەڕو پاراو بێت چونکە ویردو یادی خوا تاکە ڕێگایەکی مسۆگەرە بۆ پەیوەندی نە پچڕانی بەنـدەکان بـەخوای خۆیانـەوە. جـا جـێ بـەجێ کردنـی فەرمانەکانی شوێن کەوتنی پێغەمبەرﷺلەسەر هەمو موسڵمانێك واجبو پیویستە. وەرگێر.تەفسیری گوڵشەن ب٢ ل١٠٨٢,

([350]) أ ـ سورة التوبة: (١٠٠).

ب ـ واتاکە یمان لەڕابردودا نوسیوە. وەرگێر.

([351]) أ ـ متفق على صحته من حديث عائشة رضي الله عنها.

ب ـ واتاکە یمان پێشر شی کردۆتەوە.وەرگێر.

([352]) أ ـ أخرجه مسلم في صحيحه.

ب ـ هەروەها پێشتر واتاکە یمان لێك داوەتەوە. وەرگێر.

([353]) أ ـ أخرجه مسلم في صحيحه من حديث جابر بن عبدالله رضي الله عنهما.

ب ـ واتامە یمان پێشتر نوسیوە. وەرگێر.

([354]) واتاکە یمان پێشتر لێك داوەتەوە. وەرگێر.

([355]) واتاکە یمان پێشتر شی کردۆتەوە. وەرگێر.

وەلەفـەرمودەی سـێ یـەم کـەمـسلم ڕیوایـەتی کردوەلـە(صـحیح)ەکـەی خـۆی دا لەفـەرمودەی أبي مـسعود الأنصاریرضي الله عنهکەپێغەمبەرﷺفەرمویەتی: {قولوا: اللهم صلِّ على محمد، وعلى آل محمد،كما صلَّيت علة إبراهيم وعلى آل إبراهيم، وبارك على محمد وعلى آل محمد، كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم في العالمين، إنَّك حميد مجيد.}.

ئـەم فەرمودانـەو ئەوانەشـی کەلـەم بـوارو لـەم واتایـەدا هـاتون چـۆنیەتیو سـیفەتی سـڵاوات لێـدان لەسـەر پێغەمبەریﷺڕون کردۆتەوە، ئەو شێوەو چۆنیەتیەی کەخۆی پێ ی ڕازیەو فرمانی بەئوممەتەکەی کردوەو غـەیری ئەو شێوەو چۆنیەتیو داڕشتنە دروست نیەو لەکەس وەر ناگیرێت وەك ئەو (صـلاة الفـاتح)ەی کەلەپرسـیارەکەدا هاتوە، هەرچەندە واتاو مەبەستەکەشی ڕاست بێت دروست نیە وەر بگیرێتو بەکار بهێنرێتو لـەو شـێوەیەی خـۆی لابدرێت کەبەفەرمودەی ڕاست لەپێغەمبەرەوەﷺهاتوە کەلەسیفەتی سلاوات دا ڕونی کردۆتەوەو فرمانی پێکـردوە. لەگەڵ ئەمەشـدا کەوشـەی(الفاتح لما أغلق) واتایـەکی گشتی تێدایـەو لەلایـەن هەنـدێ لـەخاوەن هـەواو ئارەزوەکـانو بەواتایەکی ناڕاست شرۆڤەو شی کراوەتەوە.([٣٥٦]).

## پرسیاری هەشتەم:

لای ئێمە لەسودان شێخێك هەیە شوێن کەوتـەی یـەکجار زۆرنو هەڵپـە دەکـەن لەخزمـەت کردنوپێوەنـد بـونو گوێ ڕایەڵی بۆ کردنو سەفەر کردنو ڕێ کردن بۆ زیارەت کردنی، بڕوایان وایە کەیەکێکە لە دۆستانو خۆشەویـستانی خـوا، ڕێگەی سمانی سۆفیەتی(الطريقة السمانية الصوفية) ی لێ وەر دەگـرن، قوببەیـەکی گـەورە لەسـەر گـۆڕی بـاوکی هەیـە کەشوێن کەوتوانی بەپیرۆزوموبارەکی دەزانن، ئەوەی کەنەفسی خۆیان پێ ی ڕازیـە لەنـەزرو خێـر بـۆی دەبـەنو لـەوێ لەسەری دادەنێن، وکۆڕی زیکری بەتەپڵو دەفو هۆنراوە لەدەور دەکەن. وەلەم ساڵدا شێخەکەیان فرمانی پـێ کـردون کەدەبێ سەردانو زیارەتی گۆڕی شێخێکی تر بکەن، ئەوانیش فرمانەکەیان جێ بەجێ کردوەو پیاوانوئافرەتـان بەسـەد ئوتومبیل هەڵپەیان کردو سەردانو زیارەتی ئەو شێخەیان کرد. ئایا چ ئامۆژگاریەکت بۆ ئەوانە هەیە؟

## وەڵام:

ئەمە کارێکی ناپەسەندو خراپەیەکی زلو قێزەونـە، چـونکە سـەردانو زیـارەت کردنـی گۆڕەکـان کـارێکی خـراپو ناپەسەندە، ئەوەتە پێغەمبەرﷺفەرمویـەتی: {لاتشد الرِّحال إلاَّ إلى ثلاثة مساجد: المسجد الحرام، ومـسجدي هـذا، والمسجد الأقصى}([٣٥٧]). هەروەها خۆ نزیك خـستنەوە لـەگۆڕەکان و نـەزر یاسـەربڕینو قوربـانی بـۆ کـردنو سـلاوات لێدانو دوعاو لەبەر پاڕانەوەو هانا بۆ بردنیان ـ هەر هەمویان هاوبەش پەیدا کردنە بۆ خوای گـەورەو بـەرزو بـەتوانا، بەهیچ شێوەیەك بـۆ موسـڵمانان دروسـت نیـە کـەداوا لـەخاوەن گۆڕەکـان بکـاتو لەبـەریان بپاڕێتـەوە هـەر چـەندە گەورەش بن وەك پێغەمبەران(عليهم الصلاة والـسلام). هـەروەها دروسـت نیـە هانایـان بـۆ بـەریت، هـەروەکو چـۆن دروست نیە کەهانا بۆ بتەکان و بۆ درەختەکانو بۆ ئەستێرەو هەسارەکان دروست نیـە. وەیـاری کردنیـان بـەدەفو تەپڵو نزیك بونەوەیان لەخوای پاكو بێگەرد بەهۆی ئەم ئامێرانەوە، ئەمەشیان کارێکی تازە داهێنراو وتازەگەریەکو بیدعەیەکی ناپەسەندەو خراپە، کەزۆربەی سۆفیەکان بەندایەتی بەم ئامێرانە دەکەن، دیارە ئەمەش بەندایەتی کردن نیە بۆ خوا چونکە لەشەریعەتی خـوادا شـتی وا نـەهاتوەو بـونی نیـە،و ئەمانـەش هـەر هـەمویان خـراپو داهێنـانن(

---

([356]) مجموع الفتاوى م٦( ٤١٩ـ ٤٢٢ ).

([357]) واتە: سەفەر کردنو ڕێ کردنو زیارەت کردن تەنیا بۆ سێ مزگەوت نەبێت بۆ هیچ شوێنێکی تر دروست نیە، ئەو سێ مزگەوتـەش بـریتین لەمزگـەوتی مـاڵی خـوا (بیـت الحرام) واتە مزگەوتی کەعبەی پیرۆو، و مزگەوتی ئەقصا لەفەلەستین کەئێستا بـەداخێکی گرانـەوە لەبـەر دەسـتی جولەکـە خوانەناسـەکانەوەیە بـەهۆی دور کەوتنـەوەی موسڵمانان لەدینەکەیانو بێ هێزی یانەمانی باوەڕ لەدڵی بەناو موسڵمانان، هەروەها بۆ مزگەوتی پێغەمبەرﷺلەشاری مەدینەی منەوەرە. وەرگێڕ.

منكروبدعة)و لەشەریعەتی خوادا شتی وا هەرگیز بونی نیە، بەڵكو دەف لێدان تەنیا بۆ ژنان دروستە كەتایبەتە بەئاهەنگی بوكو مارە برینو بوك گواستنەوە ئەویش تەنیا بۆ ئافرەتانو دور لەپیاوان، یۆ جاڕدانی بەستنی گرێ بەستی مارە برین بۆ ئەوەی بزانرێت كەئەوە ئاهەنگی مارە برینە نەك خوێن ڕێژی(سفاح).

هەروەها لەداهێنانو بیدعەو هۆكارەكانی هاوبەش پەیدا كردن دروست كردنی خانو لەسەر گۆڕەكانو كردنیان بەمزگەوت: چونكە پێغەمبەرﷺبەگەچ هەڵ بەستنی گۆڕەكانو خانو دروست كردنو داڕشتنو دانیشتن لەسەریان حەرامو قەدەغە كردوە، هەروەكو ئیمام مسلم لە(صـحیح)ەكەی خۆی داو لەجابر كوڕی عبداللهرضي الله عنهریوایەتی كردوە كەدەڵێ: پێغەمبەری خواﷺقەدەغەی كردوە كەگۆڕەكان بەگەچ هەڵ ببەستن، ولەسەریان دابنیشنو خانوشی لەسەر دروست بكەن)، هەروەها پێغەمبەرﷺفەرمویەتی:{لعن الله اليهود والنصارى اتخذت القبور أنبياءهم مساجد}، بۆیە پێویستە گۆڕەكان بەشێوەیەكی ڕوكەشو سادەو ساكارو ئاسایی دیار بنو هیچ خانوو هەڵ بەستنو قەفەزیان لەسەر دروست نەكرێت، و نابێت بەپیرۆز دابنرێنو بەموتفەڕك وەر بگیرێنو پەڕۆو پاڵو وردە بەردو خۆڵو شتی تریان بەموتفەڕك لێ بهێنرێتەوەو بەخۆ دابكرێن، وەنابێ لەكاتی سەردان كردنیاندا دەستیان پێدا بهێنرێت(المسح بها) ، هەروەكو دروست نیە دوعاو پاڕانەوە لەخاوەنی ئەو گۆڕە واتە پیرو چاكە بكرێت و هانایان بۆ ببرێت، و نەزریان بۆ بكرێت، و سەربڕینو قوربانیان بۆ بكرێت، ئەمانە هەمویان لەكارو كردەوەو پیشەی نەفامەكانو نەفامیەتن.

پێویستە لەسەر موسڵمانان لەم كارە خراپانە وریاو ئاگادار بن، و لەسەر ئەهلی علمیش پێویستە كەئەم شێخە ئامۆژگاری بكەنو تێ ی بگەیەنن كەئەم كارە كارێكی پوچەڵ(باطل)و خراپو قێزەونەو پێویستە تۆبە بكاتو واز لەم كارانە بهێنێت، هەڵ نانو ڕێ خۆش كردن بۆ خەڵكی كەهانا بۆ مردوان بەرنو لەبەریان بپاڕێنەوەو هاواریان بكەنێ، ئەوانە هاوبەش پەیدا كردنی گەورەن پەنامان بەخوا. وەلەسەر موسڵمانان پێویستە كەهەرگیز لاسای ئەوانە نەكەنەوەو شوێنیان نەكەونو بەقسەو فڕو فیشاڵو كردەوەكانیان هەڵ نەفریوێن، چونكە بەندایەتی كردنو پەرستشی تەنیا مافی خوایە بەتەنیاو تەنیا داوا لەو دەكرێت لەبەر ئەو دەپاڕدرێتەوە. واتە دەبێ داوا تەنیا لەخوا بكرێتو تەنیا لەبەر ئەو بپاڕێینەوە. هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾ سورة الجن: (١٨). هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِندَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾([358]). بۆیە ئەو بێ باوەڕانە بەكافر ناو نراون چونكە داوایان لەغەیری خوا كردوەو لەغەیری خوا پاڕاونەوە وەك جنۆكەو فریشتەو خاوەن گۆڕەكانو ئەستێرەو هەسارەكان یالەبتەكانیان جائەو بتانە لەژێر هەر ناوێكو لەهەر بەرگێك دا بن، ئەوانە هەمویان بەو داوا كردنەیان لەغەیری خوا هاوبەشی گەورەیان بۆ خوا داناوە. خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَلاَ تَدْعُ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُكَ وَلاَ يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ﴾ (١٠٦) سورة یونس. واتە لەهاوبەش پەیدا كەرانی. بۆیە پێویستە لەسەر هەمو كەسێك ئەوەی لەتوانای دا هەیە بەرهەڵستكاری ئەو كارە خراپو قێزەونە بكاتو بەشداری لەو قەدەغە كردنو لەو خراپەو خراپەكاریە دا بكات.

هەروەها پێویستە لەسەر دەوڵەت ئەگەر حوكمەكە حوكمی ئیسلامی بێت واتە ئەو دەوڵەتە موسڵمان بو كەئەم كارە خراپانە قەدەغە بكاتو ئەوە فێری خەڵكی بكات كەخوای گەورە بۆی یاسا ڕێژ كردونو لەسەری پێویست

---

([358]) أ ـ سورة المؤمنون: (١١٧).

ب ـ واتاكە یمان لەڕابردودا لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

کردون لەکاروباری ئایینەکەیاندا، واتـە هـەوڵ بـدات بـەو پـەڕی لێبڕاوانـەوە کەخـەڵکی نـاو سـنوری ولاتەکـەی خـۆی لەبەرنامەو شەریعەتی خاو خاڵی بکاتو فێری کاروباری دینەکەیان بکات، هەتاکو بتوانرێت ئەو کاری هاوبەشی پەیدا کردنەو ئەو کارە خراپو ناپەسەندانە لەوڵاتو لەناو چینو توێژەکانی موسڵمانانندا بنـەبڕو ڕیشە کـێش بکرێنو چـیم پەست بکرێت. داوا لەخوای پاکو بێگەرد دەکەین هێدایەتی هەموان بدات[٣٥٩]

## پرسیاری نۆیەم:

**هەندێ کەس لەگوندەکەی ئێمەدا کۆمەڵێك لەشێخەکان کۆدەکەنەوە لەوانـەی کـەدەزانن قورئـان بخوێننـەوە، قورئـان دەخوێنن بەبیانوی ئەوەی کەقورئان سود بەمردو دەگەیەنێتو خوای گەورە بەزەیی پێد دێنـەوەو واتـە ڕەحمیـان پـێ دەکات، وەهەندێکی تر شێخێك یادوان بانگ دەکەن بۆ ئەوەی قورئان لەسەر گۆڕی مردوەکـەیان بخوێنێـت، وەچـەندێکی تریان خەڵکێکی زۆر کۆدەکەنەوەو یەکێك لەقورئان خوێنەکان بانگ دەکەن بۆ ئەوەی بەبڵندگۆ قورئانیان بۆ بخوێنێـت لەیادی ساڵانەی مردوی خۆشەویستیاندا، ئایا حوکمی ئایین چی یە لەم بوارەدا ، وەئایـا قورئـان خوێنـدن سـود بـەمردو دەگەیەنێت لەسەر گۆڕ یان لەهەر شوێنێکی تر؟ وەئایا باشترین و نمونە ترین ڕێگا چـی یـە مرۆڤـ بیکات بـۆ سـود گەیانـدن بەمردوەکانیان؟ فتوامان بۆ بدەنو شارەزامان بکەنو زانیاریمـان پـێ ببەخـشن خـوای گـەورە لـەبری ئەمـە باشـترین پاداشـتتان بداتەوە، ڕێز وسوپاسی زۆرو بێ پایانیش لەئێمەوە بۆ ئێوە بێت.**

## وەڵام:

الحمد لله وبعد: ئەم کارە، کارێکی داهێنراوەو دروست نیـە ئـەنجام بـدرێت، بـەگوێرەی فـەرمودەی پێغەمبـەرﷺ کەفەرمویەتی: {من أحدث في أمرنا هذا ماليس منه فهو ردٌ}[٣٦٠]. هەروەها فەرمودەیﷺ: {من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو ردٌ}[٣٦١]. ئەمەو فەرمودە لەم بارەوە زۆرن.

نەلەسـوننەتی پێغەمبـەرداﷺو نەلـە سـوننەتی جـێ نـشینە ڕاشـیدینە بەڕێزەکانـداﷺخوێنـدنی قورئـان لەسـەر گۆڕەکان نەبوە، یائاهەنگ گێڕان بۆ مردوو بۆ یاد کردنەوەی مردوان نەبوە، دیارە نکۆڵی لەوە ناکرێت کەخێرو چاکە هەموی لەشوێن کەوتنی پێغەمبەروﷺجێ نشینە ڕاشیدینەکانی پێغەمبەرو هەر کەسێك کەشوێنو جێ پـێ ی ئـەوان هەڵ دەگرێتەوەدا هەیە، هەروەکو خوای گـەورە دەفـەرموێ:﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنـصَارِ وَالَّـذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِـيمُ﴾ [٣٦٢].هەروەها پێغەمبـەرﷺفەرمویـەتی: {عليكم بسنتي وسنَّة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي، تمسكوا بها وعـضوا عليها بالنواجذ، وإيَّاكم ومحدثات الأمور، فإنَّ كلَّ محدثة بدعة وكلَّ بدعة ضلالة}[٣٦٣]. هەروەها لەفەرمودەی ڕاست و لـە پێغەمبەرەوەﷺهاتوە کەلەوتاری هەینی و لەڕۆژی هەینی دا فەرمویەتی: {أما بعد: فإنَّ خير الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمدﷺ، وشرَّ الأمور محدثاتها، وكلَّ بدعة ضلالة}[٣٦٤]. ئەمەو فەرمودە لەم بوارو لەم واتایەدا زۆرن.

---

(359) مجموع الفتاوى م٦( ٤١٧ـ ٤١٨ ).

(360) متفق على صحته.

(361) أخرجه مسلم في صحيحه.

(362) أ ـ سورة التوبة: (١٠٠).

ب ـ واتـاکە یمان لەبابەتەکانی ڕابردودا شی کردۆتەوە. وەرگێڕ.

(363) واتـاکە یمان پێشتر لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

(364) ئەم فەرمودەیەش لەبەشەکانی ڕابردودا واتـاکە یمان لێك داوەتەوە. وەرگێڕ.

**هەروەها پێغەمبەرﷺلەفەرمودە ڕاستەکانی دا ڕونی کردۆتەوە کەئەوەی سود بەموسڵمان دەگەیەنێت لەدوای مردنی دا ئەوەیە کەفەرمویەتی:**{إذا مات الإنسان انقطع عمله إلاَّ من ثلاثة: إلا من صدقة جارية، أو علم يُنْتَفع به، أو ولد صالح يدعو له}([365]). **پیاوێك پرسیاری لەپێغەمبەرﷺکردو گوتی:**[ يارسول الله، هل بقي من البر أبوى شئٌ أبرهما به بعد موتهما؟ فقالﷺ: {نعم، الصلاة عليهما والإستغفار لهما، وإنفاذ عهدهما من بعدهما، وإكرام صديقهما، وصِلة الرحم التي لاتوصل إلاَّ بهما}]([366]). **مەبەست لە**(العهد) **وەسیەتە کەمردو دەیکات، ئەوەی بیەوێت چاکە لەگەل مردوەکەیدا بکات بابۆی جێ بەجێ بکات ئەگەر هاتو لەگەڵ شەریعەتی پاکی خوادا تێکی دەکردەوە. وەهەر کەسێك بیەوێت چاکە لەگەڵ باوكو دایکی دا بکات باخێریان لەجیاتی بکات، و دوعای خێریان بۆ بکات، و حەجو عەمرەیان لەجیاتی بکات، قەرزەکانیان بۆ بداتەوە ئەگەر قەرزیان لەسەر بو. خوای گەورە یارمەتی دەرو سەرخەرو پشتیوانە**([367]).

وەلەدەم ژمێر(٩/٤٠)ی شەوی ١٤٢٩/٧/٣٠ك ـ ٢٠٠٨/٨/٢ لەنوسینی کۆمپیوتەری بومەوە.

www.ba8.org

---

([365]) **أ ـ أخرجه مسلم في صحيحه.**

**ب ـ واتە ئەگە مرۆڤ مرد کردەوەکانی دەبڕێنەوەو دەپچڕێن: وەك ئەوەی خێرێکی نەبڕاوەی کردبێت، یا زانیاریەکی بڵاو کردبێتەوەو قوتابی پێ گەیاند بن هەتا دنیا دەبڕێتەوە خێری ئەو زانستو زانیاریەی بۆ دەچێت، یاخود منداڵی صالحی هەبن لەدوای مردنی دوعای خێری بۆ بکەنو داوای لێ خۆش بونی بۆ بکەن. وەرگێڕ.**

([366]) **واتە: ئایا کەباوكو دایکم مردن دەتوانم لەدوای مردنیان ئیدی چاکەیان لەگەل دا بکەمو ڕێزیان بگرمو گوێ ڕایەڵیان بکەم. فەرموی: بەڵێ، داوای لێ خۆش بونیان بۆ بکەو داوای ڕژانی خێرو بەرەکەتیان بۆ لەخوای گەورە بکە پەیمان واتە وەسیەتەکەیان بۆ جێ بەجێ بکە ئەگەر وەسیەتیان کرد بو بەمەرجێ لەگەڵ شەریعەتی پاکی ئیسلامدا بێتەوە، هەروەها سەردانی هاوڕێو برادەرەکانی باوكو دایکت بکەو چاکەیان لەگەڵ دا بکە، وەسیلەی ڕەحمیان بگەیەنە کەئەو سیلەیە بەوان نەبێت ناگەیەنرێتو تەواو نابێت دیارە سەردانی دۆستو برادەرەکانی باوكو دایك لەدوای مردنی خۆیان گەیاندنی ئەو سیلەی ڕەحمەیە. وەرگێڕ.**

([367]) **مجموع الفتاوى م٩( ٣١٩ـ ٣٢٠ ).**